ئاستانە



# چـــــۆن بانگەوازی

## بێباوەڕک، بوزییەک، هیندۆسییەک، خاوەن پەرتووکێک دەکەیت بۆ ئیسلام؟

نووسینی: دکتۆر هەیسەم تەڵعەت عەلی
وەرگێڕان: عەلی تاریق

چۆن بانگەواز بۆ ئیسلام دەکەیت ؟

# چۆن بانگەواز بۆ ئیسلام دەکەیت؟

ناوی نووسەر: دکتۆر هیثم طلعت
وەرگێڕانی : عەلی تاریق فایەق
دیزاینی ناوەوە و بەرگ : زەردەشت کاوانی
نۆبەتی چاپ: یەکەم ٢٠٢١
تیراژ: ١٠٠٠ دانە

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان - هەرێمی کوردستان
ژمارە سپاردنی (     ) ی ساڵی ٢٠٢١ پێدراوە

مافی لەچاپدانەوەی پارێزراوە بۆ ڕێکخراوی ئاستانە ©

# چۆن بانگەواز بۆ ئیسلام دەکەیت؟

نووسینی

**دکتۆر هیثم طلعت**

وەرگێڕانـی

**عـەلی تـاریق فایـەق**

ASTANA

بسم الله الرحمن الرحيم

# پێشەکی

بسم الله والحمد لله و الصلاة والسلام على موحەممەد و على ال موحەممەد و بعد:

کۆتا قۆناغی ئوممەتەکەمان جیاوازە لە هەموو قۆناغەکانی تر، هەروەها ئەو بەربەستانەی کە دێتە ڕێی گەنجەکانی ئوممەتەکەمان؛ جیاوازە لە هەموو بەربەستەکانی پێشووتر.

ئەوەی بەدی دەکرێت ئەو ڕاستییەیە کە چەندین پێشهاتی فیتنەگەلێکی مەزن لە ئاسماندا چاوەڕێ دەکات و لە پشت هەورەکانەوە خۆی حەشارداوە، چاوەڕێی کاتی گونجاو دەکات، هۆشی هۆشداران دەبات و ژیرەکان تووشی سەرسوڕمان دەکات.

هەست ناکەم جیاوازیمان هەبێت لەسەر ئەوەی کە بیرۆکەی «جیهان بەرەو سیکۆلاریزم سەر دەکێشێت» هەروەك چۆن «فۆکۆیاما» پێشبینی دەکرد، تەنها خەیاڵ پڵاوییەك بوو و هیچی تر، بگرە باڵانامە ڕەخنەگرانەکەی مامۆستاکەی «سامویێل هانتینگتۆن» لە ڕاستییەوە نزیکترە.

«فرانسیس فۆکۆیاما»، لە پەڕتووکە هەرە بەناوبانگەکەیدا «کۆتایی مێژوو» وای پێشبینی دەکرد کەوا مرۆڤایەتی درەنگ بێت یان زوو بەرەو نموونەی عالەمانییەتی لیبراڵی سەردەکێشێت.

بەڵام مامۆستاکەی «سامویل هانتینگتۆن» ڕێوی سیاسەتی ئەمریکی کە ٥٨ ساڵ مامۆستایی ڕامیاری بوو لە زانکۆی هارڤارد، نەوەیەکی تەواو لە سیاسەتمەداری عالەمانی ڕۆژئاوایی لەسەر دەستی ئەو پەروەردە بوون، بەتوندی ڕەخنەی لە پێشبینییەکەی «فۆکۆیاما» گرت لە پەڕتووکەکەی

«پێکدادانی شارستانییەتەکان»ـدا، ئایا دەبینی کە جیهان بە شێوەیەکی بەهێزتر دەگەڕێتەوە بۆ ئایینداری[1].

---

(١)ـ بە ڕای من پەڕتووکەکەی «هانتینگتۆن» خوێندنەوەیەکی باشی بۆ نەکراوە، چونکە تووشی هێرشێکی زۆر بێبنەما بوویەوە و خوێندنەوەیەکی خراپی بۆ کراوە. پەڕتووکەکە ڕێگری لە ئازادبوون لە کۆتی عالەمانییەت ناکات، چونکە جیهان بەگوێرەی نووسەر، (بمانەوێت و نەمانەوێت) لە کۆتاییدا واز لە عالەمانییەت دەهێنێت.

«هانتینگتۆن» وەك بەرگرییەك لە ئیسلام، دەڵێت: «ئادەم سمیث و تۆماس جیفرسۆن ناتوانن پێداویستییە دەروونی و سۆزداری و ئەخلاقییەکانی ئایینە زەمینییەکان دەستەبەر بکەن، تەنانەت (مەسیح)یش ناتوانێت دەستەبەری بکات، هەرچەندە هەلەکەشی گەورە بێت، لە کۆتایدا موحەممەد (صلى الله عليه وسلم)سەردەکەوێت.“

هەروەها بەرگریش لە ڕابوونی (صحوة) ئیسلامی دەکات دژی عالەمانییەت و دەڵێت: «ڕابوونی ئیسلامی ڕەتکردنەوەی نوێگەری نییە، بەڵکوو ڕەتکردنەوەی ڕۆژئاوایە و ڕەتکردنەوەی ئەو عالەمانییەتە ڕێژەییە بۆگەنەیە کە هاوشانییەتی و لەگەڵیدایە، ڕەتکردنەوەی ئەو شتەیە کە پێی دەگوترێت (ژەهراوی بوون بە ڕۆژئاوا) کە تووشی ئەو کۆمەڵگەیانە دەبێت کە ڕۆژئاوایی نین. ئەو ڕابوونە پێکهاتووە لە ڕاگەیاندنی دروشمێکی زۆر لەخۆباییانە کە دەڵێت: (ئێمە نوێگەرین -پێش دەکەوین-، بەڵام هەرگیز نابین بە ئێوە.)»

هەروەها هانتینگتۆن باسی کێشە هەر گەورەکەی جیهانی ئیسلامی دەکات کە وڵاتێکی ئیسلامی ناوەندی (مەرکەزی) نییە بتوانێت مافە خوراوەکانی بۆ بگێڕێتەوە، قورساییەکی نێودەوڵەتی بۆ ساز بدات لە جیهاندا و دەڵێت:

”کێشەی سعوودییە ئەوەیە کە ژمارەی دانیشتوانی کەمە و پارێزبەندییەکی جوگرافی نییە، تورکیا لە پێش ئەو بوو تاکوو ببێتە وڵاتێکی ناوەندی بۆ ئیسلام بەهۆی بەهێزی ئابووریەکەی و زۆری ژمارەی دانیشتووانی، بەڵام ئەتاتورك ئەم شەرەفمەندیەی پێ ڕەوا نەبینی و بێ بەشی کرد لێی. هەتا ئەو کاتەی کە تورکیا خۆی بە وڵاتێکی عالەمانی و سیکۆلار دابنێت ئەوا ناتوانێت ببێتە سەرکردەی ئوممەتی ئیسلامی، چونکە ئەو لە ڕێکخراوی کۆڕبەندی ئیسلامی قبووڵ نەکرا بەهۆی ئەوەی هەڵگری سیکۆلاریزمە لە دەستورەکەیدا، هەر کاتێك کە تورکیا واز لە سیکۆلاریزم بهێنێت، وەك شتێکی نامۆ

ASTANA

لە ڕاستیدا نیشانەکانی ئەمە لە زۆربووندایە، ئەوەتا پارتە توندڕەوەکان

لە بوونی خۆی سەیری بکات، واز لە پاڕانەوە و سواڵکردن بێنێت بۆ بوون بە ئەندامی یەکێتی ئەورووپا، وەك گوتەبێژی ئیسلام خۆی بناسێنێت، ئەوکات پێش دەکەوێت و ڕابەرایەتی ئوممەتی ئیسلامی دەکات.»()

پەڕتووکەکە، بەکورتی جیهانبینی کەسێکی سیاسی شارەزایە لە خوێندنەوەی شارستانییەتەکانی سەر زەوی.

لە هەمان کاتدا پەڕتووکی «کۆتایی مێژوو» خوێندنەوەی هەڵەی بۆ کرا، پەڕتووکەکە بانگەشە بۆ عالەمانییەتی لیبراڵی ناکات بە ئەندازەی ئەوەی کە وا نیشانی دەدات کە جیهان بەرەو عالەمانییەت دەڕوات سەرەڕای ترسناکییەکەی.

((فۆکۆیاما)) لە پەڕتووکەکەی دا ڕەخنەیەکی زۆر دەگرێت لە بنەماکانی عالەمانییەتی لیبراڵی.

ئەو باسی ئەو پیاوە عالەمانییە لیبراڵییە دەکات کە لە کۆتایی جیهاندا پەیدا دەبێت و دەیچووێنێت بە «سەگێك» کە پارێزگاری کردنی کەسی بەلاوە گرنگ نییە، چونکە مرۆڤ لە تێکۆشانی داواکردن ڕادەوەستێت و لە ئەنجامدا جێبەجێکردنی «دادپەروەری» ڕادەوەستێت، ئا لێرەدا کۆتا مرۆڤ دێت ئەویش ئەو عالەمانییە لیبراڵییەیە (سەگ) کە ڕازی بووە بە خۆشییەکانی سەر زەوی، ((فۆکۆیاما)) دەشڵێت:

”لەناو لیبراڵییەتدا، خەڵکی دووبارە دەبنەوە بە ئاژەڵ بە هەمان شێوەی پێشووتر، پێش ئەوەی ئەو جەنگە دەست پێ بکات کە سەرەتایی مێژوو بوو، سەگ بە درێژایی ڕۆژ بە خەوتن لە ژێر ڕووناکی خۆردا ڕازییە بە مەرجێ خواردنی پێ بدرێت و ئەویش تەنها لەبەر ئەوە ڕازیە بەو بارودۆخەی کە تێیدایە، هیچ تووشی دڵەڕاوکێ و سەغڵەتی نابێت ئاخۆ سەگەکانی تر حاڵیان لەمە باشترە یان نا، یاخود داهاتووی ئەم وەك سەگێك لە مەترسیدایە یاخود نا، یا ئەوەتا ڕەوە سەگێك لە شوێنێك لە شوێنەکان تووشی سووکایەتیکردن بوونەتەوە و ئەمانەی هیچ بەلاوە گرنگ نییە.“

فۆکۆیاما ئەوەش ڕادەگەیەنێت کە عالەمانییەتی لیبراڵی کارەساتە، چونکە مافەکانی مرۆڤ ڕێك ناخات وەك ئەوەی کەوا زۆرێك لە خەڵکی بیری لێ دەکەنەوە. خۆ گەر عالەمانییەت ڕاست بێت و ئێمە نەوەی ئاژەڵ بین ئەوە بۆ بەدوای مافی خۆمان بگەڕێین و بەدوای مافی مێروەکان نەگەڕێین، بۆ نموونە؟!

کورسییەکانیان ڕێك دەخەن و خۆیان ئامادە دەکەن بۆ مانەوەیەکی مەودا درێژ لە پەرلەمانە ڕۆژئاواییەکاندا، دوایی ئەوەی لەلایەن جەماوەرەوە متمانەیان پێ درا لە سندوقەکانی دەنگدان.

لەنێوان ئەم تەنگەشانەدا پێویستە لەسەر موسڵمانی ژیر کە سەرچاوەی بەڵگە ئایینییەکانی ئامادە بکات و پێشەکییەکانی ژیری خۆی ساز بدات

---

فۆکۆیاما دەڵێت: «بە دڵنیاییەوە لە قۆناغێکدا دەگەینە ئەم پرسیارە: بۆچی مشەخۆرەکانی ناو ئەندامی هەرس کردن و ڤایرۆسەکان هاوشێوەی مافی مرۆڤ، مافی تایبەت بە خۆیان نییە؟ گوێ نەدانی خەڵکی بەم یەکسانییە ئەوە دەگەیەنێت کە هێشتا باوەڕیان بە سەروەری و ڕێزداری مرۆڤ هەیە، تەنانەت ژینگە دۆستان و ئاژەڵ پارێزان، پارێزگاری لە ئاژەڵان دەکەن تەنها لەبەر ئەوەی حەز دەکەن ئەوان لەگەڵماندا بمێننەوە، لەناوچوونیان هیچ جێگرەوەیەکی نییە، هاوتا لەگەڵ لەدەستدانی چەندان سوود کە لەوانەیە لە داهاتوودا بدۆزرێنەوە. تەنانەت پارێزگاری کردن لێیان تەنها بۆ سوود وەرگرتنە نەك لە پێناوی خودی ئاژەڵەکان بێت. ئەمەش پێچەوانەی مافی مرۆڤە، فراوان خوازی لە یەکسانیدا لە ناخماندا شاردراوەتەوە وەك سەرسوڕمانێك کاتێك کە بیر لە سروشتی مرۆڤ دەکەینەوە، کە ئەگەر بەڕاستی باوەڕمان وابێت مرۆڤ تەنها زیندەوەرێکە لە زنجیرەیەکی ئاژەڵی و ملکەچی یاساکانی سروشتە کە هیچ جیاوازییەکی باڵا و ڕێزی تیادا نییە، ئەوا دەبێت هەموو زیندەوەران یەکسان بن لە مافدا. ئەو کاتەش بۆچوونی لیبراڵی بۆ مافەکانی مرۆڤ لە سەرەوە و لە خوارەوە تووشی هێرش دەبێتەوە، ئەم کێشە هزرییەی کە ڕێژەیی (نسبیة) نوێ تووشی کردووین، ڕێگەمان پێ نادات وەڵامی ئەم هێرش و ئەو هێرشە بدەینەوە و لە ئەنجامدا مافی بەرگری کردنمان نییە لە مافەکانی لیبراڵییەت.»

فۆکۆیاما (کۆتا مرۆڤی سەرزەوی) لیبراڵیی بە کەسێکی تەمبەڵ و بێئامانج لە قەڵەم دەدات: «کۆتا مرۆڤی لیبراڵی، مرۆڤێکی ناوازەیە و ڕازی دەبێت بە خۆشییەکانی دونیا و توانای ئەوەی نییە هەست بە شەرمەزاری بکات کە ناتوانێت سەروو پێویستییەکانی ببڕێت و بەرەو بەها باڵاکان ملی ڕێ بگرێتە بەر و لە ئەنجامدا کۆتا مرۆڤ، مرۆڤ نییە ئیتر.»

لێرەدا فۆکۆیاما موژدەی ئەوە دەدات کە عالەمانییەتی لیبراڵی مانای مرۆڤ بوون ئەفەوتێنێت!

خوداش زاناترە...

بۆ زۆرانبازییەکی هزری و بیروباوەڕی (عەقیدەیی) کە لەسەری پێویستە بچێتە ناو مەیدانەکەیەوە.

ئێمە ئەو کاتە زۆرینەی موسڵمانانی مەوسوعی (ئینسکلۆپیدیای) پێشینی ئوممەتەکەمان نەماوە کە لە شارستانییەتە ئیسلامییە پڕ سەروەریەکەماندا هەیانبوو، ئەوکات موسڵمان: زانا، فیقهزان، پزیشك، فیزیازان، فەلەکناس، بیرکاریزان و ڕەخنەگرێکی لێزانی ئەدەبیش بوو، لە هەمان کاتیشدا زمانزان و وەرگێڕ و ڕاوێژکاری خەلیفە و دادوەریش بوو. ئەوەی ماوەتەوە بەدەسهانەوە بۆ پێڕاگەشتنی بە کەمی بەرەکەت لە کات و تەمەندا؛ هیوای پسپۆڕییەیە. پسپۆڕی لە بواری بەراوردی ئاینەکان و زانینی هزر و بۆچوونی ئوممەتان بە هۆی پێشهاتەکانی سەردەم وای لێهاتووە کە نابێت موسڵمانانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و موسڵمانانی تاراوگە لێی بێئاگا بن.

ئەو بەرەنگاری و بیروبۆچوونانەی ئاڕاستە جیاوازەکان مۆڵەتی ئەوەت پێنادەن کە وەك کەسێکی بێلایەن سەیریان بکەیت. یان ئەوەتا دەبێتە بانگخواز بۆ ئەوەی کە بڕوات پێی هەیە، یاخود بانگ دەکرێیت بۆ ئەوەی کە دژی بیروباوەڕ و عەقیدەکەتە.

جا بە باشم زانی کە لەنێوان دوو توێی ئەم پەڕتووکەدا ژەمێکی زانیاریت پێشکەش بکەم کە ئەو بابەتە بەڵگەنەویستە عەقڵیانەت ساز بدات و هەستی ڕەخنەگرانەت تێدا بەرز بکاتەوە، توانستی گفتوگۆیی عەقڵی لەسەر بیروباوەڕ (عقیدە) و بەڵگە هێنانەوەی تیۆرییت لەلا پەیدا بکات لە ڕەخنەگرتن لە ئایینەکانی جیهان و بانگەواز کردنی ئەو ئوممەتانەی کە ڕێبازی خوایان ون کردووە.

چونکە ئێمە ئوممەتی بانگەوازین، جا گەر ئامانجی ئەوەی کە پێشکەشی دەکەین بە ئوممەتان ئەوە بێت کە ئەوەی ئەوان بەرهەمی دەهێنن ئێمە تەنیا هەڵیدەینەوە و بیخوێنینەوە؛ ئەوا ئیسلام لە مەککە نەدەچووە دەر!

ASTANA

جا گەر بمانەوێت شوێن پێمان هەبێت لەم بەرەنگاربوونەوەیەدا ئەوا با زانیاریمان سەبارەت بە ئایینەکەمان ڕاست بکەینەوە و پشت بە خوا ببەستین بۆ بانگەوازی کردن بۆ ڕێبازەکەی ئەو بە جوانترین شێواز.

مەبەستی ئەم پەڕتووکەش ئەوەیە کە ئومێدەوارم: ببێتە ژەمێکی زانیاری کە ئاسان هەرس بکرێت و قەبارەیەکی کەمی هەبێت، ئەوەی کە بەدەستی دەهێنێت سوودی لێ وەرگریت لە بانگەوازەکەیدا بۆ لای پەروەردگار، هەروەها ببێتە قەڵایەك بۆ ئەو کەسانەی نێردراونەتە دەرەوەی وڵات، ئەوانەی لە تاراوگەن و کۆچبەرن، هەروەها گەنجانی سەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان وەك چەکێك بەکاری بهێنن و دابەزنە مەیدانی جەنگی بەرانبەر.

لێرەدا ئایینە سەرەکییەکانی جیهانم هەڵبژاردووە (مەسیحییەت و بودیزم و هیندۆسی) لەگەڵ بەشێکی تەواو تایبەت بە دۆزی بێباوەڕی، هەموو ئایینێکی تر یاخود مەزهەبێکی تر بە شێوەیەك لە شێوەکان پاشگری یەکێك لەم ئایینە سەرەکییانەن.

ئایینی (سیخی) بۆ نموونە وێنەیەکە لە ئایینی هیندۆسی، ئایینی زەردەشتی لەسەر هەمان ڕێچکەی خاوەن پەڕتووکن و ئایینە ڕوحییەکانی تریش شێوەیەکن لە بودیزم.

جا ڕەخنەگرتن لە ئایینە سەرەکییەکان ڕەخنەیەکی ڕاستەوخۆیە بۆ ئەو ئایینانەی تر کە دوورکەوتنەتەوە لە ئایینی ئیسلامیی پێغەمبەران.

داواکارم لە خودای کردگار کە ئەم کارە قبووڵ بفەرموویت و لە پاداشتەکەی بێ بەشم نەکات، پاك و بێگەردی بۆ ئەو بێت، بەڕاستی نەرمونیان و میهرەبانە.

# بەشی یەکەم

## چۆن بێباوەڕێك بانگ دەکەیت بۆ ئیسلام؟

### ١- مانای بێباوەڕی چییە؟

• بێباوەڕی: باوەڕ نەهێنانە بە هەر جۆرە هێزێکی پێوار (غیب).

بۆیە کەسی بێبـــاوەڕ چـــەمکەکانی وەك (بەدیهێنەر، پێغەمبەرایەتی و زیندووبوونەوە...) ڕەتدەکاتەوە.

### ٢- بەڵگە چییە لەسەر بوونی (اللَّه)ـی بەدیهێنەر؟

• بەڵگەکان زۆرن، بەڵام ئێمە تەنها ئاماژە بە دوو دانە دەدەین: بەڵگەی بەدیهێنان و بەڵگەی چاودێری.

### ٣- مانای بەڵگەی بەدیهێنان چییە؟

• بەڵگەی بەدیهێنان واتا: هەر شتێك کە تازە هاتبێتە بوونەوە، واتا پاش ئەوەی کە نەبووە دواتر بەدیهێنراوە و پێویستە هۆکارێکی هەبێت، واتە: بەدیهێنەرێك.

• بەم شێوەیەش بێت ئێمە ١٠ توانی ١٢٤ (١٠ ^١٢٤^) بەڵگەمان هەیە لەسەر بەدیهێنان.

ئەم ژمارەیە ژمارەی هەموو گەردیلەکانی گەردوونە هاوتا لەگەڵ چالاکییە فەرمانی و کردارییەکانیدا.

هەر بەو بۆنەیەوە ئەم ژمارەیە زۆر زەبەلاحە، چونکە بە واتای ئەوە دێت کە ١٠ لە پێشیدا ١٢٤ سفرٍ هەبێت.(١)

بۆیە هەر شتێکی نوێ کە هاتبێتە بوونەوە بەڵگەیەکە لەسەر بەدیهێنەری کردگار.

گەر تۆش سەیری گەردوون بکەیت دەرکەوتن و گۆڕانی گەردوون بەدی دەکەیت، واتا گەردوون دەرکەوتووە و لە نەبوونەوە هاتۆتە بوون، پاشان لە «گۆڕانی بەردەوام» دایە، نە هەتاهەتاییە (بێکۆتا) و نە ئەزەلییە (بێ سەرەتا)، ئەوەتا تۆش بڕیاری ئەوە دەدەیت کە خۆجێی نییە (بە تەنیا خۆی بۆ خۆی بەس نییە)، جا بۆیە چاوت بەرەو بوونی بەدیهێنەرەکەی دەڕوات و ئەوەت بۆ دەردەکەوێت کە بەدیهێنەرێکی هەیە.

ئاخۆ چەند زۆرن ئەو ئایەتانەی کە سەرنجی مرۆڤ ڕادەکێشن بۆ دروستکراوەکانی خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿ قُلِ ٱنظُرُواْ مَاذَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِۚ وَمَا تُغۡنِي ٱلۡأٓيَٰتُ وَٱلنُّذُرُ عَن قَوۡمٖ لَّا يُؤۡمِنُونَ ١٠١ ﴾ یونس: ١٠١

واتە: ((پێیان بڵێ: سەیر بکەن و سەرنج بدەن: خوا چی دروست کردووە لە ئاسمانەکان و زەویدا، کەچی بەڵگە و نیشانە و ئاگادارییەکان سوودیان نییە بۆ ئەو کەسانەی کە باوەڕ ناهێنن (ڕێبازی ئیمان ناگرنەبەر).))

هەروەها دەفەرموێت: ﴿ أَوَلَمۡ يَتَفَكَّرُواْ فِيٓ أَنفُسِهِمۗ مَّا خَلَقَ ٱللَّهُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضَ وَمَا بَيۡنَهُمَآ إِلَّا بِٱلۡحَقِّ وَأَجَلٖ مُّسَمّٗىۗ وَإِنَّ كَثِيرٗا مِّنَ ٱلنَّاسِ بِلِقَآيِٕ رَبِّهِمۡ لَكَٰفِرُونَ ٨ ﴾ الروم: ٨

واتە: ((ئایا ئەوە لە ناخی خۆیاندا بیریێکیان نەکردۆتەوە، کە خوا ئاسمانەکان و زەوی و هەرچی لە نێوانیاندا هەیە تەنیا بە حەق و سنووردار نەبێت

---

(١) ـ وەرگێڕ: ژمارەی گەردیلەکانی گەردوون بە تەنها بەدەر لە چالاکییە فەرمانی و کردارییەکانی دەگاتە نزیکەی ١٠ توانی ٨٠

دروستی نەكردوون؟ لە ڕاستیدا زۆربەی خەڵكی بێباوەڕن بە گەیشتنە خزمەتی پەروەردگاریان.))

هەروەها دەفەرموویێت: ﴿ أَوَلَمۡ يَنظُرُواْ فِي مَلَكُوتِ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ وَمَا خَلَقَ ٱللَّهُ مِن شَيۡءٖ وَأَنۡ عَسَىٰٓ أَن يَكُونَ قَدِ ٱقۡتَرَبَ أَجَلُهُمۡۖ فَبِأَيِّ حَدِيثِۭ بَعۡدَهُۥ يُؤۡمِنُونَ ١٨٥ ﴾ الأعراف: ١٨٥

واتە: ((ئایە بۆ سەرنجییان نەداوە لەو هەموو دەسەڵاتە گەورەیەی خوا لە ئاسمانەكان و زەویدا و ئەو هەموو شتانەی كە خوا بەدی هێناون؟ (بۆ ئەوەندە بێئاگان؟) خۆ بەڕاستی ئاكامیان نزیك بۆتەوە، جا بە چ گوفتارێكی تر لە دوای قورئان باوەڕ دەهێنن؟))

جا بۆیە هەر شتێكی تازە بەدیهاتوو بەڵگەیەكی ڕاستەوخۆیە بۆ بوونی بەدیهێنەر!

## ٤- مانای «بەڵگـەی چـاودێری» چییە؟

• بەڵگەی چاودێری: هەموو شتێك لە بووندا بە شێوەیەكی ڕەها هەر لە(كوارك)ەكانەوە -بچووكترین بەشی ماددەیە كە تا ئێستا دۆزرابێتەوە- تاكووو كاكێشانەكان، هەڵگری برێكە لە برەكانی ئاڵۆزی كرداری. واتا فەرمانێكی دیاریكراو و كارێكی زۆر گرنگ بەجێ دەهێنێت. هەر ئاڵۆزییەكی كرداری لە سروشتدا، ئاستێك و پلەیەكی زیادكراو و بەرزترە لە بوون و بەدیهاتن بەتەنها.

چونكە بوون ئاستێكە ئەو ئاڵۆزییەیی كە لەناو ئەو بەدیهاتووەدا هەیە پلەیەكی باڵاتر و زیاتری پێ دەبەخشێت لە تەنیابوون.

هەموو ئەوەی كە لە دەوروبەرت دایە، بە شێوەیەكی دیاریكراو بەدیهێنراوە بۆ جێبەجێ كردنی فەرمانێكی دیاریكراو.

کەواتە هەموو ئەوانەی کە لە دەوروبەرت دایە ئاڵۆزیەکی کرداری لەخۆدەگرێت.

ئاڵۆزی کردارییش بەڵگەی بەدیهێنان و دروستکردنە.

کەواتە بەدڵنیاییەوە پێویستە بەدیهێنەرێك هەبێت.

نموونەی ئەمە 'گلۆپە'، ئەمە ئاڵۆزییەکی کردارییە.

گلۆپی کارەبایی پێکهاتووە لە: فتیلێك و کێبڵێکی پێکهاتوو لە قورقوشم کە کارەبا دەگەیەنێتە فتیلەکە، غازێکی ناچالاك کە فتیلەکە دەپارێزێت و کارلێك ناکات لەگەڵ فتیلە و کارەباکە، شووشەیەك ڕێگری لە چوونە ژوورەوەی هەوا و دەرچوونی غازەکە دەکات، ئەگەر نا فتیلەکە دەسووتا، بنکەی گلۆپەکە کە گلۆپەکە دەگەیەنێت بە سەرچاوەی تەزووی کارەباکە.

لێرەدا گلۆپی کارەبایی سیستەمێکە ئاڵۆزی لەخۆدەگرێت و ناتوانرێت بە شتێکی سادە دابنرێت، لە ئەنجامدا بەڵگەیەکی عەقڵی سەرەتایی تێدایە ئاماژەیە بە ئافراندنێکی ڕێکوپێکە. ئەو کەسەی کە ئافراندنی ڕێکوپێکی گلۆپەکە ڕەت دەکاتەوە، یاخود وای دادەنێت کە بەڕێکەوت پەیدا بووە، ئەوا پێویستە لەسەر ئەو بەڵگە بهێنێتەوە!

ئەو کەسەی کە گلۆپی دروستکردووە زۆر چاك ئاگادارە کە مانای کارەبا چییە و سوودی گلۆپەکە و هەستیاری فتیلەکە چییە، هەر بۆیە بوونی گلۆپەکە بەڵگەیەکی ڕاستەوخۆیە لەسەر ئەوەی کە دروستکەرێکی لێزانی هەیە، نەك ئەوەی دەستکردی دەستی هەڕەمەکی بێت تەنها لەبەر ئەوەی کە گلۆپی تر هەیە شێوەی دەرەکیان جیاوازە.

بە هەمان بەڵگەی عەقڵی ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە شتێکی خاوەن ئاڵۆزی کرداری وەك مرۆڤ پێویست دەکات دروستکەر و بەدیهێنەرێکی هەبێت.

گڵۆپ لە چوار پێکهاتە پێکدێت.

مرۆڤ لە ٣ ملیار پێکهاتە پێکدێت لە هەر خانەیەك لە خانەکانیدا.

٣ ملیار پێکهاتە (پیت) فەرمانەکانی زیندەوەرەکە پێکدەهێنن، کە پێی دەگوترێ (جینۆم - Genome) یاخود (DNA)، ئەم پیتانە لە هەموو خانەیەك لە خانەکانی لەشتدا بوونی هەیە.

جا گەر وابزانیت کە ٤ پێکهاتەی گڵۆپ دروستکەرێکی هەیە و تۆ نیتە، ئەوە کێشەی خۆتە!

﴿ أَمْ خُلِقُوا۟ مِنْ غَيْرِ شَىْءٍ أَمْ هُمُ ٱلْخَـٰلِقُونَ ﴿٣٥﴾ ﴾ الطور: ٣٥ واتە: ((ئایە ئەوانە بەبێ هیچ شتێك، هیچ هۆیەك، هاتوونەتە کایەوە؟! یان هەر خۆیان دروستکارن؟!))

هەموو شتێکی دەوروبەرت ئاڵۆزییەکی تێدا هەیە، بە شێوەیەکی ڕەها هیچ شتێك لە سروشتدا بوونی نییە کە ئاڵۆزییەکی کرداری لەخۆ نەگرێت؛ هەروەك چۆن فیزیازانەکان دەیڵێن.

﴿ إِنَّ فِى خَلْقِ ٱلسَّمَـٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ وَٱخْتِلَـٰفِ ٱلَّيْلِ وَٱلنَّهَارِ وَٱلْفُلْكِ ٱلَّتِى تَجْرِى فِى ٱلْبَحْرِ بِمَا يَنفَعُ ٱلنَّاسَ وَمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ مِنَ ٱلسَّمَآءِ مِن مَّآءٍ فَأَحْيَا بِهِ ٱلْأَرْضَ بَعْدَ مَوْتِهَا وَبَثَّ فِيهَا مِن كُلِّ دَآبَّةٍ وَتَصْرِيفِ ٱلرِّيَـٰحِ وَٱلسَّحَابِ ٱلْمُسَخَّرِ بَيْنَ ٱلسَّمَآءِ وَٱلْأَرْضِ لَـَٔايَـٰتٍ لِّقَوْمٍ يَعْقِلُونَ ﴿١٦٤﴾ ﴾ البقرة: ١٦٤واتە: ((بەڕاستی لە دروستکردنی ئاسمانەکان و زەوی و ئاڵوگۆڕی شەو و ڕۆژدا و لەو کەشتیانەدا کە دەگەڕێن بە دەریادا و بەهۆیەوە سوود بە خەڵکی دەگەیەنن و لەو ئاوەی کە خوا لە ئاسمانەوە دەیبارێنێت و ئینجا بەهۆیەوە زەوی پێ زیندوو دەکاتەوە دوای وشك بوون و مردنی، هەروەها جۆرەها زیندەوەر و گیانلەبەر و مار و مێرووی لەسەر ڕووکاری زەویدا بڵاوکردۆتەوە و گۆڕاندن و هاتووچۆ پێ کردنی با و شەماڵ و ڕاگیرکردنی هەورەکان لە نێوان ئاسمان و زەویدا، ئەمانە

ASTANA

هەموو بەڵگە و نیشانەی بەهێزن بۆ ئەوانەی کە عەقڵ و بیر و هۆشیان دەخەنەکار و بیر لە دەسەڵاتی بێسنووری خوا دەکەنەوە.}

ئایەتەکانیش لەو بارەیەوە زۆرن.

بەڵام تەنها ئەوانەی عەقڵ و ژیرییان بەکاردەخەن تێدەگەن: ﴿ وَمَا يَذَّكَّرُ إِلَّآ أُوْلُواْ ٱلۡأَلۡبَٰبِ ۝٧ ﴾ آل عمران: ٧

جا بۆیە هاتنە بوون (بەڵگەی بەدیهێنان) و ڕێکوپێکی بوونەوەران (بەڵگەی چاودێری) لەڕووی عەقڵەوە ملکەچی دان پێدانانمان دەکەن بەبوونی بەدیهێنەرێك!

## ٥- بۆچی ناکرێت مرۆڤ و گیاندارەکانی تر سەرچاوەیان چەند زیندەوەرێکی سەرەتایی زۆر سادە بێت؟

• لێرەدا دوو کێشەمان هەیە:

**یەکەم:** تاکە بەڵگەیەکی تاقیگەیی نییە لەسەر پەرەسەندنی گەورە. پەرەسەندنی گەورە: گۆڕینی جۆرێکە لە گیانداران بۆ جۆرێکی دیکە. زاناکان هیچ بەڵگەیەکیان دەست نەکەوتووە لەسەر ئەوەی زیندەوەرێك پەرەی سەندبێت بۆ زیندەوەرێکی تر، بەڵکو ئەمە تەنیا گریمانەیە.

کەوابوو چۆن بێباوەڕێك دەتوانێت باوەڕ بەم بەڵگەیە بهێنێت و بەڵگە ئایینییەکەمان ڕەت بکاتەوە؟

**دووەم:** بەگوێرەی بیردۆزی (کەمترین سنووری جین - Minimum Gene Set Concept) بێت، ئەوا هیچ زیندەوەرێك با هەر چەندە سادەش بێت ناتوانێت دابەزێتە کەمتر لە بڕی ٢٠٠ جین، لە بەرواری ٢٠٠٦/١/٦ گۆواری بەناوبانگی «Nature» ئەوەی بڵاوکردەوە کە: "ناتوانین بەربەستی ٣٩٧ جین ببڕین"، هەر خۆی بەرهەمهێنانی وزە بە تەنیا پێویستی بە ٦ جین هەیە وەك کەمترین ئەندازە، گەر یەك جینی کەم بێت ئەوا خانەکە وزە بەرهەم ناهێنێت،

ASTANA

بەم شێوەیە هەموو چالاکی و فەرمانێکی سەرەکی ناو خانە کەمترین ئەندازەی هەیە لە جیندا. زانایان ئەوەیان دۆزیوەتەوە کە مایکۆپلازما (**Mycoplasma**) کە وردترین زیندەوەری سەر زەویە دۆزرابێتەوە تا ئێستا خاوەنی ٤٦٨ جینە، هەر جینێك پێکهاتووە لە کۆمەڵێك پرۆتین کە لەوانەیە لە ١٠٠٠ بۆ ١٠٠٠٠ ترشی ئەمینی پێك هاتبێت.

کەواتە کێشەکە لەوەیە گەر خاوەنی ٣ ملیار زانیاریی تایبەت بێت -ئەم زانیارییانە لەناو هەر خانەیەك لە خانەکانی لەشی مرۆڤدا بوونی هەیە- بۆ بەجێگەیاندنی فەرمانی زیندەیی زۆر ورد یاخود تەنانەت با ١٠ هەزار زانیاری بێت، ئەوا تۆ بەرانبەر خەزێنەیەکی مەزنی لە زانیاری پسپۆر و تایبەتی کە لە ناکاودا پەیدا بووە.

بۆیە بێباوەڕ وا بیری دەکردەوە کە چەند زیندەوەرییەك هەیە لە «سفر جین»ـەوە دەستیان پێ کردووە، بەڵام بیردۆزی کەمترین ئەندازەی جینی هات و ئەم خەونەیانی لەناوبرد.

کەوابوو زیندەوەران هەر لە یەکەم ساتەوە بە شێوەیەکی کرداری ئاڵۆز هاتوونەتە بوون.

## ٦- ئەو نموونانە چین کە لە سەر بەڵگەی چاودێرن؟

• بەڵگەکان بێسنوورن. بە شێوەیەك، هەموو تیانووسەکانی زەوی بەشی ناکات، چونکە هەموو گەردیلەیەك لەم گەردوونە بەڵگەی چاودێرییە و ئەمڕۆ بێت یا سبەی، درك بەمە دەکەین.

أ- بۆ نموونە ئەنسۆلین -هۆڕمۆنی هەرس کردنی گلۆکۆز- پەنکریاس بە هەمان بڕی ئەو شەکرەی خواردووتە دەریدەدات.

ب- هێزی پاڵنانی دڵ بۆ خوێن یەکسانە لەگەڵ ئەو وزەیەی کە ماسولکەکانی پێویستیەتی بەگوێرەی ئەرکی ئەنجامدراو.

ASTANA

ج- بوونی زمانەکانی گەدەت تاکوو خواردن نەگەڕێتەوە و ئازاری ناو دەمت نەدات.

د- بوونی زمانەکانی دەرچەت (کۆم) تاکوو جل و بەرگەکەت سات نا ساتێك پیس نەبێت.

هـ- ئێسقانی کەلەی سەرت یەك ناگرێتەوە تاکوو لە سکی دایکت بە ئارامی و بە ئاسانی بێیتە دەر، چونکە گەر یەکی بگرتایە، ئەوا لە سکی دایکت دەرنەدەچووی هەتاوەکوو دەشکان. هەروەها گەشەی تەواو نابێت، تاکوو گەشەی مێشکت تەواو دەبێت.

و- هەموو لایەنەکانی دەمارە خانەکانت کەوا سیگناڵی کارەبایی (زانیاری نێردراو) دەگوازنەوە بە چینێکی نەگەیەنەر داپۆشراوە -هەروەك چۆن ئێمەش هەمان کار دەکەین لەگەڵ وایەری کارەبایی-، گەر وا نەبووایە ئەوا سیگناڵی کارەبایی بە هەموو لایەك بڵاو دەبوویەوە و بەفیڕۆ دەچوون، یان هەراسانی دەکردی.

ز- ئەلیکترۆن بە خێرایی هەزار کیلۆمەتر لە چرکەیەکدا بە دەوری ناوکی گەردیلەدا دەسووڕێتەوە، گەر وا نەبووایە ئەوا دەکەوتە ناو ناوکی گەردیلەکە بە هۆی هێزی ڕاکێشانی لەگەڵ ئەو هێزە ئەرێنییەی (موجەب) ناوك و گەردوون پێش ئەوەی دەستی پێ بکردایە، دەڕووخا. ئەمەش ئەو خێراییە نموونەییەیە بۆ دروستبوونی گەردیلە.

ح- کاتێك دوو گەردیلەی هایدرۆجین یەك دەگرن ئەوا ٠.٠٧٪ بارستایی هایدرۆجین دەگۆڕێت بۆ وزە، گەر ئەم بارستاییە ٠.٠٦ ٪ بووایە لەجیاتی ٠.٠٧٪ ، ئەوا پرۆتۆنەکە یەکی نەدەگرت لەگەڵ نیۆترۆنەکەدا. گەردوون تەنها لە هایدرۆجین پێك دەهات و توخمەکانی تر پەیدا نەدەبوون، گەر بارستاییەکە ٠.٠٨ ٪ بووایە لەجیاتی ٠.٠٧ ٪ ئەوا یەکگرتنەکە یەکجار خێرا دەبوو، ئەمەش دەبووە هۆی ئەوەی هەر زوو هایدرۆجین نەمێنێت لە

گەردووندا و ئەمەش وای دەکرد بوونی ژیان مەحاڵ بێت، بۆیە ژمارەکە پێویستە لەنێوان ٠.٠٠٦ ٪ بۆ ٠.٠٠٨٪ بێت.

ط- بارستاییی ئەلیکترۆن (Electron mass) ڕێژەی ٠.٠٠٢ ٪ ی بارستاییی نیۆترۆن پێك دەهێنێت (Neutron mass)، ئەمەش ئەو بارستاییە نموونەییەیە کە دەبێتە هۆی درووستبوونی گەردیلە.

و- خونچەکان دوای ناشتنیان یەکسەر بەرەو سەرچاوەی ڕووناکی دەڕۆن و ڕەگەکانیشیان بەرەو خوارەوە دەڕۆن، خونچەکان هەستیارییەکی زۆریان هەیە بە ڕووناکی، هەموو ئەو زانیاریانەی کە پێویستی پێیەتی بۆ بەجێگەیاندنی فەرمانەکانی بە شێوەی کۆد لەناو تۆوەکەدا هەیە، چەند هۆرمۆنێك هەیە کە کۆنترۆڵی گەورەبوون بە ئاڕاستەی سەرەوە و تەنیشتەکانی ڕووەکەکە دەکات و هەروەها بە ئاڕاستەی ڕەگەکانیش، ئەمانەش هەمووی بە جەفەنگ کۆکراونەتەوە لەناو تۆوەکەدا.

کاتێك تۆ میوە بەتامەکە دەخۆیت؛ تۆوە وشك و بێتامەکە فڕێ دەدەیت، ئەوا بەم شێوەیە تۆ ملکەچی عەقڵێکی بەڕێوەبەر دەبیت لە گەردووندا کە ڕێگە بەو میوەیە دەدات کە جینەکانی بۆ هەموو شوێنێکی سەر زەوی بڵاوبکاتەوە. کاتێك کە تامێکی خۆش بە تۆ دەبەخشێت و جینەکانی کە سەرچاوەی ژیانی پێك دەهێنێت لەناو جەرگەی تۆوێکی ڕەق و وشکدا جێدەکاتەوە کە بۆ تۆ سەرنجڕاکێش نییە، هەر کە بەو زەوییەوە نوسا ئەوا هەر زوو لق و پۆپی لێ دەبێتەوە. بەم شێوەیە دایکەکە توانی کە جینەکانی بگوازێتەوە بۆ نەوەکانی، هەموو ئەمانەش لە ڕووەکانێکدا ڕوو دەدەن کە هیچ تێناگەن.

کێ ئەو زانیارییەی بۆ ئەو میوە کەڕ و لاڵە ڕێکخست و ڕێژەی شەکری تێدا ڕێکخست کە بەگوێرەی خۆی بێت؟

کێ وای لەو تۆوە کرد کە سەرنجڕاکێش نەبێت و خەڵکی حەزی پێ نەکات تاکوو فڕێی بدەن؟

کێ ئەو تۆوە پڕ زانیارییە بۆماوەییەی پێویست کردووە بۆ دروستکردنی درەختێکی نوێ بە هەموو وردەکاری و فەرمانەکانییەوە؟

ي- زانایان لەم دواییانەدا باسی بارستاییی گشتی گەردوون دەکەن و ئاخۆ چەندێك گرنگە بۆ بوونمان لەسەر زەوی؟

بار نەگۆڕین یاخود یەکباری (Inertia) کە بە مانای ئەوە دێت هەموو تەنێك بەرەنگاری هەر گۆڕانکارییەك دەکات کە جووڵەکەی بگۆڕێت (واتا گەر وەستاو بێت نایەوێت بجولێنرێت، بە پێچەوانەشەوە گەر لە جووڵەدا بێت نایەوێت بوەستێنرێت، یان خێرایی زیاد بکرێت)، ئەم بەخششە سەرچاوەکەی بارستایی گشتی گەردوونە.

گەر «یەکباری» کەمتر بووایە لەوەی ئێستا، ئەوا شنەبایەکی سادە دەیتوانی بەردێك بجولێنێت و هەروەها بەردەکەش نەیدەتوانی بەرەنگاری هیچ هێز(ئەرك)ێك ببێتەوە کە دەهاتە سەری. لە جیهانێکی ئاوهادا، بە بەردەوامی تووشی بۆردومان کردنی هەموو جۆرە شتێك دەبووینەوە.

گەر «یەکباری» گەورەتر بووایە لەوەی ئێستا ئەوا قورسییەکی یەکجار زۆرمان دەبینی، تەنانەت لە جولاندنی پەنجەکانیشمان. وای دابنێ کە توانیمان بیجولێنین، بەڵام هێشتا کۆنترۆڵ کردنی خێرایی و ئاڕاستەکەی شتێکی مەحاڵ دەبوو.

ئەمەش مانای ئەوەیە کە ناجوڵێین و هەڵناسین بە ئەنجامدانی هیچ چالاکییەك.

مرۆڤی یەکەم شوێنی پەیدابوونی بەجێ نەدەهێشت، هەروەها کۆرپەلەکان نەیان دەتوانی تەنانەت - ئەمە گەر توانیان دروست ببن لەناو سکی دایکیاندا- لە منداڵدانی دایکیان دەربچن بەبێ هەوڵێکی زۆر.

جا بۆیە زۆر ناوازەیە کە بڕی «یەکباری» ماددە پێویستە هاوتا بێت لەگەڵ ئەمەی ئێستا بوونی هەیە.

ASTANA

ئەو بابەتەی کە فیزیاناسەکانی تووشی سەرسوڕمان کردووە - بەتایبەتی «دینیس سیاما» لە پەڕتووکەکەیدا بە ناوی (Unity of the Universe) کە بارستایی ڕێی کاکێشانی شیریی (درب التبانة) بە ڕێژەی تەنها ٠.١ لە ملیۆن بەشداری دەکات لە ڕێکخستنی «یەکباری»، بەڵام بارستاییی زەوی تەنها بە ڕێژەی ٠.٠٠١ لە ملیۆن بەشدارە لە ڕێکخستنی «یەکباری».

ئەمەش وامان لێ دەکات کە بڵێین ئەو «یەکباری»یە نموونەییەی کە لە سەر بەرووبوومەکەی دەژییین و لە ڕێگەیەوە هەموو چالاکییەکانمان ئەنجام دەدەین؛ ئەوە بەرهەمی گشتی بارستایی گەردوونە بە تەواوی.

ئەمەش پاڵمان پێوە دەنێت لە ڕووی واقیعەوە بڵێین کە بوونمان زۆر بەوردی پێوەستە بە بارستایی گەردوون و بوونی گەردوون بە شێوەیەکی گشتی.

﴿وَمَا خَلَقْنَا ٱلسَّمَآءَ وَٱلْأَرْضَ وَمَا بَيْنَهُمَا بَٰطِلًا ۚ ذَٰلِكَ ظَنُّ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ ۚ فَوَيْلٌ لِّلَّذِينَ كَفَرُوا۟ مِنَ ٱلنَّارِ ﴿٢٧﴾﴾ ص: ٢٧واتە: ((ئێمە ئاسمان و زەوی و دروستکراوانی نێوانمان بێهودە و هەڕەمەکی دروست نەکردووە، ئەوە بیروباوەڕی ئەوانەیە کە بێباوەڕ بوون، هاوار و ئاهـ و ناڵە بۆ ئەوانەی کە کافر و بێبڕوان بە سزای ئاگری دۆزەخ.))

هەر چەندە زانست فراوان ببێتەوە، ئەوا سەیر و سەمەرەکانی دانایی و وردەکارییەکانی گەردوون و دروستکراوەکانمان بۆ دەردەکەوێت![1]

---

(١) ـ مایکل دانتۆن ئەم بابەتەی بە تێر و تەسەلی باس کردووە لە پەڕتووکەکەیدا «قدر الطبیعة - چارەنووسی سروشت».

**٧- کۆمەڵێك لە بێباوەڕەکان ڕەخنە لە چەمکی «بەڵگەی چاودێری» دەگرن و دەڵێن: «لە ژیاندا کۆمەڵێك شتی نامووونەیی (نامیسالی) بوونی هەیە، وەکو: نەخۆشی و بومەلەرزە و... هتد؟»**

• نەبوونی شتگەلێکی بێخەوش لە گەردووندا -بە قسەی بێباوەڕەکان-، بوونی ڕێکی و چاودێری ڕەت ناکاتەوە، ئەوان بەمە، بوونی ڕێکوپێکی لە گەردووندا دەسەلمێنن، نەك پێچەوانەکەی.

خۆ گەر ڕێکوپێکی نەبووایە، ئەوا کەسی بێباوەڕ هەرگیز درکی بە ناڕێکی نەدەکرد.

دەی کەوایە چۆن باسی نەنگی و ناڕێکی دەکەی لە بەدیهێنراوی (نەخشە بۆ دارێژراو) لە جیهانێکی بێ نەخشەدا؟

بەڵام ئەو شتانەی کە دەڵێن ناڕێکوپێکییە ئەوە نیشانەی کورت بینییە لە زانستدا، یان هۆکارەکەی تێنەگەیشتنێکی ناژیرانەیە لە شتەکان.

ئیماندارانن ناڵێن گەردوون ڕێکوپێکە و هیچ بەڵایەکی تیادا ڕوو نادات، بەڵکوو دەڵێن: «گەردوون ڕێکوپێکە و هیچ بەڵایەکی بێ مەبەستی تێدا ڕوونادات.»

هەروەها حاڵی ئەو بێباوەڕەی نکۆڵی لە ڕێکوپێکی گەردوون دەکات؛ وەك ئەو کەسە وایە کە ڕێکوپێکی کەشتیی ئاسمانی ڕەت بکاتەوە، بەهۆی ئەوەی بڕێکی زۆر لە ماددەی پترۆڵی تێدایە و ئەگەری ئەوەی هەیە لە هەر کاتێکدا بێت بتەقێتەوە.[1]

هەروەها جیهان بۆ ئەوە دروست نەکراوە تاکوو ببێتە جیهانێکی بێ سەرەتا، یان بێ کۆتا، یاخود سەرخەری خوداوەند بێت.

---

(١)ـ ظاهرة نقد الدين في الفلسفة الحديثة، د. سلطان العميري، رسالة دكتوراة

بەڵکوو ئێمە بەدیهێنراوین تاکووو بە چاك و خراپ تاقی بکرێینەوە.

﴿كُلُّ نَفْسٍ ذَآئِقَةُ ٱلْمَوْتِۗ وَنَبْلُوكُم بِٱلشَّرِّ وَٱلْخَيْرِ فِتْنَةًۖ وَإِلَيْنَا تُرْجَعُونَ ٣٥﴾ الأنبياء: ٣٥واتە: ((هەموو کەسێك دەبێت مردن بچێژێت و شەرابی مەرگ بنۆشێت، بێگومان ئێمە ئێوە تاقی دەکەینەوە بە شەڕ و ناخۆشی و بەڵا و بە خێر و خۆشی و دارایی و توانایی، سەرەنجام هەر بۆ لای ئێمە دەهێنرێنەوە (تا پاداشتتان بدەینەوە).))

هەموو ئەمەش پەیوەندی بە ئامانج و داناییەوە هەیە.

**٨- ئەوەی دیارە کە خودا پێویستی پێمان نییە، کەوایە بۆچی دروستی کردین؟**

• بۆچوونی ئەوەی پێویستی بەرانبەرەکەی پووچێتی بێت، بۆچوونێکی زۆر بێهانایە!

چونکە پێویستی بەرانبەر داناییە نەك پووچێتی.

بۆ نموونە پزیشکێکی دەوڵەمەندی سینە فراوان، لەوانەیە خەڵکی چارەسەر بکات بەبێ ئەوەی هیچ پێویستی پێیان بێت، بەڵکوو لە پێناو بەرژەوەندی خۆیان چارەسەریان دەکات و ئێمەش ئەم کارەی بە پووچێتی وەسف ناکەین!

چونکە دانایی و مەبەستی مەزن لە پشت ئەنجامدانی کارەکان لە خولگەی (پێویستی/ڕابواردن)دا ناسووڕێتەوە.

خۆ لەوانەیە مەلەوانێك لە میهرەبانی خۆیەوە منداڵێك ڕزگاربکات لە خنکان، دواتر منداڵەکە بەجێ بهێڵێت و بڕوات بەبێ ئەوەی چاوەڕێی دەست خۆشیی خێزانی منداڵەکە بکات، لێرەدا کارەکەی وەك پێویستی یاخود بۆ خۆشی خۆی ئەژمار ناکرێت، بەڵکوو وەك کارێکی پڕ دانایی و بەخشندەیی و مەبەستێکی زۆر جوان و ڕەوشتێکی نایاب ئەژمار دەکرێت!

ASTANA

پێویستی و پووچێتی، لەنێوانیاندا هیچ پەیوەندییەك نییە!

هەروەها لە سەحیحی موسلیمدا هاتووە، لە فەرموودەیەکی قودسیدا خودا دەفەرمووێت:

((يَا عِبَادِي! لَوْ أَنَّ أَوَّلَكُمْ وَآخِرَكُمْ وَإِنْسَكُمْ وَجِنَّكُمْ كَانُوا عَلَى أَتْقَى قَلْبِ رَجُلٍ وَاحِدٍ مِنْكُمْ، مَا زَادَ ذَلِكَ فِي مُلْكِي شَيْئًا. يَا عِبَادِي! لَوْ أَنَّ أَوَّلَكُمْ وَآخِرَكُمْ وَإِنْسَكُمْ وَجِنَّكُمْ كَانُوا عَلَى أَفْجَرِ قَلْبِ رَجُلٍ وَاحِدٍ مِنْكُمْ، مَا نَقَصَ ذَلِكَ مِنْ مُلْكِي شَيْئًا)).

واتا: ((ئەی بەندەکانم! گەر لە سەرەتاوە تا کۆتا کەسی ئێوە و بە (مرۆڤ و پەری) تانەوە، هەمووتان لەسەر دڵی یەك کەسی بە تەقواترینتان کۆببێتەوە، ئەوا هیچ شتێك لە موڵك و سامانی من زیاد ناکات. ئەی بەندەکانم! گەر لە سەرەتاوە تا کۆتا کەسی ئێوە و بە (مرۆڤ و پەری)تانەوە، هەمووتان لەسەر دڵی یەك کەسی خراپترین کەسی ناوتان کۆببێتەوە، ئەوا هیچ شتێك لە موڵك و سامانی من کەم ناکات.))

بۆیە خودا بێنیازە لە جیهانییان، هەموو هەوڵ و کۆششەکانیشمان تەنها لە قازانجی خۆمانە.

﴿ وَمَن جَٰهَدَ فَإِنَّمَا يُجَٰهِدُ لِنَفۡسِهِۦٓۚ إِنَّ ٱللَّهَ لَغَنِيٌّ عَنِ ٱلۡعَٰلَمِينَ ٦ ﴾
العنكبوت: ٦واتا: ((ئەوەش کە هەوڵ دەدات و کۆشش دەکات لەپێناوی گەیاندی ئایینی خوادا، بێگومان قازانج و سوودی هەوڵ و کۆششەکەی هەر بۆ خۆیەتی، چونکە بەڕاستی خوا بێنیازە لە هەموو خەڵکی. (بەڵام لە قیامەتدا ئەو زاتە زۆر سوپاسگوزاری ئەو کەسانەیە کە هەوڵ و کۆششیان داوە لە پێناوی ئایینەکەیدا.)))

هەروەها نەزانینی حیکمەت و دانایی بڕیارەکانی پزیشك لەلایەن نەخۆشەکەوە مانای ئەوە ناگەیەنێت کە بڕیارەکانی پزیشکەکە بێمانا و لەخۆڕان.

بۆیە مەرج نییە لە هەموو لایەنەکانی حیکمەتی ئیلاهی تێبگەین، بەڵکوو تێگەیشتنی چەند دانەیەکیان بەسە!

جا ئەوەندە بەسە کە بزانین ئێمە بەرپرسیار و موککەلەفین و گوێڕایەڵی کردنمان لەسەرە، بەڵام تێگەیشتنی ئەم بەرپرسیارییەتییە و پێویستییەکانی و هەروەها زانینی حیکمەتی ئیلاهی بە شێوەیەکی گشتی بەسانە، ئەگینا وەکوو ئەو کەسە دەبین کە بێباوەڕ دەبێ بەو شتەی کە تێی ناگات و لێی حاڵی نابێت.

﴿بَلۡ كَذَّبُواْ بِمَا لَمۡ يُحِيطُواْ بِعِلۡمِهِۦ وَلَمَّا يَأۡتِهِمۡ تَأۡوِيلُهُۥۚ كَذَٰلِكَ كَذَّبَ ٱلَّذِينَ مِن قَبۡلِهِمۡۖ فَٱنظُرۡ كَيۡفَ كَانَ عَٰقِبَةُ ٱلظَّٰلِمِينَ ٣٩﴾ یونس: ٣٩واتە: ((بەڵکو سەرەڕای ئەو هەموو بەڵگانە ئەوانە بڕوایان بە قورئان نەکردووە کە هیچ شتێکیان نەزانیووە دەربارەی، هێشتا بۆیان نەهاتووە سەرئەنجامی ئەو بەڵێنانەی کە بەڵێنی پێداون، هەر بەو شێوەیە ئەوانەی پێش ئەمان بەرنامەی خوایان بە درۆ زانی و بڕوایان پێی نەبوو، دە سەیر بکە و سەرنج بدە، بزانە سەرئەنجامی ستەمکاران چۆن بووە.))

هەر خودا دانایە و لەبەر دانایی و حیکمەتێك دروستیی کردوین، پاك و بێگەردی بۆ ئەو بێت.

### ٩-ئایا بەڵگە هێنانەوە بۆ بەدیهێنەر، بەکارهێنانی بەڵگەی ئەزموونی مرۆییە؟

• بەڵگەکانی بەدیهێنان بەندە لەسەر بەڵگە هێنانەوەیەکی خوارِسکی (فیترەت) سەلمێنەر و زانستێکی دڵنیایی (یەقینی) لە پێشینەیەکی پێویستدا.

بۆیە قورئان لە بەڵگە هێنانەوە لەسەر بەدیهێنان ڕێچکەی پێوەریی (قیاس) بەکارناهێنێت.

پێوەریش: ماناکان دادەمەزرێنێت و دواتر حوکم و بڕیاری لێ دەردەکات.

بەڵام بەڵگە هێنانەوە بۆ بەدیهێنان بەندە لەسەر سەیرکردنی ڕاستەوخۆ و بەڵگە بینراوەکان.

﴿ أَمۡ خُلِقُواْ مِنۡ غَيۡرِ شَيۡءٍ أَمۡ هُمُ ٱلۡخَٰلِقُونَ ٣٥ ﴾ الطور: ٣٥. ئا لێرەدا ئایەتەکە هۆکاری بوونیان دەگەڕێنێتەوە بۆ سێ ئەگەر: یان ئەوەتا لە هیچەوە هاتوون و ئەمەش مەحاڵە، چونکە (هیچ) هیچ شتێك دروست ناکات هەر خۆی بوونی نییە تاکوو شتی تر بێنێتە بوونەوە. یان ئەوەتا خۆیان، خۆیانیان دروست کردووە و ئەمەش مەحاڵە، چونکە دژیەکییەکی زۆر ڕوونە. سێیەم چارەسەر ئەمێنێتەوە کە ئەویش بەدیهێنەرێك هەیە و دروستیی کردوون.

ئەمە بەڵگەهێنانەوەیەکی (عەقڵیی سەرەتایی)یە نەك پێوانە و قیاس کردنی بە شتێك تاکوو بڵێین ئەمە تەنها لە ئەزموونی مرۆڤایەتییەوە سەرچاوەی گرتووە.

هەرچەندە هیچ کێشەیەکی تێدا نییە کە بەڵگە هێنانەوە لە ئەزموونی مرۆڤایەتییەوە سەرچاوە بگرێت، چونکە هەموو زانستەکانی جیهان بنەماکانیان ئەزموونی مرۆییە.

هەروەها کاتێك کە گوتمان گەردوون بوونی هەیە و بوونیشی بەند نییە لەسەر خۆی، بۆیە پێویستە بەدیهێنەرێکی هەبێت. هەموو شتێکیش لە گەردووندا بە کۆمەڵێك نەگۆڕیی فیزیایی زۆر ورد و سەرنجڕاکێش هاتووەتە بوون؛ کەوایە پێویستی بە بەدیهێنەرێك و دروستکەرێك هەیە، ئێمە لێرەدا پێشەکییە سەرەتاییەکانی ڕاستەوخۆی ژیریمان بەکارهێنا نەك پێوانەی عەقڵی، یان ئەزموونی مرۆیی.

جا (بەڵگەی هۆکار) وەك یەکێك لە بەڵگەکانمان لەسەر بەدیهێنەر بەند نییە لەسەر هەست و خوێندنەوە، بەڵکوو بەندە لەسەر بنەمایەکی عەقڵی کە پشت دەبەستێت بە پێویستییە عەقڵییە دڵنیاکەرەوەکان.

**١٠ - چ ڕێگرییەك هەیە کە هۆکارێکی ماددی گەردوونی بەدیهێنابێت، بۆ نموونە: شارستانییەتێکی تر یاخود شتێکی تر؟ بۆچی خودایەکی ئەزەلی بەتاییەتی؟**

• یاسایەك هەیە کە زانایانی موسڵمان پێش نزیکەی هەزار ساڵ دایانڕشتووە، ئەم یاسایە دەڵێت: ((زنجیرەیی لە بکەرەکان دەبێتە هۆی ئەنجام نەدانی کارەکان.))[١]

زنجیرەیی لە بکەرەکان: واتا بوونی زیاتر لە یەك بەدیهێنەر، لەم پرسیارەدا ئێمە شارستانییەتێکی ترمان هەیە، شارستانییەتێکی تر ئەمی دروستکرد، ئەوەی پێشووتر ئەوی دروستکرد، بەم شێوەیە... لێرەدا زنجیرەییەك بەدیهێنەر هەیە.

ئەم زنجیرەیەش ئەبێتە هۆی ئەوەی ئەم کارە هەرگیز ئەنجام نەدرێت.

بە ئەنجام نەگەیاندنی کارەکە: واتا دەرنەکەوتنی دروستکراوەکانی وەکو گەردوون و مرۆڤ و ئەوانی تر.

جا بۆیە زنجیرەیی لە بکەرەکان دەبێتە هۆی دەرنەکەوتنی گەردوون و بوونەوەران.

گەر دەرکەوتنی هەر شارستانییەتێك بەند بێت لەسەر دانەیەکی تر کە دروستی بکات، ئەمیش پەیوەست بێت بە شارستانییەتێکی پێش خۆی کە دروستی بکات، ئا بەم شێوەیە تا ناکۆتایی، ئەوکات نە ئەم شارستانییەتە پەیدا دەبێت، نە ئەوەی پێش خۆی و نە ئەوەی پێش ئەمان و بەم شێوەیە بوونەوەر هەرگیز پەیدا نابێت.

بۆیە پێویستە بەدیهێنەرێکی بێ سەرەتا و بێ کۆتا هەبێت کە هەموو شتێکی بەدیهێناوە!

---

(١)ـ هەمان سەرچاوەی پێشوو

گەر ویستمان نموونەیەکی سادەتر بۆ ڕوونکردنەوە باس بکەین دەڵێین: کۆمەڵێك پولی دۆمینەمان هەیە کە لە دوای یەکەوە ڕیزکراون بە شێوەیەك -ئەگەر یەك دانەی بکەوێت هەموو ئەوانەی تر دەکەون بەدوایدا. لێرەدا گەر بڵێین پولی کۆتایی ناکەوێ گەر ئەوەی پێشووتر نەکەوێت، ئەوەی پێشووتریش ناکەوێ گەر ئەوەی پێش خۆی نەکەوێت؛ ئەوا هیچ پولێك ناکەوێت مەگەر پولەکان سەرەتایەکیان هەبێت.

خۆ ئەگەر دۆمینەکان ناکۆتا بوونایە ئەوا هیچ دانەیەکی نەدەکەوت.

بەم شێوەیەش گەر زنجیرەیەکی ناکۆتایی هەبێت، ئەوا بوونەوەران، بوون، بگرە هیچ شتێك دروست نابێت. چونکە بکەرەکە بەندە لەسەر ئەو بکەرەی پێش خۆی و بەم شێوەیە بوونی دەرناکەوێت تەنها دوای دەرکەوتنی ئەوەی پێش خۆی، بەم شێوەیە دەرکەوتنی هەموویان پێویستی بەوەی پێش خۆیەتی... خۆ گەر زنجیرەکە ناکۆتایی بێت ئەوا نە بوون و نە بوونەوەران و نە کردار و نە کارلێکراو دەبوون.

جا بۆیە پێویستە کە بەدیهێنراوان بەدیهێنەرێکی هەبێت کە دەسپێکی بەدیهێنان لای ئەوەوەیە.

جا بۆیە مومکینی بێدەسەڵات پێویستی بە بەدیهێنەرێك هەیە، گەر گوتیشمان گشتیان مومکینی بێدەسەڵاتن ئەوا هیچیان نەدەهاتنە بوونەوە، جا بۆیە زنجیرەکە پێویستە لە سنوورێك بوەستێت. بۆیە ئێمەش پێداگری لەسەر بەدیهێنەرێکی بێ سەرەتا دەکەین کە هیچ شتێك پێش ئەو نەبووە.

**١١- ئێمە ئەو یاسایانە دەزانین کە گەردوون بەڕێوەدەبەن، هەروەها هۆکاری بومەلەرزەکانیش زۆر باش دەزانین، گەروایە چ پێویستمان بە بەدیهێنەرێك هەیە کە یاساکانمان زانی؟**

• کەسی بێباوەڕ، وای دادەنێت یاساکان بەس بن بۆ دروست بوون و هاتنەبوونی گەردوون. هەروەها «ستیڤن هۆکینگ»، پشتی بەم پێشەکییە بەستبوو، بۆیە وای دانا کە یاسای کێشکردن بەسە بۆ دەرکەوتنی گەردوون. هەروەك چۆن ئەمەی ڕوون کردەوە لە دوایین پەڕتووکیدا، بە ناوی «دیزایینی مەزن»[١]

ئەم ڕاپۆرتەی هۆکینگ لە ڕۆژنامە جیهانییەکان بڵاو کرایەوە و میدیاکان بە شێوەیکی بەرفراوان گواستیانەوە، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیش بە شێوەیەکی زۆر چڕ باسیان دەکرد!

بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەوەی ئەم بۆچوونە، هەر خۆی لە خۆیدا دەڕووخێت؛ تەنها بە بیرکردنەوە لە سەرچاوەی یاسای کێشکردن، یاخود کێ ئەم یاسایەی دانا و کێ سیفەتی دەست تێوەردان و دەرخستنی شوێنەواری خۆی پێ بەخشی؟

بەبێ ڕەچاوکردنی ئەم زانیارییە سەرەتاییانە، یاسای کێشکردن نابێتە هۆی سوڕانەوەی تۆپی بلیارد!

یاسا بە تەنیا دەستەوەستانە لە کردنی شتێك بەبێ دەرکەوتنی شتەکە!

چونکە یاسای کێشکردن تۆپی بلیادەرکە بەرهەم ناهێنێت، بەڵکوو تەنها دەیجوڵێنێتەوە گەر تۆپەکە دەرکەوت و بە داری بلیاردەکە لێیدرا.

چونکە یاسای کێشکردن شتێکی سەربەخۆ نییە، بەڵکوو وەسفی ڕووداوێکی سروشتییە!

---

(١)- پەڕتووکی «دیزایینی مەزن»، ٢٠١٠، ستیڤن هۆکینگ.

ASTANA

هەروەها یاسای كێشكردن تۆپەكە ناجوڵێنێت بەبێ ئەوەی هێزێك پاڵ بە داری بلیاردەكەوە بنێت، لێرەدا تەنها تۆپی بلیاردەكە دەجوڵێت و شوێنەواری یاسای كێشكردن بەدەر دەكەوێت!

بەڵام كەسی بێباوەڕ وای دادەنێت كە بوونی یاسایی كێشكردن، بەسە بۆ ئەوەی تۆپەكە و داری بلیاردەكە دروست بكات و تۆپەكەش بسووڕێنێتەوە.

كامیان لە عەقڵ و لۆژیكەوە نزیكترە: ئایین یاخود بێباوەڕی؟

بەهەمان شێوە یاسای سووتانی ناوەكی لە بزوێنەری ئۆتۆمبێلەكان، بزوێنەرەكە دروست ناكات. خۆ ئەگەر یاسای سووتانی ناوەكی بۆ بزوێنەری ئۆتۆمبێلەكەش زیاد بكەین، ئەوا بزوێنەرەكە هێشتا كار ناكات، بەڵكوو پێویستی بەو بەنزینە هەیە كە وزەی پێ دەبەخشێت. هەروەها پێویستی بە پریشكی سووتانیش هەیە. لەپێش ئەوەش پێویستە بزوێنەرەكە بوونی هەبێت؛ دوای هەموو ئەمانە ئەوكات یاسای سووتانی ناوەكی بەدەر دەكەوێت و بزوێنەرەكە كاردەكات!

ژیرانە نییە كە وای دابنێین یاسای سووتانی ناوەكی بەسە بۆ دروستكردنی بزوێنەرەكە، پریشكی سووتانەكە، بەنزینەكە، شۆفێرەكە و ڕێگاكە.

پاشان ئەم بۆچوونە دووبارە دەمانخاتەوە ناو ئەو زنجیرە بكەرانەی كە باسمان لێوە كرد لە پرسیاری پێشووتردا.

## ١٢- چ ڕێگریەك هەیە لەوەی ڕێكەوت (صدفة) سەرچاوەی گەردوون بێت؟

• بانگەشەكردنی ئەمە نیشانەی نەزانییە بە سەرچاوەی ئەگەرەكان، چونكە ڕێكەوت پێویستی بە دوو مەرج هەیە كە لێی جیا نابنەوە:

ئەوانیش: كات و شوێن.

ڕێكەوت پێویستی بە كات هەیە، تاكوو شوێنەواری خۆی بەدەربخات تیایدا.

ASTANA

هەروەها مەرجی بوونێکی ماددی شوێنی هەیە کە پشتی پێ ببەستێت، تاکوو کاریگەرییەکەی دروست بکات.

جا چۆن بانگەشەی ڕۆڵی ڕێکەوت بکەین لە بەدیهێنانی گەردوون، کەچی گەردوونەکەمان لە ناشوێن و ناکات (اللازمان و اللامكان)ەوە پەیدا بووە؟

جا چۆن شوێنەواری ڕێکەوت دەردەکەوێت بەبێ ئەوەی ڕێکەوت خۆی دەربکەوێت؟

چۆن بانگەشەی شوێنەواری ڕێکەوت دەکەیت پێش ئەوەی کە نە خۆی هەبێت و نە کات و نە شوێن بوونی هەبێت کە دوو مەرجی سەرەکین بۆ ڕێکەوت؟

ASTANA

## ١٣ - چۆن بەرپەرچی ئەو بێباوەڕە بدەینەوە کە بانگەشەی ئەوە دەکات، گەردوون پەرەی سەندووە؟

• زانست بانگەشەی ئەوە ناکات کە جیهان لە توخمی سادەوە دەگۆڕێت بۆ توخمی ئاڵۆزتر!

بەڵکوو ڕێك پێچەوانەکەی دەڵێت.

زانست دەڵێت کە جیهان لە ئاڵۆزی تەواوەتییەوە دەگۆڕێت بۆ سادەبوونی تەواوەتی بە درێژایی کات.

ئەمە ئەوەیە کە بە دووەم یاسای دینامیکی گەرمیی ناسراوە (Second Law of Thermodynamic)، بۆ ئاسان کردنەوەی ئەم یاسایە:

گەر پەرداخێکی ئاوی گەرمت هەبێت لەژوورێکدا، ئەوا گەرمایی لە ئاوە گەرمەکەوە دەگوازرێتەوە بۆ کەش و هەوای ژوورەکە؛ تاکوو گەرمی ژوورەکە و گەرمی پەرداخە ئاوەکە یەکسان دەبن. ئا بەم شێوەیە ئەم یاسایە بەسەر هەموو گەردووندا جێبەجێ دەبێت و لە چرکە ساتێکدا گەرمی هەموو

شتێك لە گەردووندا یەكسان دەبێت و لەم ساتەدا (مردنی گەرمیی گەردوون - Thermal Death of Universe) ڕوودەدات.

خۆ ئەگەر گەردوون بێ سەرەتا (أزلي) بوایە، ئەوا پێویست بوو گەردوون ئێستا ڕاوەستاو بووایە –مردوو بووایە لە ڕووی گەرمییەوە-، بەڵام لە ڕاستیدا گەردوون لە ئێستادا لە حاڵەتێكی كەمتر لە حاڵەتی ئەنترۆپی (نارێكی)یە، هێشتا نەگەیشتۆتە مردنی گەرمی. كە وا بێت، ئەوا بێ سەرەتا نییە، بەڵكوو سەرەتایەكی دیاریكراوی هەیە كە لەگەڵ دەركەوتنی «كات و شوێن» دا دەركەوتووە.

بەڵكوو گەردوون لە كەمترین ئاستی ئەنترۆپی دەركەوتووە، ئەمەش مانای وایە كە ڕوودانی هاوشێوەی پێشتری نەبووە -تازە پەیدا بووە-.

بەو بۆنەیەوە ئەمە یاسایە، نەك بیردۆز.

ئەمەش لەسەر هەموو شتێك جێبەجێ دەبێت، لە گەردیلەوە تاوەكوو كاكێشان!

ئەم یاسایەش جەوهەرییە لە سەلماندنی پووچێتی ئەو بۆچوونەی كە وای دادەنێت گەردیلەكانی جیهان بەرەو ئاڵۆزی دەڕوات، هەروەك چۆن بێباوەڕەكان وای دادەنێن!

چونكە گەردوون بەرەو سادەبوونەوە دەڕوات، نەك ئاڵۆزبوون.

## ١٤ - چۆن زانیمان ساتی دەركەوتنی گەردوون پەیوەست بووە بە «یاسای هۆكاری»یەوە (السببیه)؟ یان بە شێوازێكی دیكە: ئایا «یاسای هۆكاری» جێبەجێ دەكرێت لەسەر دەرەوەی گەردوون؟

- ئێمە بانگەشەی یاسای «هۆكاری» دەكەین بۆ بەدیهێنان، چونكە یاسایەكی سەرەتاییە.

مادام گەردوون بوونی هەیە، کەواتە بەدیهێنەرێك و کارپێکەرێکی هەیە.

لەم دواییانەدا لە ڕووی زانستییەوە چەسپیوە کە گەردوون لە ئەنجامی کارپێکەرێکەوە دەرکەوتووە کە ئەم کارپێکەرەی بەدیهێناوە، ئەوەی کە ناسراوە بە Operator formulation of Quantum Mechanics) Operator). واتە: دارِشتنی کارپێکەری کارپێکەری میکانیکی کوانتەمی. بەدڵنیاییەوە پێویستە کە کارپێکەرێك هەبێت بەگوێرەی میکانیکی ڕێژەی (کوانتەم).

ئەگینا گەردوون دەرنەدەکەوت.

ئەمەش مانای ئەوەیە کە یاسای ڕوودان و هۆکارێتی جێبەجێ دەبێتە سەر گەردوون لە ساتی دروستکردنیدا.

## ١٥ - بەڵام بۆچی یاسای «هۆکاری» بەسەر بەدیهێنەردا جێبەجێ نابێت؟ یاخود بە شێوازێکی تر: کێ بەدیهێنەری بەدیهێناوە؟

**یەکەم:** بەدیهێنەر یاساکانی بەدیهێنراوەکانی بەسەردا جێبەجێ نابێت ئەمەش زۆر ئاسایی و بەڵگە نەویستە.

ئەگینا ئەبوایە بمانگوتایە: «ئەی کێ چێشت لێنەرەکەی لێناوە؟»

ئەی کێ ڕۆنی ڕۆن گۆڕەکەی گۆڕیوە؟

بەدیهێنەر بە بەڵگە نەویستییەوە دروستکەری کات و شوێنە، بۆیە ئەو یاسایانەی ئەو دایڕشتووە بەسەر خۆیدا جێبەجێ نابێت. پاك و بێگەردی بۆ زاتی الله!

**دووەم:** هەموو شتێکی تازە بەدیهاتوو بەدیهێنەرێکی هەیە و ئەمەش ڕاستە، بەڵام خودی بەدیهێنەر ﴿ لَيۡسَ كَمِثۡلِهِۦ شَيۡءٞ ﴾ الشورى: ١١ واتە: ((هیچ شتێك هاوشێوەی ئەو نییە))، بەڵکوو ئەو بەدیهێنەرە.

ASTANA

**سێیەم:** پێویستە کەوا بەدیهێنەر بێ سەرەتا (أزلي) و پێویستە هەبوونی فەر بێت (واجب الوجود) ئەگینا کێشەی "زنجیرەیی بکەرەکانمان بۆ پەیدا دەبێت کە دەبێتە هۆی ڕوونەدانی کارەکە". ئەمەش کەمێك پێش ئێستا بەدرێژی ڕوونمان کردەوە.

## ١٦- بۆچی ناکرێت زیاتر لە یەك بەدیهێنەری بێ سەرەتا بوونی هەبێت؟

• خوای گەورە دەفەرموویێت: ﴿ لَوۡ كَانَ فِيهِمَآ ءَالِهَةٌ إِلَّا ٱللَّهُ لَفَسَدَتَاۚ ﴿٢٢﴾ ﴾ الأنبياء: ٢٢

واتە: ((ئەگەر لە هەردووکیاندا (لە ئاسمان و زەویدا) چەند خوایەکی تر هەبوایە غەیری (الله)، ئەوە کاول و وێران دەبوون و تێك دەچوون بەسەر یەکدا.))

## ١٧- بەڵام چ ڕێگرییەکی عەقڵی هەیە کە دوو خودا هەبێت و پێکەوە ڕێك بکەون -کە بڕیاری هەردووکیان دژیەکییەکی تیادا نەبێت-؟

• بابەتەکە باسی خراپ بوونی گەردوون نییە بەهۆی دەرکردنی دوو بڕیاری دژ بەیەك.

یاخود لەبەر ئەوەی لەوانەیە ڕێککەون و گەردوون تێك نەچێت.

بەڵکوو ئەو بابەتە عەقڵییەی کە ئایەتەکە پێشکەشی دەکات زۆر دووربینتر و گشتگیرترە لەوە!

بوونی خودایەك لەگەڵ اللَّه پێویستی بە بنیادنان هەیە - فرە جەوهەری یاخود فرە هۆکاری- و بنیادنانیش ئەبێتە هۆکاری کەم دەسەڵاتیی و دەستەوەستانی.

کەم دەسەڵاتیش بۆ بەدیهێنەر - پاك و بێگەردی بۆ ئەو- دەبێتە هۆکاری ناسەقامگیری گەردوون و لەوانەیە لە هەر ساتێکدا بێت لەناوبچێت.

ASTANA

چونکە هیچ گەرەنتییەك نییە بۆ مانەوەی گەردوونێك لەگەڵ خودایەکی کەم دەسەڵات!

هەروەها هیچ گەرەنتییەك نییە بۆ تێکنەچوونی زەوی و ئاسمانەکان لە هەر ساتێکدا لەگەڵ خودایەکی کەم دەسەڵات!

﴿ فَسُبۡحَٰنَ ٱللَّهِ رَبِّ ٱلۡعَرۡشِ عَمَّا يَصِفُونَ ﴿٢٢﴾ ﴾ الأنبياء: ٢٢ واتە: ((پاکی و بێگەردی بۆ خوا کە پەروەردگاری عەرشە، لەو باس و خواسانەدا (کە خوانەناسان) دەیڵێن هاوەڵ بۆ ئەو زاتە بڕیار دەدەن.))

پاك و بێگەردی بۆ ئەو زاتە لە بنیادنان و کەم دەسەڵاتی، چونکە هەر خۆی دەوڵەمەند و بێنیازە، پاك و بێگەردی بۆ ئەو.

تێبینییەك بۆ ئەوەی پێشتر زیاد بکە: کە ئەگەر دوو خودا یاخود زیاتر لە زەوی و ئاسمانەکاندا هەبوایە، ئەوا ئەگەری دژیەکی لە ڕاستیدا نزیکترە لە عەقڵەوە لەچاو ئەگەری ڕێککەوتن، چونکە فرە خودایی مانای فرە جەوهەری و فرە ویستی و فرە ئیرادەییە، ئەمەش بە واتای کەم دەسەڵاتی هەر دانەیەك لە خوداکان دێت، کەم دەسەڵاتیش لە ڕووی عەقڵەوە دژیەکی تیادایە!

## ١٨ - بۆچـــی ئـــایین؟

• سەرسەختترین بێباوەڕ باوەڕی بەوە هەیە کە ڕاستگۆیی لە درۆ باشترە، ئەی وانییە؟

سەرسەختترین بێباوەڕ باوەڕی بەوە هەیە کە دەستپاکی لە خیانەت کردن باشترە، ئەی وانییە؟

ئەم زاراوانە سەرچاوەیان لەم جیهانەوە نییە، هیچ شتێك نییە لە جیهانی ماددیدا مانا بەمانە ببەخشێت و پەسەندی بکات.

دەی کەواتە مانای ڕاستگۆیی چییە؟

ماناى درۆ چییه؟

ئایا گەر ناوەڕۆکی گەردیلەیەك شیكارى بكەین، ماناگەلێکی وەکوو ڕاستگۆیی، یان درۆمان دەست دەکەوێت؟

ئایا گەر شیکاری فیزیایی کاکێشانەکان، یان هۆرمۆنە کیمیاییەکان بکەین ماناگەلێکی وەکوو دەستپاکی یاخود خیانەتمان دەست دەکەوێت؟

ئەم زاراوانە لەم جیهانە ماددییەوە نین، بەڵام زاراوەگەلێکی ڕاستین، بەڵکوو بەڕەهایی گرنگترین شتانێکن لە بووندا، چونکە نرخی مرۆڤ بە ڕەوشتەکەیەتی، نەك بە قەبارە ماددییەکەی و ژمارەی گەردیلەکانی و ئاستی وزەی ناو خانەکانی.

نرخی مرۆڤ بەو بەرپرسیارێتییە خوداییەی ناو ناخییەتی، چونکە مرۆڤێکی باش هەیە و مرۆڤێکی خراپیش هەیە، بەڵام شاخێکی باش، یان شاخێکی خراپمان نییە. یاخود هەسارەیەکی دەستپاك، یان هەسارەیەکی خیانەتکار نادۆزینەوە. تەنیا مرۆڤ مانای بەها و مانای ئامانج و بوونە. تەنیا مرۆڤە لە (بوون) تێدەگات.

## ١٩ - چ ڕێگرییەك هەیە کە ئەم ڕەوشتە دەستکردی مێشك، یان کۆمەڵگە بێت؟

- مێشك کتومت لە خودی پێکهاتە ماددییەکان پێکهاتووە!

هەر چەندە مێشك ئاڵۆزتر بێت، یان پێکهاتە ماددییەکانی ئاڵۆزتر بێت، ئەوا کۆی گشتی ئەو سفرانە بێجگە لە سفر هیچ بەرهەمێکی تری نابێت، با هەر چەندە ژمارەی سفرەکان زیاد بکەن.

گەر مادده چاك و خراپ نەزانێت، ئەوا مێشکیش بە هەمان شێوەیە!

پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە: چۆن مانای چاك و خراپ گەیشتە مێشك؟

چ ڕێگریەکی مێشکی هەیە لە لەناوبردنی هەموو سەر زەوی؟

چ ڕێگریەکی مێشکی هەیە بۆ زیندانی کردنی ئەو ڕەچەڵەکە نزمانەی مرۆڤ لە ناو قەفەسدا؟

چ ڕێگریەکی مێشکی هەیە بۆ لەناوبردنی هەموو نەخۆش و کەم ئەندامەکان لە پرۆژەی «هەڵبژاردنی سروشتی»دا، هەر وەك چۆن نازییەکان لە پرۆژەی «ئاکشن تی فۆر» ئەنجامیان دا؟[١]

بۆ ئەم پرسیارانە، مێشکی ماددی هیچ وەڵامێکی پێ نییە لە بە ڕاست یاخود لە بە هەڵە دانانی.

چونکە مێشك بە تەواوەتی بێ لایەنە لە ڕووی ڕەوشتییەوە (ئەخلاقییەوە).

چونکە لە هەمان گەردیلەکانی زەوی پێکدێت.

بۆیە هیچ پەیوەندییەك نە لە دوور، نە لە نزیك لەنێوان مێشك و ڕەوشتدا نییە.

بەڵام بیرۆکەی ئەوەی کە کۆمەڵگە سەرچاوەی ڕەوشتە، بیرۆکەیەکی نامۆیە. چونکە ڕەوشت بابەتێکی کەسی و تایبەتە بە کەسەکان، لەبەر ئەوەی کە بایەخەکەی لای مرۆڤە وەك مرۆڤ، نەك لای کۆمەڵگە بێت وەك کۆمەڵگە.

گەر ئەم قسەیەش ڕاست بێت، وامان دانا کە ڕەوشت دەستکردی کۆمەڵگەیە، ئەوا نازییەکان لەسەر حەق بوون و پێکاویانە لە کۆمەڵکوژی ئەوانی تر، چونکە کۆمەڵگەکە وای دەبینی!

بۆیە ڕاست ئەوەیە کە ڕەوشت سەربەخۆیە لە کۆمەڵگە.

ڕاستی هەر ڕاستییە، لای کۆمەڵگەی باش و کۆمەڵگەی خراپ.

هەڵەش هەر هەڵەیە، لای کۆمەڵگەی باش و کۆمەڵگەی خراپ.

ڕەوشت مانای زۆر بەرزتری هەیە کە لە سەرووی مێشك و کۆمەڵگەیە.

---

(١) - https://en.wikipedia.org/wiki/Aktion-T4

## ٢٠ - پەیوەندی ئایین چییە بە بابەتی ڕەوشتەوە؟

تاکە شتێك کە مانای ڕەوشت پەسەند بکات ئایینە.

تاکە شتێك کە دەتوانێت ڕەنگدانەوە بە ڕەوشت بدات، ئایینە.

ڕەوشتیش لە چوارچێوەی بەرپرسیارێتی خودایی نەبێت، ناتوانیت لێی تێ بگەیت.

ئایین تاکە ترپەی بوونە.

هەر لە ڕێگەی ئایینەوەیە کە ئامانجی بوون دەزانین.

هەروەها ئەوە دەزانین کە ئێمە بۆ لێرەین؟

ئەی چی دوای مردن هەیە؟

مانای بوون و ژیان.

چیهان لەسەرە لەم ژیان و لەم بوونەدا؟

بەڵام بەبێ ئایین، جیهان گشتی دەبێتە شاری کوێران و بێئامانجییەکی تەواوەتی.

پێشەوا ئیبنو قەییم - بەڕەحمەت بێت- دەفەرمووێت: «هیچ ڕێگایەك نییە بۆ سەرفرازی و دڵخۆشی لە دونیا و لە دوارۆژدا تەنیا بە دەستی پێغەمبەران نەبێت. هەروەها هیچ ڕێگایەك نییە بۆ زانینی چاك و خراپ بە وردەکارییەکانیانەوە تەنیا لە ڕێگای ئەوانەوە نەبێت، هەروەها ڕازی بوونی خودایی بەتەواوەتی بەدەست نایەت تەنیا لە ژێر دەستی ئەوانەوە نەبێت، چونکە کردەوە و گوتە و ڕەوشتی جوان و پاك بە تەنها ڕێنموونیی ئەوان و ئەو بەرنامەیەیە کە هێناویانە.»[1]

---

(١)ـ زاد المعاد ١ - ٦٨

دونیا تاریکستان و نەفرەت لێکراوە، بێجگە لەوەی کە خۆری پەیامی خودای پێ گەیشتووە، هەروەك شێخی ئیسلام ئیبن تەیمییە فەرموویەتی.[١]

جا بۆیە بەبێ پەیامی خودایی، ئامانجی ژیان نازانرێت و هەروەها مانا و نرخی چاکەش نازانرێت.

بەبێ پەیامەکان جیهان دەگۆڕێت بۆ ڕابواردن و یارییەکی ترسناك.

چونکە تۆ بەبێ پەیامی پێغەمبەران تەنها خۆڵ و خاشاکێکی ئەستێرەیت، هەروەك چۆن «کارل ساگان» دەڵێت. هەروەها «مێروویەکیت»؛ وەك چۆن «سارتەر» دەڵێت.[٢]

چونکە پەیامی پێغەمبەرایەتی ترپەی هەموو بوونەوەرە، بەبێ پێغەمبەرایەتی جوانترین داهێنان و خۆشترین ئارەزووەکان دەگۆڕێت بۆ فلیمێکی تۆقێنەر و ترسناك!

بەبێ ئایین جیهان دەگۆڕێت بۆ تۆزی با بردوو.

خۆ گەر پرسیار لە هەر بێباوەڕێك بکەیت دەربارەی هەر پرسیارێکی بوونگەرایی (وجودی) بۆ نموونە: ئێمە بۆ لێرەین لەم جیهانەدا؟ یان لە دوای مردن چی ڕوودەدات؟

یان ئەوەتا پرسیارەکەت بە قسەی بەتاڵ دادەنێت و بە پێچ و پەنا وەڵامت دەداتەوە، یاخود بێ دەنگ دەبێت.

---

(١) ـ مجموع الفتاوی ١٩ - ٩٣،٩٤

(2) ـ Video Source: The Shores of the Cosmic Ocean [Episode 1]
Some part of our being knows this is where we came from. We long to return.
And we can. Because the cosmos is also within us. We're made of star-stuff. We
are a way for the cosmos to know itself. 06 min 01 sec

هەر بۆیە ئایین پێویستییەكی سروشتییە بۆ سەیركردنی بەها ڕەوشتییەكان، هەروەها بۆ وەڵامی مانای بوون و وەڵامی پرسیاری: كێ ئەم بوونەوەرەی بەدیهێناوە و كێ مرۆڤی بەدیهێناوە و ئامانجی بوون و حیكمەتی كردەوەكانی بوونەوەران چین؟

## ٢١ - گەردوون زۆر گەورەیە و هەسارەی زەویش زۆر بچووكە لە چاو گەردوون، بۆچی خودا گرنگی بەم هەسارە بچووكە دەدات لەم گەردوونە فراوانە؟

• كاتێك دەڵێین پاشا چەند وەسییەتێكی بۆ كوڕەكەی كرد و ئامۆژگاریی كرد و پەڕتووكێكی بۆ نووسی. ئایا دەكرێت ڕەخنەگرێك بێت و بڵێت: چۆن دەكرێت بۆ پاشایەك كە خاوەنی ملیاران دۆنم و بێ شوومار زەوی فراوانە، گرنگی بە كوڕەكەی بدات كە قەبارە و بارستایی ناگاتە یەك لەسەر ملیار ملیاری ئەوەی كە پاشاكە خاوەنییەتی - ولله المثل الأعلى- لە زەوی و زار.

ئایا ئەمە ڕەخنەی كەسێكی ژیر و عاقڵە یاخود ئایا شایەنی گرنگییە؟

چونكە بە كاریگەر دانانی زەبەلاحی قەبارەی شتێك، مەسەلەیەكی زۆر بێ مانایە.

هەروەها ئێمەی مرۆڤیش ئەوەی گرنگ لامان قەبارەی جەستەی مرۆڤ - كێشی مرۆڤ - نییە، بەڵكوو گرنگ لامان قەبارەی مەعنەوی شتانێكی بێ قەبارەیە، وەكوو ڕەوشت و ڕاستگۆیی و دەستپاكی.

جیاوازی نێوان مەزنترین مرۆڤەكان كە شارستانییەتەكانیان دامەزراندووە و نێوان نزمترینیان جیاوازییەكی مەعنەوییە نەك ماددی -وەك سەركردایەتی كردنێكی باش و هەڵسوكەوتێكی چاك و جوانی ڕەوشت-، خۆ ئەگەر قەبارە هیچ گرنگییەكی هەبووایە لای خودای گەورە، ئەوا زەوی و ئاسمانەكان لە پێشتر بوون بۆ هەڵگرتنی ئەمانەتەكە!

ASTANA

دوای ئەوە نەهەنگەکان زۆر گەورەترن لە میکرۆبەکان بە ملیاران جار، ئایا ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە نەهەنگەکان لە میکرۆبەکان گرنگترن؟ پاشان واتای «گرنگتر» چییە لێرەدا؟

ئایا خودا گرنگی بە زیندەوەرە گەورەکان دەدات لەبەر گەورەیی قەبارەکەیان و گرنگی بە زیندەوەرە بچووکەکان نادات؟

یا ئەوەتا ڕزق و ڕۆزی و سیستەمی باشترینی بۆ هەموویان هەڵبژاردووە؟

دوای ئەوە قەبارە خۆی لە خۆیدا ڕێژەییە، هەروەك فیزیا فێری کردووین. فیزیا ئەوەمان پێ دەڵێت کە زەوی و ئاسمانەکان سەرچاوەکانیان خاڵێکی بچووکتر بووە لە سەری دەرزیەك -بچووکتر لە گەردیلە بە ملیار ملیاران جار-.

کەواتە بابەتەکە بە قەبارە نییە، بڕیاردانیش لەسەر شتەکان بەگوێرەی قەبارە و بارستایی و قورساییان نابێت،

بەڵکوو بابەتەکە لە تێگەیشتنی ئەم شتانەدا خۆی دەبینێتەوە.

ئایا ئێستا هیچ شتێك هەیە کە لە بەدیهێنان و بەرپرسیارێتی و دانایی و دروستکردن و مانا و ئامانج تێ بگات بێجگە لە مرۆڤ؟

## ٢٢- زیاتر لە یەك خودا هەیە لە شارستانییەتەکانی سەرزەوی، بۆچی ئێوە باسی (الله) دەکەن بە تایبەتی؟

• هیچ پەرستراوێك نییە لە هەموو ئایینەکانی سەر زەوی بێجگە لە (الله).

جیاوازی ئێمە لەگەڵ ئایینەکانی تر ئەوەیە ئەوان چەند خودایەکی بچووك دەپەرستن لەگەڵ (الله)، وەکوو یسوع (عیسا) و ڕۆحی پیرۆز لە مەسیحییەتدا، فشنۆ و شیفا و براهما لە هیندۆسییەتدا و... هتد.

هەموو ئایینەکان باوەڕ بە خوای تاك و تەنیا دەهێنن، هەر ئەویش بە بەدیهێنەری بوونەوەران دادەنێن.

تەنها ئەوەیە ئەوان لەگەڵ (الله)دا چەند خودایەکی تریش دەپەرستن.

﴿ وَلَئِن سَأَلْتَهُم مَّنْ خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ وَسَخَّرَ الشَّمْسَ وَالْقَمَرَ لَيَقُولُنَّ اللَّهُ فَأَنَّىٰ يُؤْفَكُونَ ﴿٦١﴾ ﴾ العنكبوت: ٦١واتە: ((سوێند بە خوا ئەگەر پرسیار لە بێباوەڕان بکەیت: کێ ئاسمانەکان و زەوی دروست کردووە، ڕۆژ و مانگی ڕام کردووە، بەدڵنیایی و بێ دوودڵی دەڵێن: (الله) دروستی کردوون، جا چۆن لادەدرێن لە یەکتاپەرستی و فریو دەخۆن؟!))

تەنانەت هاوبەش دانەرەکانیش بتەکانیان نەکردبوو بە خوا، بەڵکوو باوەڕیان وابوو بەدیهێنەری ئەوان هەر (الله)یە، بەڵام ئەوانیان دەکردە نێوەند لەنێوان خۆیان و (الله)دا.

«شەهرستانی»، لە بارەی بتە کۆنەکانی عەرەب دەڵێت: «بتەکانی عەرەب لەبەر خودی خۆیان نەدەپەرستران، جگە لە پارچە بەردێك زیاتر نەبوون لەلایان.»

هەروەها «وۆل دیورانت»، بڕیار دەدات کە سەرچاوەی بتپەرستی هیندۆسەکان لە کۆتاییدا دەگەڕێتەوە سەر باوەڕهێنان بە (الله)ی تاك و تەنیا.

دەڵێت: «ئەم هەزاران خودایە، هەمان ئەوەیە کە کەنیسەی مەسیحییەکان دەیکەن، لە بە پیرۆز ڕاگرتنی هەزاران قەشەدا. ئەگینا هەرگیز بە خەیاڵی هیچ هیندۆسییەکدا نایەت کە ئەم ژمارە بێ کۆتاییەی خوداکانیان بەرزترین سەروەرییە کە هەیان بێت.»[١]

شێخی ئیسلام «ئیبن تەیمییە» دەڵێت: «هەر کەس باوەڕی وابێت کە بتپەرستان باوەڕیان وابووە کە ئەو بتانە جیهان دروست دەکەن، یان باران دادەبارێنن، یان ڕووەك سەوز دەکەن، یاخود زیندەوەران بەدی دەهێنن، یان هەر شتێکی تر، ئەوا نەزانە بە حاڵی ئەوان، بەڵکوو مەبەستی بتپەرستان

(١) ـ قصة الحضارة، وۆل دیورانت، بەرگی ٣ لاپەڕە ٢٠٩

ASTANA

بۆ بتەکانیان هەمان مەبەستی هاوبەش دانەرەکانی بۆ گۆڕەکانیان کە بە گەورەیان زانیون.»[١]

چونکە (الله) تاکە لە هەموو ئایینەکانی سەر زەوی:

﴿ ۞ وَلَا تُجَـٰدِلُوٓاْ أَهۡلَ ٱلۡكِتَـٰبِ إِلَّا بِٱلَّتِي هِيَ أَحۡسَنُ إِلَّا ٱلَّذِينَ ظَلَمُواْ مِنۡهُمۡۖ وَقُولُوٓاْ ءَامَنَّا بِٱلَّذِيٓ أُنزِلَ إِلَيۡنَا وَأُنزِلَ إِلَيۡكُمۡ وَإِلَـٰهُنَا وَإِلَـٰهُكُمۡ وَٰحِدٞ وَنَحۡنُ لَهُۥ مُسۡلِمُونَ ٤٦ ﴾ العنكبوت: ٤٦ واتە: ((گفتوگۆ و (مجادلـة) مەکەن لەگەڵ خاوەنی پەڕتووکە ئاسمانییەکاندا مەگەر بەجوانترین شێوە نەبێت، جگە لەوانەیان کە ستەمیان کردووە (ئەوە ڕەفتارتان لەبەرامبەریانەوە دەبێت جیاواز بێت) پێشیان بڵێن: ئێمە باوەڕمان هێناوە بەوەی بۆ ئێمە و ئێوە دابەزێنراوە، خوای ئێمە و خوای ئێوە تەنیا یەکێکە، ئێمە فەرمانبەرداری ئەو زاتەین.))

ئەو بت و خودا مرۆڤییانە تەنها نێوەندێکی کوفرین و هیچی تر کە هیچ دەسەڵاتێکیان بۆ نەهاتووە لەلایەن (الله)وە.

## ٢٣ - چەندەها ئایین هەیە بۆچی ئیسلام؟

• ئیسلام ئایینێك نییە لەنێوان ئایینەکان.

ئیسلام لەبیروباوەڕەکەیدا هاوڕایە، لەگەڵ بیروباوەڕی هەموو پێغەمبەرانی پەیمانی کۆن.

ئیسلام بریتییە لە چاککردن و ڕاستکردنەوەی ڕێگا چەوتەکانی ئایینەکانی تر، گەڕانەوە بۆ ڕێبازی پێغەمبەرانی پەیمانی کۆن هەر لە ئادەمەوە تاکووو نوح، ساڵح، ئەیوب، هود، موسا، داوود، یونس، هارون و عیسا؛ چونکە بیروباوەڕی هەموو ئەمانە بریتییە لە بیروباوەڕی پەروەردگار، خودامان خودایەکی تاك و تەنیایە بەگوێرەی گوتەی تەورات و ئینجیل.»[٢]

---

(١) ـ مجموع الفتاوى ١- ٣٥٩

(٢) ـ سفر التثنية ٦ - ٤ و إنجيل مرقس ١٢ - ٣٢

ئەم بیروباوەڕەی کە سێکوچکەیی و ئەقنوم و خۆکوشتنی خودایەك و لێ سەندنەوەی خوایەتیی خودایەك لە خودایەکی تر -لێ سەندنەوەی ڕۆحی پیرۆز لە باوك- و خودایەکی نەتەوەیی ناگرێتە خۆ.

خودای گەورە دەفەرموێت:

﴿ ۞ شَرَعَ لَكُم مِّنَ ٱلدِّينِ مَا وَصَّىٰ بِهِۦ نُوحًا وَٱلَّذِيٓ أَوۡحَيۡنَآ إِلَيۡكَ وَمَا وَصَّيۡنَا بِهِۦٓ إِبۡرَٰهِيمَ وَمُوسَىٰ وَعِيسَىٰٓۖ أَنۡ أَقِيمُواْ ٱلدِّينَ وَلَا تَتَفَرَّقُواْ فِيهِۚ كَبُرَ عَلَى ٱلۡمُشۡرِكِينَ مَا تَدۡعُوهُمۡ إِلَيۡهِۚ ٱللَّهُ يَجۡتَبِيٓ إِلَيۡهِ مَن يَشَآءُ وَيَهۡدِيٓ إِلَيۡهِ مَن يُنِيبُ ١٣ ﴾ الشورى: ١٣واتە: ((ڕێبازی ئایین و بەرنامەی ژیانی بۆ داناون، ئەوەی کە فەرمانی پێ کردووە بە - نوح-، هەر بەوشێوەیە قورئانیشی بۆ تۆ ئەی موحەممەد ﷺ وەحی و نیگا کردووە و بە ئیبراهیم و موساو عیساشمان ڕاگەیاندووەکە ڕێبازی ئایین و یەکخواناسی بەرنەدەن و لەسەری پایادار بن، ئەم بانگەوازە ڕاست و دروستە زۆر بەلای بت پەرست و خوانەناسانەوە گران و زەحمەتە، بەڵام خوای دانا خۆی کەسانی شایستە هەڵدەبژێرێت بۆ گەیاندنی ئایینەکەی ڕێنموویی خەڵکانێك دەکات کە بگەڕێنەوە بۆ لای بەرنامەکەی بەپەرستن و کاروکردەوەی چاك ئەنجام بدەن.))

هەروەها دەفەرموێت:

﴿ ۞ إِنَّآ أَوۡحَيۡنَآ إِلَيۡكَ كَمَآ أَوۡحَيۡنَآ إِلَىٰ نُوحٖ وَٱلنَّبِيِّـۧنَ مِنۢ بَعۡدِهِۦۚ وَأَوۡحَيۡنَآ إِلَىٰٓ إِبۡرَٰهِيمَ وَإِسۡمَٰعِيلَ وَإِسۡحَٰقَ وَيَعۡقُوبَ وَٱلۡأَسۡبَاطِ وَعِيسَىٰ وَأَيُّوبَ وَيُونُسَ وَهَٰرُونَ وَسُلَيۡمَٰنَۚ وَءَاتَيۡنَا دَاوُۥدَ زَبُورٗا ١٦٣ ﴾ النساء: ١٦٣واتە: ((بەڕاستی ئێمە (وحی) و نیگامان بۆ تۆ ناردووە هەر وەکو چۆن (وحی) و نیگامان بۆ نوح و پێغەمبەرانی دوای ئەو ناردووە، هەروەها (وحی) و نیگامان ناردووە بۆ ئیبراهیم، ئیسماعیل، ئیسحاق، یەعقوب، (هەندێك) لە کوڕانی یەعقوب، عیسا، ئەیوب، یونس، هاروون و سولەیمان، زەبوریشمان بە داود بەخشیووە. (پەڕتووکێك بووە زۆربەی تەسبیحات و ستایشی پەروەردگار بووە.)))

ASTANA

جا بۆیە ئیسلام ئایینێك نییە وەك ئایینەکانی تر، بەڵکوو بنچینەی ئایینەکانە و ڕاستکەرەوەی ئەو کێشەیەیە کە تووشی ئایینەکان بووە. بەتایبەتی جوولەکایەتی و گاورایەتی بە پەیمانە کۆن و نوێیەکەیانەوە.

## ٢٤ - چۆن بە شێوەیەکی زانستیانە بوونی پەنهانی (غەیب) دەسەلمێنین بۆ نموونە "جیبریل»؟

• باوەڕهێنان بە جبریل - سەلامی خوای لەسەر بێت- یاخود هەر بابەتێکی تر کە پەیوەندی بە پەنهانییەوە هەبێت ئەوا لە دەرەوەی سنووری کات و شوێنە، بۆیە یاسا مادديیەکانی بەسەردا جێبەجێ نابێت.

باوەڕهێنان پێی پێوەستی بەڕاست دانانی پەیامی خوداییە بە بەڵگە یەکلاکەرەوەکانی!

خۆ ئەگەر ڕاست و دروستی پەیامەکە جێگیر بوو، ئەوا هەموو پەنهانێك کە ئاماژەی پێدابێت بەهەمان شێوە جێگیر دەبێت.

خۆ ئەگەر کەسێك هەموو بەڵگە و ئایەتەکان شاهێدی ڕاست و دروستی بدەن لەوەی لەبارەی خوداوە دەیگەیەنێت، ئەوا ڕاستگۆیە لە هەر شتێك کە لەلایەن ئەوەوە بۆمانی دەگێڕێتەوە.[1]

چونکە ئێمە باوەڕ بە شتە غەیبییەکان دەکەین بەهۆی باوەڕ هێنانمان بە پەیامە ئایینییەکە، نەوەك باوەڕهێنانێکی سەربەخۆیی هەبێت.

---

(١)ـ الجواب الصحيح، شێخ و ئیسلام ئیبن تەیمییە، بەرگی٢- لا ٣٤

## ٢٥- ئەگەر ئیسلام ئایینی حەق و ڕاستی بێت ئەی بۆچی گومان هەیە لەبارەیەوە؟

• خوای گەورە دەفەرموویت: ﴿ هُوَ ٱلَّذِىٓ أَنزَلَ عَلَيْكَ ٱلْكِتَٰبَ مِنْهُ ءَايَٰتٌ مُّحْكَمَٰتٌ هُنَّ أُمُّ ٱلْكِتَٰبِ وَأُخَرُ مُتَشَٰبِهَٰتٌ ۖ فَأَمَّا ٱلَّذِينَ فِى قُلُوبِهِمْ زَيْغٌ فَيَتَّبِعُونَ مَا تَشَٰبَهَ مِنْهُ ٱبْتِغَآءَ ٱلْفِتْنَةِ وَٱبْتِغَآءَ تَأْوِيلِهِۦ ۗ وَمَا يَعْلَمُ تَأْوِيلَهُۥٓ إِلَّا ٱللَّهُ ۗ وَٱلرَّٰسِخُونَ فِى ٱلْعِلْمِ يَقُولُونَ ءَامَنَّا بِهِۦ كُلٌّ مِّنْ عِندِ رَبِّنَا ۗ وَمَا يَذَّكَّرُ إِلَّآ أُو۟لُوا۟ ٱلْأَلْبَٰبِ ﴿٧﴾ ﴾ آل عمران: ٧

واتە: ((ئەو خوایە زاتێکە کە قورئانی بۆ سەر تۆ (ئەی موحەممەد ﷺ) ناردە خوارەوە، بەشێك لە ئایەتەکانی دامەزراو و پایەدارو ڕوون و ئاشکران، ئەوانە بنچینە و بناغەی قورئانەکەن و هەندێکی تریشی واتای جۆراوجۆر هەڵدەگرن و بەئاسانی نازانرێن. جا ئەوانەی کە لە دڵیاندا لاری و لادان هەیە، حەز لە حەق و ڕاستی ناکەن، ئەوانە شوێنی ئەو ئایەتانە دەکەون کە مانای جۆراوجۆر و فراوانیان هەیە، بۆ ئەوەی فیتنە و ئاشوب و ناکۆکی و دووبەرەکی دروست بکەن، یان بۆ ئەوەی لێکدانەوەی هەڵەی بۆ هەڵبەستن، لە حاڵێکدا کە لێکدانەوەی ئەو جۆرە ئایەتانە هەر خوا خۆی بە تەواوی دەیزانێت، جا ئەو کەسانەی کە لە زانستدا ڕۆچوون دەڵێن: ئێمە باوەڕی دامەزراومان بە هەر هەموو (ئەو ئایەتانە) هەیە کە لەلایەن پەروەردگارمانەوەیە و فەرمایشی ئەوە، (لەڕاستیدا) بێجگە لە خاوەن بیر و ژیرەکان یاداوەری وەرناگرن و بیرناکەنەوە -لەم قورئانە-.))

بۆیە زۆرئاساییە کە شتی دامەزراو هەبێت و شتی لێکچوو هەبێت.

تاکوو ئەوەی دوای گومڕایی کەوتووە، شتێك بدۆزێتەوە کە بیکاتە بەهانەی گومڕایی بوونەکەی، ئەوەشی کە دوای حەق کەوتووە بکەوێتە دوای حەقەکە!

حەق ڕوونە، بەڵام پێویستە کە لێکچوو (متشابە) هەبێت، چونکە لێکچوو بەردەوامی دەبەخشێت بە تاقیکردنەوەکە تاکوو بیر بکەیتەوە و ڕابمێنیت و باوەڕ و بێباوەڕی هەبێت.

بەڵام بنچینەکانی باوەڕ یەکلاکەرەوە و دڵنیاییە، لەولاشەوە لێکچوو لە بابەتی تێگەیشتنی دەقێك، یاخود بەڵگەی شوێنەوارێك، یاخود حیکمەتی بڕیار و یاسایەکی شەرعی دێتە پێشەوە!

جا بۆیە سوونەتی (ڕێبازی) خودا لە بەدیهێنراوەکانیدا بەرپرسیارێتییە، سوننەتیشی لە بەرپرسیارێتیدا شاردنەوەی حیکمەت و داناییەکەیەتی، سوونەتیشی لە حیکمەت و داناییەکەیدا ورد و درشتییەکەیتی. براوە ئەو کەسەیە کە ئەوەی دەیزانێت دەیکاتە بەڵگە لەسەر ئەوەی کە شاراوە و وردە، دۆڕاویش ئەو کەسەیە کە ئەوەی نایزانێت دەیکاتە پەردەیەك لەنێوان خۆی و بەڵگە هێنانەوە بۆ ئەوەی کە دەیزانێت.

## ٢٦ - چ شتێك هەیە ئێوە ڕەخنەی پێ بگرن لە بێباوەڕیدا؟

• بێباوەڕی پێویستی بە باوەڕهێنانێکە زۆر زیاتر لە باوەڕی ئایینی، بەڵام باوەڕهێنانێك کە بەندە لەسەر درۆ و خەیاڵی بێ مانا.

جا ئەو کەسەی دەبێتە بێباوەڕ پێویستە خەیاڵی ئەوە بکات:

١- هیچ شتێك زیادکرا بۆ هیچ شتێك، سەرئەنجام شتێکی زۆر مەزن و ناوازەی لێ پەیدابوو کە لە ئەوپەڕی وردیدایە.

٢- ڕێکەوت (صدفة)! ئەو، سنوورە زۆر تەسك و نەگۆڕە فیزیاییەکانی هێنایە بوون کە گەردوونی دروستکرد، لە کاتێکدا مەرجی ڕێکەوت کات و شوێنە، لەولاشەوە گەردوون لە ناشوێن و ناکات (اللازمان و اللامکان) ەوە بەدیهاتووە

٣- هەڕەمەکی لەخۆوە (العشوائية) ژیانی بەدیهێنا. لە کاتێکدا مێشکی مرۆڤ بەو مەزنییەی خۆیەوە لە ئێستادا ناتوانێت سادەترین وێنەی ژیان بەدیبهێنێت.

٤ -هەموو بەها باڵاکان و ڕەوشتە بنەماییەکان کە دان بە ڕاست و دروستییان دەنێین و کە زۆربەی بەتەواوەتی دژی ماددە دەڕوات، -چونکە ڕەوشتی باڵا، بارگرانییەکی ماددییە و زەرەرمەندییەکە لە بەرژەوەندییدا- ئەوا لە بەخششەکانی ماددە و دروستکراوەکانییەتی (مەبەست لێرە ڕەخنەگرتنە لە بێباوەڕی کە ئەم باوەڕە پووچەی هەیە).

پێویستە باوەڕ بەم مەحاڵە عەقڵیانە بکەیت، تاکوو ببیتە بێباوەڕ.

بێباوەڕیش بنەماکەی لەسەر باوەڕە، بەڵام باوەڕێکی سەرچاوە نەگرتوو لە زانست و لە نەقڵ و گێردڕاوەکان.

## ٢٧ - کاتێك کە خودا دەزانێت کەسانێك دەبنە بێباوەڕ، بۆچی دروستیی کردوون؟

• سەیری قسەی خوای گەورە بکە: ﴿ أَفَنَضۡرِبُ عَنكُمُ ٱلذِّكۡرَ صَفۡحًا أَن كُنتُمۡ قَوۡمٗا مُّسۡرِفِينَ ۝٥ ﴾ الزخرف: ٥. واتە: ((باشە، ئایا دەکرێت ئێمە وازتان لێ بهێنین و هۆشیارتان نەکەینەوە بەم قورئانە لەبەر ئەوەی ئێوە هۆزێکی زیادەڕەو لارو وێرن - نەخێر شتی وا لە ئێمە ناوەشێتەوە-.))

ئایا مادام لەبەر ئەوەی لە زانستی خودادا ئێوە کوفر دەکەن، ئەوا نابێ خودا دروستتان بکات؟

ئەم بۆچوونە پڕوپووچە چییە؟

ئەو کەسەی کە شایەنی لێپێچینەوە و سزادان بێت، ئەوا دادپەروەرییە کە دروست بکرێت و بڕوا بۆ ئەو شوێنەی شایەنیەتی!

ئایا ئەگەر بێباوەڕ شایەنی کوفر بێت لە زانستی خوادا، ئەوا چ ڕێگریەك هەیە کە دروست بکرێت و لێپێچینەوەی لەگەڵ بکرێت؟

ئایا لەبەر ئەوەی کە کوفر دەکات، ئەوا پێویستە پشووی پێ بدات و دروستی نەکات؟

ئایا ئەمە حوکم کردن و بڕیاردانێکی پڕوپووچ نییە؟

ئەگەر بێباوەڕ شایەنی چوونە نێو ئاگرە بۆ هەتاهەتایە، ئەوا دادپەروەرییە کە بڕوات بۆ ئەوەی شایەنیەتی.

پاشان پێوەری ئێمە بۆ دادپەروەری پێوەرێکی ڕەها نییە، بەڵکوو پێوەرێکێ سنووردارە بە سنووری سروشتە مرۆییەکەمان. دادپەروەری ڕەهاش هەر خوا خۆیەتی و پێشانی فەرمووە کە ستەم لە بەندەکانی ناکات:

﴿ وَمَآ أَنَا۠ بِظَلَّٰمٍ لِّلۡعَبِيدِ ٢٩ ﴾ ق: ٢٩واتە: ((من هیچ کات ستەمکاریش نیم لە بەندەکانم.))

ئا ئەمە دەبێتە سەرچاوە بۆ ئەو شتەی کە ئێمە ناتوانین لێی تێبگەین، هەر ئەمەش لە ڕووی عەقلییەوە سەلامەترە، چونکە سەرچاوەی بێباوەڕی، بەدرۆخستەوەی ئەو شتانەیە کە لێی تێناگەین.

﴿ بَلۡ كَذَّبُواْ بِمَا لَمۡ يُحِيطُواْ بِعِلۡمِهِۦ وَلَمَّا يَأۡتِهِمۡ تَأۡوِيلُهُۥۚ ﴾ یونس: ٣٩.

واتە: ((بەڵکو سەرەڕای ئەو هەموو بەڵگانە ئەوانە بڕوایان بەو قورئانە نەکردووە کە هیچ شتێکیان نەزانیووە دەربارەی، هێشتا بۆیان نەهاتووە سەرئەنجامی ئەو بەڵێنانەی کە بەڵێنی پێداون.))

## ٢٨ - ئایا زانینی خودا بەوەی کە فڵانە کەس دەبێتە بێباوەڕ، ڕاکێشانی نییە بەزۆر بەرەو بێباوەڕی؟

• زانستی خودا بەوەی چی ڕوودەدات بە ناچار پێ کردنی کارەکە نییە.

وای دابنێ مامۆستایەك ڕۆشتۆتە یەکێك لە پۆلەکان و پێش کۆتای ساڵ گوتوویەتی: «هەیسم سەرکەوتوو دەبێت و فڵانە کەس دەکەوێت

لە تاقیکردنەوەکە»، بەگوێرەی ئەو ئەزموون و زانیاریانەی کە هەیەتی دەربارەی قوتابییەکانی، ئەم پێشبینییانەی لەناو پەرتووکێکی لای خۆی نووسی، دەرەنجامەکەش هەمان ئەوە بوو کە پێشبینی کردبوو و نوسیبووی.

ئایا دەتوانین بڵێین کە زانینی پێشوەختەی ئەنجامی قوتابییەکان لەلایەن مامۆستاکەوە وای لە قوتابییەکان کرد کە ئەو ئەنجامانە بەدەست بێنن؟

ئایا ئەتوانین بڵێین نووسینی ئەم پێشبینیانەی بەزۆرکردنی ئەو ئەنجامانە بوو؟

پاکترین و بەرزترین نموونە بۆ خوای گەورە (ولله المثل الأعلى)

خوادی گەورە دەفەرموێت کە زانایە لە هەمان کاتیشدا ئەیسەلمێنێت کە ویست و ئیرادەی ئازادی پێ بەخشیوین ﴿لِمَن شَآءَ مِنكُمۡ أَن يَسۡتَقِيمَ ٢٨﴾ التکویر: ٢٨. واتە: ((بۆ ئەوانەتان کە دەیانەوێت ڕێبازی ڕاست و دروست بگرنەبەر.))

هەروەها خودا گەورە دەفەرمووێت: ﴿وَهَدَيۡنَٰهُ ٱلنَّجۡدَيۡنِ ١٠﴾ البلد: ١٠. واتە: ((ئایا بە منداڵی ڕێنموویمان نەکردووە بۆ ئەوەی شیر لە مەمکەکانی دایکی بخوات؟، لە گەورەیشدا بۆ ئەوەی سەرپشك بێت لە شوێنکەوتنی ڕێبازی ڕاست، یان چەوت؟!))

جا بۆیە زانینی خودا بەوەی ڕوودەدات ڕامان ناکێشێت بەرەوە کردەوەکان. خودا ویستی هەبووە کە ئیرادە و ویستی خۆمان هەبێت و ویستویەتی کە خۆمان هەڵبژێرین ﴿إِنَّا هَدَيۡنَٰهُ ٱلسَّبِيلَ إِمَّا شَاكِرٗا وَإِمَّا كَفُورًا ٣﴾ الإنسان: ٣. واتە: ((بەڕاستی ئێمە ڕێنموویمان کرد بۆ ڕێگەی ڕاست، بە ئازادی دەتوانێت ببێتە کەسایەتییەکی ئیماندار و سوپاسگوزار، یان بێباوەڕو خوانەناس.))

خودا هەر خۆی دەفەرمووێت کە هەموو شتێك دەزانێت و لە هەمان کاتیشدا فەرموویەتی:

﴿ فَأَمَّا مَنْ أَعْطَىٰ وَاتَّقَىٰ ﴿٥﴾ وَصَدَّقَ بِالْحُسْنَىٰ ﴿٦﴾ فَسَنُيَسِّرُهُ لِلْيُسْرَىٰ ﴿٧﴾ وَأَمَّا مَنْ بَخِلَ وَاسْتَغْنَىٰ ﴿٨﴾ وَكَذَّبَ بِالْحُسْنَىٰ ﴿٩﴾ فَسَنُيَسِّرُهُ لِلْعُسْرَىٰ ﴿١٠﴾ ﴾ الليل: ٥ - ١٠. واتە: ((جا ئەوەی (ماڵ و سامان و زانستی و... هتد) دەبەخشێت و پارێزگار و لەخواترسە، بڕوای پتەوی بە پاداشتی چاك و بەنرخی خوایی هەیە، ئەوە ڕێگەی چاکە و چاکەکاری بۆ ئاسان دەکەین و سەرئەنجام دەیخەینە خێر و خۆشیەوە. بەڵام ئەوەی ڕەزیل و دەست نوقاو بێت و خۆی بێنیاز بزانێت (ڕەزامەندی خوایی مەبەست نەبێت). بڕوای نەبێت بە پاداشت و بەهرەی چاکی خوایی و بە درۆی بزانێت...ئەوە ئێمە ڕێبازی تەنگانە و ناخۆشی بۆ ئاسان دەکەین و سەرئەنجام بە دۆزەخی دەگەیەنین.))

هەروەها دەفەرموویێت: ﴿ وَهَدَيْنَاهُ النَّجْدَيْنِ ﴿١٠﴾ ﴾ البلد: ١٠

واتە: (وە هیدایەتمان داوەو ڕێنماییمان کردووە بۆ هەردوو ڕێگاکە: ڕێگای خێرو شەڕو باش و خراپمان پێ ناساندووەو بۆمان ڕوون کردۆتەوە)

بەڵام ئەوەی کە بێباوەڕ دەیکات و دەیەوێت زانستی خودا بکاتە ڕێگر لە ویستی مرۆڤ، ئەوا ئەو یەکێك لە کارەکانی خودا لەکاردەخات (تعطیل) لەسەر حسابی کارێکی تردا، ئەمەش حاڵی هەموو بێباوەڕێکە تاوەکوو بەهانە بێنێتەوە بۆ بێباوەڕییەکەی خۆی و بیشەرعێنێت، بەڵام کەسی موسڵمان تەسلیمی هەموو کردەوەکانی خودا دەبێت و دان بە گشتیان دا دەنێت.

## ٢٩ -بۆچی خودا خراپەی دروستکردووە؟ کەسی موسڵمان چۆن وەڵامی "پرسی خراپە" دەداتەوە؟

• کێشەی پرسی خراپە کێشەیەکی مەسیحییە هیچ پەیوەندییەکی نییە بە ئیسلامەوە، بۆیە هەڵەیە کە کلتووری کەنیسە ڕۆژئاواییەکان بگوازرێنەوە بۆ کلتورە ئیسلامییەکەمان.

لە توراسی مەسیحی شێوێندراودا یەسوع (عیسا) هاتووە بۆ سڕینەوەی ئەو تاوانە سەرەکییەی کە ئادەم ئەنجامی دا کە هۆکاری هەموو خراپەیەك بوو لە جیهاندا، یەسوعیش هەستا بە سڕینەوەی ئەم تاوانە لە ڕێگەی خۆ کردنە قوربانی و هەڵواسینی لەسەر خاچدا، جا دەبووایە خراپە لەسەر زەوی کۆتای بهاتایە، چونکە یەسوعی خۆشەویستی خودا لە پێناو ئێمە خۆی کردە قوربانی، ئەبووایە شوێنەواری ئەو تاوانە سەرەکییەی کە سەرچاوەی هەموو خراپەیەك بوو لە جیهاندا نەمایە.

بەڵام خراپە و بەڵا و موسیبەتەکان هێشتا ماون، بەهەمان ئەو شێوەیەی پێش لەخاچ دانی یەسوع!

کەواتە کوا خۆشەویستی؟ کوا قوربانی دان؟

ئەم کێشە گەورەیە سەرچاوەی «پرسی خراپە»یە لەناو عەقڵی کەسی گاوری ڕۆژئاوایی سەردەم!

پەیوەندی موسڵمانان بە هەموو ئەمانەوە چییە؟

پەیوەندی بیروباوەڕی هەموو پێغەمبەران بە هەموو ئەم شتە بێمانایەوە چییە؟

خراپە لە ئیسلام و لە شەریعەتی هەموو پێغەمبەران لەبەر ئەوەیە کە ئێمە بەرپرسیارین.

لەبەرئەوەیە کە لە جیهانی تاقیکردنەوەداین!

هەر ئەوەندە و تەواو.

مەسیحیش (سەلامی خوای لەسەر بێت) لەبەر تاوانی ئادەم نەهاتووە، تاوانی ئادەم خودا لەسەری هەڵگرت بە تەوبە کردنی ئادەم «فتاب عليه» و هیچ کەسێك لە مرۆڤەکان تاوانی لە کەسەوە بە بۆماوە بۆ نەماوەتەوە نە لە ئادەم و نە لە غەیری ئادەم.

ئەمە بیروباوەڕی پێغەمبەرانە.

ئێمەش بۆیە لێرەین، چونکە بەرپرسیارین و هیچی تر، هەروەها خراپەش سروشتییە لە چوارچێوەی بەرپرسیارێتیدا، بەڵکوو سەیرتر و ناوازەتر لەوە ئەوەیە بوونی خراپە گەورەترین بەڵگەیە لەسەر ڕاستێتی بابەتی ئایینی و هەڵە بوونی بێباوەڕی، چونکە گەر ئێمە ڕۆڵەی جیهانی ماددییەت بووینایە، ئەوا نەماندەزانی نە چاکە چییە و نە خراپە چییە، چونکە بەگوێرەی دیدی بێباوەڕی ئەوا ئێمە بەرەو چەند نەگۆڕێکی ماددی یەکلاکەرەوە هەنگاو دەنێین.

هەر بۆیە هەست کردن بە خراپە، مانای وایە کە ئێمە ڕۆڵەی ئەم جیهانە نین، بەڵکوو تێگەیشتنمان لە هەبوونی خراپە لە پێشەکییەکی ترەوە وەردەگرین دوور لە پێشەکی ماددی داروینی بۆ بوونەوەر!

هەروەها تێنەگەیشتنمان لە چەند وردەکارییەکی حیکمەتی ئیلاهی لە بابەتی تاقیکردنەوە و بەڵا -نەك خراپە، چونکە هیچ خراپەیەکی ڕەها نییە لە گەردووندا- ئەوا شتێکی ئاساییە، «دیکارت» لە پەڕتووکەکەی «تأملات» دەڵێت: هیچ هۆکارێکم نییە کە وام لێبکات هەست بە توڕەیی بکەم لەوەی بۆچی خودا توانایەکی زیاتری پێم نەبەخشیوە بۆ تێگەیشتن!

بناغەی بەرپرسیارێتی بەندە لەسەر حیکمەت و بناغەی حیکمەتیش بەندە لەسەر شاراوە بوونی!

خوداش ئەو حیکمەتانەی بۆ موسا (سەلامی خوای لەسەر بێت) ئاشکرا کرد کە لە کردەوەکانی خدردا هەبوو، هەرچەندە کردەوەکانی لە ڕووکەشدا نابەجێ و هەڵە دەهاتنە پێش چاو، بەڵام دەبووە هۆکاری خێر و چاکەیەکی گەورە، چیرۆکی موسا و خدر (سەلامی خوایان لەسەر بێت) لە قورئاندا وەك چیرۆك و مەتەڵ نەهاتووە، بەڵکوو بۆ تێفکرین و دان نانن بە کورتڕەوی نەفسی مرۆڤ و بڕیاردانی پێش وەختەی.

ASTANA

ژیانی دونیاشمان پێشەکییەکە بۆ ژیانێکی هەتاهەتای نەبڕاوە، بۆیە بەئازارترین کوژراوەکان و شەهیدکراوەکان ئاواتە خوازی ئەوەن بگەڕێنەوە بۆ ئەو کوژراوییە، چونکە بینیویانە ئەم چەند هەنگاوە کەمە کلیلی ناز و نیعمەت و ڕەزامەندییەکی نەبڕاوەن.

پاك و بێگەردی بۆ خوای دەسەڵاتداری ڕێکخەر!

## ٣٠ - ئایا ئایین هۆکاری شەڕە ئایینییەکان بووە کە سەر زەوی گرتۆتەوە لە سەردەمێك لە سەردەمەکاندا؟

• مرۆڤەکان هەزارەها ساڵ لەگەڵ شەریعەتەکانی یەکخواپەرستی و تەوحیددا ژیاون، هەروەها چوار هەزار ساڵیش لەگەڵ سێ شەریعەتە ئیبراهیمییەکەدا، لەو دەمانەوە ئایین هیچ مەترسییەکی ڕاستەوخۆی نەبووە لەسەر مرۆڤایەتی، بەڵکوو چەند بەهایەکی ئەخلاقی بەرزی پێشکەش بە مرۆڤایەتی کردووە کە باوەڕدار و بێباوەڕیش لەسەری کۆکن. جگە لەمانەش، چەند شارستانییەتێکی سەرەکی بنیات ناوە، هەروەها ئەتوانین بڵێین کە هەموو خێر و چاکەی سەر زەوی شوێنەواری ئەو پێغەمبەرایەتی و پەیامە ئاسمانییانەیە !

هەر ئایینە دادگاکانی لە هەزاران کەیس حەساندەوە، لە سەرووی هەمووشیانەوە ئایین بناغەی زانست وزانیاری و بەها و هەڵسوکەوت ئامانجی بوونی مرۆڤی دامەزراند لەسەر زەوی.

ئەو وڵاتانەشی کە شەریعەتە یەکخواپەرستییەکانیان لەخۆ گرتووە، تاکوو ئەمڕۆ جیاوازییەکی کلتووری زیاتری تێدایە لەچاو نەیارانی و هەروەها سەقفێکی ئارامی و سەقامگیری بۆیان دەستەبەر کردووە بەگوێرەی شەریعەتە یەکخواپەرستییەکەیان.

لە کاتێکدا تەنها لە یەك سەدەدا هەندێ وڵات نزیك کەوتنەوە لە بێباوەڕی، مرۆڤایەتی بە گشتی کەوتە لێواری لەناوچوون.

ASTANA

لەگەڵ ئەوەشدا ئێستا بێباوەڕەکان دێن و باسی مەترسی ئایین لەسەر مرۆڤایەتی دەکەن!

مێژووی مرۆڤایەتی هیچ ڕێبازێکی ترسناکی هاوشێوەی بێباوەڕیی بە خۆیەوە نەدیووە، ئەی کوشتارگەی کولاج لە یەکێتی سۆڤییەتی پێشوو بەدەست لینینی بێباوەڕ نەبوو؟ لەناوبردنی کەمینەکان لە ئەڵمانیایی نازیدا، چۆڵ کردنی یەك لەسەر چواری دانیشتووانی کەمبۆدیا لەسەر دەستی «پۆل پاوت Pol Pot»ی بێباوەڕ، کوشتنی ٥٢ ملیۆن چینی لە شۆڕشی کلتووری گەورەدا لەسەر دەستی بێباوەڕ «ماوتسی تونگ Mao Zedong»، و دەرکەوتنی یەکێتی بێباوەڕانی سەربازی لە ئەورووپا کە هەستا بە داخستنی ٤٢ هەزار دامەزراوەی ئایینی -کەنیسە و مزگەوت-، هەروەها دەیەها هەزار خاوەن ئایینی کوشت، ئەمانە هەمووی دروستکراوی دەستی بێباوەڕی بوون.[١]

بەڵکوو جەنگی جیهانی یەکەم و دووەم جەنگی عالەمانی بوون، کەوا دەرەنجامی چەند دونیابینییەکی بێباوەڕیی بوو بۆ ڕەگەزی مرۆڤایەتی و خورافیاتی هەنگاونان بەرەو پاکتاوکردنی نەژادی و ڕەگەزی، دەرەنجامەکەشی ئەوە بوو کە ٪٥ دانیشتووانی سەرزەوی لەناوچوون و هەردوو: براوە و دۆڕاویشی چارەکە سەدەیەك گەڕاندەوە دواوە، وای کرد کە فەیلەسوفەکان ئاودەستێك لەناو جەرگەی پاریس دانێن وەك ئاماژەیەك بۆ کۆتایی شارستانییەت.

هەروەها جەنگە بێباوەڕییەکان، جبەخانەی چەکی ناوەکی وایان هێنایە بوون کە ئەتوانێت ڕەگ و ڕیشەی ڕەگەزی مرۆڤایەتی لەبنەوە هەڵتەکێنێت.

تەنها خوێندنەوەیکی سادە بۆ جەنگەکانی سەدەی بیستەم بەسە بۆ تێگەیشتن لە نەگبەتی و شوومێتی بێباوەڕی.

---

(١) - https://en.wikipedia.org/wiki/League-of-Militant-Atheists

ASTANA

چونكە بێباوەڕی بیرۆكەیەكی وای هێناوەتە بوون كە لەناوچوونی مرۆڤایەتی لەهەر جەنگێكی داهاتوودا ئەگەرێكی پێشبینی كراوە، ئەمە دەرئەنجام و زادەی پێشبینییەكانی بێباوەڕیە.

## ٣١- بەڵام ئایا كۆیلایەتی و كەنیزەك لە جیهادی ئیسلامی دا بوونی نییە؟

• كۆیلایەتی لە ئیسلامدا پێچەوانەی كلتووری ڕۆمانییە كۆنەكان و پێچەوانەی شێواندنی عالەمانییەتی سەردەمە.

كەنیزەك لە ئیسلامدا وەك میهرەبانییەك وایە بۆ ئافرەت.

لەبەر ئەوەی ئەو ئافرەتەی كە لەگەڵ لەشكری دوژمن هاتووە و دەیەوێت لە ڕەگ و ڕیشەوە هەڵت بتەكەنێت بۆت نییە بیكوژیت، چونكە ئافرەت ناكوژرێت -مەگەر خۆی ڕاستەوخۆ شەڕ بكات-، چونكە ئیسلام ڕێگەی بە كوشتنی ئافرەت و منداڵ نەداوە.[١]

هەروەها ڕێگەی بە كوشتنی پیر و خاوەن كار و پیاوی ئایینی نەداوە.[٢]

هەرچەندە هەموو ئەمانە لەگەڵ لەشكری دوژمندا هاتوون بۆ مەیدانی جەنگ، لەگەڵ ئەوەشدا بۆ هیچ كەسێك نییە كە دەسیان لێ بدات ئیلا مەگەر بە ڕاستەوخۆ شەڕت لەگەڵدا بكەن.

ئەوە لە میهرەبانی ئیسلامە كە ئافرەت ناكوژرێت -چونكە لاوازە و زۆرجار شەڕی موسڵمانان ناكات بە ڕاستەوخۆی-، بەڵكوو بە كەنیزەك دەگیرێت.

ئافرەتیش دەكرێتە كەنیزەك تاكوو دەگۆڕدرێتەوە لەگەڵ ئافرەتە ئەسیرە موسڵمانەكان، یاخود لێی خۆش دەبێت و دەگەڕێندرێتەوە بۆ دوژمن بەبێ بەرانبەر.

---

(١) ـ صحيح البخاري حديث رقم ٣٠١٤

(٢) ـ السنن الكبرى ج ٩ ص ٩٠

﴿ فَإِمَّا مَنًّۢا بَعۡدُ وَإِمَّا فِدَآءً حَتَّىٰ تَضَعَ ٱلۡحَرۡبُ أَوۡزَارَهَاۚ ﴾ محمد: ٤واتە: ((ئەوسا یەكێك لەم دوو كارەیان لەگەڵدا ئەنجام بدەن: یان بەپیاوەتی و منەت، یاخود بەگۆڕینەوە و فیدیە ئازادیان بكەن، تا شەر كۆتایی دێت و ئاسەواری نامێنێت و دوژمنان چەك دادەنێن.))

سەرنجی گوتەی خوای گەورە بدە:تا شەر كۆتایی دێت و ئاسەواری نامێنێت واتا لە مەیدانی جەنگدا، هەروەها سەرنج بدە، یان بەپیاوەتی و منەت: واتا منەت دەكەیتە سەری كە ئازادی دەكەیت بەبێ بەرانبەر، یاخود بەگۆڕینەوە و فیدیە ئازادیان بكەن: واتا دەیگۆڕنەوە بەو ئافرەتە موسڵمانانەی كە دوژمن بە دیل گرتوونی.

بەڵام ئایا دەتوانرێت سەرجێی بكرێت لەگەڵ كەنیزەكەكان؟

ناكرێت كە سەرجێی و دەس ببرێت بۆ هیچ كام لە ئافرەتە موشریكەكان، ئەمەش ڕای زۆربەی زانایانی لەسەرە، هەروەها مەزهەبی مالیك و ئەبو حنیفە و شافعی و احمدیش لەسەرە ئەم ڕایەیە، ئیبن قودامە لە (المغني)دا دەڵێت: ((هەروەك چۆن سەرجێی و هاوسەرگیری حەڕامە لەگەڵ مەجوسییەكان و هەموو كافرەكانی تر بێجگە لە ئەهلی كتاب (مەسیحیی و جولەكە) ئەوا بە هەمان شێوە ڕێگە پێنەدراوە كە سەرجێی بكرێت لەگەڵ كەنیزەكانیان.))

هەروەها ئیبن عبدالبر دەڵێت: ((ئەوەی لەسەر ئەم ڕایەیە كۆمەڵێك لە فیقهزانەكانی وڵاتان و زۆربەی زۆری زانایانە، ئەوەشی كە لەسەر ئەم ڕایە نەبێت ئەوا زۆر كەم و ئیستیسنان.))

نەوەوی دەڵێت: ((كەنیزەك لە بت پەرستان و هەموو ئەو كافرانەی تر كە پەرتووكیان نییە، حەڵاڵ نییە كە سەرجێیان لەگەڵ بكرێت تا ئەو كاتەی كە دەبنە موسڵمان، مادەم لەسەر ئایینەكەی خۆی بێت ئەوا حەڕامە سەرجێی لەگەڵ بكرێت.))[١]

(١) ـ https://www.islamweb.net/ar/fatwa/50902/

بگرە تەنانەت ئەگەر کەسێك لە موسڵمانان هەستا بە کردنی دەستدرێژی سێکسی بۆ سەر کەنیزەکێك، ئەگەر موشریکە بێت، یان موشریکە نەبێت، ئەوا حەدی زینای بەسەردا جێبەجێ دەکرێت. [1]

خۆ ئەگەر کەنیزەکەکەش لە موشریکەکان نەبوو ئەوا جۆرێك لە شێوەکانی نیکاح و هاوسەرگیری هەیە، جیاواز لەگەڵ هاوسەرگیری هاوسەر، چونکە هاوسەر مەرجی هەڵبژاردنی هەیە بۆ ئەو کەسەی کە بەتەمای هاوسەرگیریە لەگەڵی، بەڵام ئافرەتێکی شەڕکەر کە لەگەڵ لەشکری دوژمندا هاتووە و گیراوە و کراوە بە کەنیزەك ئەوا ئەم مافی ئەوەی نییە کە هەڵبژێرێت کێ دێتە داوای.

ئەمە هەموو ئەوەیە کە لە بابەتی کەنیزەك و کۆیلایەتیدا هەیە.[2]

## ٣٢ - ئەی چی دەربارەی حەددی سزاکان بۆ نموونە -بڕینی دەستی دز-؟

• بابەتەکە دزیکردن نییە بە تەنها، بەڵکوو پەیوەستە بەو دەرهاویشتانەی کە لەگەڵیدایە.

هەر لە فەرموودەی سەحیحی پێغەمبەردا ﷺ هاتووە، دەفەرمووێت: ((لا يُقطع الخائن و لا المنتهب و لا المختلس)) [3]

دەست بڕین ئەم سێ کەسە ناگرێتەوە:

١- **خیانەتکار:** ئەوەی کەوا پارەیەکی دەدەیتێ بە ئەمانەت و نایداتەوە.

٢- **منتهب:** ئەو کەسەی کەوا پارەی کەسێك دەبا بە زۆرداری.

---

(١)ـ الأم للشافعي ٢٥٣

(٢) ـ بۆ زانیاری و بەرچاوڕوونی زیاتر دەتوانن خوێنەری پەرتووکی (کۆیلە و کەنیزەك لە دیدی ئیسلام و ئەوانی ترەوە) بن.

(٣) ـ سنن ابن ماجة ٢ - ٨٦٤، حكم الألباني: صحيح

ASTANA

٣- مختلس: پارەکە دەبات بە پێش چاوی کەسەکەوە و بە پەلە ڕادەکات.[١]

چونکە سزای دزی کردن تەنها لەبەر بردنی پارەکە نییە، بەڵکوو بەهۆی ئەو تاوانانەوەیە کە هاوتا لەگەڵ دزیکردندا ڕوودەدەن لەوانەیە ببێتە هۆی کوشتن و ئەنجامدانی تاوانی گەورەتر.

چونکە گەر کەسێك شتێکی ژێر دەستی ببات هاوشێوەی کەسێك کە پاسەوان بێت، یاخود لەسەر خەزێنە بێت، ئەوا دەستی نابڕدرێت.

هەروەها گەر کەسێك بەروبوومی دارێك بخوات ئەوا دەستی نابڕدرێت. ((لا قطع في ثمر و لا كثر.))[٢]

واتا: ((دەست بڕین نییە لە بەرووبوومی درەخت و بەرووبوومی خورما.))

و لە پەڕتووکی «الموطأ» ئیمامی مالیکدا هاتووە، بە سەنەدێکی موڕسەلی سەحیح: ((لا قطع في ثمر معلق، ولا في حريسة جبل))[٣]

واتا: ((لە بردنی بەرووبوومێکی هەڵواسراوەوە، هەروەها لەو ئاژەڵەی کە لەسەر شاخ پاسەوانی دەکرێت، سزای دەست بڕینی نییە.))

چونکە ئەو ئاژەڵەی کە لەسەر شاخ پاسەوانی دەکرێت، هیچ کەسێك نییە کە بیپارێزێت.

---

(١) ـ مەبەست لێرە ئەوەیە کەوا ئەمانە دەستیان نابڕدرێت، چونکە دزی کردن ئەوەیە بە بێئاگایی بیبات و پێویستە بە بەڵگە بێت، بەڵام ئەمانە پێویستیان بە بەڵگە نییە، چونکە بە ئاشکرا سەروەتەکەیان بردووە. ئەوە نەبێ ئەمانە هیچیان لەسەر نییە، بەڵکوو حوکم و سزای تریان لەسەرە، لەوانەیە هەندێك جار لە دەست بڕین زیاتر بێت. (وەرگێڕ)

(٢) ـ سنن الترمذي ٤ - ٥٢، بسند صحيح

(٣) ـ صححه الألباني في إرواء الغليل ٨ - ٧١

هەروەها لە (سنن الکبری)ی بەیهەقی عەلی کوڕی ئەبی تاڵیب (ڕەزای خوای لێ بێت)، دەفەرموویێت: ((لیس علی من سرق من بیت المال قطع)). واتا: ((دەست بڕین نییە بۆ کەسێك کە دزی لە بیت ولمال بکات.))[١]

هەر بۆیە بابەتەکە تەنها دزیکردنەکە نییە، ئەگینا دەستی ئەو کەسە دەبڕدرا کە بەزۆر پارە دەبات، یان بەئاشکرا و بەپەلە پارەکە دەدزێ، یاخود خیانەت دەکات.

بەڵام لەبەر ئەوەی کە ئەم سیانە تاوانەکەیان ئەنجام دەدەن، بەبێ ئەوەی گیانی کەس بخەنە مەترسییەوە، بۆیە هەمان سزایان نییە.

هەروەها لەبەر ئەوەی کە دزینی بەرووبووم، یاخود ئاژەڵی سەر شاخ سەرەڕای گرانی بەهاکەی مادەم کە دوورە لەوەی گیانی کەس بکاتە مەترسییەوە ئەوا سزاکەی لەسەر جێبەجێ ناکرێت.

لە «ئیبن ئەبی لەیلاوە» دەگێڕنەوە، پرسیاری کەسێکیان لێ کرد کە دزی لە کەعبە کردبوو، گوتی: ((دەست بڕینی لەسەر نییە.))[٢]

ئەی ئەگەر کەسێك دزی بکات و بێت دان بە تاوانەکەیدا بنێت، ئایا دەستی دەبڕدرێت؟

وەڵام: قازی دەری دەکات.

بەڵێ: دەریدەکات.

دزێك هێنرایە خزمەت پێغەمبەری خوا ﷺ کەوا دانی بەوە نابوو کە دزی کردووە، بەڵام هیچی لەگەڵدا نەدۆزرابوویەوە پێغەمبەر ﷺ پێی فەرموو:

---

(١) وقال الألباني في إرواء الغليل ٨ - ٧٧ رجاله رجال الصحيح.

(٢) ـ مصنف ابن ابي شيبة ٢٩٠١٠

((وا نازانم کە دزیت کردبێت) ئەویش دەیگوت: نەخێر دزیم کردووە، ئەمەی دووبارە کردەوە دوو بۆ سێ جار.))[(١)]

هەروەها بەیهەقی بە سەنەدێکی صحیح دەری کردووە کە: ((پیاوێك هاتە لای عەلی (ڕەزای خوای لێبێت) و گوتی کە دزی کردووە، ئەویش دەریکرد.))[(٢)]

هەروەها «ئەبو دەردا» بە ئافرەتێکی گوت کە دزی کردبوو: ((دزیتکرد؟ بڵێ، نەخێر.))[(٣)]

لە «عەتتائەوە» دەگێڕنەوە کە: ((لە کۆندا دز دەهێنرا و پێی دەگوترا: ئایا دزیت کردووە؟ بڵێ، نەخێر. نازانم، یان ناوی ئەبوبەکر، یان عومەری هێنا.))

هەروەها «ئیبن ئەبی شەیبە» باسی ئەوەی کردووە لە (مصنف)ەکەیدا لە بابەتی: پیاوێك دەهێنرێت و پێی و دەگوترێت: «ئایا دزیت کردووە؟ بڵێ، نەخێر.»

هەروەها لە «ئیبن مەسعوود»ەوە فەرموویەتی: ((پیاوێك هێنرا کە دزی کردبوو، پێی گوترا: «ئایا دزیت کردووە؟ بڵێ: دۆزیمەوە». ئەویش گوتی: «دۆزیمەوە!» بۆیە وازی لێهێنرا. ))[(٤)]

لە «ئەبی متوکل» دەگێڕنەوە: ((دزێك هێنرایە لای «ئەبو هورەیرە» کە ئەوکات ئەمیر بوو، پێی گوت: ئایا دزیت کردوە؟ ئایا دزیت کردووە؟ بڵێ، نەخێر، نەخێر، دوو جار، یان سێ جار. ))[(٥)]

---

(١) ـ سنن ابي داود ٤ - ١٣٤ والحديث فيه مقال ولكن له شواهد

(٢) ـ صححه الألباني في الأرواء ٨ - ٨٧

(٣) ـ إرواء الغليل بسند جيد ٨ - ٧٩

(٤) ـ مصنف ابن ابي شيبة حديث رقم ٢٨٥٧٥

(٥) ـ مصنف ابن ابي شيبة حديث رقم ٢٨٥٧٦

ASTANA

لە «غالب ئەبی هوزەیل» دەگێڕنەوە: ((دەڵێ لە سەبیعی کوڕی سالمم بیست، دەیگوت: ئاگام لەوە بوو کە حەسەنی کوڕی علی پیاوێك هێنرایە لای و دانی بە دزی کردنەکەی نابوو، حەسەن پێی گوت: 'لەوانەیە بە بەرچاوی ئەوانی ترەوە بردبێتت.' وای دەگوت بۆ ئەوەی بڵێت: نەخێر، نەمدزیوە.'))[١]

لە «عیکریمەی کوڕی خالید»ەوە دەگێڕنەوە: ((گوتی: دزێك هێنرایە لای عومەر کە دانی بە دزیەکەیدا نابوو، عومەر پێی گوت: 'من دەسی ئەم پیاوە وا دەبینم کە بە دەستی دز ناکات.' پیاوەکە گوتی: 'وەڵاهی من دز نیم!' عومەر وازی لێهێنا و دەستی نەبڕی.))[٢]

## ٣٣- ئەی چی دەربارەی سزای زینا و بەردباران کردنی مرۆڤ و لێسەندنەوەی ڕۆحی کەسێك؟

• ئەو کەسەی کە ڕازی نابێت بە سەندنەوەی یەك ڕۆح کە تاوانی زینای ئەنجام داوە و خێزاندارە، ئەوا لە بەرانبەردا ڕازی دەبێت بە لێسەندنەوەی ڕۆحی ملیۆنێك کەس ساڵانە.

چونکە ساڵانە نزیکەی یەك ملیۆن منداڵ بە تەنها لە ئەمریکا لەبار ئەبردرێت، بەهۆی ئەوەی ویستی لەسەر نییە! [٣]

ئەمەش لە بەڵاکانی زینا و ئەو ئەنجامانەیە کە بە دوای خۆیدا دەیهێنێت!

بەڵام ئەم کۆرپەلانە نە ڕێکخراوێکی ماف پارێزییان هەیە و نە بانگەشەی میدیایی، بۆیە ڕەزامەندییەکی گشتی هاتۆتە ئاراوە لەمەڕ لێسەندنەوەی ڕۆحیان لە ناو بێ دەنگییەکی گشتیدا.

---

(١) ـ مصنف ابن ابي شيبة حديث رقم ٢٨٥٧٨

(٢) ـ مصنف ابن ابي شيبة حديث رقم ٢٧٥٧٩

(٣)ـ https://en.wikipedia.org/wiki/Abortion-statistics-in-the-United-States

ASTANA

**٣٤ - بەڵام با وای دابنێین كە كەسێكی خێزاندار زینای كرد و دواتر تۆبەی كرد و گەڕایەوە بۆ لای خوا، ئایا دەكوژرێت و بەردباران دەكرێت؟**

• ئەسڵ وایە كە كۆمەڵگە بپارێزرێت نەك لێسەندنەوەی گیان.

پێغەمبەر ﷺ دەفەرمووێت: ((اجتنبوا هذه القاذورات اللتي نهى الله تعالى عنها، فمن ألم بشيء منها فليتب إلى الله و ليستتر بستر الله تعالى.))

((خۆتان بپارێزن لەم بۆگەنیانەی كە خودا ڕێگری لێ كردووە، هەر كەسێكیش تووشی بوو ئەوا با بگەڕێتەوە لای خودا و تۆبە بكات و خۆی ستر بكات بە ستری خوا.))

پێغەمبەری خواش ﷺ كاتێك (ماعز)ی دەركرد كە هاتبوو و سێ جار دانی بەوەدا دەنا كە زینای كردووە، هەموو جارێك دەری دەكرد و دەیناردەوە.

هەروەها بە (الغامدیە)ی گوت كە هاتبوو و دانی بەوە دانابوو كە زینای كردووە و فەرموودەكە لە سەحیح موسلیم دایە: ((ارجعي فاستغفري الله و توبي إليه.))

((بگەڕێوە و داوای لێ خۆش بوون لە خودا بكە و تۆبە بكە.))

جا بۆیە ئەوەی كە دەگەڕێتەوە لای خودا ئەوا هیچ كێشەیەكی نییە لەگەڵ كۆمەڵگە، كۆمەڵگەش لەدەست خراپەی ڕزگاری بووە.

هاوشێوەی ئەمەش جار هەبووە كەسێك هاتووە بۆ لای قازی و داوای جێبەجێكردنی سزای حەددی زینای كردووە، بەڵام قازیەكە پشتی تێدەكات و دەریدەكات.

عومەری كوڕی خەتاب (ڕەزای خوای لێبێت) دەفەرمووێت: ((اطردوا المعترفين.))(١)

واتا: ((ئەو كەسانە دەربكەن كە دان بە تاوانەكانیان دەنێن.))

---

(١) ـ السلسلة الصحيحة للألباني ٥ - ٣١٧

هەروەها لە سونەنی ئەبی داووددا هاتووە: ((پێغەمبەر ﷺ دوای ئەوەی ئافرەتەکە (الغامدیة)ی دەرکرد گەڕایەوە و دووبارە پێی گوت: «بگەڕێوە». گەڕایەوە، دواتر بەیانی دووبارە هاتەوە خزمەتی و پێی گوت: «دیارە ئەتەوێت کە من بگەڕێنیتەوە هەروەك چۆن «ماعزی کوڕی مالك»ت گەڕاندەوە! دەی سوێند بە خوا من دووگیانم.» پێغەمبەر ﷺ پێی فەرموو: (بگەڕێوە) ئەویش گەڕایەوە، دواتر بەیانی دووبارە هاتەوە خزمەتی، پێی فەرموو:(بگەڕێوە تا منداڵەکەت دەبێت) ئافرەتەکەش گەڕایەوە، کاتێکیش کە منداڵەکەی بوو، هێنایی و گوتی: «ئەوەتا منداڵەکەم بوو.» پێغەمبەر ﷺ پێی فەرموو: (بگەڕێوە شیری بدەرێ تا لە شیر دەکەوێ.))) (١)

سەرنجی گوتەکەی پێغەمبەر ﷺ بدە دوای ئەوەی گوتی کە دووگیانە و پێی گوت: «دیارە دەتەوێت کە بمگەڕێنیتەوە هەروەك چۆن ماعزی کوڕی مالکت گەڕاندەوە.»

خۆ ئەگەر (الغامدیة) نەگەڕایەتەوە بۆ لای پێغەمبەری خوا ﷺ ئەوا داوای نەدەکردەوە.

عەبدوڵای کوڕی بورەیدە لە باوکییەوە دەگێڕێتەوە: ((لەنێوان خۆماندا باسی ئەوەمان دەکرد: چی ئەگەر الغامدیة و ماعزی کوڕی مالك بگەڕانایەتەوە دوای دان پێدانانەکەیان یان دەمان گوت: ئەگەر نەگەڕانایەتەوە دوای ئیعترافەکەیان ئەوا داوایانی نەدەکردەوە. ))(٢)

جا بۆیە ئیسلام حەز ناکات و ناگەڕێت بەدوای جێبەجێکردنی سزاکان و حەددەکان، بەڵکوو بەدوای هەموو دەرچەیەك دەگەڕێت بۆی، چونکە ئامانج چاکسازی کۆمەڵگەیە نەك هەڵتەکاندنی.

---

(١) ـ سنن أبي داوود ٤٤٤٢ حديث صالح

(٢) ـ ضعفه الألباني في سلسلة الأحاديث ٦-٧٩٣، ويشهد له الحديث في مسند أحمد ٣٨ -٢٧

ASTANA

## ٣٥ - بۆچی پێکەوەژیان لەگەڵ بێباوەڕەکان ڕەت دەکەنەوە؟

• ئەم پرسیارە ئەو وڵاتانە وەڵامیان داوەتەوە کە تێکەڵی بێباوەڕەکان بوون، ئەمڕۆش ئەو وڵاتانە ئەزموونێکی گەورەیان هەیە، با سەیرێکی ئەوە بکەین گەیشتوونەتە کوێی ئەم بابەتە!

ڕۆژنامەی زانستی ئەمریکی مەزن "ئەمریکایی زانستی - Scientific American" توێژینەوەیەکی بڵاو کردەوە لەسەر ئەوەی تا چ ڕادەیەك هاوڵاتی ئەمریکایی ڕقی لە بێباوەڕەکان دەبێتەوە، ناونیشانی توێژینەوەکەش بابەتەکەی ئاشکرا دەکرد، بۆیە ڕۆژنامەکە ناونیشانی توێژینەوەکەی کردە ئەم ڕستەیە: "ئێمە متمانە بە بێباوەڕەکان ناکەین. - In Atheists We Distrust."

توێژینەوەکە ئەوەشی بەدەرخست کە زۆرینەی میللەتی ئەمریکایی بەرگەی بێباوەڕەکان ناگرن و تەنانەت ڕازی نابن ببنە مامۆستای منداڵەکانیشان![1]

(ماڵپەڕی ئەمریکایی زانستی ماڵپەڕێکی زانستی بەهێز و بەناوبانگی جیهانییە.)

هەروەها ڕۆژنامەکە ئەوەی دەرخست کە چۆن ڕقی هاوڵاتی ئەمریکایی بەرانبەر بێباوەڕەکان هەڵوێستی باو و زۆرینەیە، چ ئەوەی لە ڕێی بڕیاری فەرمییەوە ڕابگەیەنرێت -هەروەك چۆن لە پاش ئەمە پشتیوان بە خوا دێینە سەری- یاخود ئەوەی لەناو ناخی میللەتی ئەمریکاییدا پەنگ بخواتەوە!

هەروەها لە ڕاپۆرتێکی سەربەخۆدا کە ڕۆژنامەی واشنتۆن پۆست (Washington Post) لە ساڵی ٢٠١١دا ئەنجامی دا لەسەر ئەوەی «کام گرووپە زۆر نەویستراو و بەدناوە لەناو ئەمریکادا؟» دەرکەوت کە بێباوەڕ

---

(١) - https://www.scientificamerican.com/article/in-atheists-we-distrust/

خاوەنی بەرزترین پلەیە لە خۆشنەویستن لەلایەن میللەتی ئەمریکی بە شێوەیەکی گشتی)). [١]

(واشنتۆن پۆست یەکێکە لە هەرە بەناوبانگترین ڕۆژنامە جیهانییەکان.)

پێش ئەم ڕاپۆرتەش بە ماوەیەکی کورت زانکۆی مانیسوتای ئەمریکی ((University of Minnesota هەستا بە ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی سەربەخۆ لە ماوەی دوو ساڵدا لەسەر موسڵمانە توندڕەوەکان و هاوڕەگەزبازەکان و بێباوەڕەکان، لەسەر ئەوەی کام لەمانە میللەتی ئەمریکی زیاتر لێیان دەترسێت؟

ئەوە بەدەرکەوت کە موسڵمانە توندڕەوەکە و هاوڕەگەزبازەکە نزیکترن لە کابرای ئەمریکا لە چاو بێباوەڕەکە. [٢]

لەوانەیە ئەم ڕاپۆرتانە زۆر سەیر و نامۆ بن بۆ زۆرێك لە خەڵکی، لە هەموو ئەمانەش سەیرتر ئەوەیە کە ئەم ڕاپۆرتانە پاڵپشتییەکی هەبێت لە ئەرزی واقیعدا لە شێوەی یاساگەلێك کە بە فەرمی بێنرخی کەسی بێباوەڕ دووپات دەکەنەوە لە وڵاتانی ڕۆژئاوادا.

یەکێك لە بنەماکانی دەستووری ویلایەتەکانی ئەمریکا ئەوەیە کە نابێت کەسی بێباوەڕ هیچ پۆستێکی ڕەهای هەبێت، چونکە ئەوەی نکۆڵی لە بوونی خودا بکات ئەوا هیچ گەرەنتییەك و هیچ نرخێك نییە بۆ ئەو پەیمان و بەڵێنانەی کە دەیدا، هەروەك جۆن لۆك(John Locke)ی دامەزرێنەری دەوڵەتی مەدەنی، لە نامەکەیدا لەبارەی لێبووردەیی دەڵێت: «بە هیچ شێوەیەك ناکرێت لێبووردەیی بەرانبەر ئەو کەسانەی کە بوونی خوا ڕەت دەکەنەوە نیشان بدرێت، چونکە بەڵێن و پەیمان و سوێندخواردن لەو ڕووەی کە پەیوەندی

---

(١) https://www.washingtonpost.com/opinions/why-do-americans-still-dislike-atheists/2011/02/18/AFqgnwGF-story.html

- (٢)http://newsjunkiepost.com/2009/09/19/research-finds-that-atheists-are-most-hated-and-distrusted-minority/

ASTANA

نێوان کۆمەڵگەی مرۆڤایەتییە، هیچ نرخێکی نییە لە لای کەسی بێباوەڕ، چونکە نکۆڵی کردن لە بوونی خودا تەنانەت بە خەیاڵیش هەموو شتەکان هەڵدەوەشێنێتەوە.»[١]

ئەگەر ئەمە بۆچوون و دیدی دامەزرێنەری دەوڵەتی مەدەنی بێت لە ڕۆژئاوا، ئەی دەبێ ڕاوبۆچوونی کۆمەڵانی خەڵك چۆن بێت؟

تەنها سەیرکردنێکی سەرەتایی بۆ دەستوورەکانی ویلایەتە ئەمریکییەکان هەموو بێباوەڕێکی عەرەبی تووشی سەرسوڕمان دەکات لەوەی کەوا هەر خەریکی ئەوەیە داوای مافەکانی خۆی بکات لە وڵاتە عەرەبییەکاندا. سەرنجێکی ماددەکانی دەستووره ڕۆژئاواییەکان بەسە بۆ ئەوەی بزانین کە ئەوان چەندێك هەستیان بە مەترسی بێباوەڕەکان کردووە، هاوتا لەگەڵ هەوڵەکانیان بۆ دوورخستنەوەیان لە ژیانی گشتی بە پێی توانا.

هەر لە دەستووری ویلایەتی ئەرکنساس (Arkansas State Constitution)، لە بەشی نۆزدە، ماددەی یەکەم هاتووە: «بۆ هیچ بێباوەڕێك نییە کە هیچ پۆستێکی کارگێڕی وەربگرێت لە ویلایەتەکە، هەروەها مافی گەواهی دانی نییە لە دادگادا.»

دواتر سەیرێکی دەستووری ویلایەتی کارۆلینای باکوور بکە (North Carolina State Constitution) تاکوو بۆت دەربکەوێت کە چۆن لە بەشی شەش، ماددەی دووەم، بڕیاری ئەوە دەدات کە کەسی بێباوەڕ مافی هاوڵاتیبوونی نییە!

دواتر بگەڕێوە سەر دەستووری ویلایەتی پەنسلڤانیا (Pennsylvania State Constitution) لە بەشی یەکەم، ماددەی چوارەم، دەبینی کە چۆن کەسی بێباوەڕ شایەنی متمانە پێکردن نییە، هەر بۆیە مافی ئەوەی نییە کە هیچ ڕێکخراوێکی قازانج نەویست بونیاد بنێت.

---

(١) ـ جون لوك، رسالة في التسامح ص ٥٧.

دەستووره ڕۆژئاواییه‌کان پڕن له‌و مادده دەستوورییانەی که بوونی کەسی بێباوەڕ لەنێوانیاندا ڕەت دەکەنەوە، سەیری دەستووری ویلایەتی کارۆلینای باشوور بکه (South Carolina State) له بەشی شەش، ماددەی دووەم، هەروەها دەستووری ولایەتی تێنێسی (Tennessee State) له بەشی نۆ لقی دووەم، هەروەها دەستووری ولایەتی تەکساس (Texas State) له بەشی یەك لقی چوارەم، هەمووی مەرجی ئەوە دادەنێن که باوەڕهێنان به خودا مەرجێکی سەرەکییه بۆ متمانه پێکردن و وەرگرتنی پۆستێکی کارگێڕی.

ئەمریکا گەورەترین وڵاتی زانستییه له جیهاندا، تا ئێستا بێباوەڕەکان وەك کەسانی قبووڵ نەکراو لەناو کۆمەڵگەی ئەمریکی له قەڵەم دەدات، ئەمەش به شێوەیەکی فەرمی لەو گوتەیەی که جۆرج بۆشی باوك گوتی دەردەکەوێت، کاتێك که پەیامنێرێکی ئەمریکی، له ساڵی ١٩٨٧ زۆر ڕوون پرسیاری لێ کرد: «ئایا دەکرێت بێباوەڕی ئەمریکی یەکسان بێت له ناسنامه و هاوڵاتیبوون لەگەڵ ئەمریکییەکانی تردا؟»

بۆشیش وەڵامە بەناوبانگەکەی گوت: «نازانم ئایا دەکرێت کەسانی بێباوەڕ به هاوڵاتی دابنرێن، یان تەنانەت به کەسانێك دابنرێن که خۆشەویستییان بۆ نیشتیمان هەیە؟ چونکه ئەمە (ئەمریکا) یەك ئوممەتە له ژێر ئاڵای خودادا.»

کەواته ڕۆژئاوا زۆر له ئێمە شارەزاتره به بێباوەڕەکان و سروشتی ناخیان. هەروەها دەزانێت که له بوونی ئەواندا کێشەیەکی ڕاستەقینه هەیە، چونکه هیچ بایەخێك نییە بۆ بەڵێن و پەیمان و سوێند لەلای کەسی بێباوەڕ، که ئەمانەش بناغەی هەر کۆمەڵگەیەك، هەر دادگایەك، یاخود هەر دەستوورێکه.

بۆیە ڕۆژئاوا بێباوەڕەکان ڕەتدەکاتەوە بەهۆی ئەو کێشانەی که دەینێنەوە، چونکه بنەمای پشتگیری و خۆ بێبەری کردن (الولاء و البراء) له لای ڕۆژئاوا بەرژەوەندی و سوود وەرگرتنه. بەڵام لای ئێمە بناغەی پشتگیری و خۆ بێبەری کردن ئایینه، هەر بۆیە ڕەتکردنەوەمان بۆ کەسی بێباوەڕ له ئایینەکەمانەوە

سەرچاوەی گرتووە کە هانمان دەدات بۆ بەرزکردنەوەی وشە و ناوی الله و هەروەها هانمان دەدات لەسەر چاك کردن و ئیسلاحی گەنجەکانمان و بەجێ نەهێشتنیان بۆ ئەو گومانانەی کە سەریان لێ تێکدەدات.

## ٣٦- بەهانەی بێباوەڕەکان چییە بەرانبەر بەڵگە ئایینییەکان؟

• بێباوەڕی بەرانبەر ئەو هەموو بەڵگانەی کە باوەڕدار پێشکەشی دەکات، هیچ شتێکی پێشکەش نەکردووە.

بێباوەڕی خاوەنی هیچ شتێك نییە، هیچ بەڵگەیەکیش پێشکەش ناکات و خاوەنی هیچ بناغەیەك نییە.

ئامانجی بێباوەڕ ئەوەیە کە بەڵگەکانی ئیمانداران تێکەڵ و پێکەڵ بکات و سەری لێ تێکبدات، هەر ئەوەندەیە و زیاتر نا.

لەگەڵ ئەم ئیفلاسی تەواوەتییەشدا، هەندێك لە خەڵکان بیر لە بێباوەڕی دەکەنەوە و بانگەشەی بۆ دەکەن و دەڵێن "من بێباوەڕم"، ئەمەش لە سەیروسەمەرەکانی ئەم کات و زەمانەیە کە نابڕێتەوە!

## ٣٧- کامانەن ئەو پرسیارانەی کە بێباوەڕ ناتوانێت وەڵامیان بداتەوە؟

أ- چۆن بوونەوەر بەدیهات لە ناکات و ناشوێنەوە؟

چۆن کەسی بێباوەڕ بانگەشەی ڕاست و دروستیی بێباوەڕییەکەی دەکات، لە کاتێکدا یەکەم ساتی سەرەتای بوون بەڵگەیە لەسەر بەدیهێنان و داهێنان و دروست کردن؟

ب- چۆن «ناژیان» گۆڕا بۆ ژیان؟

چۆن ماددەی مردوو گۆڕا بۆ خانەی زیندوو؟

لەگەڵ ئەوەشدا سەرەڕای ئەوەی ئەمڕۆ ئێمە لە لوتكەی تەكنەلۆژیادایین و خاوەنی چەندین زانكۆی مەزنین، هێشتاش ناتوانین سادەترین وێنەی ژیان بەدی بهێنین. ئەی كەواتە چۆن ژیان دەدەینە پاڵ ماددەیەكی مردووی كوێر؟

ئایا نە دەبوو ئەمڕۆ ئێمە ژیانێك بەرهەم بهێنین كە ملیارەها جار باشتر بووایە لەو ژیانەی كە ماددەی مردووی كوێر بەرهەمی هێناوە؟

ج- كەسی بێباوەڕ چۆن دەتوانێت لە ڕوانگە بێباوەڕییەكەیەوە بەرگری لە كۆمەڵكوژی هەموو خەڵكانی سەر زەوی بكات؟

كام پێوەری عەقڵی یان ماددی یان زانستی پێشكەش دەكات كەوا بیسەلمێنێت كۆمەڵكوژی هەموو خەڵكانی سەر زەوی كارێكی هەڵەیە؟

چونكە جیهانی ماددی چاك و خراپ لێك جیا ناكاتەوە؟

كەواتە كومەڵكوژی هەموو خەڵكانی سەر زەوی و ژیاندنەوەیان لە ڕووی بێباوەڕیەوە یەكسانە.

د- بێباوەڕی وای نیشان دەدات كە مرۆڤەكان تەنها ئاژەڵێكن لە ڕێی زنجیرەیەك پەرەسەندن لە چەند زیندەوەرێكی خواروترە هاتونەتە بوون!

دەی چی ئەگەر زیندەوەرێكی باڵاتر هاتە بوون؟

ئایا مافی ئەوەی هەیە مرۆڤ بكاتە ناو قەفەسی ئاژەڵەكان و لە تاقیكردنەوەی دەرمانەكاندا بە كاریان بهێنێت؟

وەڵامی ڕاست لە واقیعی بێباوەڕی و پەرەسەندنەوە: بەڵێ.

ئەمەش هەموو هیوایەك بۆ پاراستنی مرۆڤ یاخود هێنانە دی مانایەك، یاخود ئامانجێك بۆ بوونی مرۆڤ لە ژیاندا لە ڕوانگەی بێباوەڕیەوە لەناو دەبات.

لێرەدا، بێباوەڕی دەستەوەستانە لە شیكردنەوەی ڕاستێتی مرۆڤ!

ASTANA

هـ- چی دەبێ ئەگەر پەرەسەندن ئەوەی سەلماند کە ڕەگەزێکی مرۆڤایەتی باڵاترە لە ڕەگەزێکی تر، ئایا ڕەگەزە باڵاکە مافی ئەوەی هەیە کە ئەوەی خوارەوتر وەك ماددەیەك بەکار بهێنێت، هەروەك چۆن ئێمە مامەڵە لەگەڵ مێروو و ئاژەڵەکانی خوارەوتر لە پەرەسەندندا دەکەین؟

وەڵامە داروینییە ماددییەکە ئەوەیە: بەڵێ.

ئەمەش گەرەنتی تێکشکانی بێباوەڕی دەدات لەناو عەقڵە ژیرەکان و دەروونە خاوەن فیترەتەکان کەوا جیاوازی نێوان مرۆڤەکان تەنها بە تەقوا و لەخواترسانە نەك بە ڕەنگی پێست، یاخود بە چالاکی ماسولکەکان.

و- بێباوەڕ وای دەبینێت کە ڕەوشت ڕێژەییە -واتا زیاد لە ئەگەرێك هەڵدەگرێت، بۆ نموونە دەستپاکی لەوانەیە باشتر بێت لە خیانەت، یاخود لەوانەیە خیانەت باشتر بێت لە دەستپاکی.- بەڵام دواتر کە گومانەکانی دەهێنێت، وا بڕیار دەدات کە ڕەها بێت - واتا تەنها یەك ئەگەر وەردەگرێت، بۆ نموونە: دەستپاکی لە خیانەت باشترە.- لەبەرئەوەی گەر ڕەوشت ڕێژەیی بووایە ئەوا گومانەکان هیچ واتایەکیان نەدەبوو، لەبەر ئەوەی هەر ئەو ساتە ناتوانێت بڕیار بدات کە دژیەکییەکی هەیە لەگەڵ پێوەری ڕەوشت.

ئەمەش دژیەکییەکی زۆر ڕوونە، ئایا ڕەوشت ڕێژەییە، یاخود ڕەهایە؟

خۆ ئەگەر ڕەها بووایە ئەوا یەکسەر بێباوەڕییەکەی کۆتایی پێ دەهات، چونکە ئەمە واتای ئەوەیە کە ڕەوشت ئامانجێکی بوونگەرایی (وجودی) گەورە لەخۆ دەگرێت - ویستی خوای گەورە و بەرپرسیارێتی و تەکلیفی ئیلاهی-.

خۆ ئەگەر ڕێژەیی بوایە، ئەوا واتای ئەوەیە کە بێباوەڕ مافی ئەوەی نییە هیچ گومانێك بێنێتە ئاراوە و ڕەخنە بگرێت، ئەسڵەن نابێت کە درك بە هیچ گومانێك بکات.

ز- چۆن ئەو نەگۆڕە فیزیاییە ناوازانەی کە گەردوون بەهۆیانەوە دەستی پێ کردووە پەیدا بوون؟

نەگۆڕە فیزیاییەکان جیاوازی نێوان پێوانەکانی وزەیە لەو ماددەیەی کە گەردوون لێوەی پەیدا بووە، ئەم جیاوازییەش زۆر وردە و ئەگەر تێك بچووبایە، ئەوا گەردوون پەیدا نەدەبوو.

نموونە لەسەر ئەوە: نەگۆڕی گەردوونی ((Cosmological Constant ئەوەی کەوا ئەگەر بڕەکەی جیاواز بوایە بە کەمتر لە بەشێك لە سفر کە ١٢٣ سفری بەدواوە دێت ئنجا ١ دێت، ئەوا هەموو گەردوون بەتەواوی لەناودەچوو)).

ئەم نەگۆڕە فیزیاییەش بوونی ڕێکخستن و وردەکاری و مەزنی بەدیهێنان دەسەلمێنێت. نەگۆڕە فیزیاییەکانیش زۆرن و هەمووشیان زۆر ورد و ناوازەن.

ح- چۆن سیستەمی بەکۆدکردن پەیدا بوو لەناو خانە زیندووەکاندا ـ جینۆم ـ؟

ئەوە ئاشکرایە کە کۆدکردن پێویستی بە کەسێك هەیە دایبڕێژێت، هەروەها دانانی زانیاریەك لەناو جینۆمدا ئاماج لێی ئامرازێکی دیاریکراوە کە فەرمانێکی دیاریکراو ئەنجام دەدات - دروستکردنی چاو بۆ نموونەـ ئەمەش کارێکە کە هیچ کەسێك جگە لە بەدیهێنەرێکی توانا و دانا نەبێت ئەنجامی نادات، چونکە زانیاری ئەمێنێتەوە.

ط- چۆن بوونی ڕەوشت و ماناداری و نرخ دەسەلمێنیت لە ڕوانگەی بێباوەڕیەوە؟

بێباوەڕی، جیهان بە چەند گەردیلەیەکی بڵاوەپێکراوی بێ ئامانج و بێواتا دادەنێت.

ئەمەش گەورەترین هۆکارە بۆ ژەهراوی کردنی ڕەوشت و لەناوبردنی مانای ڕەوشت.

ASTANA

خۆ ئەگەر لە ڕوانگەی بێباوەڕییەوە ڕەوشت بوونی هەبووایە، ئەوا بێباوەڕی ڕاست نەدەبوو.

ي- کورتەی بەڵگە هێنانەوە دژی بێباوەڕی:

مادام کەوا ڕووناکی هەیە، کەواتە بە درك پێکردنی عەقڵی دەزانین کە ڕاستەوخۆ سەرچاوەی ڕووناکیش هەیە.

مادام کەوا سێبەر هەیە، کەواتە جەستەیەك بوونی هەیە.

مادەم کەوا بوونەوەرانێکی زۆر ورد و جوان داهێنراو هەن، هەر لە کوارکەوە تاکوو گەلە ئەستێرەکان، کەواتە بەدیهێنەرێك هەیە.

ئەمە شێوازی بەڵگە هێنانەوەی قورئانە، هەر ئەمەش ئاسانترین شێوەی بەڵگە هێنانەوەیە و کەمترینیانە لە هەنگاودا.

هەر بۆیە خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿ أَلَمْ تَرَ إِلَى ٱلَّذِينَ يُجَٰدِلُونَ فِىٓ ءَايَٰتِ ٱللَّهِ أَنَّىٰ يُصْرَفُونَ ﴿٦٩﴾ ﴾ غافر: ٦٩

واتە: ((ئایا نابینیت ئەوانەی کە موجادەلە و گفتوگۆی نابەجێ دەکەن دەربارەی ئایەت و فەرمانەکانی خوا، ئەو سەرگەردانانە بەرەو کوێ لادەدرێن لە حەق و ڕاستی، ڕوو لە کوێ دەکەن؟))

ڕوو لە کوێ دەکەن؟

هانا بۆ چ بەڵگەیەکی ڕووبەڕوو دەبەن؟

هەر بۆیە هیچ شتێك لە بەرانبەر کەسی بێباوەڕدا نییە، جگە لە کوێری و هیچگەرایی و ڕابواردن و باوەڕ بە مەحاڵەکان نەبێت.

## ٣٨- بۆچی موسڵمانان دواكەوتن سەرەڕای ئەوەی لەسەر ئایینی ڕاستن، بەڵام بێباوەڕانی ڕۆژئاوا زۆر پێشكەوتوون؟

- ئەمە پرسیاری سەردەم و شارستانییەتەكانە.

پێغەمبەران چەندێك بەدەست ڕوبەڕوونەوە لەگەڵ ئەم پرسیارەوە ناڵاندوویانە!

چەندێك لە شوێنكەوتوان سارد بوونەوە و پێغەمبەران چەند دڵگران بوون بە پشت هەڵكردنی ئومەتەكانیان.

چونكە ئەم پرسیارەی شارستانییەتەكان هۆكاری سەرەكی بێباوەڕی ئوممەتتان بووە، بە درێژایی مێژوو.

﴿ وَإِذَا تُتْلَىٰ عَلَيْهِمْ ءَايَٰتُنَا بَيِّنَٰتٍ قَالَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ لِلَّذِينَ ءَامَنُوٓا۟ أَىُّ ٱلْفَرِيقَيْنِ خَيْرٌ مَّقَامًا وَأَحْسَنُ نَدِيًّا ﴿٧٣﴾ ﴾ مریم: ٧٣ واتە: ((جا كاتێك كە ئەو ئایەت و موعجیزانەی كە هەڵگری بەڵگەی ڕوون و ئاشكرا بوون بخوێندرایەتەوە، كافران پشتیان هەڵدەكرد بە بیانوی ئەوەی كە ئوممەتانێك هەن لە ڕووی ماددیەوە زۆر پێشكەوتووترن لە موسڵمانان)).

توێژەر ئیبراهیم سەكران باس لەوە دەكات كە ئەمە یاسایەكی مێژوویی و سونەتێكی گەردوونی دووبارەیە كە نابڕێتەوە و تێڕامان لە ئەرشیفە نارێكەكەیدا بە درێژایی مێژوو زۆر سەیرە، چونكە زۆربەی ئەو كەسانەی كە گەیەنەری پەیامی خودا بوونە لە بەرەبەیانی پێغەمبەرایەتییەوە تاكوو كاری ئیسلامی هاوچەرخ هەموو كات ڕووبەڕووی "هێزی ماددی" سەروو خۆیان دەبنەوە و ئەمەش خەڵكی لە شوێنكەوتنی ئەو وەحییەی كە لایانە سەرگەردان دەكات.

سەیرێكی ئەزموونی پێغەمبەران بكە هاوتا لەگەڵ ئەو ئەزموونانەی كە هەیانە لە كاری بانگخوازی، دەبینیت هاكا بێتە پەیكەرێكی قسەكەر

بۆ ئەو ناکۆکییەی لەنێوان بانگخوازی "وەحی ئیلاهی" و فیتنەی "هێزی ماددی"دا هەیە، ئەوە دەبینیت کە هەڵخەڵەتانی خەڵکی بە هێزە ماددیەکە هۆشیان دەبات و چاویان دەبەستێت و دووریان دەخاتەوە لە ملکەچ بوون بۆ وەحی، دەبینیت کە بانگخوازانی ڕێگای خودا بەدەست هەڵەخەڵەتانی خەڵکی بەهۆی ئەو ڕووکەشە ماددیانەوە دەناڵێنن.

پێغەمبەر نوح (سەلامی خودای لەسەر بێت) یەکەم کەسێ بوو کە گەلەکەی بەڕاشکاوییەکی ماددییانە پێی دەڵێن:

﴿ فَقَالَ ٱلۡمَلَأُ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ مِن قَوۡمِهِۦ مَا نَرَىٰكَ إِلَّا بَشَرٗا مِّثۡلَنَا وَمَا نَرَىٰكَ ٱتَّبَعَكَ إِلَّا ٱلَّذِينَ هُمۡ أَرَاذِلُنَا بَادِيَ ٱلرَّأۡيِ وَمَا نَرَىٰ لَكُمۡ عَلَيۡنَا مِن فَضۡلِۭ بَلۡ نَظُنُّكُمۡ كَٰذِبِينَ ﴿٢٧﴾ ﴾ هود: ٢٧واتە: ((جا ئەو دەستە دەسەڵاتدارانەی کە بێباوەڕ بوون لە هۆزی نوح گوتیان: ئێمە تۆ تەنیا وەك یەكێك لە خۆمان دەبینین و نابینین ئەوانەی شوێنی تۆ کەوتوون جگە لەوانەی کە هەژارو داماوەکانمانن و دووربین نین و ژیریان کەمە و سادەن، هەروەها نابینین ئێوە هیچ شتێکی زیاترتان بەسەر ئێمەدا هەبێت، بەڵکوو ئێمە وا گومان دەبەین ئێوە درۆزنن.))

هەروەها قورئان باسی هێزی ماددی کافران دەکات و وەسفی کۆشك و تەلار و هێزە سەربازییەکانیان دەکات، دەفەرموێت:

﴿ وَمَآ أَسۡـَٔلُكُمۡ عَلَيۡهِ مِنۡ أَجۡرٍۖ إِنۡ أَجۡرِيَ إِلَّا عَلَىٰ رَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ ﴿١٢٧﴾ أَتَبۡنُونَ بِكُلِّ رِيعٍ ءَايَةٗ تَعۡبَثُونَ ﴿١٢٨﴾ وَتَتَّخِذُونَ مَصَانِعَ لَعَلَّكُمۡ تَخۡلُدُونَ ﴿١٢٩﴾ وَإِذَا بَطَشۡتُم بَطَشۡتُمۡ جَبَّارِينَ ﴿١٣٠﴾ ﴾ الشعراء: ١٢٧ - ١٣٠.

واتە: ((هەروەها من هیچ کرێیەك لە ئێوە داوا ناکەم لەسەر ئەم (گەیاندنی بانگەوازە) پاداشتی من تەنیا لای پەروەردگاری جیهانیانە. ئایا ئێوە لە هەموو شوێنێکی بەرز (ی سەرە ڕێگا) بورجێك دروست دەکەن بەبێ هوودە؟ ئایا ئێوە

لە هەموو شوێنێکی بڵند و سازگاردا کۆشك و تەلار دروست دەکەن و خۆتان سەرگەرمی کەیف و شادی دەکەن؟! (ئایا بۆ ئەوە دروست کراون؟)... چەند کۆشك و قەڵای بەهێز (کارگە) دروست دەکەن بەو ئومێدەی هەر بمێننەوە و نەمرن. هەر خەریکی دروستکردنی کارگە و کارخانەن و بە ئومێدی ئەوەن هەمیشە بژین و نەمرن...کاتێك کە پەلامار دەدەن، بە شێوەیەکی زۆر دڵڕەق و دڕندانە پەلامار دەدەن و دەست دەوەشێنن!))

هەر کە پێغەمبەر موسا (سەلامی خودای لەسەر بێت) دەردەکەوێت لە ساتەوەختی "شارستانییەتی فیرعەونەکان" بە هەموو قورساییە مێژووییی و توانا ئیمپراتۆریەتییەتەکەیەوە، زنجیرەی سەرکەشی هێزی ماددییەت و لووتبەرزی لە ئاستی وەحیدا دووبارە دەبێتەوە.

سەرسوڕمان تەواو نابێت لەو تێگەیشتنە قووڵ و تێبینییەی کە پێغەمبەر موسا (علیه سلام) هەیبوو دەربارەی ئەوەی کە چۆن شارستانییەتی فیرعەونیەکان و هێزە مەدەنییەکانیان خەڵکی هەڵخەڵەتاندوە، دووریانی خستۆتەوە لە ملکەچ بوون بۆ وەحی ئیلاهی، جا لێرەدا کەلیمی خودا، موسا (علیه سلام) دەربارەی ئەم یاسا مێژووییەی کە وەك گەورەترین بەرپەرچدانەوە و تەحەدایەك وایە بەرانبەر بانگەوازی پێغەمبەران، هەر وەك لە قورئاندا ئاماژەی پێ کراوە دەفەرمووێت:

﴿ وَقَالَ مُوسَىٰ رَبَّنَآ إِنَّكَ ءَاتَيْتَ فِرْعَوْنَ وَمَلَأَهُۥ زِينَةً وَأَمْوَٰلًا فِى ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا رَبَّنَا لِيُضِلُّوا۟ عَن سَبِيلِكَ ۖ رَبَّنَا ٱطْمِسْ عَلَىٰٓ أَمْوَٰلِهِمْ وَٱشْدُدْ عَلَىٰ قُلُوبِهِمْ فَلَا يُؤْمِنُوا۟ حَتَّىٰ يَرَوُا۟ ٱلْعَذَابَ ٱلْأَلِيمَ ﴿٨٨﴾ ﴾ یونس: ٨٨. واتە: ((جا کاتێك کە ستەمی فیرعەون لە سنوور دەرچوو، موسا نزای کرد و گوتی: پەروەردگارا، بەڕاستی تۆ لە ژیانی دنیادا ناز و نیعمەت و ماڵ و حاڵ و جێگە و ڕێگەی خۆش و ڕازاوەت بەخشیووە بە فیرعەون و دارودەستەکەی، پەروەردگارا، ئەو شتانە بووەتە هۆی ئەوەی کە (خەڵکی) لە ڕێباز و بەرنامەی تۆ وێڵ و

گومڕابن، پەوەردگارا: ماڵ و سامانیان تەفروتونا بکە و کوێری بکەرەوە، دڵیان بگوشە، (تا هەست بە خۆشی نەکەن)، ئەمانە باوەڕ ناهێنن هەتا سزا و ئازاری بەئێش دەبینن.))

ئەم حاڵەتە بۆ پێغەمبەر موحەممەد (ﷺ) هیچ تازە نەبوو، بەڵکوو سەرکەشەکان و ئەوانەی کە پێغەمبەرایەتی و وەحی ئەویان ڕەت دەکردەوە هۆکاری سەرکەشییەکەیان بە لاوازی هێزی ماددی ئەوەوە هەڵدەواسی. ئەوەی کەوا ئەو خاوەنی ئەو ڕووکەشە ماددی و خۆشگوزەرانییە نییە کە هەندێك لە کەسە دیارەکانی ناو حیجاز هەیانە و وایان دەبینی کە ناکرێ ملکەچی پێغەمبەرێك بن ئیلا مەگەر لە ناوادارەکانی چینی خانەدانەکانی هەردوو پایتەختی حیجاز بێت کە (مەککە و تائیف)ن، هەروەك چۆن خوای گەورە دەفەرموویێت: ﴿ وَقَالُواْ لَوۡلَا نُزِّلَ هَٰذَا ٱلۡقُرۡءَانُ عَلَىٰ رَجُلٖ مِّنَ ٱلۡقَرۡيَتَيۡنِ عَظِيمٍ ٣١ ﴾ الزخرف: ٣١

واتە: ((گوتیان: بۆچی ئەم قورئانە بۆ پیاوێکی گەورەی (ناودار و دارا) نەنێرراوەتە خوارەوە لەم دوو شارە کە (مەککە و طائیف)ن.))[١]

قسەی (ئیبراهیم سەکران) تەواو بوو لێرە.

بە درێژایی سەدەکان و بە درێژایی مێژوو بانگەوازیی پێغەمبەرایەتی تووشی هیچ بەڵایەك نەبووە گەورەتر لە بەڵای هەڵخەڵەتان بە هێزی ماددی، ئەمانە لەوە تێنەگەیشتوونە کە هیچ پەیوەندییەك نییە لەنێوان پێشکەوتنی ڕۆژئاوا و ڕاستی و درووستی بنەمای ئایینی.

پێشکەوتنی زانستی بۆ نموونە هاوشێوەی ئەو کەسەیە کە زیاتر خەرج دەکات، ئەو لایەنەی کە سپۆنسەری زیاتر دەکات! بۆیە داوای بەدەستهێنانی ئەوە مەکە تەنها لەبەر ئەوەی موسڵمانی و هیچی تر!

---

(١)ـ مآلات الخطاب المدني، إبراهيم السكران، بتصرف

هەروەها داوای بەهیلاكچوونی وڵاتان مەكە تەنها لەبەر ئەوەی كە بێباوەڕن!

﴿ وَمَا كَانَ رَبُّكَ لِيُهْلِكَ ٱلْقُرَىٰ بِظُلْمٍ وَأَهْلُهَا مُصْلِحُونَ ﴿١١٧﴾ ﴾
هود: ١١٧واتە: ((پەروەردگارت هەرگیز بە ستەم خەڵكی شار و دێهاتەكان لەناو نابات، لەكاتێكدا خەڵكەكەی چاكەخواز و چاكساز بن.))

ئەو كەسەی وا بیر دەكاتەوە كە ئێمە پێویستە سەربكەوین سەرەڕای ئەو تەمبەڵی و مشەخۆریەی كە تێیداندایە تەنها لەبەر ئەوەی موسڵمانین، هەروەها پێویستە ڕۆژئاوا دوابكەوێت سەرەڕای ئەو هەوڵ و تەقەلایەی دەیدەن تەنها لەبەر ئەوەی كافرن، ئەوە دوورترین كەسێكە لە تێگەیشتن لە سوونەتی خودا لە گەردووندا، لە تێگەیشتنی ئایەتەكانی لە پەڕتووكەكەیدا، چونكە دەقەكانی ناو قورئانی پیرۆز ئاماژە بۆ ئەوە دەكەن كە لەناوبردنی ئوممەتان بە دادپەروەری و عەدالەت دەبێت نەك بە زوڵم و ستەم، واتا بە زوڵم نا.

﴿ فَأَخَذَتْهُمُ ٱلصَّيْحَةُ بِٱلْحَقِّ ﴾ المؤمنون: ٤١

خوای پەروەردگار دەفەرمووێت: ﴿ وَمَآ أَهْلَكْنَا مِن قَرْيَةٍ إِلَّا لَهَا مُنذِرُونَ ﴿٢٠٨﴾ ذِكْرَىٰ وَمَا كُنَّا ظَٰلِمِينَ ﴿٢٠٩﴾ ﴾ الشعراء: ٢٠٨ - ٢٠٩

واتا: ((ئێمە هەر شار و شارۆچكەیەكمان كاول كردبێت بەبێ فرستادە و بێدارخەرەوە نەبووە. تا دابچڵەكێن و بیر بكەنەوە، بێگومان هەرگیز ئێمە ستەمكار نەبووین و نابین.))

بۆیە زاتی الله خۆی لەوە پاك كردووەتەوە لەوەی كە زوڵم بكات، ئەویش بەهۆی دادپەروەری تەواوەتی خۆیەوەیەتی لە سزاداندا، بۆیە سزاكەی تەنها ئەوانە دەگرێتەوە كە سەركەش و سەرەڕۆن و زوڵم دەكەن. هەر بۆیە قورتوبی لە تەفسیرەكەیدا ئەو بۆچوونەی هەبووە كە هاوبەش بۆ خوا بڕیاردان تەنها هۆكاری لەناو بردنی ئوممەتان نییە، ئیلا مەگەر هاوتا بێت لەگەڵ فەسادی و خەراپەكاری لەسەر زەویدا، یاخود بەهۆی ستەم كردنی نێوان بەندەكانەوە بێت، هەر وەك گوتەی خوای گەورە كە دەفەرمووێت:

﴿ وَمَا كَانَ رَبُّكَ لِيُهْلِكَ ٱلْقُرَىٰ بِظُلْمٍ وَأَهْلُهَا مُصْلِحُونَ ﴿١١٧﴾ ﴾
هود: ١١٧

ئەمە سونەتی خودایە لە گەردووندا، هیچ گۆڕانکارییەك بۆ سوننەتی خودا نادۆزیتەوە، کورتەی قسە ئەوەیە پێشکەوتنی، یاخود دواکەوتنی ماددی هیچ پەیوەندی بەوەوە نییە کە حەق و ڕاستی، یاخود ناحەق و بەتاڵ لای کێیە.

## ٣٩- چۆن دەزانیت کە موحەممەد (ﷺ) لەلایەن خوداوە نێردراوە؟

• بەڵگەکانی ئیعجاز واتای تەواوتری مەعنەوی دەبەخشن.

ئەرستۆ فەیلەسوفە، بە کۆی گشتی کارەکانی نەك بە ڕستەیەك کە گوتویەتی، یاخود تاکە شیکاریەکی فەلسەفی کە ئەنجامی داوە.

ئەپۆکرات پزیشکە، بە کۆی گشتی پرۆژە پزیشکییەکانی نەك بە تاکە نەشتەرگەریەك کە ئەنجامی دابێت.

بە هەمان شێوە بەڵگە گواستراوەکانی ئیعجاز بە واتای تەواوتری (دەماودەم کردنی) مەعنەوی دێت کە پێغەمبەرە (ﷺ).

لە یەکێك لە شەوەکاندا هەواڵی دا کە بایەکی زۆر توند هەڵدەکات و ڕێگری لە خەڵکی کرد بچنە دەرەوە، پیاوێك چووە دەرەوە و بایەك هەڵیگرت و لە شوێنێکی دوور فڕێیدا.[١]

هەروەها هەواڵی مردنی نەجاشی دا لەو ڕۆژەی مرد و نوێژیشی لەسەر کرد.[٢]

---

(١)ـ صحيح مسلم،حديث رقم ٣٣١٩
(٢)ـ صحيح مسلم،حديث رقم ١٣٣٣

هەروەها پێغەمبەر (ﷺ) هەواڵی دا عومەر و عوسمان و عەلی و تەڵحە و زوبێر -ڕەزای خوا لەسەر گشتیان بێت- هەموویان شەهید دەکرێن و لەسەر جێگا، یان بە هەر هۆکارێکی تر نامرن.

ڕۆژێکیان پێغەمبەری خوا (ﷺ) ڕۆیشتە سەر شاخی حەراء لەگەڵ ئەبوبەکر و عومەر و عوسمان و عەلی و تەڵحە و زوبێر، بەردەکەی ژێریان جوڵا، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: ((ئارام بەرەوە، ئەوەی لەسەرتە یان پێغەمبەرە یان ڕاستگۆیە یان شەهیدە.))[١]

هەروەها ١٥٠ فەرموودە هەیە کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) نزای تێدا کردووە و یەکسەر وەڵام دراوەتەوە و بە بەرچاوی خەڵکیشەوە بووە![٢]

جا بۆیە ڕاستگۆیی هاوتا لەگەڵ زۆری و جۆراوجۆری بەڵگەکان و هەواڵەکان دەربارەی داهاتوو و شاردراوەکان (غەیب)، هەموو ئەمانە بە واتای تەواوتری مەعنەوی دێت لە ڕاست بوونی پەیامەکەی.

خۆ گەر سەیرێکی ژیاننامەی بکەی و ئەوەت زانی کە ڕاستگۆیە و هەر بە ڕاستگۆش ناسراوە، تەنانەت بە دان پێدانانی سەرسەختترین دوژمنەکانیشی، هەرگیز درۆی نەکردووە و کاری نەشیاوی نەکردووە، دواتر دێت و تەحەدای خەڵکی دونیا دەکات بە پەڕتووکەکەی و بێجگە لە شمشێر هیچیان نییە بۆ بێدەنگ کردنی؛ کەواتە بێگومان پێویستە کە پێغەمبەر بێت.

هەروەها موعجیزە ماددیەکان و هەواڵدان لە شتە نادیارەکان لەلایەن پێغەمبەرەوە ﷺ زۆر واتای تر دەبەخشن. چونکە ڕاستییەتی بنەماکانی گێڕانەوەکان ڕوونە و ئەوانەی کە گێڕاویانەتەوەش ڕاستگۆترین و چاکترین کەسی سەر زەوین.

---

(١)ـ صحيح مسلم،حديث رقم ٢٤١٧

(٢) ـ ئەم فەرموودانە سعبدين عبدالقادر باشنفر کۆی کردوونەتەوە، لە پەڕتووکەکەی دا بەناوی (دلائل النبوة)،پەڕتووکەکەش لە (بڵاوکراوەکانی دار ابن حزم)ە.

ئەو کەسانەی کە ئەم موعجیزانەیان بۆمان گێڕاوەتەوە درۆیان نەدەکرد، چ جای ئەوەی درۆ بە دەم پێغەمبەرەوە بکەن لە کاتێکدا دەیانزانی هەر کەسێك بە ئەنقەست درۆ بەدەمیەوە بکات، ئەوا با شوێنی خۆی خۆش بکات لە ئاگر، هەروەك چۆن ﷺ ئاگاداری داوە.

هەربۆیە موعجیزەکانی ﷺ جێگیرە بە تەواوتری لەفزی و مەعنەوی.

هەندێك لە موعجیزەکانی ﷺ هەزاران سەحابە و دەیەها گێڕەرەوە ئامادەی بوونە، کەواتە چۆن هەموویان لەسەر درۆیەك کۆدەبنەوە؟

هەروەها گێڕەرەوەی هەواڵەکان، هەواڵیان داوە کە کۆمەڵێکی زۆری ئەوەیان بینیوە و هیچ کامیان بە درۆی نەخستۆتەوە، ئەم کۆدەنگیەش نیشانەی ڕاستی هەواڵەکانە. هەربۆیە ئەو فەرموودە ئاحادانە[١] بوونەتە حوجە و هەروەها فەرموودە متواترەکانیشی بوونەتە بەڵگەی حاشا هەڵنەگر[٢].

نموونەی ئەوەش: فەرموودەی پەرۆشی قەدی دارەکە، ئەوەش فەرموودەیەکی زۆر بەناوبانگ و متواترە کە پێغەمبەر ﷺ گوتاری دەخوێندەوە لەسەر قەدی دارێك، بەڵام کاتێك کە مینبەری بۆ دروستکرا و گوتارەکەی گواستەوە سەر مینبەرەکەی، قەدی دارەکە پەرۆشی خۆی نیشان دا بۆ پێغەمبەر ﷺ، وەك لاوانەوەی منداڵێك دەستی کرد بە لاوانەوە، بەردەوام بوو لە لاوانەوە و گریان هەتاوەکوو پێغەمبەر ﷺ لەباوەشی گرت ئەوکات بێدەنگ بوو.

ئەم فەرموودەیەش لە هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ ئەنەسی کوڕی مالیك، جابیری کوڕی عبدالله، عبداللەی کوڕی عەباس، ئوبەی کوڕی کەعب، ئەبی سەعید، سەهلی کوڕی سەعد، عائیشەی کچی ئەبووبەکر، ئومە سەلەمە گێڕاویانەتەوە.

---

(١) وەرگێڕ: فەرموودەی ئاحاد ئەوەیە ژمارەیەکی کەم لە هاوەڵەکان گێڕاویانەتەوە لە یەك کەس تا نزیکەی پێنج کەس، بەڵام فەرموودەی متواتر ئەوەیە ژمارەیەکی زۆر لە هاوەڵەکان گێڕاویانەتەوە.

(٢) ظاهرة نقد الدين في الفلسفة الحديثة،د. سلطان العميري،رسالة دكتوراة

ئایا دەکرێت ئەم کۆمەڵە زۆرە لە هاوەڵان کۆببنەوە لەسەر درۆکردن لە گێڕانەوەی هەواڵێکی هاوشێوەی ئەمەدا؟

## ٤٠- ئەو بەڵگە دیارانە چین کە ڕاستی پەیامەکەی (ﷺ) ئەسەلمێنن؟ ئەو بەڵگانەم ئەویٚ کە بە زانستیانە بتوانم لیٚی بکۆڵمەوە؟

أ- پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموویٚت: ((ما من عام بأقل مطراً من عام))[1]

واتا: ((هیچ ساڵێك بارانی لە ساڵێکی تر کەمتر نییە.))

واتا ڕێژەی باران بارین نەگۆڕە لە هەموو ساڵێکدا، ئەمەش ڕاستییەکی زانستیە کە زانایانی تووشی سەرسوڕمان کرد، وەك بلێی پێوەرێك و دەسەڵاتێکی ئیلاهی هەبێت بۆ ئەوەی ساڵانە ڕێژەی باران بارین نەگۆڕ بێت، لەوەش سەیرتر پێغەمبەری خوا ﷺ پێش ١٤٠٠ ساڵ هەواڵی بەم ڕاستییە داوە.

ب- لە فەرموودەیەکی تردا: ((أن أهل مكة سألوا رسول الله ﷺ أن يريهم آية، فأراهم القمر شقين،حتى رأوا حراء بينهما))

واتا: ((خەڵکی داوایان لە پێغـــەمبەری خـــوا کرد ﷺ کە نیشانە و موعجیزەیەکیان نیشان بدات، ئەویش مانگی بە دوو کەرتی نیشان دان.))

بەڵیٚ مانگ دوو کەرت بوو لە سەردەمی پێغەمبەردا ﷺ، پێغەمبەری خوا ﷺ بە ئەبوبەکری گوت شایەت بە ئەی ئەبوبەکر، موشریکەکانیش گوتیان جادووی لە مانگ کردووە تاکوو کردیە دوو لەتەوە.

فەرموودەکەش متواترە، پێغەمبەری خوا ﷺ سووڕەتی (القمر)ی لە شوێنە گشتی و قەرەباڵغەکاندا دەخوێندەوە وەك هەینییەکان و جەژنەکان تاکوو خەڵکی گوێیان لەو موعجیزانەی بێت ﷺ کە تێیدایە و ببێتە بەڵگەی ڕاستی پێغەمبەرایەتییەکەی.

---

(١)ـ السلسلة الصحيحة،الألباني، رقم الحديث ٢٤٦١

ئیبن کەسیر (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرموویێت: ((موسڵمانان کۆدەنگن لەسەر ئەوەی کە ئەو ڕووداوە لە سەردەمی خودی پێغەمبەردا (صلى الله عليه وسلم) ڕوویداوە، و چەندین فەرموودەی متواتر لە چەندین ڕێگا (طرق)ی جیاوازە دەربارەی ئەم بابەتە هاتوون تا وای لێبکات حاشا هەڵنەگر بێت لەلای کەسێك کە پێی گەیشتبێت و بە ووردی سەرەنجی دابێت.))[١]

ئەوەی جێی سەرسوڕمانە کە ئەم ڕاستییە لە سەردەمی ڕوودانی موعجیزەکە، لە هیندستان تێبینی کراوە. هەروەها هەر وەك باس دەکرێت هیندییەکان لە پەڕتووکەکانیاندا تۆماریان کردووە.[٢]

لە دەستنووسەکەدا هاتووە کە خەڵکی هیندستان شەق بوونی مانگیان بینیوە و لەنێوانیاندا پاشا شاکرواتی فارماس (Chakarwati Farmas)، ئەم موعجیزەیەش لە قۆناغەکانی دواتر بووە هۆکارێك بۆ موسڵمان بوونی خەڵکی مالیبار کاتێك کاروانی موسڵمانان تێپەڕ بوون بە لایاندا و هەواڵیان پێدان لەسەر ئەو ڕووداوە.[٣]

ج- هەواڵ دانی ئادەم کە کۆتا بەدیهێنراوە لەناو زیندەوەران.

ئەمەش ڕاستییەکی زانستیە کە کۆمەڵگەی زانستی دووبارەی دەکاتەوە و ئێستا بووەتە یەکێك لە پێشەکییە بەناوبانگەکانیان.

ئەم ڕاستییە بەشێکە لەوەی ئیسلام هەواڵی پێداوە، چونکە خودا ئادەمی لە کۆتا کاتژمێرەکانی دروستکراوەکاندا بەدیهێنا هەروەك لە فەرموودەی پێغەمبەر ﷺ دا هاتووە: ((خلق الله آدم يوم الجمعة))

((خودا ئادەمی لە ڕۆژی هەینی بەدیهێنا.))

---

(١) ـ البداية و النهاية ٣/١١٨.

(٢)ـ مخطوطة المركز الهندي بالمتحف البريطاني ١٥٢/٢٨٠٧-١٧٣.

(٣)ـ http://www.cyberistan.org/islamic/farmas.html

ASTANA

((وخلق آدم بعد العصر من يوم الجمعة، في آخر الخلق، في آخر ساعة من ساعات الجمعة، فيما بين العصر و الليل))[١]

((خودا ئادەمی لە عەسری ڕۆژی هەینی بەدی هێنا، لە دوای هەموو زیندەوەران، لە كۆتا كاتژمێری ڕۆژی هەینی، لەنێوان عەسرو ئێوارە.))

ئادەم كۆتا زیندەوەرە هەروەك گێڕەرەوەكان لەسەر بنەمای دەقی ئەم فەرموودەیە باسیان كردووە.

ئیبن جەریر دەڵێت لەبارەی ئەم ئایەتەوە: ﴿هَلۡ أَتَىٰ عَلَى ٱلۡإِنسَٰنِ حِينٞ مِّنَ ٱلدَّهۡرِ لَمۡ يَكُن شَيۡـٔٗا مَّذۡكُورًا ١﴾ الإنسان: ١

واتە: ((بەڕاستی ماوەیەكی زۆر لە ڕۆژگار بەسەر ئادەمیزادا هات كە شتێكی وانەبوو ناو ببرێت.))

لە موعەمەرەوە، ئەویش لە قەتادەوە دەڵێت: ((ئادەم سەلامی خوای لەسەر بێت كۆتا زیندەوەر بوو لە زیندەوەران كە بەدیهێنرا.))

زانستیش هەر وا دەیسەلمێنێت كە ئادەم لە كۆتایی زیندەوەران پەیدا بووە.

ئایا ئەمە بەڵگەیەكی ڕاستەوخۆ نییە لەسەر ئەوەی بەدیهێنەری مرۆڤ سروش و وەحی بۆ موحەممەد (ﷺ) ناردبێت؟

هـ- پێغەمبەری خوا ﷺ دەربارەی دروست بوونی كۆرپەلە دەفەرمووێت: ((من كلٍ يُخلق،من نطفة الرجل و من نطفة المرأة))[٢]

واتا: ((لە هەردووكی دروست دەبێت، لە ئاوی پیاو (سپێرم)، هەروەها لە ئاوی ئافرەتیش (هێلكە).))

---

(١) ـ صحيح الجامع،حديث رقم ٢٠٤٤٩.

(٢)ـ مسند إمام أحمد ٤٤٢٤

سەیرێکی گوتەی خوای گەورە بکە: ﴿إِنَّا خَلَقۡنَا ٱلۡإِنسَٰنَ مِن نُّطۡفَةٍ أَمۡشَاجٖ نَّبۡتَلِيهِ فَجَعَلۡنَٰهُ سَمِيعَۢا بَصِيرًا ﴿٢﴾﴾ الإنسان: ٢واتە: ((بێگومان ئێمە مرۆڤمان دروستکرد لە تێکەڵەیەك (لە سەرەمێکوتەیەکی بچووك و هێلکۆکەیەك) لە کاتێکدا دەمانەوێت تاقی بکەینەوە، هەر بۆیە دەزگای بیستن و بینینمان پێ بەخشی.))

(النطفة الأمشاج) بە کۆدەنگی گێڕەرەوەکان بریتییە لە تێکەڵەی: ئاوی پیاو و ئاوی ئافرەت.

لە کاتێکدا زانستی پزیشکی ئەو سەردەمە کە میراتی ئەرستۆ و هەروەها سەرچاوەی پزیشکی بەناوبانگی گالینۆس دەیانگوت کە بە دڵنیاییەوە تەنها ئاوی پیاو دەچێتە ناو منداڵدانی ئافرەت و کۆرپەکە گەورە دەبێت و لەسەر خوێنی سووری مانگانە کە پەنگ دەخواتەوە لە ناو منداڵدانی ئافرەتدا خواردن دەخوات.

وایان دادەنا ئافرەت بۆیە سووری مانگانەی ڕادەوەستێت لەکاتی سکپڕی دا، تاکوو کۆرپەلەکە لەسەر خوێنی سووری مانگانەکە خواردن بخوات. هەرگیز وابیریان نەدەکردەوە کە ئافرەتیش نطفەی هەبێت و هاوشێوەی پیاو بەشداری بکات لە منداڵ دروستکردن و سکپڕی.

تا ساڵی ١٧٧٥ نەدەزانرا کە ئافرەت بەشداری دەکات لە دروست بوونی کۆرپەلە، تاکوو لەسەر دەستی «Spallanzai and Wolff» ئەم ڕاستییە سەلمێندرا.

ئەم ڕاستیانە ئەوە دەسەلمێنن کە ئەمە تەنها سروشە و هیچی تر.

و- پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموویێت: ((ما من كل الماء يكون الولد))[١]

واتا: ((لە هەموو ئاوێکی پیاو منداڵ دروست نابێت.))

---

(١)ـ صحيح مسلم ٣٤٣٨

چونكە منداڵ لە هەموو ئاوی پیاوەكە دروست نابێت، بەڵكوو تەنها لە یەك تۆو(سپێرم) دروست دەبێت.

ز- ئیسلام كاهینییەتی و ئەستێرەناسی و خەت و خەتكاری لەسەر زەوی و ڕەشبینی بە پشت بەستن بە هەندێك ئەفسانەی حەرام كردووە، چونكە لە ڕووی زانستییەوە گشتی ئەفسانە و قسەی پووچە.

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموویت: ((إن الرقي،و التمائم،والتِوَلَةَ شركٌ))[1]

واتا: ((نزا و چاوەزار هەڵواسین هاوبەشی دانانە.))

هەموو ئەمانە هاوبەش پەیداكردن بۆ خوا و شتی پڕ و پووچن كە هیچ نرخێكیان نییە.

ئەمەش كۆتا ئەو شتانەیە كە زانست دانی پێدا ناوە.

د- پێغەمبەر ﷺ دەفەرموویت: ((كل ابن آدم يأكله التراب إلا عجب الذنب منه خُلق و فيه يُركب))[2]

واتا: ((هەموو لاشەی نەوەی ئادەم خۆڵ دەیخوات بێجگە لە (عجب الذنب)، چونكە هەر لەوەوە بەدیهێنراوە و هەر لەوەوەش دروست دەكرێتەوە لە ڕۆژی دواییدا.))

(عجب الذنب) (Primitive Streak) كۆرپەلە دروست دەكات و دواتر بچووك دەبێتەوە و لە ناوچەی ئێسكی كلك جێگیر دەبێت.

شریتی سەرەتایی یاخود (عجب الذنب) (Primitive Streak) لە هەفتە سەرەتاییەكانی سكپڕیدا چالاك بوونێكی سەرسوڕهێنەر چالاك دەبێت بۆ دروستكردنی كۆرپەلە و دروستكردنی خانە تایبەتمەندەكان و ئەمەش پێی

---

(١) صحيح الجامع حديث رقم ١٦٣٢

(٢)ـ صحيح مسلم ٢٩٥٥

دەگوترێت «شریتی سەرەتایی» یاخود پێی دەگوترێت «ڕێکخەری سەرەتایی» (Primary Organizer) کە بەشەکانی کۆرپەلە و ئەندامەکانی دروستدەکات. لە کۆتاییدا زۆر بچووك دەبێتەوە تا ئەوەی لە ناوچەی خوارووی ئێسکی کلك (بنی کلك) جێگیر دەبێت.

هەروەها ئەم (عجب الذنب)ە لە هەندێك لە زیندەوەران -گیانداری ئاو و وشکانی- جیاکراونەتەوە و کراونەتە ناو کۆرپەلەیەکی تر و دۆزراوەتەوە کە کۆرپەلەکەی تر دروست دەکات.

ط- پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: ((یوشك یا معاذ إن طال بك الزمان أن ترى ما ههنا قد مُلِيء جناناً))[1]

واتا: ((زۆری نەماوە ئەی موعاز ئەگەر تەمەن ڕێگەت پێ بدات، ئەوا دەبینیت ئێرە پڕ بووە لە باخ و بێستان.))

فەرموودەکەش لە بارەی ناوچەی تەبوکە، ئەمڕۆش ناوچەی تەبوك باخ و بێستانێکە کە پڕە لە هەموو بەروبوومەکان.

ي- خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿ وَجَعَلْنَا ٱلَّيْلَ وَٱلنَّهَارَ ءَايَتَيْنِ ۖ فَمَحَوْنَآ ءَايَةَ ٱلَّيْلِ وَجَعَلْنَآ ءَايَةَ ٱلنَّهَارِ مُبْصِرَةً ﴾ الإسراء: ١٢واتە: ((ئێمە دیاردەی شەو و ڕۆژمان کردووە بە دوو بەڵگە و نیشانە (لەسەر دەسەڵاتی خۆمان و بۆ حەسانەوە و ئەنجامدانی کاروبارتان و ڕاگرتنی پلەیەکی گەرمای لەبار بۆ ژیانتان)، ئینجا ئێمە تاریکیمان بەسەر دیاردەی شەودا هێناوە و دیاردەی ڕۆژیشمان بە ئاشکرا و دیار و بینراو سازاندووە.))

فەرموودەی خوای گەورە: فمحونا آية الليل (ئایەت و نیشانەی شەومان سڕیوەتەوە.)

واتا مانگ ڕووناك بووە دواتر ڕووناکیەکەی سڕاوەتەوە.

---

(١)ـ صحيح مسلم، ٧٠٦

ئەمەش هەمان ئەو ئایەتەیە کە هاوەڵان تەفسیریان بۆ کردووە ، ئیمام ئیبن کەثیر لە تەفسیرەکەیدا لە عەبدوڵای کوڕی عەباس (ڕەزای خوایان لێ بێت) دەگێڕێتەوە کە لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا فەرموویەتی: ((مانگ ڕووناکی دەبەخشی هەروەك چۆن خۆر ڕووناکی دەبەخشێت، ئەمە ئایەتی شەوە، کە سڕاوەتەوە.))

زانست ئەمڕۆ بە هەمان ڕاستی گەیشتووە، هەروەها دەزگای ناسا لە چەنالی فەرمی یوتیوبی خۆیەوە سەرەتاکانی تەمەنی مانگی بڵاوکردۆتەوە کە ئەوکات ڕووناکی بەخش و هەڵگیرساو بووە.(١)

ك- خوای گەورە هەواڵی داوە کە ئاسمان و زەوی لە شەش ڕۆژدا بەدیهێناوە و زەوی لە دوو ڕۆژدا بەدیهێناوە. ﴿ قُلْ أَئِنَّكُمْ لَتَكْفُرُونَ بِالَّذِي خَلَقَ الْأَرْضَ فِي يَوْمَيْنِ وَتَجْعَلُونَ لَهُ أَندَادًا ذَٰلِكَ رَبُّ الْعَالَمِينَ ﴿٩﴾ ﴾ فصلت: ٩

((ئەی پێغەمبەر ﷺ پێیان بڵێ: باشە ئاخر ئێوە باوەڕتان بەو زاتە نییە کە زەوی لە دوو ڕۆژدا دروست کردووە (هەڵبەتە ئەو ڕۆژانە مەگەر خوا خۆی بزانێت درێژی ماوەکەیان چەندە) و چەند هاوەڵێکیشی بۆ بڕیار دەدەن؟! ئەو بەدیهێنەر و دروستکارە، پەروەردگاری هەر هەموو جیهانیان و بوونەوەرە.))

کەواتە بەگوێرەی قورئان، تەمەنی زەوی ٢ لەسەر ٦ی تەمەنی گەردوونە.

واتا یەك لەسەر سێی تەمەنی گەردوون.

با ئێستا سەیری ئەوە بکەین زانست چی دەڵێت؟

تەمەنی گەردوون ١٣.٨ ملیار ساڵ.

تەمەنی زەوی ٤.٥ ملیار ساڵ.

واتا یەك لەسەر سێی تەمەنی گەردوون.

---

(١) https://www.nasa.gov/mission-pages/LRO/news/vid-tour.html

ASTANA

ئەمەش بەڵگەیەکی ڕاستەوخۆ و ئاسان و سانایە کە ئەو زاتەی قورئانی کردووەتە وەحی و سرووش، هەر ئەو زاتەیە کە بەدیهێنەری زەوی و ئاسمانەکانە!

ئەوە پەسەند بووە بە تەواوتر و دەما و دەم کە چەندان موعجیزە لەسەر دەستی یەك پیاو ڕوویان داوە، هەروەها هەواڵ دان بە شاراوە و پەنهانەکان و وردەکاری بابەتەکان لەلایەن ئەوەوە زانراوە. هەرەوەها ئەم پیاوە هەمان ئەوەی هێناوە کە پێغەمبەرانی پێش خۆی هێنایان.

جا بۆیە لوتکەی ژیری لەوەدایە کە دان بە پێغەمبەرایەتی ئەم پیاوەدا ﷺ دابنرێت.

## ٤١- چ ڕێگریەك هەیە کە بەتوندترین شێوە باوەڕ بەخوا بهێنیت و بێباوەڕ و کافر بیت بە بوونی پێغەمبەران - ڕبوبیەت - [1] ؟

• هیچ تاوانێك لەوە گەورەتر نییە مرۆڤ وەحی ئیلاهی ڕەت بکاتەوە بەسەر خودا!

﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ يَكۡفُرُونَ بِٱللَّهِ وَرُسُلِهِۦ وَيُرِيدُونَ أَن يُفَرِّقُواْ بَيۡنَ ٱللَّهِ وَرُسُلِهِۦ وَيَقُولُونَ نُؤۡمِنُ بِبَعۡضٖ وَنَكۡفُرُ بِبَعۡضٖ وَيُرِيدُونَ أَن يَتَّخِذُواْ بَيۡنَ ذَٰلِكَ سَبِيلًا ١٥٠ أُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡكَٰفِرُونَ حَقّٗاۚ وَأَعۡتَدۡنَا لِلۡكَٰفِرِينَ عَذَابٗا مُّهِينٗا ١٥١ ﴾ النساء: ١٥٠ - ١٥١واتە: ((بێگومان ئەوانەی باوەڕ بە خوا و پێغەمبەران ناهێنن و دەیانەوێت جیاوازی بکەن لە نێوان خوا و پێغەمبەرەکانیدا (گوایە باوەڕیان بە خوا هەیە بەڵام باوەڕیان بە پێغەمبەران نیە)، (یاخود) دەڵێن: باوەڕ دەهێنین بە هەندێك لە پێغەمبەران و باوەڕ بە

---

(١)ـ الربوبیة مەنهەج و بیروباوەڕێکی بێباوەڕییە کە بانگەشەی باوەڕهێنان بە بوونی خودایەکی بەدیهێنەر دەکات، بەڵام ناردنی پێغەمبەران و وەحی و سروش و پەڕتووکی ئاسمانی و هەموو دیاردەیەکی غەیبی ڕەت دەکاتەوە.

هەندێکیان ناهێنین و دەیانەوێت لەو نێوانەدا ڕێگە و بەرنامەیەك بۆ خۆیان بەدەست بهێنن... ئا ئەو کەسانە بەڕاستی هەر بێباوەڕن و سزایەکی سەر شۆڕکەرمان بۆ بێباوەڕان ئامادە کردوە.))

## ٤٢- باشە کە موعجیزەکانی ﷺ ئەوەندە مەزنە، ئەی بۆ بێباوەڕان ئەوەندە دژایەتی و دوژمنایەتیان دەکرد؟

• سەرانی بێباوەڕان ڕاستی پەیامەکەیان ﷺ یان چاك دەزانی، چونکە پەیامی تەوحید و یەکخواپەرستییە و لەگەڵ فیترەتیاندا ڕێك دێتەوە.

ئەی هەر ئەوان نەبوون کە لە یەکەم ڕۆژی ئاشکراکردنی پەیامەکەیدا پێیان گوت: «ئێمە هەرگیز درۆمان لە تۆ نەدیووە.»

تەنها ڕاستی و ڕاستگۆییمان لێت دیوە. [١]

ئایا هەرقل لەو گفتوگۆ دوور و درێژەیدا کە لەگەڵ ئەبو سوفیان ئەنجامیدا و لە سەرەتای صەحیحی بوخاریدا هەیە نەیگوت: «پرسیارم لێت کرد کە ئایا هەرگیز تۆمەتی درۆتان داوەتە پاڵی پێش ئەوەی بانگەشەی پەیامەکەی بکات؟ تۆش گوتت نەخێر،ئەوە دەزانم کە ئەو هەرگیز ئەو کەسە نییە کە واز لە درۆکردن بەدەم خەڵك بێنێت و درۆ بەدەم خواوە بکات.

دواتر هەرقل وتە ناودارەکەی خۆی گوت: «ئەگەر لە خزمەتی بوومایە قاچیم بۆی دەشۆرد".

ئەو کاتەش ئەبو سوفیان بێباوەڕ بوو.

کاتێکیش کە سەعدی کوڕی موعاز ڕەزای خوای لێ بێت و ئومەییەی کوڕی خەڵەفی بێباوەڕ گەیشتنە یەك، ئومەییە هەوڵی دا ڕێگری لە سەعدی کوڕی موعاز بکات کە تەواف بەدەوری ماڵی خوا بکات، سەعد لە

---

(١)ـ صحيح البخاري،حديث رقم ٤٧٧٠

ASTANA

ساتەوەختی موجادەلەكەدا فەرمووی: «پێغەمبەری خوا ﷺ هەواڵی داوە كە ئەو دەتكوژێت.»

ئومەییە ڕاوەستا و كەوتە لای قاچی و گوتی: «مەبەستت منە؟»

ئەویش فەرمووی: «بەڵێ.»

ئومەیە گوتی: «سوێند بە الله، موحەممەد درۆ ناكات گەر وای گوتبێت.»

دواتر گەڕایەوە لای هاوسەرەكەی و گوتی: «دەزانی برا یەثرببیەكەم چی پێ گوتم؟» ئەویش گوتی: «چی گوت؟» ئومەییە گوتی: «بانگەشەی ئەوە دەكات كە گوێی لە موحەممەد بووە گوتوویەتی كە ئەو دەمكوژێت.» هاوسەرەكەشی گوتی: «سوێند بە الله موحەممەد درۆ ناكات.» كاتێكیش دەرچوون بۆ شەڕی بەدر، بانگ كرا بۆ شەڕ، هاوسەرەكەی پێی گوت: «ئەی بیرت نییە برا یەثرببیەكەت چی پێ گوتیت؟» ئنجا ئومەییە ویستی لەسەر نەبوو دەرچێت بۆ شەڕ، بەڵام ئەبو جەهل پێی گوت: «تۆ لە كەسە بەناوبانگەكانی، یەك دوو ڕۆژ ڕێ بكە لەگەڵمان». ئەویش وای كرد و خوداش كوشتی.(١)

ئەوان ڕاستگۆیی ئەو ﷺ دووپات دەكەنەوە.

لە فەرموودەیەكی تردا كە بەیهەقی دەیگێڕێتەوە لە (سنن)ەكەیدا: ((لە موغەیرەی كوڕی شعبەوە دەگێڕێتەوە و دەڵێت: یەكەم جار كە پێغەمبەرم ناسی ﷺ ئەو كاتە بوو كە من و ئەبو جەهلی كوڕی هیشام بەناو بەشێك لە كۆڵانەكانی مەككەدا ڕێمان دەكرد، كاتێك كە گەیشتینە پێغەمبەری خوا، بە ئەبو جەهلی فەرموو: ((ئەی ئەبا الحكم، وەرە بەرەو خوا و پێغەمبەرەكەی، بانگت دەكەم بۆ لای خوا. ئەبو جەهل گوتی: ئەی موحەممەد ئایا تۆ وازت هێناوە لە جوێن دان بە خواكانمان؟ ئایا دەتەوێ ئیلا شایەتی بدەم كە

---

(١)ـ صحيح البخاري ٣٦٣٢

پەیامەکەت گەیاندووە؟ ئێمەش شایەتی بدەین کە گەیاندووتە؟ سوێند بە خوا ئەگەر بمزانیایە کە ئەوەی دەیلێی ڕاست و حەقە، شوێنت دەکەوتم. دواتر پێغەمبەری خوا بەجێی هێشتین. ئنجا ئەبو جەهل هاتە لام و گوتی: «سوێند بە خوا دەزانم ئەوەی ئەو دەیلێ ڕاستە، بەڵام شتێك ڕێگریم لێ دەكات كە بنی قصی گوتیان: «حەجاجە بۆ ئێمەیە». ئێمەش گوتمان: «باشە.» دواتر گوتیان: «ئاودانی حاجی هی ئێمەیە». ئێمەش گوتمان: «باشە.» دواتر گوتیان: «نەدوە بۆ ئێمەیە». ئێمەش گوتمان: «باشە». دواتر گوتیان: «لواء بۆ ئێمەیە». ئێمەش گوتمان: «باشە». دوای ئەوە ئەوان نانیان بەخشی، ئێمەش نانمان بەخشی. تا هاتنە سەر ئەوەی گوتیان: «پێغەمبەر لە ئێمەیە». دەی سوێند بە خوا باوەڕ ناهێنم.))

ئەی ئەو چیرۆكەی عەمری كوڕی عاص چەند سەیرە كە دەربارەی خۆی دەگێڕێتەوە لە سەردەمی نەفامیدا كاتێك كە گەیشتە لای موسەیلەمەی درۆزن، كە هاوڕێی بوو لە نەفامیدا، ئەوكات عەمر هێشتا موسڵمان نەبووبوو، موسەیلەمە پێی گوت: «خاك بەسەرت ئەی عەمر، چی بەسەر هاوڕێكەتان (مەبەستی پێغەمبەرە ﷺ) دابەزیووە لەم ماوەیەدا؟» عەمریش گوتی: «گوێم لە هاوەڵانی بووە سوڕەتێكی مەزنی كورت دەخوێننەوە». ئەویش گوتی: «چییە؟» عەمر گوتی:

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

﴿لِإِيلَٰفِ قُرَيْشٍ ﴿١﴾ إِۦلَٰفِهِمْ رِحْلَةَ ٱلشِّتَآءِ وَٱلصَّيْفِ ﴿٢﴾ فَلْيَعْبُدُوا۟ رَبَّ هَٰذَا ٱلْبَيْتِ ﴿٣﴾ ٱلَّذِىٓ أَطْعَمَهُم مِّن جُوعٍ وَءَامَنَهُم مِّنْ خَوْفٍۭ ﴿٤﴾﴾
قریش: ١ - ٤

موسەیلەمەش ساتێك بیری كردەوە و گوتی: «هاوشێوەی ئەوە بۆ منیش دابەزیووە.' جا عەمر گوتی: «چییە؟»

موسەیلەمەش گوتی: «یا وبر إنما أنت أذنان و صدر، وسائرك حقر نقر. پێت چۆنە ئەی عەمر؟» عەمریش گوتی: «سوێند بە خوا تۆش دەزانیت کە من دەزانم تۆ درۆ دەکەی.»

خەڵکان دانیان بە ڕاستگۆیی و پێغەمبەرایەتی ئەو دادەنا، بەڵام شتێك ڕێگری لێ دەکردن -خۆشەویستی دونیا و ئیرەیی-!

موعجیزە غەیبیەکانی لە هەزار زیاترە.

موعجیزە مەعریفییەکانیشی، زانیارینامەو ئینسکلۆپیدیاکان پڕ دەکەنەوە.

موعجیزە هەواڵدەرەکانیشی تا ئێستاش هەر دەبینین. ئەوانەشی کە ئەم موعجیزانەیان گێڕاوەتەوە، هاوەڵانی ئەون کە ڕاستگۆترینی خەڵکان و چاکترینیانن لە دوای خۆیەوە.

هەندێك لە موعجیزەکانی هەزارەها هاوەڵی خۆی حازر بوونە و بینیویانە وەکوو: هەڵقوڵانی ئاو لەنێوان پەنجە پیرۆزەکانیدا کە هەزار و پێنج سەد هاوەڵ دەستنوێژیان لێ گرت و لێیان خواردەوە. فەرموودەکەش متواترە و بوخاری و موسلیم گێڕاویانەتەوە.

هەروەها زۆرکردنی خواردنێکی کەم تا ئەوەی کە لەشکرێکی مەزن لێی بخوات ئەمەش بە هەواڵی متواتر و دەماو و دەم لە هاوەڵانەوە تا دوای خۆیان گێڕاویانەتەوە. هەر تەنیا بوخاری لە (صحیح) ەکەیدا خۆی لە پێنج شوێنی جیاواز ئاماژەی بە زۆرکردنی خواردن داوە.[1]

خۆ ئەگەر هەموو ڕێگاکانی ڕاستگۆیی لە پێغەمبەرایەتی ئەودا ﷺ کۆبووبێتەوە، دەی چۆن کەسێکی ژیر هەموو ئەمانە بە درۆ دەخاتەوە؟

---

(١) ـ البخاري ١٢١٧،البخاري ٢٦١٨،البخاري ٣٥٧٨،البخاري ٤١٠١،البخاري ٦٤٥٢ هەمووشی ڕووداوگەلێکی جیاوازن، ئەمە تەنها لە بوخاری.

ASTANA

## بەشی دووەم

## چۆن بوددییەك بانگ دەکەیت بۆ ئیسلام؟

### ١- بودیزم چییە؟

• بودیزم بریتییە لە: پەیڕەو و ئایینێك کە لە کۆمەڵێك بیروباوەڕ و دابونەریت و چەند چالاکییەکی ڕووحی جیاواز پێکهاتووە و دەدرێنە پاڵ بودا. بودیزم ئامانجی ئەوەیە کە دانایی و هۆشیاری و ڕزگاربوون لە ئەشکەنجە و ئازار بۆ مرۆڤ بەدی بهێنێت[1].

بودیزم خۆی لە بنەچەدا فەلسەفەیەکە دەیەوێت جۆرێك لە ڕووناکبیری -زانینی مانای ژیان و بوون- بەدی بهێنێت بە ئەنجامدانی کۆمەڵە چالاکییەکی خۆگرتنەوەی سۆفییانە و بیرکردنەوەی قووڵ و لێبووردەیی، ئەویش پێکهاتووە لە فەلسەفەیەکی پڕاوپڕ لە تێکەڵەی پاشماوەی ئایینەکان و بیروبۆچوونە مرۆییەکان و فەلسەفە عەقڵانییەکان.

### ٢- دیدی بودیزم چییە لە سەر بوون؟

• دید و بۆچوونی بودیزم بۆ بوون تا دوورترین مەودا و بە تەواوی تێڕوانینێکی ڕەشبینیانەیە. بوون لای ئەوان بارگرانی و بەڵایەکە و ژیان لایان ئەشکەنجەیەکە بۆ خۆی. بۆیە ئامانجی بودیزم ڕزگاربوونە لە دووبارەبوونەوەی لەدایکبوونەکان، کە ئەوان وای دەبینن کاتێك کە مرۆڤ دەمرێت، ئەوا لە لەشی گیاندارێکی تردا دووبارە دێتەوە ژیان، کە

---

(١)ـ قصة البوذية،دونالد لوبيز،ص٢٣٩.

لای ئەوان بە (سامسارا) ناسراوە. ئەمەش زۆر لە بیرۆکەی (تناسخ)ی هیندۆسەکان دەچێت، لای بوددییەکان، بە بەردەوامی زیندەوەران دووبارە لە شێوەی زیندەوەرانی تردا لەدایك دەبنەوە و ئامانج لە بودیزم ئەوەیە مرۆڤ بگاتە ئاستی (نیرڤانا)، (نیرڤانا) ش لە ڕێگەی خۆ ڕزگارکردن لەم دووبارە لەدایکبوونەوانە دەبێت.

جا لێرەدا تێڕوانینی بودیزم بۆ بوون و ژیان، تێڕوانینێکی ڕەشبینیانەیە.

چونکە ئامانجیان ڕزگاربوونە لە «هەبوون».

هەر بۆیە فەلسەفە ڕەشبینییەکانی جیهان لە نموونەی (شۆبنهاوەر و نیچە...) سەرچاوەی ڕەشبینییەکەیان، خوێندنەوەی پەڕتووکە بوددیەکان بوو [١]

ئەم تێڕوانینە ڕەشبینیانە، تێڕوانینێکی تەواو درۆینەیە؛ چونکە بوون و ژیان خێر و چاکەیەکی زۆری تێدایە هاوتا لەگەڵ بەخشش گەلێکی نەبڕاوە. ئەوەشی هەیە لە ئازار و ناخۆشی، تەنها بەشێکی کەمە و ئەویش لەپێناو دانایی و چاکەیەکی گەورەترە، هەردوو چاکە و خراپەش لە خولگەی بەرپرسیارێتی (تەکلیفی) ئیلاهی و حیکمەتی ئیلاهیدا دەخولێنەوە.

## ٣- دیدی بودیزم چییە بۆ ژیان و مردن؟

• بودیزم بەندە لەسەر ئەزەلی (بێ سەرەتا) بوونی لەدایکبوونەوە و ئەزەلیبوونی ژیان و مردن -زنجیرەیەکی نەبڕاوە و ناکۆتا لە لەدایکبوونەوەکان-، هەموو زیندەوەرێك پێشتر لە ناو زیندەوەرێکی تردا بووە کە دەناسرێت بە (سامسارا) و بەم شێوەیە تا ناکۆتایی.

---

(١)- پەڕتووکی (أصول البوذية)، ڕۆبێرت جیثین ،لا ٦٢. پەڕتووکەکەش لەم لینکەی خوارەوەیە:
https://www.academia.edu/8591067/The-Foundations-of-Buddhism-by-Rupert-Getthin

بودديیەکان ئەوەيان نەدەزانی کە ڕۆژێك لە ڕۆژان زانست ئەوە دەسەلمێنێت و ئەو مشتومڕە دەبڕێنێتەوە کە ژيان سەرەتايەکی هەيە، هەر خودی زەوی خۆی سەرەتايەکی هەيە و ئەزەلی نییە.

بە شێوەيەکی زانستی ئەوە سەلمێندراوە کە بوون و بوونەوەران بێ سەرەتا و ئەزەلی نییە و گەردوون سەرەتايەکی هەيە و زەوی سەرەتايەکی هەيە و خودی ژيانيش سەرەتايەکی هەيە.

ئەم داتا و زانيارييە زانستيانە دژيەکييەکی ڕاستەوخۆی هەيە لەگەڵ سەرچاوە و بنەمای ئايينی بوديزم.

## ٤- سەرچاوەی بیرۆکەی دووبارە لەدايکبوونەوە چییە لای بوددییەکان؟

• سەرچاوەکەی چەند وڕێنە و خەياڵ پڵاويەکە لەلای ئەوان و هيندۆسەکان ئەويش بە هۆکاری دانيشتنيان بۆ کاتێکی زۆر. لە بوديزمدا دانيشتنێك هەيە پێی دەگوترێت «دانيشتنی لوتس»، ئەم دانيشتنەش داهێنانی بودايە، دامەزرێنەری بوديزم. کە لەوانەيە بۆ ماوەی ١٨ کاتژمێر بەبێ خواردن و خواردنەوە دابنيشێت.

بەم شێوەيە، ئەم دانيشتنانە کاريگەری لەسەر بيرکردنەوە و بۆچوونيان دروستکردووە، هەر بۆيە تووشی وڕێنە و خەيال پڵاوی بوونە.

## ٥- بەڵگەت چییە لەسەر ئەوەی ئەم دانيشتنە درێژانە دەبێتە هۆکاری وڕێنەکردن؟

• ساتی بيرکردنەوە و قووڵبوونەوەی بودييەك دوای ١٨ کاتژمێر دانيشتن، دەبێتە هۆکاری تێکچوونی ئايۆنەکانی مێشك بە هۆکاری زۆر دانيشتن بەتايبەتی لەگەڵ نەخواردن کە ئەمە دەبێتە هۆکاری دابەزينێکی بەرچاوی گلوکۆزی خوێن -ئەمەش دەبێتە هۆی کۆمەڵە دەردانێکی نارێکی هۆڕمۆنی ئەندۆرفين (هۆڕمۆنی دڵ خۆشی)- سەرئەنجام هەستێکی تايبەت

دەبەخشێت، هاوشێوەی ئەو کەسەی کە گلوکۆز لە خوێنیدا بەکاردەهێنرێت، دوای ماوەیەکی زۆر لە بێدەنگییەکی تەواوەتی.[١]

هەر بۆیە ئەوەی کە بوددییەك دەیبینێت نزیکە لە وڕێنە یاخود بەنج کردنی مێشکی مرۆڤ.

بەڵام موعجیزە ڕاستەقینەکان و هەواڵە غەیبییەکانی پێغەمبەران لەناکاودا ڕوودەدەن بەبێ ئامادەکاری پێش وەختە، خەڵکانیش بە چاوی سەریان دەیبینن و شایەتی بۆ دەدەن.

## ٦- دیدی بوددییەکان بۆ دونیا چییە؟

• دونیا لای بوددیەکان تەنها کۆمەڵە لەرەلەرێکە نە ڕەق و نە شل و نە گاز بوونیان نییە، دونیا تەنها خەونێکە و بۆ ئەوەی بە ئاگا بێیتەوە، پێویستە ڕێچکەی بودیزم بگریتە بەر لە دژایەتی کردنی هەوا و ئارەزووەکانت.

جیهان بە گشتی لای ئەوان تەنها لەرەلەری شەپۆل و وزەیەکی ڕووت و قووتە، ئەمەش لەگەڵ ئەلفوبێی زانستی هاوچەرخدا یەك ناگرێتەوە، چونکە زانستی نوێ جیاوازی دەکات لەنێوان مادە و وزەدا، گۆڕان لە ماددەوە بۆ وزە یاخود بە پێچەوانەوە پێویستی بە چەند ڕێکارێکی جیاواز هەیە، جا بۆیە لێرەدا مادە و وزە هەردووکیان بوونیان هەیە، نەك وزە بە تەنها!

گەردوون تەنها وزەیەکی ڕووت و قووت یاخود کۆمەڵە لەرەلەرێك نییە، بەڵکوو مادە و وزەیە پێکەوە.

هەروەها مەرج نییە هەموو مادەیەکیش لەرەلەری هەبێ وەك بوددیەکان بیری لێ دەکەنەوە، بەڵکوو لە ڕووی زانستیەوە لەرەلەری مادە بەتەواوەتی

---

(١) https://pubmed.ncbi.nlm.nih.gov/8931651/ -.

(سایتی مەڵبەندی نیشتیمانی ئەمریکی بۆ توێژینەوە، سایتێکی حوکومییە و یەکێکە لە گەورەترین سەرچاوە پزیشکیەکان لە جیهاندا.)

ڕادەوەستێت لە حاڵەتی پلەی (دەرەجەی) سفری ڕەهادا -کاتێك کە پلەی گەرمی دادەبەزێتە سفری ڕەها، هەموو چالاکییەکانی ماددە بەتەواوەتی ڕادەوەستێت و گەیشتن بە پلەی سفری ڕەها گەیشتنێکی تیۆرییە بەڵام نەگۆڕە بە هاوکێشەی فیزیایی دروست-[١]

## ٧- تێڕوانینی بوددییەکان چۆنە دەربارەی بەدیهێنەر؟

• بوددییەکان باوەڕیان بە بەدیهێنەر نییە، هەروەها بوداش بە بەدیهێنەر و خودا نازانن، بەڵکوو باوەڕیان بە یەکێتی بوون (وحدة الوجود) هەیە، تا تێکەڵبوونی بەدیهێنەر و بەدیهێنراو جا بۆیە نە بەدیهێنەر بوونی هەیە و نە بەدیهێنراو.[٢]

ئەم فەلسەفەیە پێی دەگوترێت فەلسەفەی ((یەکێتیی بوون)) (( وحدة الوجود)).

چونکە لای ئەوان بوونەوەران و بەدیهێنەر هەردووکیان یەکن، هیچ جیاوازییەك نییە لەنێوان بەدیهێنەر و بەدیهێنراو، یاخود دروستکەر و دروستکراو، بۆیە پەیکەرەکانی بودا هەم بەدیهێنەرە و هەم بەدیهێنراو، تۆ بەهەمان شێوە هەم بەدیهێنەریت و هەم بەدیهێنراو. هەموو ئەوانەی لە بووندا هەیە لە هەمان کاتدا بەدیهێنەر و بەدیهێنراویشن -پاك و بێگەردی بۆ الله لەو قسە نابەجێیەی دەیکەن-.

ئەمەش دژیەکییە لەگەڵ سادەترین بنەماکانی زانست و عەقڵ و لێکۆڵینەوە، چونکە ئەو سەرکەوتنانەی کە فیزیایی ڕێژەیی (فیزیاء کوانتم) بەدەستی دەهێنێت گورزێکی کوشندەیە بۆ ئەم گریمانەیە -گریمانەی وەحدەتی

---

(١)- تدوير عجلة الحقيقة، التعليق على أول تعاليم بوذا، آجان سوكيتو

(٢)- الأوراق المجمعة في الدراسة البوذية، بادمانابه جيني

وجود-، میکانیکی ڕێژەیی دان بەوەدا دەنێت کە جیهان بەندە لەسەر ئەگەرێتی -بنەمای نادڵنیایی هایزەنبەرگ-.[١]

لە کاتێکدا یەکێتیی بوون لە جەبری «زۆرەملێیی» لە خۆ دەگرێت لە جووڵەدا هەروەها حەتمییەتی ماددی کە تێیدا بوون (وجود) هیچ هەڵبژاردەیەکی نییە لەنێوان جێگرەوە جیاوازەکاندا، بەڵکوو لە بوونێکی ماددی حەتمی نەگۆڕ پێکهاتووە کە هیچ هەڵبژاردن یاخود ئەگەرێك لە خۆ ناگرێت[٢]».

جا بۆیە بودیزم بەندە لەسەر بنەمای حەتمییەت و زۆرەملێیی (الحتمية و الجبرية)، بەڵام زانست بانگەشەی ئەگەرێتی (الإحتمالية) و هەڵەبوونی حەتمییەت دەکات.

پشتیوان بە خودا لە بەشی هیندۆسیەتدا، ڕەخنەیەکی تری زانستی پێشکەش دەکەین.

## ٨- کێشە چییە لە یەکێتی بوون (وحدة الوجود)دا؟

• یەکییەتی بوون، هەڵگەڕانەوەیەکی فیکری و مەعریفی گەورەیە، چونکە ئەم فەلسەفەیە وەڵامی گەورەترین پرسیارە بوونگەراییەکان ناداتەوە، بۆ نموونە:

جیهان لە کوێوە هاتووە؟

---

(١)- بنەمای نا دڵنیایی هایزەنبەرگ بەندە لەسەر ئەوەی کەوا ناتوانرێت شوێن و خێرایی تەنۆلکە بچووکەکان بزانرێت لەهەمان کاتدا، چونکە خولگەی ئەگەرێتی زاڵە لە هەموو ڕوویەکەوە، هەروەها بنەمای نادڵنیایی یاسایەکی گەردوونییە نەك بیردۆزێك بێت یاخود کێشەیەك بێت لە چاودێری کردنەکانمان یاخود کەموکوڕی بێت لە ئامێرە زانستییەکان، بەڵکوو بنەمایەکی گشتییە دان بەوەدا دەنێت کە بوونی ماددی (گەورە و سەرۆك) ی خودی خۆی نییە، بەڵکوو بەدڵنیاییەوە پێویستی بە چاودێری کردنی خودایەکی بەدیهێنەر هەیە لە هەموو کات و ساتێکدا.

(٢)- موسوعة الرد على الملحدين العرب، هيثم طلعت، مقال: الإنسان ليس مسيرا

کێ یاسای لەدایکبوونەوەی دووبارەی دارشتووە (گەر راست بێت)؟

کێ یاسای گەیشتن بە راستی لە رێگەی بیرکردنەوەی قووڵی دارشتووە؟

خۆ ئەگەر هەموو شتێك تەنها وزە و کردار و پەرچەکردار و لەرەلەر بێت، دەی کەواتە سەرچاوەی هەموو ئەمانە چییە؟

ئەی باشە بۆچی لەرەلەرە شتێکی تر نییە؟

ئەی لەدایکبوونەوەی دووبارە لە کوێوە سەری هەڵداوە؟

ئەم پرسیارانەی کە رووبەرووی وەحدەتی وجود دەبێتەوە وا لە بودیزم دەکات رووبەرووی دارمان ببێتەوە بەرانبەر ئەو ژیری و عەقڵەی کە لەم پرسیارە بوونگەراییە گەورانە دەکۆڵۆێتەوە.

## ٩- لاشەی مرۆڤ لە چی پێك دێت لە روانگەی بودیزمەوە؟

• تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت بوددییەکان وای دەبینن کە لاشەی مرۆڤ لە چوار توخم پێك دێت، ئەوانیش: خۆڵ، ئاو، هەوا، ئاگر.(١)

بەم جۆرە ئەلفوبێی زانستە سروشتییەکان دەدەنە قەد دیوار، هەرگیز بیریان لەوە نەکردۆتەوە کە رۆژێك لە رۆژان زانست بێهانایی و پووچەڵی ئەم دابەشکردنە یۆنانییە دەسەلمێنێت.

بیریان لەوە نەکردبووەوە کە رۆژێك دێت و ئەوە دەزانین کە هەموو توخمەکانی گۆی زەوی دەگەرێتەوە بۆ ١١٨ توخم کە لە خشتەی خولی مەندەلیف دا هەیە نەوەك خۆڵ، ئاو، هەوا، ئاگر.

ئەم بیرۆکەی خۆڵ و ئاو و هەوا و ئاگرە، ئێستا بووەتە بەشێك لە داستان و ئەفسانەکان.

---

(١) مصطلح الدهاتو في قانون بالي، بوذي، ص ٥٢٧

ئەوەی سەیرە، تاوەکوو ئەمڕۆش پەرستگای بوددیەکان -بۆ نموونە پەرستگای وات بوی بوزی لە تایلەند- هەوڵدەدات بۆ چەسپاندنی ئەم چوار توخمە.

بیر بکەوە!

لە سەیروسەمەرەی ئەفسانەکانیان وا بیردەکەنەوە کە ناوەندی وزە لە لەشی مرۆڤدا و سەرچاوەی هێز تێیدا لە نزیك (ناوك)یدا بوونی هەیە، بۆیە لەو هونەرە شەڕانەی کە لە بودیزمەوە وەرگیراوە دەبینین کەسەکە دەست دەکاتە نزیك ناوکی پێش ئەوەی دەست بە یاری کردن بکات[١].

ئەوان بەم شێوەیە هەموو زانستە توێکاریە نوێیەکان ڕەت دەکەنەوە، چونکە لە دەوروبەر و لە ژێری ناوکدا هیچ شتێك بوونی نییە بێجگە لە ڕیخۆڵەکان، هەروەها هیچ شتێك نییە لە لەشدا پێی بگوترێت سەرچاوەی هێز، چونکە (هێز) هیچی تر نییە جگە لە چالاکی ماسولکەکان ئەمیش بەندە لەسەر تێکڕای کالۆری و هێز و چالاکی ماسولکەکە.

## ١٠- لە دیدی ئەوانەوە جیهان چۆن پەیدا بوو؟

• بودا وای دادەنا کە جیهان لە چەند خولگەیەکی ناکۆتا و لەدایك بوونەوەی هەتاهەتایی و بوونەوەرانێکی ئەزەلی و بێ سەرەتا پێکهاتووە.[(٢)]

بەڵام زانستی هاوچەرخ هەڵەبوونی ئەم بۆچوونەی بەتەواوەتی سەلماند.

یەکێك لە گەورەترین بەڵگەکانمان کە گەردوون سەرەتای هەیە و کات سەرەتایەکی هەیە، یاسای دووەمی داینەمیکی گەرمییە، بۆ سادەکردنەوەی ئەم یاسایە:

---

(١) https://www.chakras.net/energy-centers/manipura/about-the-manipura-chakra

(٢) https://www.budsas.org/ebud/whatbudbeliev/297.htm (سایتی بوددی ڤیراڤادای ڤێتنامی کە تێیدا بابەتی ڕاهیبە بوددیەکانی ڤیرڤادا لە ڤێتنام بڵاو دەکاتەوە) .

گەر تۆ پەرداخێك ئاوی گەرمت هەبێت لە ژوورێکدا ئەوا گەرمییەکە لە ئاوە گەرمەکەوە دەچێتە ئاو و هەوای ژوورەکە تا ئەو کاتەی پلەی گەرمی ژوورەکە یەکسان دەبێت لەگەڵ پلەی گەرمی پەرداخەکە، ئا بەم شێوەیە ئەم یاسایە جێبەجێ دەبێت بەسەر هەموو شتێك لە گەردووندا و لە ساتێك لە ساتەکاندا گەرمیدا هەموو شتێك یەکسان دەبێت و ئا لەم کاتەشدا "مردنی گەرمیی گەردوون" ڕوودەدات.

خۆ ئەگەر گەردوون بێ سەرەتا بووایە ئەوا پێویستی دەکرد کە ئێستا ڕاوەستاو بێت -لە ڕووی گەرمییەوە مردوو بێت- بەڵام لە واقیعدا گەردوون لە ئێستادا لە حاڵەتێکی کەمێك کەمترە لە بەرزترین ئەنترۆپی، هێشتا نەگەیشتۆتە مردنی گەرمی. دەی کەواتە بێ سەرەتا و ئەزەلی نییە، بەڵکوو سەرەتایەکی جێگیری هەیە کە لەگەڵیدا (کات و شوێن) پەیدا بووە.

هەر بەو بۆنەیەوە یاسای دووەمی داینەمیکی گەرمیی یاسایە نەك بیردۆز!

یاسایەك جێبەجێ دەبێتە سەر هەموو شتێك، لە گەردیلەوە تا مەجەرەی کاکێشان!

بەڵکوو گەردوون لەسەر کەمترین ڕێژەی ئەنترۆپییە -ئەنترۆپی واتا گێژاو و هەرەمەکی- ئەمەش بە واتای ئەوە دێت کە پەیدابوونی هاوشێوەی پێشتری نەبووە -بەدیهێنراو-.

خۆ ئەگەر هەردووك بێ سەرەتا و ئەزەلی بوونایە ئەوا پێویستی دەکرد کە ئەنترۆپی بێکۆتا بێت.

ئەم یاسایە بووەتە زەبرێکی کوشندە کە زانست لە فەلسەفەیەکی ئایینی بدات و ئەم زەبرەش بەر بودیزم کەوت، چونکە ئەوە دەرکەوتووە کە گەردوون بەدیهێنراوە نەك بێ سەرەتا [1] .

---

(١) مقال للدكتور هيثم طلعت

## ١١- بودیزم بانگەواز بۆ چی دەکات؟

• بودیزم بانگەواز بۆ گۆشەگیری و خۆگرتنەوە و دوورکەوتنەوە لە گوناهکردن دەکات لە ڕێی قووڵبوونەوە لە بیرکردنەوە و دوورکەوتنەوە لە دونیا.

## ١٢ - چ کێشەیەك لە خۆگرتنەوەدا هەیە، ئەی ئەمە ڕێنموونی هەموو ئایینەکان نییە؟

• ڤێزەونی تاوان و سەرکۆنەکردنی ویژدان پێویستیەکانی تەکلیفی ئیلاهین لەناو ناخی مرۆڤدا، چونکە ئێمە زیندەوەرانێکی بەرپرس و موککەلەفین کە مانای گوێڕایەڵی دەزانین و هەست بە شوێنەواری گوناهـ و تاوان لە ناخماندا دەکەین.

بەڵێ، ئێمە بوونەوەرانێکین کە ڕەوشت دەناسین و دەزانین کەوا بەها و مانا ڕەوشتییەکان لە فیترەتماندا چەسپێندراون، چونکە: ﴿ فِطۡرَتَ ٱللَّهِ ٱلَّتِي فَطَرَ ٱلنَّاسَ عَلَيۡهَاۚ ﴾ الروم: ٣٠

واتە: ((ئەو فیترەتەی کە خودا مرۆڤەکانی لەسەر نەخشاندووە)).

یاخود ئەو ڕەنگ و نەخشە خوداییەی (الصبغة الإلهية) کە لەسەری داڕێژراوین ﴿ صِبۡغَةَ ٱللَّهِ وَمَنۡ أَحۡسَنُ مِنَ ٱللَّهِ صِبۡغَةٗۖ ﴾ البقرة: ١٣٨

واتە:((ئەم ئایین و بەرنامەیە) ئەو ڕەنگ و نەخشەیەیە کە خوا دایڕشتووە، کێ هەیە لە خوا چاکتر ڕەنگ و نەخشەی جوان بکێشێت و دایڕێژێت.))

لە بەرانبەر ئەم ڕەنگ و تەکلیف و فیترەتە ئیلاهییەدا مرۆڤ هەست بە پەشیمانی و دڵتەنگی و هەوڵی خۆپاککردنەوە دەدات، کاتێك کە هەڵدەستێت بە ئەنجامدانی تاوانێك یاخود کاتێك کە ستەم لە مرۆڤێك دەکات.

ASTANA

خودای گەورە لە کۆتا پەیامیدا –ئیسلام- ڕێنموونی خەڵکان دەکات بۆ داوای لێخۆشبوون و تەوبەکردن و گەڕاندنەوەی مافی ستەملێکراوان، بەم شێوەیە خودا لە گوناهەکە خۆش دەبێت و دەیسڕێتەوە.

بەڵام لە لایەکی ترەوە دەبینین لە ئایینی جوولەکەدا نێوەندگیری هەیە لەنێوان مرۆڤ و خوادا. مرۆڤەکە داوای لێخۆشبوون لە خودا دەکات لە ڕێی ڕۆیشتن بۆ خێمەی شەهادە یاخود بۆ هەیکەل لە قۆناغی دواتردا، هەروەها کەسی کاهین هەڵدەستیت بە داوای لێخۆشبوون بۆ بەندەکە تاکوو خودا لێی خۆش بێت، ئێمەش ناتوانین دڵنیا بین لەوەی کە ئایا ئەمە ئەو ڕێبازەیە کە خودا ناردوویەتی بۆ پێغەمبەران -بە هۆی دڵڕەقی جوولەکەوە- یاخود لە گۆڕانکاری و دروستکراوی دەستی خۆیانە!

چونکە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموویت: ((ما حدثكم أهل الكتاب فلا تصدقوهم ولا تكذبوهم.))[1]

واتا: ((هەر شتێك کە خاوەن پەڕتووك بۆتانی دەگێڕنەوە نە بە ڕاستی دابنێن و نە بە درۆیان بخەنەوە.))

ئا لێرەدا ئێمە ناتوانین دڵنیا بینەوە لەوەی کەوا لێرەدا ئەم ڕێبازی داوای لێخۆشبوونە لە ڕێگەی نێوەندگیری کاهینەکانەوە ئایا هەمان ئەوەیە کە خودا بە وەحی بۆ پێغەمبەرانی ناردووە، یاخود لە دەستکاریکردنی جوولەکە خۆیانەوەیە.

دواتر ئایینی مەسیحی هات و مەسیح بوو بە پەیکەری خودا، چونکە باوەڕهێنان بە مەسیح (سەلامی خوای لەسەر بێت) هۆکاری سڕینەوەی گوناهەکانە. بەم شێوەیە مەسیح بووە کاهینی هەتاهەتایی هەر وەك چۆن ئینجیلی دەستکاریکراو بانگەشەی بۆ دەکات[2] بەم شێوەیە ڕێبازی کەهنوتی جوولەکەیی هەڵوەشایەوە.

---

(١) السلسلة الصحيحة ٦ - ٧١٢

(٢) عبرانيين ٧ - ١٧

ASTANA

ئەوەش نازانین کە ئایا تەنها باوەڕهێنان بە مەسیح لەو سەردەمە پڕ مەینەتی و ئازارەی زوڵم و ستەمی ڕۆمانییەکان بووەتە هۆی ڕزگاری مرۆڤ لە تاوان یاخود ئەمەش تەنها دەستکردی مەسیحییەکان خۆیانە و پێویستە کە تەوبە بە تایبەتی بۆ لای خوا بکرێت و لە ڕێگەی کردەوەی چاکەوە بێت؟

خودا لە هەمووان زاناترە.

بە هەمان شێوە توێژەری ڕاستگۆ ناتوانێت بڵێ کە بودا کەسێکی فێڵباز یاخود ڕەتکەرەوەی ڕێبازی پێغەمبەرانە، کێ دەزانێت لەوانەیە بیرکردنەوەی قووڵ و پاککردنەوەی نەفس لە گوناهـ و ژیان بەسەربردن بە بیرکردنەوە هۆکاری نزیکبوونەوە لە خودا و سڕینەوەی تاوان نەبووە؟ یاخود لەوانەیە ئەمە شەریعەت و بەرنامەی ئەو وڵاتە بووبێت؟

بەتایبەتی کاتێك کە خودای گەورە دەفەرموویێت کەوا هیچ میللەتێك نەبووە ئیلا بێدارکەرەوە و ترسێنەرێکی بۆ هاتووە ﴿وَإِن مِّنْ أُمَّةٍ إِلَّا خَلَا فِيهَا نَذِيرٌ ﴿٢٤﴾﴾ فاطر: ٢٤

واتە:((هیچ گەل و نەتەوەیەکیش نەبووە کە فرستادە و بێدارکەرەوەیەکی بۆ ڕەوانە نەکرابێت.))

هەروەها زۆربەی هەرە زۆری پێغەمبەران هیچیان دەربارەوە نازانین ﴿وَلَقَدْ أَرْسَلْنَا رُسُلًا مِّن قَبْلِكَ مِنْهُم مَّن قَصَصْنَا عَلَيْكَ وَمِنْهُم مَّن لَّمْ نَقْصُصْ عَلَيْكَ﴾ غافر: ٧٨

واتە: ((بەڕاستی ئێمە پێش تۆ پێغەمبەرانی تریشمان ڕەوانە کردووە، هەیانە سەرگوزەشتە و بەسەرهاتیانمان بۆ گێڕاویتەوە، هەشیانە کە سەرگوزەشتە و بەسەرهاتیمان بۆ نەگێڕاویتەوە.))

چونکە خودا ١٢٤ هەزار پێغەمبەری ناردووە.

هەر لە فەرموودەی سەحیحدا هاتووە لە ئەبو زەڕەوە (ڕەزای خوای لێبێت) دەڵێت: ((قلت يا رسول الله: كم وفاء عدة الأنبياء؟ قال: مائة ألف و أربعة و عشرون ألفا والرسل من ذلك: ثلاثمائة و خمسة عشر،جما غفيرا))[١]

واتە: ((گوتم ئەی پێغەمبەری خوا: ژمارەی پێغەمبەران چەندە؟ فەرمووی: سەد و بیست و چوار هەزار پێغەمبەر (نبي) كە لەنێوانیاندا ٣١٥ دانەیان نێردراو بوون (رسول).))

ئێمە دەربارەی كەسایەتی خودی بودا ناتوانین هیچ شتێك بڵێین، ئەمەش ڕێباز و مەنهەجی دادپەروەرانەیە لە مامەڵەكردن لەگەڵ كەسەكان، بەتایبەتی كاتێك كە هیچ توێژەرێكی بودی چ جای كەسی تر ناتوانێت دڵنیا بێت لەوەی كە ئایا ئەم كردەوانەی بودا سەرچاوەكەی بودایە یاخود نا!

بەڵام ئەوەی دڵنیاین لێی ئەوەیە كە ئیسلام هەموو ئەو شەریعەت و بەرنامانەی هەڵوەشاندووەتەوە، نێوەندگیری و واستەی نێوان خودا و بەندەكانی نەماوە و سەردەمی قەشەیەتی تەواو بووە، هەروەها بیركردنەوە لە خودا و نیعمەتەكانی بووەتە یەكێك لە عیبادەت و پەرستشەكان، نەك ئەوەی كەوا تاكە خواپەرستی بێت.

خۆڕزگاركردن لە تاوان لە ئیسلامدا لە ڕێگەی تەوبە و پەشیمانی و گێڕانەوەی مافی ستەملێكراوانەوە دەبێت، نەك بە بیركردنەوەی قووڵ و بێدەنگی تەواوەتی مردوو ئاسا كەوا هیچ سەنەد و بەڵگەیەكی یەكلاكەرەوەی نییە لە وەحی ئیلاهییەوە!

---

(١) الحديث صححه الألباني في مشكاة المصابيح، صحيح ابن حبان ٣٦١

## ١٣ - چۆن کەسێکی بودی دەگاتە عیففەت و دونیا نەویستی؟

• لە ڕێگەی بیرکردنەوەی قووڵ و بێدەنگی تەواوەتی و خواردنی تەنها یەك ژەم لە ڕۆژێکدا.

## ١٤ - چ کێشەیەك لەم جۆرە بیردەکەنەوە قووڵانەدا هەیە ؟

• ئەو بیرکردنەوە قووڵەی کە لە بودیزمدا بوونی هەیە، زۆر لەوە باشتر لە ئایینە ئاسمانییەکاندا بوونی هەیە، یاخود لەوانەیە ئەم بیرکردنەوە قووڵەی ناو بودیزم پاشماوەی ڕێبازی پێغەمبەران بێت والله أعلم.

چونکە شەریعەت و ئایینە ئاسمانییەکان بانگەوازیان کردووە بۆ بیرکردنەوە و لێکۆڵینەوە بەڵام بە شێوەیەك بێت کەوا سەربکێشێت بۆ کارکردن و گوێڕایەڵی و هەوڵ و تێکۆشان، نەك وەك بێدەنگی مردووان. ﴿ أَوَلَمْ يَتَفَكَّرُوا فِي أَنفُسِهِم ۗ مَّا خَلَقَ اللَّهُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ وَمَا بَيْنَهُمَا إِلَّا بِالْحَقِّ وَأَجَلٍ مُّسَمًّى ۗ وَإِنَّ كَثِيرًا مِّنَ النَّاسِ بِلِقَاءِ رَبِّهِمْ لَكَافِرُونَ ﴿٨﴾ ﴾ الروم: ٨

واتە: ((ئایا ئەوە لە ناخی خۆیاندا بیرێکیان نەکردۆتەوە، کە خوا ئاسمانەکان و زەوی و هەرچی لە نێوانیاندا هەیە تەنیا بە حەق و سنووردار نەبێت دروستی نەکردوون؟ لە ڕاستیدا زۆربەی خەڵکی بێباوەڕن بە گەیشتنە خزمەتی پەروەردگاریان.))

چونکە بیرکردنەوەی حەق و ڕاستی ئەوەیە کە سەر دەکێشێت بۆ گوێڕایەڵی و ملکەچی بۆ خودای گەورە. ﴿ الَّذِينَ يَذْكُرُونَ اللَّهَ قِيَامًا وَقُعُودًا وَعَلَىٰ جُنُوبِهِمْ وَيَتَفَكَّرُونَ فِي خَلْقِ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ رَبَّنَا مَا خَلَقْتَ هَٰذَا بَاطِلًا سُبْحَانَكَ فَقِنَا عَذَابَ النَّارِ ﴿١٩١﴾ ﴾ آل عمران: ١٩١

واتە: ((ئەوانەی یادی خوا دەکەن لەکاتێکدا کە بەپێوەن یان دانیشتوون یان ڕاکشاوون (لە هیچ حاڵەتێکدا یادی ئەوزاتە فەرامۆش ناکەن)، هەمیشە

ASTANA

بیر لە دروستبوونی ئاسمانەکان و زەوی دەکەنەوە (بیر لە هەموو وردەکاریەك دەکەنەوە، سەرنجی هەموو دیاردەیەك دەدەن، سەرئەنجام دەڵێن): پەروەردگارا تۆ ئەم هەموو دروستکراوانەت بێ هودە و بێ ئامانج دروست نەکردووە، پاکیی و بێگەردیی شایستەی تۆیە، دە تۆش بمانپارێزە لە سزای ئاگری دۆزەخ.))

هەروەها هەموو ئەوەی لە گەردووندا بوونی هەیە بانگمان دەکات بۆ بیرکردنەوە و تێفکرین لە بەخششەکانی خودا. ﴿ وَسَخَّرَ لَكُم مَّا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِي ٱلۡأَرۡضِ جَمِيعٗا مِّنۡهُۚ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَأٓيَٰتٖ لِّقَوۡمٖ يَتَفَكَّرُونَ ﴿١٣﴾ ﴾ الجاثية: ١٣

واتە: ((هەرچی لە ئاسمانەکان و زەویدا هەیە بۆ ئێوەی ڕام هێناوە، بۆ خزمەتگوزاری ئێوە فەراهەمی هێناوە، هەموویشی تێکڕا بەخشش لەلایەن ئەو زاتەوە، بەڕاستی ئا لەو بەخشش و دیاردانەدا بەڵگە و نیشانەی زۆر هەن بۆ کەسانێك کە بیربکەنەوە.))

هەروەها ئەو ئایەتانەی کە هانمان دەدات بۆ بیرکردنەوە و تێفکرین زۆرن. ﴿ قُلِ ٱنظُرُواْ مَاذَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِۚ وَمَا تُغۡنِي ٱلۡأٓيَٰتُ وَٱلنُّذُرُ عَن قَوۡمٖ لَّا يُؤۡمِنُونَ ﴿١٠١﴾ ﴾ یونس: ١٠١

واتە: ((پێیان بڵێ: تەماشا بکەن و سەرنج بدەن: خوا چی دروست کردووە لە ئاسمانەکان و زەویدا، کەچی بەڵگە و نیشانە و ئاگادارییەکان سوودیان نییە بۆ ئەو کەسانەی کە باوەڕ ناهێنن و (ڕێبازی ئیمان ناگرنەبەر).))

﴿ وَٱخۡتِلَٰفِ ٱلَّيۡلِ وَٱلنَّهَارِ وَمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ مِنَ ٱلسَّمَآءِ مِن رِّزۡقٖ فَأَحۡيَا بِهِ ٱلۡأَرۡضَ بَعۡدَ مَوۡتِهَا وَتَصۡرِيفِ ٱلرِّيَٰحِ ءَايَٰتٞ لِّقَوۡمٖ يَعۡقِلُونَ ﴿٥﴾ ﴾ الجاثية: ٥ واتە: ((هەروەها لە جیاوازی شەوو ڕۆژدا، لەو ڕزق و ڕۆزییەی کە لە ئاسمانەوە خوا باراندوویەتی (وەك باران و تیشکی خۆرو گازەکان و... هتد، کە سەرچاوەی گەشەکردن و پێگەشتنی ڕوەك و هەموو زیندەوەرانە)، بەو هۆیەوە زەوی زیندوو کردەوە دوای وشکبوون و مردنی، هەروەها لە هاتوچۆ و گۆڕان و جووڵەی هەوادا،

ASTANA

لە هەر هەموو ئەوانەدا بەڵگە ونیشانەی زۆر هەن بۆ کەسانێك عەقڵ و بیر و هۆشیان دەخەنە کار.))

﴿ إِنَّ فِى خَلْقِ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ وَٱخْتِلَٰفِ ٱلَّيْلِ وَٱلنَّهَارِ وَٱلْفُلْكِ ٱلَّتِى تَجْرِى فِى ٱلْبَحْرِ بِمَا يَنفَعُ ٱلنَّاسَ وَمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ مِنَ ٱلسَّمَآءِ مِن مَّآءٍ فَأَحْيَا بِهِ ٱلْأَرْضَ بَعْدَ مَوْتِهَا وَبَثَّ فِيهَا مِن كُلِّ دَآبَّةٍ وَتَصْرِيفِ ٱلرِّيَٰحِ وَٱلسَّحَابِ ٱلْمُسَخَّرِ بَيْنَ ٱلسَّمَآءِ وَٱلْأَرْضِ لَءَايَٰتٍ لِّقَوْمٍ يَعْقِلُونَ ﴿١٦٤﴾ ﴾ البقرة: ١٦٤واتە: ((بەڕاستی لە دروستکردنی ئاسمانەکان و زەوی و ئاڵوگۆڕی شەو و ڕۆژدا و لەو کەشتیانەدا کە دەگەڕێن بە دەریادا و بەهۆیەوە سوود بە خەڵکی دەگەیەنن و لەو ئاوەی کە خوا لە ئاسمانەوە دەیبارێنێت و ئینجا بەهۆیەوە زەوی پێ زیندوو دەکاتەوە دوای وشك بوون و مردنی، هەروەها جۆرەها زیندەوەر و گیانلەبەر و مارو مێرووی لەسەر ڕووکاری زەویدا بڵاو کردۆتەوە و گۆڕاندن و هاتووچۆ پێکردنی باو شەماڵ و ڕاگیرکردنی هەورەکان لە نێوان ئاسمان و زەویدا، ئەمانە هەموو بەڵگە و نیشانەی بەهێزن بۆ ئەوانەی کە عەقڵ و بیر و هۆشیان دەخەنەکار و بیر لە دەسەڵاتی بێسنووری خوا دەکەنەوە.))

لە هەموو ئەمانەشدا بێجگە لە خاوەن ژیرییەکان (أولوا الألباب) کەسی تر بیرناکاتەوە و تێناگات. ﴿ وَمَا يَذَّكَّرُ إِلَّآ أُوْلُواْ ٱلْأَلْبَٰبِ ﴿٧﴾ ﴾ آل عمران: ٧

چونکە بیرکردنەوەی و تێفکرین عیبادەت و پەرستشە.

لە هەندێك لە پێشینی چاك دەگێڕنەوە کە دەیانگوت: «بیرکردنەوەی ساتێك باشترە لە پەرستشی ساڵێك.» (١)

چونکە تێفکرین هۆکاری گوێڕایەڵی و نزیك بوونەوەیە لە خودا و بیرکردنەوە لە نیعمەتەکانی و لە دانایی و ڕازیبوون بە قەزا و قەدەر و تەنها پشت بەستن بە ئەو لە کاتی ناخۆشی و نارەحەتی ڕۆژگاردا.

---

(١) اللؤلؤ المرصوع للقاوقجي،لا ٦٦

هەر خۆی بیرکردنەوە و تێفکرین عیبادەتێکی ئیسلامییە.

**١٥- ئایا کەسی بودی یەك ژەم خواردنی بەسە؟**

- بەڵێ.

لەگەڵ ئەوەشدا بە سواڵ پەیدای دەکات.

چونکە کەسی بودی نە کار و کاسبی دەکات نە هاوسەرگیری دەکات، هیچ شتێك ناکات جگە لە سواڵ کردنی یەك ژەم خواردن بە بەیانیان و بەسەربردنی هەموو ئەو کاتانەی لە حاڵەتی بیرکردنەوەی قووڵدا دەمێنێتەوە.

بودی لە تائیفەی ثیراڤادا وا دەکات.

هەروەها بودییەکانی تائیفەی ماهایانا ئەو کارە لەناو خانەی پەرستش ئەنجام دەدەن، لە حاڵەتی ڕەبەنایەتیدا.

چونکە ثیرڤادا مەرجی ئەوەی هەیە کە شوێن ڕێبازی ڕەبەنایەتی بکەویت تاکوو بگەیتە نێرڤانا، بەڵام لە ماهایانا بەسە بۆ ئەوەی کەسەکە بە ڕاهیبی بژییێت ئەگەر تەنها بۆ یەك ڕۆژیش بێت لە ژیانیدا.

**١٦- ئێ چ کێشەیەك هەیە لەم جۆرە خۆگرتنەوە و دونیا نەویستییە؟**

- دونیا نەویستی و خۆگرتنەوە لە بودیزمدا هەروەها دوورکەوتنەوە لە گوناهـ و تاوان لەو فیترەتەوەیە کە خودا خەڵکی لەسەر دروستکردووە، چونکە دوور کەوتنەوە لە گوناهـ و هەوڵی کردەوەی چاك لە بەخشش و دیارییەکانی خودان کە لەناو ناخی مرۆڤدان، چونکە نەفسی مرۆڤ مەیلی بۆ لای کاری چاك هەیە، ئەمەش دیارییەکی خوداییە، نەك لە خودی مرۆڤەوە بێت تاکوو منەتی پێ بکات!

بەڵام ئەوەی کەوا خۆگرتنەوە و تێفکرین ببێتە ئایینی ڕەش و ڕووتەکان و سواڵ کردن و وازهێنان لە کاروکاسبی و هاوسەر و منداڵ هەروەك چۆن

دەدرێتە پاڵ بودا کەوا هاوسەر و مناڵ و خێزانەکەی بەجێهێشتووە، ئەمە لە ڕەوشتی کەسانی ژیر و عاقڵ نییە و نادادپەروەرییە لەگەڵ بوونەوەران، هیچ شتێك نییە بێجگە لە بەفیڕۆدانی مافی ئەو کەسانەی کە مرۆڤ بەرانبەریان بەرپرسیارە. ئاخۆ گوناهی شازادە یاسوهارای هاوسەری بودا چییە کە نەگەڕایەوە لای، ئەی گوناهی مناڵەکەیان ڕاهولا چییە؟!

هەر چەندە کوڕەکەی ڕاهولا دواتر چووە لای باوکی هەر وەك باس دەکرێت، بەڵام ئەمە باوك لە بەرپرسیارێتی ڕزگار ناکات!

کەسی بودی نەك تەنها مافی ئەو کەسانەی کە بەرپرسیارە بەرانبەریان بەفیڕۆ دەدات، بەڵکوو خودی خۆشی دەبێتە مشەخۆرێکی هەژار کە دەبێت هەموو بەیانییەك چاوەڕێی کەسێك بکات تاکوو خواردنی پێ بدات، بودییەکان وای دادەنێن کە سواڵ کردن بۆ ئەوەیە کە سیفەتی خاکیبوون و هەژاری بەدەست بهێنرێت، ئەمەش بابەتێکی زۆر سەیرە هاوشێوەی ئەو دزەیە کە شانازی بە دزی کردنەوە دەکات تاکوو خۆی لە خەڵکی بشارێتەوەو خۆی ون بکات.

یەکێك لە دژیەکییە سەیرەکان ئەوەیە کە پەرستگا بودییەکان لە ئاڵتوون دروستکراوە، هەروەك چۆن پەیکەرێکی بودا هەیە لە ئاڵتوونی عەیار ٢٤ کە کێشی دەگاتە ٥.٥ تەن لە پەرستگای وات تریمیت لە شاری بانکۆك لە تایلەند[١] . ئەمە چۆن یەك دەگرێتەوە لەگەڵ بانگەوازی خۆگرتنەوە و دونیا نەویستی؟

---

(١) مجلة فرونتالين للفن البوذي، (الهند) مايو ١٩٨٩،لا ٧١

## ١٧- دەی چ کێشەیەك هەیە لەوەی کەوا جۆری ژیانمان لەسەر شێوازە سادەکەی بودیزم بێت؟

• کێ گوتوویەتی کە ئامانجی بوونمان لەم ژیانە ئەوەیە کەوا هەموو بەیانییەك ژەمێك خواردن سواڵ بکەین و ڕۆژە کە گشتی بەبێدەنگی بەسەر بەرین؟

کێ گوتوویەتی ئەمە ئامانجی سەرەکی بوونمانە لە ژیاندا؟

کێ گوتوویەتی کە ئێمە بۆ ئەوە هاتووینەتە ئەم دونیایەوە تاکوو پارچە قوماشێك بپۆشین و لە دانیشتنی لۆتس ئەنجام بدەین تا ئەو کاتەی مردن بەرۆکمان دەگرێت؟ (١)

تەنانەت نزمترین مێرووەکان لە بودییەکان هۆشیارترن لە بابەتی ئامانجی بوون و ئاوەدان کردنەوەی سەر زەوی و چاککردنی ژیان. دەبینی کۆمەڵانی مێروولەکان لە پێناو چاکەی خۆی و نەوەکانی زۆر بە قورسی کاردەکەن، دەبینی کەوا بەکتریا لە ڕیخۆڵەکان دەمێنێتەوە تاکوو سوود بگەیەنێت و سودیش وەربگرێت، ژیان بە سیستماتیکی بەرەو پێش دەچێت کەوا بێجگە لە کەسێکی عەقڵ پووچ نەبێت تێکی نادات.

بودیزم ئایینی بێکاری و تەمبەڵی و ناشارەزاییە دەربارەی مانای ژیان و ئامانجی بوون و سەرچاوە و هۆکارەکانی بوون! بودیزم نەزانینە بە هەموو بوونەوەران و گومانە لە هەموو شتێك لە بووندا!

## ١٨- بۆچی ناکرێت خۆڕزگارکردن لە سەمسارا لە خودی خۆیدا ئامانجێك بێت؟

• سەمسارا واتا: لەدایکبوونەوە دووبارەکان.

ئەم بیرۆکەیەش لە ڕووی زانستیەوە هەڵەیە، هەر وەك پێشتر باسمان لێوە کرد.

---

(١) الطريق إلى البوذية، يين شون و يونج هوينج

لەگەڵ ئەوەشدا، ئەم بیرۆکەیە لە ڕووی عەقڵیەوە زۆر پڕوپووچە، چونکە دان نان بەوەی کەوا لەدایکبوونەوە دووبارەکان ئازار و ئەشکەنجەیە هەر خۆی لە خۆیدا بانگەشەیەکی ڕەشبینیانە و کاڵفامییە، چونکە زۆربەی مرۆڤەکان کاتێك لێیان بپرسیت ئایا ئاواتەخوازی کە جارێکی تر لەدایك ببیتەوە و ژیان تاقی بکەیتەوە ئەوا زۆربەی هەرە زۆریان بەبێ دوودڵی دەڵێن: بەڵێ. بگرە لەوانەیە کە ئەگەر دوو هەڵبژاردەیان بدەنێ لەنێوان ئەو نێرڤانایەی کە هیچی لەبارەوە نازانن لەگەڵ لەدایکبوونەوە دووبارەکان، ئەوا لەدایکبوونەوە دووبارەکان هەڵدەبژێرن.

ئەی ئەگەر ئەوە بزانن کەوا نێرڤانا حاڵەتێکی نەزانراوە لە کۆتای هاتنی ئەشکەنجە و خۆشی. کێ هەیە خۆی بکاتە مەترسییەوە بۆ ئەم حاڵەتەی کە زۆر هاوشێوەی نەبوون (عدم)ە؟

دوای ئەوە ئەم تێڕوانینە ڕەشبینییەی بودیزم بۆ ژیان و ئەوەی کەوا بوون و ژیان هەمووی ئازار و ئەشکەنجەیە، تێڕوانینێکی تەواو درۆینەیە هەروەك پێشتر ڕوونمان کردەوە، چونکە بوون و ژیان چاکە و خێرێکی زۆر لە خۆ دەگرێت، هاوتا لەگەڵ بەخشش گەلێکی بێشوومار.

هەروەها ئەشکەنجەکە لە لەدایکبوونەوە دووبارەکان نییە، بەڵکوو ئەشکەنجەکە لە ترس لە عاقیبەتی نەزانراوەی نێرڤانایە. خۆ ئەگەر بودییەکان بیرێکیان لەوە بکردایەتەوە، ئەوا وازیان لە سواڵ کردن و بەفیڕۆدانی تەمەن بەدیار بیرکردنەوەی قووڵ دەهێنا!

خۆ ئەگەر جەوهەری هەموو ئەم تێفکرین و بیرکردنەوە قووڵانە لە پێناو دۆزینەوەی ئاشتی ناخی مرۆڤ و نەفس بێت، ئەوا یادی خوا کردن و ئیستیغفار و داوای لێخۆشبوون لە ئیسلامدا دەبێتە هۆکاری ڕازی بوونی پەروەدگار و چاککردنی ناخی مرۆڤ و دامەزراوەیی بەندە بەبێ ئەوەی پێویست بەم سواڵکردن و ئازاردانی گیانە هەبێت.

دوای ئەوە ئەم فەلسەفەیەی تێفكرین و بیركردنەوە قووڵە بۆ گەیشتن بە ڕووناكی كۆتایی ڕێگا، زمانێكە لەوانەیە هەندێك لە ڕۆشنبیر و توێژەران لێی تێبگەن، بەڵام زۆرینەی خەڵكی هیچ لەم فەلسەفە ئاڵۆزە تێناگەن، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە كە فەلسەفە هەر زوو تێكەڵ بە بودیزم بووە.

## ١٩- چ كێشە و عەیبەیەك هەیە لە دابڕان لە خەڵكی و خراپەكانیان، هەروەك چۆن ڕاهیبی بودی ئەنجامی دەدات؟

• لە بناغەی ڕەبەنایەتیی بودیزم ئەوەیە كەسی ڕاهیب كەم دەخەوێت و هیچ هەوڵ و تێكۆشانێك نادات لە پێناو هیچ شتێك و هیچ كۆ ناكاتەوە و خانوویەك دروست ناكات و كشتوكاڵ ناكات، بێجگە لە ژەمێك خواردن پێش دوانزەی نیوەڕۆ هیچی تر ناخوات لە ڕۆژێكدا. ڕاهیبی بوددی بەیانی زوو هەڵدەستێت و دەفرێكی بچووك دەگرێتە دەستی و لەبەردەم دەرگای خەڵكی ڕادەوەستێت و سواڵ دەكات تا ئەو كاتەی كەسێك دێت و بڕێك خواردن دەكاتە ناو دەفرەكەیەوە، دوای ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ پەرستگاكەی و ئەو خواردنە دەخوات و ئەوەی ماوەتەوە لە ڕۆژەكە گشتی بە بیركردنەوەی قووڵ بەسەر دەبات.

ئەمە ژیانی ڕاهیبی بوددییە!

ئەم ڕەبەنایەتیە مافی خەڵكی و كۆمەڵگە بەفیڕۆ دەدات، هەروەها مافی كەسی بودی خودی خۆی بەفیڕۆ دەدات بە حوكمی ئەوەی مرۆڤە و پێویستیی هەیە وەك خواردن و هاوسەرگیری و ئەوەی خودا حەڵاڵی كردووە ﴿ قُلۡ مَنۡ حَرَّمَ زِينَةَ ٱللَّهِ ٱلَّتِيٓ أَخۡرَجَ لِعِبَادِهِۦ وَٱلطَّيِّبَٰتِ مِنَ ٱلرِّزۡقِۚ قُلۡ هِيَ لِلَّذِينَ ءَامَنُواْ فِي ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَا خَالِصَةٗ يَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِۗ كَذَٰلِكَ نُفَصِّلُ ٱلۡأٓيَٰتِ لِقَوۡمٖ يَعۡلَمُونَ ٣٢ ﴾ الأعراف: ٣٢

واتە: (((ئەی پێغەمبەرﷺ پێیان) بڵێ: ئەوە كێیە پۆشاك و زینەت و جوانییە خواییەكانی لە بەندەكانی حەرام كردوە كە لە بنەڕەتدا خۆی بۆی

بەدیهێناون؟ هەروەها ئەوە کێیە ڕزق و ڕۆزییە چاك و پاکەکانی حەرام کردوە؟! بەو خەڵکە بڵێ: هەموو ئەو شتانە بۆ ئیماندارانە لە ژیانی دنیادا و لە کاتێکدا پاڵفتەن لە ڕۆژی قیامەتدا، ئا بەو شێوەیە ئایەت و فەرمانەکان ڕوون دەکەینەوە بۆ کەسانێك کە بزانن و هۆشیار بن.))

ئەم وێنە ڕەبەنایەتیە لە بودیزمدا زۆر گەورە کراوە.

پرسیارەکە لێرە ئەوەیە: ئەوە چ مانایەك دەگەیەنێت کە کەسی بوددی دوورەپەرێز بێت لە خەڵکی، ژیان لەسەر لوتکەی شاخ و شوێنە دوورەکان بەسەر بەرێت، ئەمە چ سوودێك بە خەڵکی دەگەیەنێت ؟

ئایینی ڕاستی ئەوەیە کە ئایینێکی جددی بێت و تێکەڵی خەڵکان ببێت و هەوڵی چاککردنیان بدات، نەك ئەوەی لێیان ڕابکات و بچێتە دۆڵ و بیابانەکان!

چونکە ئەوەی کەوا تێکەڵی خەڵکی دەبێت و ئارام دەگرێت لەسەر ئازاردان و ئەشکەنجەیان باشتر و چاکترە لەو کەسەی کەوا تێکەڵیان نابێت و ئارام ناگرێت لەسەر ئازار و ئەشکەنجەدانیان.(١)

ئەو کەسەی کەوا ژیان لەسەر خۆی قورس دەکات و جەستەی خۆی دەگرێتەوە لەو ڕزق و ڕۆزییە حەڵاڵانە ئەوا بەم شێوەیە مافی خەڵکی بەفیڕۆ دەدات دوای ئەوەی کەوا مافی خودی خۆی بەفیڕۆ داوە. لە ئەنەسی کوڕی مالیك دەگێڕنەوە (ڕەزای خوای لێبێت) دەڵێت کەوا پێغەمبەری خوا فەرمووی: ((لا تشددوا على أنفسكم فيشدد الله عليكم،فإن قوما شددوا على أنفسهم،فشدد الله عليهم،فتلك بقاياهم في الصوامع و الديار،﴿ وَرَهۡبَانِيَّةً ٱبۡتَدَعُوهَا مَا كَتَبۡنَٰهَا عَلَيۡهِمۡ ﴾ الحديد: ٢٧))

---

(١) صحيح سنن ابن ماجة حديث رقم ٣٢٧٣

واتە: ژیان لەسەر خۆتان قورس مەكەن، چونكە گەر وا بكەن، ئەوا خوداش قورسی دەكاتەوە لەسەرتان. چونكە قەومانێك پێش ئێوە ژیانیان لەسەر خۆیان قورس كرد، لە ئەنجامدا خوداش قورسی كردەوە لەسەریان. ئەوەتا دەبینن پاشماوەكانیان لە پەرستگا و دێرەكاندایە ﴿وَرَهۡبَانِيَّةً ٱبۡتَدَعُوهَا مَا كَتَبۡنَٰهَا عَلَيۡهِمۡ﴾ الحدید: ٢٧

واتە: ((بەڵام ئەوان ڕەبەنایەتی و دوورەپەرێزییان لە دنیادا كردە پیشەیان، وەنەبێت ئێمە ئەو حاڵەتەمان لەسەر فەرز كردبن.))

چونكە ڕەبەنایەتی مرۆڤ دەكاتە نێو ژیانێكی قورسەوە و هەندێك ماف دەفەوتێنێت، ئەمەش هەمان ئەوەیە كە بە تەواوەتی لە نموونەی بودیزمدا ڕوویدا، سەرئەنجام بەهیلاك چوون و مافی خۆیان و مافی خەڵكیشیان بەفیڕۆ دا.

## ٢٠- چۆن بەرزبوونەوەی ڕەوشت و دڵپاكی كردنی ئارەزوو بەدەست دەهێنین ئەگەر لە ڕێی دابڕانەوە نەبێت؟

•دووركەوتنەوە لە كۆت و زنجیری ئارەزوو و شەهەوات، یەكێكە لە گرنگترین سیفەتەكانی بودیزم، بەڵام لە قورئاندا ئەم سیفەتە بە شێوەیەكی وەها بوونی هەیە كە بتوانرێت لە ژیاندا بەئاسانی جێبەجێ بكرێت؛ خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿وَأَمَّا مَنۡ خَافَ مَقَامَ رَبِّهِۦ وَنَهَى ٱلنَّفۡسَ عَنِ ٱلۡهَوَىٰ ٤٠ فَإِنَّ ٱلۡجَنَّةَ هِيَ ٱلۡمَأۡوَىٰ ٤١﴾ النازعات: ٤٠ - ٤١

واتە: ((بەڵام ئەوەی لە پایە و شكۆی پەروەردگاری ترسابێت و حیسابی بۆ كردبێت و جڵەوی نەفسی گرتبێتەوە لە هەموو هەواو هەوەس و ئارەزوویەكی نادروست... بێگومان هەر بەهەشت جێگەی مانەوە و حەوانەوە و گوزەرانیەتی.))

هەر خۆی ترسان لە الله و كاركردن بە قورئان (الخوف من الجلیل و العمل بالتنزیل)، كەشتی ڕزگارییە لە ژیاندا!

لەمپەڕی نەفس ئەتوانرێت بەئاسانی و بەبێ ئەوەی پێویستی بەم تێفکرین قووڵە سووتێنەر و خۆگرتنەوە خنکێنەرەی بودیزم بکات، ببردرێت؛ چونکە بە تەنها لە ڕێگەی ئەنجامدانی کاری چاك و تێکەڵاوی خەڵك و ئارام گرتن لەسەر ئازارەکانیان و یارمەتی دانیان لە کاری چاکە دەبێتە هۆی شکاندنی کۆت و زنجیرەکانی نەفس و شەهەوات، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ فَلَا اقْتَحَمَ الْعَقَبَةَ ﴿١١﴾ وَمَا أَدْرَاكَ مَا الْعَقَبَةُ ﴿١٢﴾ فَكُّ رَقَبَةٍ ﴿١٣﴾ أَوْ إِطْعَامٌ فِي يَوْمٍ ذِي مَسْغَبَةٍ ﴿١٤﴾ يَتِيمًا ذَا مَقْرَبَةٍ ﴿١٥﴾ أَوْ مِسْكِينًا ذَا مَتْرَبَةٍ ﴿١٦﴾ ثُمَّ كَانَ مِنَ الَّذِينَ آمَنُوا وَتَوَاصَوْا بِالصَّبْرِ وَتَوَاصَوْا بِالْمَرْحَمَةِ ﴿١٧﴾ أُولَٰئِكَ أَصْحَابُ الْمَيْمَنَةِ ﴿١٨﴾ ﴾ البلد: ١١ - ١٨

واتە: ((کەچی (زۆربەی ئەو خەڵکە) نەیتوانی بەسەر کۆسپ و لەپەرەکاندا زاڵ ببێت و ڕێگای سەرفەرزای بگرێتە بەر. جا تۆ چوزانی ئەو کۆسپ و لەمپەرانە کامانەن؟!...ئازادکردنی بەندە و کۆیلەیە (یان ئازادکردنی گەردنی خۆیەتی لە گوناهـ و یاخیبوون و سەرکەشی)، یاخود خۆراك بەخشینە لە ڕۆژێکدا کە گرانی و برسێتی هەبێت. بەتایبەتی بەو هەتیوەی کە خزمایەتی هەیە لەگەڵیدا. یان بە هەژارێك کە لە هەژاریدا لەسەر خاك دانیشێت، یان پەککەوتە و کەفتەکارێك. سەرەڕای ئەوانەش ئادەمیزاد دەبێت لەوانەبێت کە باوەڕیان هێناوە و ئامۆژگاری یەکتریان کردووە لەسەر خۆگری و ئارامگری و هەروەها ئامۆژگاری یەکتریان کردووە لەسەر بەزەیی و میهرەبانی. (ئەوانەی بەو سیفەتە جوانانە خۆیان دەڕازێننەوە) ئەوانە دەستەی ڕاست و (دەستەی بەختەوەرانن).))

بەڵێ هەوڵدانی ڕاکردن لە نەفس و ئارەزووەکانی، هەوڵدانێکی بەهێزە لە قورئانی پیرۆزدا، بەڵام هەوڵدانێکە شایستەی ئەوەیە کۆمەڵگەیەك بونیاد بنێت و خێزانێك دروست بکات بەبێ ئەوەی مافی کەسی تێدا بفەوتێت.

سا لە کۆتاییدا سوپاس بۆ خوا لەسەر نیعمەتی ئیسلام!

## ٢١- ئایا بودا کەسێکی بێباوەڕ بووە؟

• لەوانەیە کەسێك بڵێ بودا هیچ شتێکی دەربارەی خودا بۆمان باس نەکردووە لەو شتانەی لە ئەوەوە دەیگێڕنەوە و بێدەنگ بووە کاتێك کە دەربارەی خودا پرسیاری لێ کراوە!

بەڵام کێ دەڵێ ئەم تاکە وتەیە ڕاستە دەربارەی بودا؟

کێ دەڵێت کەوا یاسای بالی هەموو ئەو شتانەی تێدایە کە بودا گوتوویەتی؟

ئەی کێ گوتوویەتی بێدەنگبوون لە ئاستی قسەکردن دەربارەی خودا دەرچوونە لە دین یاخود بێباوەڕیە؟

ئایینە پێشینەکان زاتی ئیلاهیان زۆر بەرز و پیرۆز ڕادەگرت، جوولەکە لەو سەردەمەدا تەقوا و لەخوا ترسانێکی زۆریان هەبوو -وەك باس دەکرێت- کەوا ناوی (الله) یان نەدەهێنا، لەجیاتی ئەوەی بڵێن مەلەکوت الله دەیانگوت مەلەکوت ئاسمانەکان[١] .

جا بۆیە باسی قسەنەکردنی بودا دەربارەی خودا ئەگەر ڕاست بێت هیچ مانایەکی نییە و نامانگەیەنێتە هیچ دەرەنجامێك.

بەڵکوو لەوانەیە کەسێك بڵێت زۆر قسە نەکردنی بودا دەربارەی زاتی ئیلاهـی هۆکارەکەی ترسان بێت لە دەستکاری کردن و هەڵە تێگەیشتن، بەتایبەتی کە کۆمەڵگەی هیندی زۆرجار نوقمی نێو بت پەرستی بووە دوای هاتنی یەکخواپەرستی و تەوحید.

بەڵام بەدڵنیاییەوە گەر بودا شوێنکەوتەی پێغەمبەران یان قوتابی ئەوان بووبێت یاخود هەر خودی خۆی پێغەمبەرێك بووبێت وەك هەندێك کەس باسی دەکەن، ئەوا بەدڵنیاییەوە خەڵکی بانگ کردووە بۆ پەرستنی خودا و

---

(١) وشەی مەلەکوت ئاسمانەکان بە تەنها لە ئینجیلی مەتا ٣١ جار هاتووە

بە یەك دانانی ﴿ وَمَآ أَرۡسَلۡنَا مِن قَبۡلِكَ مِن رَّسُولٍ إِلَّا نُوحِيٓ إِلَيۡهِ أَنَّهُۥ لَآ إِلَٰهَ إِلَّآ أَنَا۠ فَٱعۡبُدُونِ ﴿٢٥﴾ ﴾ الأنبياء: ٢٥

واتە: ((ئێمە پێش تۆ هیچ پێغەمبەرێكمان ڕەوانە نەكردووە، كە وەحیمان بۆ نەناردبێت بەوەی كە: بێگومان هیچ خوایەك نیە جگە لە من و دەبێت هەر من بپەرستن.))

ئەمە ئامانجی هەموو پێغەمبەرانە، هەر ئەمەش بەرزترین و پاكترین بانگەوازە لە بووندا.

## ٢٢- ئایا هەر بە جددی بودییەكان بودا ناپەرستن هەروەك چۆن نەیارەكانیان تۆمەتباریان دەكەن؟

• بودییەكان دەڵێن: سیدهارتا گوتاما بودا گەیشتە ڕووناكییە تەواوەتییەكە.

لای بودییە هاوچەرخەكان بودا نە خودایە، نە كوڕی خودایە و نە پێغەمبەریشە.

بەڵكوو مرۆڤێكی تەواوە.

هیچ بت پەرستییەك لای بودییەكان نییە، گەر كەسی بودی ویستی لێ بوو خۆی گەرم بكاتەوە ئەوا دەتوانێت پەیكەری بودا بكاتە ناو ئاگرەوە تاكوو خۆی پێ گەرم بكاتەوە.

كڕنووش بردنیش بۆ بودا جۆرێكە لە بەگەورە دانانی زیاد لە پێویست.

پەیكەری بوداش كە لە هەموو شوێنێكی ماڵ و پەرستگا و هۆتێلی بودییەكاندا بوونی هەیە، بە هەمان شێوە جۆرێكە لە بە پیرۆز ڕاگرتنی زیاد لە پێویست.

ئەو گوتەیەشیان هەیە كە دەڵێن: «بودا دەكەمە پەناگەی خۆم.» ئەوە بە هۆكاری ڕێزگرتنە لەو كارەی كە لەسەر زەوی ئەنجامی دا.

ئەوان بەبەردەوامی ئەم شتانە دەڵێن بۆ بەرگریكردن لە ئایینەكەیان.

بەڵام كێ دەڵێت كەوا عیبادەت و پەرستن تەنها ئەوەیە كەوا بودا بە بەدیهێنەر و كردگار دابنرێت؟

كێ دەڵێت بەندایەتی كردن و پەرستن ئەوەیە كەوا تەسبیحات بۆ بودا بكرێت ؟

شێخی ئیسلام ئیبنو تەیمییە (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرمووێت: ((هەر كێ وا تێبگات كەوا بت پەرستەكان باوەڕیان وایە كە بتەكانیان جیهان دروست دەكات و باران دەبارێنێت و گەشە بە ڕووەك دەكات و زیندەوەران بەدی دەهێنێت هتد... ئەوا ناشارەزایە لەبارەیانەوە، چونكە مەبەستی ئەوان لە پەرستنی بتەكانیان هەمان مەبەستی گۆڕ پەرستەكانە.))[١]

هەر خۆی لە خۆیدا گوێڕایەڵی كردنی بودا لە هەموو فەرمان و ڕێگری كردنێك بەندایەتی كردنی تەواوەتییە با هەر چەندە بە خودا یان كوڕی خودای دانەنێن.

باوەڕهێنان بە فێركارییەكانی بودا و دانانی بە مەرجەع و سەرچاوە لە هەموو فەرمان و ڕێگرییەك هەروەها جێبەجێ كردنی هەموو وتەكانی بەبێ ئەوەی بیداتە پاڵ خودا هەر خۆی لە خۆیدا ئەمە بەندایەتی بۆ كردن و پەرستن و بە خودا دانانییەتی.

خودا لە بارەی مەسیحییەكان دەفەرمووێت: ﴿ ٱتَّخَذُوٓاْ أَحۡبَارَهُمۡ وَرُهۡبَٰنَهُمۡ أَرۡبَابٗا مِّن دُونِ ٱللَّهِ وَٱلۡمَسِيحَ ٱبۡنَ مَرۡيَمَ وَمَآ أُمِرُوٓاْ إِلَّا لِيَعۡبُدُوٓاْ إِلَٰهٗا وَٰحِدٗاۖ لَّآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَۚ سُبۡحَٰنَهُۥ عَمَّا يُشۡرِكُونَ ٣١ ﴾ التوبة: ٣١

---

(١) مجموع الفتاوى ١- ٣٥٩

واتە: ((گاور و جوولەکە) حاخام و قەشەکانی خۆیان کردۆتە پەروەردگاری خۆیان لەجیاتی خوا (ملکەچ و فەرمانبەرداریانن، ئەوانیش بەئارەزووی خۆیان شتیان بۆ حەڵاڵ یان حەرام دەکەن) هەروەها مەسیحی کوڕی مەریەمیش (بەکوڕی خوا دەزانن) لەکاتێکدا کە فەرمانیان پێنەدراوە جگە لە پەرستنی تاکە خوایەك، بێگومان جگە لەوزاتە خوایەکی تر نیە، پاکی و بێگەردی و ستایش بۆ ئەو زاتەیە، کە (ئەو نەفامانە) هاوەڵی بۆ بڕیار دەدەن.))

لەگەڵ ئەوەی کەوا گاور و جووەکان حاخام و قەشەکانیان ناپەرستن، بەڵام لە هەموو فەرمان و ڕێگرییەك بەقسەیان دەکەن، بەبێ ئەوەی قسەکانیان هیچ سەنەد و بەڵگەیەکی لە وەحی ئیلاهییەوە هەبێت، ئا ئەمەش کۆتا پلەکانی عیبادەت و پەرستنە.

هەر بۆیە کاتێك کە عەدی کوڕی حاتەم هاتە خزمەت پێغەمبەری خوا ﷺ، پێش موسڵمان بوونی، هەڵگری ئایینی مەسیحییەت بوو کاتێك کە گوێی لە پێغەمبەری خوا ﷺ بوو ئەم ئایەتەی دەخوێندەوە فەرمووی: ((یا رسول الله إنهم لم یعبدوهم فقال بلی إنهم حرموا علیهم الحلال و أحلوا لهم الحرام فاتبعوهم فذلك عبادتهم إیاهم))

واتە: ((ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ ئەوان نەیان دەپەرستن. فەرمووی: بەڵێ دەیان پەرستن، چونکە ئەوان حەرامیان بۆ حەڵاڵ دەکردن و حەڵاڵیان بۆ حەرام دەکردن ئەوانیش دوایان دەکەوتن ئا ئەوەیە پەرستنی قەشەکانیان.)) هەروەها لە ڕیوایەتێکی تردا پێغەمبەری خوا ﷺ لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا دەفەرمووێت: ((ئەوان نەیان دەپەرستن، بەڵکوو کاتێك کە شتێکیان بۆیان حەڵاڵ بکردبایە ئەوانیش بە حەڵاڵیان دەزانی، کاتێکیش شتێکیان بۆیان حەرام بکردبایە ئەوانیش بە حەرامیان دەزانی.))

ئا ئەمەیە پەرستنی تەواوەتی.

## ٢٣- ئایا بودیزم بە ئایینێکی بت پەرستی دەبینیت؟

• هەموو چاکسازی خوازان و پێغەمبەران و بانگخوازە ڕاستگۆکان دژایەتی هیچ شتێکیان نەکردووە هێندەی بت پەرستی، ئەو بت پەرستییەی کە ئەنجامدانی گوناهیان بۆ ئاسان دەکات و پەرستگای بت پەرستان دەبێتە مەڵبەندی کاری خراپ و ئەنجامدانی کارە قێزەونەکان و میحرابێك بۆ ئەنجامدانی زوڵم و ستەم، هەروەك چۆن مێژووی ئایینە کۆنەکان پێمانی دەڵێن.

چونکە (بت) وەك پەردەیەکی لێ دێت بۆ ڕاکردن لەو بەرپرسیارێتییە شەرعییەی کە خودا فەرمانی پێ کردووە، کەسی بت پەرستیش هەوڵ دەدات کە لە پشت ئەم بتەوە خۆی حەشار بدات و بیکاتە بەهانەیەك بۆ ئەنجامدانی کوفر و تاوانەکانی.

دوای ئەوە کەسی بت پەرست دێت ئەم بتە دەکاتە هاوبەشی الله لە بەدیهێنان و فەرمان دەرکردن، دواتر ئەم بتە دەکاتە ئایینێك، بگرە لەوەش زیاتر ئەوەیە لە خودا نزیك دەبێتەوە لە ڕێگەی ئەم بتەوە و ئەمەش پڕاوپڕە لە کوفر و درۆ هەڵبەستن بۆ پەیامی خودا و تەکلیفی ئیلاهی و ئامانجی بوون و ژیان!

هەر بۆیە خودای گەورە ئەم بت پەرستانەی بە بێباوەڕ و درۆزن ناوزەند کردووە ﴿ أَلَا لِلَّهِ ٱلدِّينُ ٱلْخَالِصُ ۚ وَٱلَّذِينَ ٱتَّخَذُوا۟ مِن دُونِهِۦٓ أَوْلِيَآءَ مَا نَعْبُدُهُمْ إِلَّا لِيُقَرِّبُونَآ إِلَى ٱللَّهِ زُلْفَىٰٓ إِنَّ ٱللَّهَ يَحْكُمُ بَيْنَهُمْ فِى مَا هُمْ فِيهِ يَخْتَلِفُونَ ۗ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَهْدِى مَنْ هُوَ كَـٰذِبٌ كَفَّارٌ ﴿٣﴾ ﴾ الزمر: ٣

واتە: ((ئاگاداربن: دینی پاك و خاوێن تەنیا بۆ خوایە، ئەوانەشی جگە لەو زاتە کەسانی تر و شتی تر دەکەنە پشتیوانی خۆیان دەڵێن: ئێمە ئەم بت و شتانە ناپەرستین تەنیا بۆ ئەوە نەبێ لە خوا نزیکمان بخەنەوە، لە کاتێکدا

ئەوان لەخواوە نزیکترن، بێگومان خوا داوەری دەکات لە نێوانیاندا، لەو شتانەدا کە کێشەیان لەسەری هەیە و ڕایان دەربارەی جۆراوجۆرە، بەڕاستی خوا ئەو بیروباوەڕە چەوتەیان لێ وەرناگرێت و هیدایەت و ڕێنموویی ئەو کەسانە ناکات کە درۆزن و بێباوەڕن.))

جا کاتێك کە کەسی بت پەرست بیەوێت تاوان ئەنجام بدات، ئەوا بە قوربانی کردن خۆی نزیك دەکاتەوە لە بتەکان ﴿ وَيَجْعَلُونَ لِمَا لَا يَعْلَمُونَ نَصِيبًا مِّمَّا رَزَقْنَٰهُمْۗ تَٱللَّهِ لَتُسْـَٔلُنَّ عَمَّا كُنتُمْ تَفْتَرُونَ ﴿٥٦﴾ ﴾ النحل: ٥٦

واتە: ((خوا نەناسان، هەندێك لەو ڕزق و بژێوییەی پێیان دابوون، بەشێکیان دادەنا بۆ ئەو بتانەی کەهیچ نازانن و، قازانج و سوودێکیشیان نییە، سوێند بە خوا، بێگومان پرسیارتان لێ دەکرێت دەربارەی هەموو ئەو درۆیانەی هەڵتان دەبەست.))

هەروەها بەشێك بۆ خودا بڕیار دەدات و بەشێك بۆ بتەکەی بڕیار دەدات ﴿ وَجَعَلُوا۟ لِلَّهِ مِمَّا ذَرَأَ مِنَ ٱلْحَرْثِ وَٱلْأَنْعَٰمِ نَصِيبًا فَقَالُوا۟ هَٰذَا لِلَّهِ بِزَعْمِهِمْ وَهَٰذَا لِشُرَكَآئِنَاۖ فَمَا كَانَ لِشُرَكَآئِهِمْ فَلَا يَصِلُ إِلَى ٱللَّهِۖ وَمَا كَانَ لِلَّهِ فَهُوَ يَصِلُ إِلَىٰ شُرَكَآئِهِمْۗ سَآءَ مَا يَحْكُمُونَ ﴿١٣٦﴾ ﴾ الأنعام: ١٣٦

واتە: (((ئەو هاوەڵگەر و نەفامانە) هەندێك لەوەی کە خوا دروستی کردووە لە بەروبوومی کشتوکاڵ و ماڵاتیان کردووە بە بەشی خوا و بە خەیاڵی خۆیان گوتوویانە: ئەمە بەشی خوایە! هەندێکی تریشیان جیا کردۆتەوە و گوتویانە: ئەمەش بۆ بتەکانمانە! جا ئەوەی بۆ بتەکانیان بڕیاریان داوە ئەوە بەخوا ناگات، (واتە قبووڵ و پەسەند نییە، ئەوەش کە بە خەیاڵی ئەوان) بۆ خوا بڕیاریانداوە، ئەوە دەگەیشتە لای بتەکان و بۆ ئەوان بوو، ئای کە دادوەرییەکی خراپ و نادروست دەکەن.))

هاوشێوەی ئەمانە سوور دەزانن کەوا هیچ بەڵگەیەکیان نییە بۆ هاوبەشی پێکردنی ئەم بتانەیان لەگەڵ اللەدا ﴿ أَمَّن يَبْدَؤُا۟ ٱلْخَلْقَ ثُمَّ يُعِيدُهُۥ وَمَن يَرْزُقُكُم مِّنَ ٱلسَّمَآءِ وَٱلْأَرْضِ ۗ أَءِلَٰهٌ مَّعَ ٱللَّهِ ۚ قُلْ هَاتُوا۟ بُرْهَٰنَكُمْ إِن كُنتُمْ صَٰدِقِينَ ﴿٦٤﴾ ﴾ النمل: ٦٤

واتە: ((ئایا کێ لە سەرتاوە دروستکراوان بەدی دەهێنێت، پاشان دوای تێکدانی سەرلەنوێ دروستی دەکاتەوە، کێ لەو ئاسمانەوە (بەهۆی تیشکی خۆر و باران و هەواوە) لە زەوییەوە (بە هۆی خاکەوە) ڕزق و ڕۆزیتان پێ دەبەخشێت؟، ئایا ڕەوایە لەگەڵ زاتی خوادا خوای تر هەبێت؟، پێیان بڵێ: ئادەی بەڵگەتان چییە بیهێننە مەیدان ئەگەر ئێوە ڕاستگۆن؟))

جا ئەوان بەڵگەیان لە کوێ بوو!

بۆیە یەکەم هەنگاوێك کە بودا هەستا بە ئەنجامدانی ئەوە بوو ڕاپەڕی بەسەر بتەکان و باوەڕی بە هیچ یەکێکیان نەهێنا، خۆی جیاکردەوە بۆ بیرکردنەوە و تێفکرین و قووڵ بوونەوە!

بەڵام ئەوەی ئەمڕۆ شوێنکەوتوانی بودا پێی گەیشتوون ئەوا بێگومان کوفر و بێباوەڕی و لە دین دەرچوونە!

چونکە هیچ جیاوازییەك لەنێوان بودیزمی هاوچەرخ و ئایینە بت پەرستیەکانی تردا بوونی نییە، بەڵکوو بودیزم بووە فەلسەفەی پەیکەر و تاشراوە مرۆییەکان و ڕەتکردنەوەی خوایەتی الله (الألوهية) بگرە پەروەدگارێتی الله (الربوبية)ش ڕەت دەکەنەوە.

## ٢٤- گەر وابێت ئایا هەموو بودییەك بێ باوەڕ و کافرە؟

●بودیزم ئایینێکی هاوبەش پەیداکەر و بێباوەڕییە (شركية كفرية) بەبێ جیاوازی لەنێوان ئەهلی ئیسلام[١]

---

(١) رسائل الأديان و الفرق و المذاهب، موحەممەد الحمد، ص٤٠، بتصرف. ودراسات في

بودیزم وێنەیەکە لە وێنەکانی بێباوەڕیی سەردەم، هیچی تر نییە بێجگە لە فەلسەفەیەك کەوا بەرهەمی بێباوەڕیی سەر لە نوێ دادەڕێژێتەوە و بەهەمان پێشەکییەکانی بۆ نموونە:

ئەزەلی (بێ سەرەتا ) بوونی جیهان و زیندەوەران.

باوەڕ هێنان بە مرۆڤ وەك بەهایەکی ڕەها لە گەردووندا.

ڕەتکردنەوەی سروش و وەحی ئیلاهی و پێغەمبەران و پەیام و پەڕتووکە ئاسمانییەکان.

ڕەتکردنەوەی زیندووبوونەوە و قەزا و قەدەر.

لە سەروو هەموویانەوە ڕەتکردنەوەی بەدیهێنەری بەرز و پیرۆز (الله).

هەروەها بەدیهێنانی سروشت دەدەنە پاڵ خودی سروشت خۆی.

دان پێدانانی ئەوەی کەوا «بوون و ژیان» وێنەیەکە هیچ ئامانجێك لە خۆ ناگرێت جگە لە ئازار و ئەشکەنجە و ڕەشبینی و بەدبەختی نەبێت.

هەموو ئەمانە سەدا سەد بەرهەمەکانی بێباوەڕین.

کەوا هیچ کوفرێك لەمە خراپتر نییە.

هەر ئەم بیرۆکانە بوون هەر یەك لە بێباوەڕی و بودیزم و بوونگەرایی (العدمیة) و پووچگەرا (العبثیة)یان هێنایە کایەوە.

هەرچەندە بودیزم خۆی بە ئایین ناوزەند بکات، بەڵام ئەمە لە چوارچێوەی هەمان پێشەکییە کە بێباوەڕیەکان ڕزگاری ناکات، چون هەموو شتێك بەندە لەسەر ناوەڕۆکی نەك ناو و نازناو!

سا بۆیە بودیزم بیروباوەڕێکی کوفری و بێباوەڕییە.

---

الأديان اليهودية و النصرانية، سعود بن عبد العزيز الخلف، ص١٤، بتصرف

هەرچەندە بودیزم خۆی بە (فەلسەفە یان ئایین یان ڕێباز یاخود مەزهەب) دابنێت مادەم کەوا یەك ناگرێتەوە لەگەڵ پەیامی پێغەمبەران و ئینکاری بەدیهێنەر دەکات، ئەوا با هەرچۆنێکی دەیەوێت ناو لە خۆی بنێت، ناوەڕۆك هەر یەك شتە.

## کورتەی باسەکە:

لە جیهاندا نزیکەی ٥٠٠ ملیۆن بودی هەیە، ئەم ژمارە مەزنە پێویست دەکات ببێتە ئامانجێکی گەورە بۆ بانگەواز کردن بۆ ئیسلام، بودیزم هاوشێوەی مەزهەب و ئایینەکانی تر نییە، چونکە خاوەنی هیچ پلانێکی بەرگریکردن یاخود وەڵامی پرسیارە بوونگەراییە گەورەکان نییە تاکوو ببێتە ڕێگر لەبەردەم بانگەوازی ئیسلامی!

بودیزم بە تەواوەتی پێچەوانەی ئەوەیە!

بودیزم ئایینێکە هەگبەی بەتاڵە...

خاوەنی وەڵامی تەنانەت یەك پرسیاری وجودی و بوونگەرایی نییە.

تەنانەت یەك ڕوونکردنەوەشی بۆ بابەتە گەردوونییە گەورەکان نییە لە نموونەی: سەرچاوەی زیندەوەران چییە؟

جیهان لە کوێوە هاتووە؟

سەرچاوەی نێرڤانا چییە؟

ئەی نێرڤانا چۆن پەیدابوو؟

کێ یاسای سەمسارای دارِشت؟

چۆن بزانین کەوا بودا لەسەر حەق بوو لەوەی کەوا لە ڕێگەی بیرکردنەوەی قووڵەوە دەبێت خۆمان لە سەمسارا ڕزگار بکەین؟

ASTANA

چ جیاوازییەك هەیە لەنێوان وەهم و وڕێنەی درۆینە و ڕووناكبیری بودیزم؟

چۆن دەبێت كەوا ئامانجی بوونی مرۆڤ ئەوە بێت خۆی لە جیهان داببڕێت و سواڵ بكات بۆ خواردن و پێكهێنانی خێزان لە خۆی قەدەغە بكات و بەبێدەنگی دابنیشێت تاكوو مردن بەرۆكی دەگرێت؟

چۆن بودا دەتوانێت بتبینێت تەنها وێنەی چاوی لەسەر پەرستگاكان؟

ئەی بودا چۆن ئەوەی زانی كەوا بودایەكی تر لە داهاتوودا دەردەكەوێت؟

ئەی بودا چۆن زانی بەرەو ڕووناكی ڕەها و كەمالی (تەواوەتی) گشتی بەرێ دەكەوێت؟

سەرچاوەی ئەم زانیارییە مەعریفییانە چییە؟

لە چ سەڵتەنەت و دەسەڵاتێكەوە ئەم سەرچاوانە هەڵدەقوڵێن؟

چۆن گومانەكانی بودا دەبێتە شتانێكی حەتمی و حاشاهەڵنەگر؟

﴿قُلۡ هَلۡ عِندَكُم مِّنۡ عِلۡمٍ فَتُخۡرِجُوهُ لَنَآۖ﴾ الأنعام: ١٤٨

واتە: ((ئایا هیچ زانیاری و زانستیەكی خواییتان لەلایە، تا نیشانمان بدەن و بۆمان دەربخەن؟))

هەموو گومان و گریمانەكانی بودیزم تەنها بەرد گرتنە تاریكییە، زانستێك نییە كەوا هیچ سەرچاوەیەكی زانیاری یاخود وەحی یاخود سەنەد و بەڵگەی هەبێت!

ئەگەر بودیزم بەدیهێنەر و پێغەمبەرایەتی و وەحی (سروشی) ئیلاهی ڕەت بكاتەوە، ئەوا بە پشت بەستن بە چ سەرچاوەیەك بەڵگەكانی دەربارەی نێرڤانا و سەمسارا و كارما و لەدایكبوونەوە دووبارەكان و ڕووناكبیری و بودیستافا و بودای داهاتوو پێشكەش دەكات؟

ASTANA

﴿ قُلۡ أَرَءَيۡتُم مَّا تَدۡعُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ أَرُونِي مَاذَا خَلَقُواْ مِنَ ٱلۡأَرۡضِ أَمۡ لَهُمۡ شِرۡكٞ فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِۖ ٱئۡتُونِي بِكِتَٰبٖ مِّن قَبۡلِ هَٰذَآ أَوۡ أَثَٰرَةٖ مِّنۡ عِلۡمٍ إِن كُنتُمۡ صَٰدِقِينَ ٤ ﴾ الأحقاف: ٤واته: ((ئەی موحەممەد (صلى الله عليه وسلم ) هەواڵم بدەنێ: ئایا سەرنجتان لەو شتانە داوە كە لەجیاتی خوا دەیانپەرستن و هاناو هاواریان بۆ دەبەن؟ باشە ئاخر ئەوانە چ شتێكیان لە زەویدا بەدیهێناوە، با نیشانم بدەن!... یاخود ئەوانە لە هەڵسوڕانی ئاسمانەكاندا هیچ هاوبەشی و هاوكارییەكیان هەیە؟!.. (ئەگەر دەڵێن: بەڵێ ) دەكەواتە پەڕتووكێكی ئاسمانیم نیشان بدەن كەپێش ئەم قورئانە بۆتان هاتبێت، یان دیاردەیەكی زانستی لەو ڕووەوە بیسەلمێنێت، ئەگەر ئێوە ڕاست دەكەن! ))

خۆ ئەگەر بودیزم بێدەنگ بووایە دەربارەی پرسیارە وجودی و بوونگەراییە گەورەكان ئەوا ڕێی تێدەچوو، بەڵام ئەوەی كەوا بێت و وەڵامەكانی پێشكەش بكات و بانگەشەی ئەوەی بكات كەوا زیندەوەران ئەزەلی و بێ سەرەتا ن و ئێمەش بەبەردەوامی لەدایك دەبینەوە هەر لە كۆنەوە، ئەوا ئەمە گەورەترین بەڵایە. ئەمە ئەوە دەگەیەنێت ئەو كەسانەی ئەم گریمانەیەیان داناوە كەوتوونەتە ناو هەڵەیەكی زانستی كارەساتبار، چونكە بە بەڵگەی حاشاهەڵنەگر ئەوە سەلمێندراوە كەوا جیهان و زەوی و زیندەوەران لە نەبوونەوە پەیدا بوونە، هەر یەك لە زەوی و جیهان و زیندەوەران تەمەنێكیان هەیە و هیچ كامێكیان بێ سەرەتا (ئەزەلی) و بێكۆتا (ئەبەدی) نییە!

دوای ئەوە دووەم گریمانەی بودیزم كە پەیوەستە بە كارماوە، مانای مرۆڤ لەناو دەبات، چونكە هیچ دڵ داناوەیەك نییە نە بۆ ستەملێكراوان، نە بۆ ئەشكەنجە دراوان، نە بۆ خاوەن بەڵا و موسیبەتەكان، چونكە هۆكاری ئەوەی تووشی ئەم شتانە بوونە بە هۆی گوناهـ و تاوانی لەدایكبوونە كۆنەكانیانە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت كە هەوڵدان بۆ ڕزگاركردنی نەخۆش و خاوەن كێشەكان تەنها گاڵتە بە خۆ كردنە.

ASTANA

هەروەها گریمانەی سێیەم لە بودیزمدا گریمانەی سەمسارایە، ئەم گریمانەیە تەنانەت یەك بەڵگەی زانستی و مەعریفی پشتی ناگرێت، بەڵكوو تەنها چەند گریمانەیەكی فەلسەفەی كۆنە كە خۆڵی لەسەر نیشتووە و تەنها لەبەر یەك هۆكار ماوەتەوە ئەویش ئەوەیە تا ئێستا هەندێك كەس بە ئایینی دەزانن.

دوای ئەوە ئەم گریمانەیە دژیەكە لەگەڵ زۆرینەی هەرە زۆری بۆچوونی مرۆڤەكان و ئایینە ئاسمانییەكان كەوا مردن تەنها یەك جار ڕوودەدات ﴿ لَا يَذُوقُونَ فِيهَا ٱلْمَوْتَ إِلَّا ٱلْمَوْتَةَ ٱلْأُولَىٰ ﴾ الدخان: ٥٦

واتە: ((لە هەمووی خۆشتر ئەوەیە كە هەرگیز تاڵیی مردن ناچێژن تیایدا جگە لەو مردنەی یەكەمجار.))

بەڵام گریمانەی چوارەم پەیوەستە بە ڕووناكبیری (الأستنارة). ئەم ڕووناكبیریە چییە؟

ئەی ئێمە چوزانین ئەوەی كە بودا بۆی ڕۆیشتبوو، ڕووناكی تەواوەتی یە؟

ئەی مانای ئەم ڕووناكییە چییە؟

سەرچاوەكەی چییە؟

بودا چۆن زانی كە بەرەو ئەوە دەڕوات؟

خۆ ئەگەر نەبوونگەرایی (عدمیة) و كوێرایی و یەكییەتی بوون و حەتمییەتی ژیان یاساكانی جیهان بن لە بودیزمدا، چ شتێك وا لە بودیەكان دەكات باوەڕ بە ماناگەلێك بهێنن كە سەرچاوەكەی لەم جیهان و بوونەوە نییە لە نموونەی: نووری تەواوەتی(النور الكامل) و تەواوەتی ڕەها (الكمال التام)؟

ئەم مانایانە ڕەهان و ناكرێت سەرچاوەكەیان لەم جیهانە ماددیە كورتبینییە بێت!

دوای ئەوە چۆن بودی وا باوەڕ دەکات کە ئەم جیهانەی ئێمەی تێداین، جیهانی ئازار و ئەشکەنجە کانە؟

چۆن دەتوانێت بڕیاری ئەوە بدات کەوا پێویستە ئێمە خۆمان لەم جیهانەوە و لە لەدایکبوونەوە دووبارە کانی ڕزگار بکەین؟

بودیە کان بە پشت بەستن بە چ یاسایەك یاخود سەنەدێکی مەعریفی یان زانستی ئەم گریمانەیەیان دارشتووە؟

لە کوێوە ئەمەی هێناوە کەوا کۆتایی ڕەبەنایەتیی بودیزم ڕووناکی تەواوەتیە (الاستنارة الكاملة)؟

﴿قُلْ هَاتُوا بُرْهَانَكُمْ إِن كُنتُمْ صَادِقِينَ ﴿٦٤﴾﴾ النمل: ٦٤

واتە: ((بڵێ: ئەگەر ڕاستگۆن، بەڵگەتان لەسەر ئەم قسەیە بهێننە مەیدانەوە.))

دواتر کەسی بودی وای دادەنێت کەوا جیهان لەرەلەر و کردار و پەرچە کردارە.

ئەمەش بە تەواوی هەڵەیە، چونکە جیهان هیچ وانییە و هەرگیز وا نارواتە ڕێوە و هیچ شتێك نییە لە فیزیادا بڵێت کەوا جیهان تەنها لەرەلەر بێت، بەڵکوو ١١٨ توخمی جیاواز بوونی هەیە لە خشتەی خولی و تا توخمی ژمارە ٨٣ توخمی جێگیرن لە خشتەی خولیدا -گەردیلەی بزمۆت- دوای ئەوە حەوت دانەی تیشکدەر هەن.

سا بۆیە گریمانەی ئەوەی کەوا جیهان تەنها لەرەلەرە، لەو کاتەوە مرد کەوا خشتەی خولی توخمە کان دەرکەوت. هەروەها حاڵەتێکی فیزیایی بوونی هەیە کەوا توخمە کە دەگاتە ڕاوەستانی تەواوەتی و بە هەموو شێوەیەك ڕادەوەستێت لە هەر چالاکییەکی فیزیایی ئەویش حاڵەتی سفری ڕەهایە، لە ڕووی تیۆرییەوە کاتێك کە توخمێك دەگاتە سفری ڕەها بە تەواوی

ڕادەوەستێت و هیچ چالاكییەك یاخود لەرەلەرێك یان هەر كردارێكی تری بە تەواوەتی نامێنێت.

ئەو كەسانەی كە «بالی»یان نوسیووەتەوە پێش دوو هەزار ساڵ هیچ شتێكیان دەربارەی ئەم توخمانە نەزانیوە. بەڵام شورەیی لەوەدایە كەوا هێشتا خەڵكانێك هەن بەرگری لەم جۆرە گریمانانە دەكەن یاخود هەڵگری ئەم ئایینەن.

دوای ئەوە گریمانەی ئەوەی كەوا جیهان تەنها كردار و پەرچەكردارە گریمانەیەكی پووچتر و بێماناترە لەوەی پێشتر، چونكە ئەمڕۆ ئێمە ئەوە دەزانین كەوا میكانیكی ڕێژەیی (واتە فیزیای كوانتەم؟)بە هیچ شێوەیەك بەند نییە لەسەر ئەم جۆرە بیركردنەوەیە، بەڵكوو لە ڕووی زانستیەوە مەحاڵە پێشبینی هەڵوێستی هیچ تەنۆلكەیەك بكەیت لە كاتێكی دیاریكراودا.

ئەمەش بە (بنەمای نادڵنیایی هایزەنبەرگ) دەناسرێت وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا!

جا بۆیە بیرۆكەی «كردار و پەرچەكردار»یش لەگەڵ لەدایكبوونی میكانیكی ڕێژەیی لە بیستەكانی سەدەی ڕابردوودا مرد!

ئەو بانگەشانەی بودیزم جاڕی بۆ دەدات لە مەترسیدایە، ئەویش بە هۆی مەزنی ئەو بانگەشانەوەیە بەبێ بوونی هیچ بەڵگە و سەنەدێك!

هەموو ئەوەی كە بودیزم بە ڕاستی دەزانێت، سەلمێندراوە كەوا وەهم و خەیاڵە!

لەبەر ئەم هۆكارانەیە كاری بانگەوازكردنی ئەمانە بۆ ئیسلام ئاسانتر بووە!

هەروەها زۆربەی بودییەكان لە جیهاندا بودیزم وەك فەلسەفە وەردەگرن نەك وەك ئایین، بەهۆی ئەم كێشە گەورانەی كە تێی كەوتووە، بەتایبەتی ئەوانەی كەوا پێشەكی زانستە نوێیەكانیان خوێندووەتەوە.

ئەوانیش بۆیە دەبنە هەڵگری بودیزم بە هۆی کەمی پڕۆژە بانگخوازییەکانی ئێمەوەیە بەرانبەریان!

چونکە بودیزم مەنهەجێکی ناوەڕۆك بەتاڵە، بۆ رەخنەگرتن لێی پێویستت تەنها بە چەند زانیارییەك و دامەزراوەیی عەقڵی و بنەما زانستییە سەرەتاییەکان هەیە.

جا بۆیە بانگەوازکردنی بودییەکان پڕۆژەیەکی مەزنە، داواکارین لە خوای گەورە کەوا رێکخراوە بانگخوازییەکان سەرکەوتوو بکات بۆ گرتنە ئەستۆی ئەم پڕۆژە پیرۆزە و بەدەستخستنی بەرووبوومەکەی، پشتیوان بە خوا! [1]

---

(١) هەندێك لە بڕگەکانی ئەم بەشە لە « وثیقة البوذیة» الباب الأول الفصل الخامس وەرگیراوە، « مرکز المنهاج » للمؤلف

ASTANA

## بەشی سێیەم

## چۆن هیندۆسییەك بانگ دەكەیت بۆ ئیسلام؟

### ا- هیندۆسی چییە؟

•هیندۆسی: ئایینێکە یاخود ڕاستتر بڵێین "ڕێبازێکە بۆ ژیان" پێکهاتووە لە کۆمەڵێك ڕێوڕەسم و پەرستش و پەڕتووکی پیرۆز و بیروباوەڕی گەردوونی و وجودی جیاواز.[1]

پێکهاتووە لە: کۆمەڵێك فەلسەفە و ڕێوڕەسم کەوا بت پەرستی و ئەفسانەیەکی زۆری تێکەڵ بووە[2].

هیندۆسی لە ئەنجامی زنجیرەیەکی ئاڵۆز لە مەزهەبەکان دروست بووە کە هەر یەکێکیان خاوەنی پەڕتووکێکی پیرۆزە بە ناوەڕۆکی بیروباوەڕیی جیاوازەوە، چونکە ئایینی هیندۆسی خاوەنی یەك بیروباوەڕ و عەقیدە نییە، باوەڕی بە حەقیقەتێکی تەواوەتی نییە، تێیدا هێزی سروشتی و پاڵەوانە مرۆییەکان و ئاژەڵان و باوباپیران شێوەی خودا وەردەگرن و نزا و قوربانی کردنیان بۆ ئەنجام دەدرێت و پیرۆز دەکرێن.[3]

---

(١) دراسة الهندوسية،أرفيند شارما، لا ١٢-١٣

(٢) ترجمان الأديان، د. أسعد السحمرانيز، ص ٥٣

(٣) عالم الأديان بين الأسطورة و الخيال، فوزي موحەممەد حميد، ص ١٧٥، الأديان في تاريخ شعوب العالم، سيرغي أ. توكاريف، ترجمة د. أحمد م. فاضل،ص٢٩٥ و ما بعدها

## ٢- ئەم ئایینە بەم هەموو ئاڵۆزییەیەوە چۆن پەیدا بوو؟

- هیندۆسی واتا هیندستان!

هیندستان وەك وڵات و ئاووهەوا و مێژوو و ئاڵۆزیی و کلتوور.

دەتوانین بڵێین ئایینی هیندۆسی، ئایینێکە کەوا تەنها تایبەت بێت بە هیندستان ٩٥ ٪ هیندۆسەکانی جیهان لەو وڵاتە دەژێن[١].

ئایینی هیندۆسی لەسەر پاشماوەی کۆمەڵێك فەلسەفە و بیروباوەڕ و دونیابینی پەیدا بووە کە بە درێژایی چەندین سەدە کۆبۆتەوە لە نزیکی ١٥٠٠ ساڵی پێش زایین و تا ٥٠٠ ساڵی دوای زایینی، بە درێژایی دوو هەزار ساڵ لە فراوانبوون بەردەوام بوو. هیندۆسی، بە پێچەوانەی ئایینەکانی تر، یەك ئایین نییە؛ بەڵکوو لە کۆمەڵێك بیروباوەڕ و بۆچوون و ڕێوڕەسم و هەڵسوکەوتی جیاواز پێك دێت((٢)).

بە لەبەرچاو گرتنی ئەم ڕاستیانە، ئایینی هیندۆسی کەسێکی دامەزرێنەری نییە، بۆ نموونە بڵێین: ئایینی هیندۆسی لەسەر دەستی فڵانە کەس پەیدا بووە، بەڵکوو لە کۆمەڵێك بیرۆکە و پاشماوەی ئایینەکان پێکهاتووە کە هەمووی لە یەك بەرگدا کۆکراوەتەوە و نای لێنراوە: ((ئایینی هیندۆسی))[٣]

لە بەر ئەم هۆکارانەی پێشووتر کە ئاماژەمان پێدا چاوەڕێی ئەوە مەکە کەوا (یەك سیستەمی گشتی خوداپەرستی) بدۆزیتەوە، یاخود سیستەمێکی ڕێوڕەسمیی ئایینیی تایبەت و لێکچوو، بەڵکوو تۆ لە بەرانبەر شەبەنگێکی فراوانی جێبەجێ کردن و ڕێوڕەسمی جیاواز ڕاوەستاویت، چاوەڕێی ئەوەش

---

(١) https://www.pewresearch.org/fact-tank/2015/04/21/by-2050-india-/to-have-worlds-largest-populations-of-hindus-and-muslims

(٢) الهندوسية، ألف هليبيتال،ص١٢

(٣) الهندوسية: العقيدة و الممارسة، جينين د. فاولر،ص ١-٧

مەکە کە (یەك سیستەمی هەیکەلی ئایینیی مەڵبەندیی هاوبەش) بدۆزیتەوە کەوا هیندۆسەکان کۆبکاتەوە، بەڵکوو بە مانای وشە تۆ بەرانبەر هەزارەها کۆمەڵەی ئایینی خوداپەرستی جیاواز و جودا لە یەکتر ڕاوەستاویت![١]

## ٣- بیروباوەڕی هیندۆسەکان بە دیاریکراوی چییە ؟

• هیندۆسی ئایینێکی بت پەرستییە بە هەموو شێوەیەك لە شێوەکان. چونکە لە ئایینی هیندۆسیدا، ژمارەیەکی بێشومار لە خودا بوونی هەیە، هەر چەندە زۆربەی فیرقە هیندۆسییەکان لە کۆتاییدا باوەڕ بە یەك خودا دەهێنن، بەڵام ئەمە لە سیفەتی بت پەرستی بوون دەری ناهێنێت. چونکە لە هەموو فیرقەیەکدا کۆمەڵێك بەرجەستە بوونی ئیلاهی (تجسدات إلهية) "ئەڤەتار" و بت و پەیکەر و داتاشراوی مرۆیی بوونی هەیە.[٢]

## ٤-چۆن زانیت کەوا ئایینی هیندۆسی لە بنچینەدا ئایینێکی یەکخواپەرستییە و باوەڕی بە یەك خودا هەیە؟

• سادهو: بەرزترین پلەی باوەڕە لە هیندۆسیدا، کە تێیدا باوەڕ تەنها بە یەك خودای بەدیهێنەر دەکات و لە هیندۆسیدا الله پێی دەگوترێت ((برهمان))

بەڵام هیندۆسەکان وای دەدانێن کە ئەو تاکە خودایە بەرجەستە بوونێکی بێشومار و چەندەها وێنەی زۆر بەرجەستە دەکات و دەبێتە شیفا و فشنۆ و شاکتی و هەروەها بەرجەستە دەبێت لە ڕاما و کریشنا و چەندانی تر لە لادانە کوفرییەکان و دوورکەوتنەوە لە بیروباوەڕ و ڕێبازی یەکخواپەرستی و تەوحید.[٣]

---

(١) الهندوس: معتقدهم الديني و مبارساتهم، جوڵیوس ج. لیبنر،ص ٨

(٢) أديان جنوب آسيا،مقدمة، ميتال س. ج. ر.،ص ٢٧

(٣) هەمان سەرچاوەی پێشووتر

هەر بۆیە بنەمای سەرەکی لای ئەوان یەکخواپەرستی و تەوحیدە ﴿ وَلَئِن سَأَلْتَهُم مَّنْ خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ وَسَخَّرَ ٱلشَّمْسَ وَٱلْقَمَرَ لَيَقُولُنَّ ٱللَّهُ ﴾ العنكبوت: ٦١

واتە: ((سوێند بە خوا ئەگەر پرسیار لە بێباوەڕان بکەیت: کێ ئاسمانەکان و زەوی دروست کردووە، ڕۆژو مانگی ڕام کردووە؟ بەدڵنیایی و بێ دوودڵی دەڵێن: الله دروستی کردوون.))

بەڵام کەوتوونەتە ناو گێژاوی بەرجەستە کردنی خودا و فرەخودایی لە ڕێگەی فرە سیفەتییەوە.

## ٥- چۆن ئەم بت پەرستییە پەیدا بوو دوای ئەوەی کەوا ئایینێکی یەکخواپەرستی و تەوحیدی بوو؟

• کێشەی هەر گەورەی ئایینی هیندۆسی لەوەدایە کە وای دادەنێن سیفەتە جیاوازەکانی بەدیهێنەر پێویستی بە چەند زاتێکی جیاواز هەیە، چونکە ئەوان وای دادەنێن کە (براهما)ی بەدیهێنەر لە کۆمەڵێك خودادا بەرجەستە بووە تاکوو بتوانێت کۆمەڵێك سیفات بەجێ بگەیەنێت، بۆیە بەدیهێنەر بووە:

براهما: وەك بەدیهێنەری گەردوون وایە لەلایان.

فشنۆ: وەك پارێزەری گەردوون وایە لەلایان.

شیفا: وەك ڕووخێنەری گەردوون وایە لەلایان. (١)

ئەمەش گریمانەیەکی ڕووکەشی زۆر بێمانایە بۆ سیفەتە خوداییەکان، چونکە فرە سیفەتی پێویستی بە فرە جەوهەری ناکات -فرە خودایی-.

ئەمەش بنچینەی بت پەرستی ئایینی هیندۆسییە، کە وای دادەنێن بۆ هەر سیفەتێکی خودایی بەرجەستە بوونێکی خودایی و زاتێکی خودایی سەربەخۆی پێویستە، ئەمەش کێشەیەکی عەقڵی زۆر گەورەیە.

---

(١) موسوعة الفلسفة الشرقية و الدين،ستيفان شوماخر،ص، ٣٩٧

## ٦- چۆن وەڵامی هیندۆسەکان بدەینەوە لە بابەتی ئەوەی کەوا فرە سیفەتی پێویستی بە فرەبوونی زاتی خودایی ناکات؟

• زات و خود لەوانەیە چەندان سیفەت لە خۆ بگرێت، لەوانەیە مرۆڤ زیرەك و بەهێز و هونەرمەندیش بێت. بۆیە پێویست ناکات بۆ بەدیهێنانی فرە سیفەتی زیاد لە یەك مرۆڤ بوونی هەبێت.

چونکە هەمان مرۆڤی زیرەك هەر ئەو بەهێزە و هەر ئەویش هونەرمەندە.

بۆ نموونە دەڵێین: کاروان زیرەك و بیرتیژ و هونەرمەندە.

لە عەقڵ و ژیرییدا پێویست بەوە ناکات کە سێ کەسی جیا هەبن تاکوو هەر یەکێك لەوانە هەڵگری سیفەتێکی سەربەخۆ بن.

نموونەی بەرز و پیرۆز بۆ الله!

الله خاوەنی کۆمەڵێك ناوی جوان و سیفاتی بەرزە، لەوەشدا پێویست بە جیاوازی زاتی ئیلاهی و فرە خودایی ناکات لەبەر فرە سیفەتی.

دوای ئەوە فرە بوونی زاتی ئیلاهی پێویست بە (بەش بەش بوون) دەکات، واتە خودا بەش بەش دەبێت و پارچە دەبێت.

خۆ ئەگەر بەش بەش ببێت ئەوا دەبێتە هۆکاری کەم دەسەڵاتی.

کەم دەسەڵاتیش بۆ خودا -حاشا- مەحاڵە، چونکە گەر وابێت نابێتە خودا.

بەمەش دەیسەلمێنین کەوا بت پەرستی دژیەکە لەگەڵ عەقڵ و ژیری و لۆژیکدا.

### ٧- دیدی هیندۆسەکان چییە بۆ جیهان؟

• بنچینەی ئایینی هیندۆسی بەندە لەسەر یەکێتی بوون (وحدة الوجود) ،کە تێیدا بەدیهێنەر لە هەموو بەدیهێنراوەکانی دا بەرجەستە دەبێت[١] -پاك و بێگەردی بۆ الله لەو بوختانەی دەیکەن-. هەر بۆیە ڕەتی دەکەنەوە ئازاری زیندەوەران بدەن.

بیرۆکەی یەکێتی بوون دژیەکە لەگەڵ ئەلفوبێی عەقڵ و بینراوەکان.

چونکە گریمانەی ئەوەی کەوا بەدیهێنەر هەر خودی بەدیهێنراوە گریمانەیەکە لە ڕووی عەقڵییەوە قبوول نەکراوە، چونکە پێویستە کەوا دەرکەوتنی دانەیەکیان پەیوەست بێت بەوەی ترەوە.

ئەمەش دژیەکییەکی زۆر ڕوون و ئاشکرایە و مەحاڵە و ڕەتکراوەیە لەلایەن عەقڵی سەلیمەوە.

چۆن ئەبێت دەرکەوتنی شتێك پەیوەست بێت بە دەرکەوتنی خودی خۆیەوە، ئەگەر خۆی هێشتا هەر دەرنەکەوتبێت. [٢]

بەڵام کێشە بیردۆزییەکەی یەکێتی بوون لەو کاتەوە زیاتر بوو کاتێك کە ئەوەمان دۆزیەوە کە جیهان بەدیهێنراو و ئافرێندراوە و ئەزەلی (بێ سەرەتا) نییە. [٣]

---

(١) موسوعة الهندوسیة، جونز ورایان و جیمس د. ص، ٣١٥

(٢) وەرگێڕ: مەبەست لێرە ئەوەیە گەر گەردوون بەدیهێنراوی خودا بێت و خودا تێکەڵ بەو بووبێت، ئەوا چۆن دەکرێت گەردوون دوای خودا پەیدا بووبێت؟ ئەی خودا پێش گەردوون لە کوێ بوو؟ واتا گەر بەگوێرەی ئەم بیرۆکەیە بێت ئەوا دەرکەوتنی خودا پێویستی بە گەردوون هەبووە و بە پێچەوانەشەوە گەردوونیش پێویستی بە خودا هەبووە بۆ ئەوەی بێتە بوون ئەمەش لە ڕووی عەقڵیە هیچ مانایەك ناگەیەنێت و مەحاڵە.

(٣) هەموو دۆزینەوە زانستیەکانی سەردەم ئەوە دەسەلمێنن کەوا گەردوون پەیدابووە و پێشتر بوونی نەبووە، هەر بۆیە ماددە تیشکدەرەکان لەگەڵ کاتدا دەگۆڕێن بۆ ماددەی

مادەم کەوا جیهان لە هیچەوە پەیدابووە کەواتە پێش ئەوە نە کات و نە شوێن و نە بەرکارەکانیش (وەکوو گەردوون و زەوی و مرۆڤ) بوونی نەبووە.

مادەم کەوا هیچ بەرکارێك بوونی نەبووە ئەوا ئەسڵەن هیچ شتێکی پێوە پێوەست نابێت پێش دەرکەوتنی ، چ جای ئەوەی شتێکی تر بێجگە لە خۆی بەرهەم بهێنێت یاخود چ جای ئەوەی خودی خۆی بەدی بهێنێت هەر وەك چۆن فەلسەفەی یەکێتی بوون بیری لێ دەکاتەوە.

-لەگەڵ تێبینی ئەوەی کەوا پێشتر ئێمە ڕەخنەمان لە بیرۆکەی یەکێتی بوون گرت لە بەشی پێشووتر لە باسی بودیزمدا بەڵام لێرە چەند کێشەیەکی تری ئەم گریمانەیەمان خستە ڕوو.-

## ٨- گەورەترین کێشە چییە لە بیروباوەڕی هیندۆسیدا؟

• گەورەترین کێشەی بیروباوەڕی هیندۆسی سەرچاوە دەگرێت لە دارِشتنی وێنەی چەندەها خودای زۆرەوە.

هەروەها دابەزاندنی هەموو سیفەتێکی ئیلاهی و هەموو کردەوەیەکی ئیلاهی لەسەر شێوازی خودایەکی سەربەخۆ.

هەر بۆیە ژیان خودایەکی تایبەتی هەیە و مردن خودایەکی تایبەتی هەیە و تۆڵەسەندنەوە خودایەکی تایبەت بە خۆی هەیە و بەم شێوەیە هتد....

ئەم تێڕوانینەش سەرچاوەی بت پەرستییە.

---

جێگیر. خۆ ئەگەر گەردوون ئەزەلی بووایە ئەوا ئێستا ماددەی تیشکدەر بوونی نەدەبوو، بە هەمان شێوە یاسای دووەمی داینەمیکی گەرمی، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە ئەگەر گەردوون ئەزەلی بوایە، ئەوا دەبوو ئێستا ڕاوەستاو بێت و لە پلەی گەرمی سفری ڕەها بووایە.

سەیری ئەمە بکە: الأوراق الرياضية و الفيزيائية،مجلد ١ ص، ١٧٤

هەر بۆیە هەر چەندە سیفەتەکان زیاد بکات لایان، ئەوا جەوهەرەکانیش زیاد دەکەن.

هەروەك پێشووتر ئاماژەمان پێدا.

ئەمەش هەمان بنچینەی کوفری مەسیحییەکانە.

کە تێیدا مەسیحییەکان (وشەی پیرۆز)یان کردووەتە خودایەکی سەربەخۆ، ئەوان دەڵێن ((و كَانَ الكَلِمةُ اللهَ))[1]

واتە: ((وشەی پیرۆز خودایە.))

هەر خۆی بنچینەی لادانە عەقیدەییەکان (بیروباوەڕەکان) لەناو شەریعەتە یەکخواپەرستییەکاندا هۆکارەکەی ئەم تێڕوانینە هەڵەیەیە کە تێیدا هەندێك لە فیرقە و تاقمەکان وا بیردەکەنەوە کە فرە سیفەتی پێویستی بە فرە جەوهەری دەبێت، هەر بۆیە هەستان بە ڕەت کردنەوەی سیفەتەکانی بەدیهێنەر لە نموونەی: (موعتەزیلە) کان و (معطلة) کان. موعتەزیلەکان ترسان لە دان نان و ئیقرار کردنی سیفەتەکانی بەدیهێنەر، چونکە وا بیریان دەکردەوە کە سیفەت دانان دەبێتە هۆی دابەش بوون و فرە جەوهەری، هەر بۆیە هەستان بە ڕەت کردنەوەی هەموو سیفەتە خوداییەکان.

ئەمەش لە سەیروسەمەرەکانی تێڕوانینی مرۆڤە.

چونکە فرە سیفەتی دەشێت بە یەك جەوهەریش بەدی بێت و پێویستی بەوە نییە ئیلا فرە جەوهەری جێ بەجێ بێت.

الله (سبحانە وتعالی) وەڵامی ئەم ڕاستییەی داوە لە پەڕتووکە بەرز و پیرۆزەکەیدا بە پاراوترین ڕوونکردەوە هەر بۆیە هەواڵی داوە کە الله تاك و تەنهایە، هەروەها خاوەنی ناوە جوانەکان و سیفاتە بەرزەکانە.

---

(١) إنجيل وحنا إصحاح ١ عدد ١

خودای گەورە دەفەرموویت: ﴿ هُوَ ٱللَّهُ ٱلَّذِى لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ عَٰلِمُ ٱلْغَيْبِ وَٱلشَّهَٰدَةِ هُوَ ٱلرَّحْمَٰنُ ٱلرَّحِيمُ ﴿٢٢﴾ هُوَ ٱللَّهُ ٱلَّذِى لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ٱلْمَلِكُ ٱلْقُدُّوسُ ٱلسَّلَٰمُ ٱلْمُؤْمِنُ ٱلْمُهَيْمِنُ ٱلْعَزِيزُ ٱلْجَبَّارُ ٱلْمُتَكَبِّرُ سُبْحَٰنَ ٱللَّهِ عَمَّا يُشْرِكُونَ ﴿٢٣﴾ هُوَ ٱللَّهُ ٱلْخَٰلِقُ ٱلْبَارِئُ ٱلْمُصَوِّرُ لَهُ ٱلْأَسْمَآءُ ٱلْحُسْنَىٰ يُسَبِّحُ لَهُۥ مَا فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ وَهُوَ ٱلْعَزِيزُ ٱلْحَكِيمُ ﴿٢٤﴾ ﴾ الحشر: ٢٢ - ٢٤

واتە: ((خوا ئەو زاتەیە کە جگە لەو خوایەکی تر نییە، زانایە بە هەموو نهێنی و ئاشکراکان، ئەو خوایە بەخشندە و میهرەبان و دلۆڤانە کانگای ڕەحم و بەزەییە. خوا ئەو زاتەیە کە جگە لەو خوایەکی تر نییە، پاشای هەموو بوونەوەرە، پاك و بێگەرد و پوختە، ئاشتی خواز و ئاشتی پەروەرە، ئاسایش بەخش و پەناگای ئیماندارانە، دەسەڵاتدارە و چاودێری دروستکراوەکانییەتی، باڵادەستە، خاوەنی خێری بێسنوورە، گەورەیە و خۆی بەگەورە دەزانێت، پاکی و بێگەردی بۆ ئەو خوایەیە لەوەی تینەگەیشتوان شەریك و هاوەڵی بۆ بڕیار دەدەن. هەر ئەو خوایە بەدیهێنەر و دروستکەرە، (لە نەبوون هەرچی بۆی بەدی دەهێنێت)، نەخشە و وێنە کێشەرە، ناوە پیرۆز و جوانەکان، هەمووی شایستەی ئەون، هەرچی لە ئاسمانەکان و زەویدا هەیە ستایشی ئەو دەکەن، بەڕاستی ئەو زاتە خوایەکی باڵادەست و دانایە.))

هەر بەم شێوەیە تاك و تەنهایی زاتی خۆی و ناوەکانی و سیفەتە بەرزەکانی خۆی سەلماند.

خۆ ئەگەر بیروباوەڕی ناو و سیفاتەکان (الأسماء و الصفات) لە زیهن و عەقڵی کەسەکان جێگیر ببوایە، ئەوا هیچ کام لەو بت پەرستانە بتیان نەدەپەرست، هیچ کام لەو بێباوەڕ و گومڕایانە نەدەکەوتنە گێژاوی بێباوەڕی و گومڕاییەوە!

### ٩- ئامانجی بوون چییە لە ئایینی هیندۆسیدا؟

• موشکا: واتا خۆ ڕزگار کردن لە لەدایکبوونەوە دووبارەکان.

ئەمە ئامانجی ژیانە لەلای ئەوان.

- تێبینی ئەوە دەکەین کەوا ئەم ئامانجە هەمان ئەوەیە کە لەلای بودییەکان بوونی هەیە بێجگە لە جیاوازی ناو و نازناو، لە بودیزمدا ناوی (نێرڤانا)یە و لە هیندۆسیدا ناوی (موشکا)یە -.

ئەوان وا بیردەکەنەوە کەوا مرۆڤەکان لەدوای مردنیان ڕۆحەکانیان دەچێتە ناو زیندەوەرانی ترەوە (تناسخ) ئا بەم شێوەیە بەردەوام دەبێت تا ناکۆتایی و بۆ خۆ ڕزگار کردن لەم لەدایکبوونە دووبارانە ڕاهیبی هیندۆسی پەرستش دەکات، خۆی لە گوناهـ بەدوور دەگرێت تا دەگاتە ئاستی موشکا و تێیدا جارێکی تر ناگەڕێتەوە بۆ دونیا لە پاش مردنی.

ئەمە کۆتا ئامانجە لە هیندۆسیدا!

هەر لەگەڵ خۆ ڕزگار کردن لە (تناسخ)ی ڕۆحەکان و لەدایکبوونەوە دووبارەکان، مرۆڤ ڕزگاری دەبێت!

بەڵام کێ گوتوویەتی ئەم لەدایکبوونە دووبارانە ئەشکەنجەیە؟

زۆربەی مرۆڤەکان گەر لێیان بپرسیت ئایا ئاواتە خوازن دووبارە لەدایك ببنەوە و بۆ جارێکی تر ژیان تاقی بکەنەوە ئەوا زۆربەیان بە بێ دوودڵی وەڵامەکەیان:بەڵێ دەبێت، بەڵکوو گەر هەڵبژێردرێن لەنێوان ئەو (موشکا) یەی کە هیچی لەبارەوە نازانن لەگەڵ لەدایکبوونەوە دووبارەکان ئەوا لەدایکبوونی دووبارە هەڵدەبژێرن.

دوای ئەوە ئەم دیدەی هیندۆسەکان بۆ بوون و ژیان کەوا هەمووی ئازار و ئەشکەنجەیە دیدێکی تەواو درۆینەیە، چونکە ژیان زۆر شتی چاك و باش لە خۆ دەگرێت هاوتا لەگەڵ نیعمەتگەلێکی بێشومار.

هەر بۆیە موشکا بریتییە لە خۆ ڕزگار کردن لە شتێك کە لە بنەڕەتدا بوونی نییە.

## ١٠- وێنەی کۆمەڵگەی هیندۆسی چۆنە؟

- کۆمەڵگەی هیندۆسی کۆمەڵگەیەکی چینایەتییە:

ئەمەش یەکێکە لە کێشە ڕەوشتییەکان لە بابەتی مامەڵە کردن لەلای هیندۆسەکان.

ڕیگ ڤیدا -یەکێك لە پەڕتووکە پیرۆزەکانی هیندۆس- چوار چینی مرۆڤەکان دیاری دەکات و ئەوانیش ئەمانەن:

١- براهمەن: مامۆستا و کاهینەکان.

٢- کشاتریا: جەنگاوەر و پاشاکان.

٣- فیشیە: جوتیار و بازرگانەکان.

٤- شودرا: کرێکارەکان.

نزمترین چین چینی شودرای ماف خوراون کە چەند کارێکی ئاست نزم -لە دیدی ئەوانەوە- ئەنجام دەدەن وەك پاککردنەوە و خزمەتکاری.

چینی هەر مرۆڤێك جۆری کارکردن و جلوبەرگ و خواردنی دیاری دەکات و هاوسەرگیری لە ناو یەك چیندا ئەنجام دەدرێت.

هەر بۆیە مرۆڤ سەر بەو چینەیە کە تێیدا لەدایك بووە تا ئەو کاتەی دەمرێت.

ئەم بیرۆکەیەش لە باوەڕهێنان بە بیروباوەڕی کارما (سزا و پاداشت)وە سەرچاوە دەگرێت، چونکە ئەوان وای دەبینن شودرا شایەنی ئەوەیە کەوا ماف خوراو بێت، چونکە بەدڵنیاییەوە لە ژیانەکانی پێشووتردا گوناهی ئەنجامداوە، هەر بۆیە لەم چینە لەدایکبووە.

چەند یاسایەك هەیە (یاساکانی منو) کە تێکەڵاوی نێوان چینەکان قەدەغە دەکات.

بەڵام لە پاش هاتنی تازەگەری بۆ هیندستان چاوپۆشی کرا لە سیستەمی چینایەتی ئایینی، لە قۆناغی داهاتوودا چەند یاسایەك دەرکران کە چینی (شودرا) تێیدا هەڵوەشێنرایەوە -لە ساڵی ١٩٥٠دا بەگوێرەی بەشی پانزە لە دەستووری هیندی نوێدا، چینی شودرای ماف خوراو هەڵوەشێنرایەوە-.

بەڵام تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت چینایەتی لە ناو گوندەکان و پەڕتووکە هیندۆسییەکاندا ماوە.[١]

چینایەتی بەندە لەسەر جیاوازی کردنی نێوان مرۆڤەکان بەگوێرەی بنەچە و باوباپیران، هەر بۆیە کاتێك ئیسلام گەیشتە هیندستان تەختی هیندۆسی بەتوندی لەریەوە، چونکە ئیسلام تەقوا و لە خوا ترسانی کردە پێوەری پلە و ئاستی نێوان مرۆڤەکان، نەك ڕەنگ و بنەچە.

پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموویت: ((يا أيها الناس إن ربكم واحد، إن أباكم واحد، ألا لا فضل لعربي على عجمي، لا لعجمي على عربي، لا لأحمر على أسود، لا لأسود على أحمر إلا بالتقوى)) [٢]

واتە: ((ئەی خەڵکینە خوای ئێوە یەکە، باوکی ئێوەش هەر یەکە، عەرەب پەسەندتر نییە لە عەجەم و عەجەمیش پەسەندتر نییە عەرەب، هەروەها کەسی سوور و سپی لە کەسی ڕەش پێست پەسەندتر نییە، کەسی ڕەش پێست لە سوور وسپی پێست پەسەندتر نییە، مەگەر بە تەقوا و پارێزکاری نەبێت.))

---

(١) الفكر الهندوسي التقليدي: مقدمة.أرفيند شارما، ص، ١٣٢ - ١٨٠

(٢) رواه البيهقي في شعب الإيمان و الحديث صحيح، السلسلة الصحيحة حديث رقم ٢٧٠٠

هەروەها دەفەرمووێت ﷺ: ((ابغوني الضعفاء،فإنما تُرزقون و تُنصرون بضعفائكم.))[١]

واتە:((ئاگاتان لەبێدەسەڵاتەكان بێت،چونكە ئێوە بەهۆی بێدەسەڵاتەكانەوە ڕزق دەدرێن و سەردەكەون.))

## ١١- كێشەكانی تری سیستەمی چینایەتی چییە ؟

• هیندۆسەكان دەڵێن: ئەم كەسە كارمایەكی چاكی هەیە هەر لەبەر ئەوەیە لە ژینگەی پاشا و جەنگاوەران لەدایك بووە.

بەڵام فڵان كەس كارمایەكی خراپی هەیە هەر لەبەر ئەوەیە لە ناو ژینگەی مافخوراو و كرێكارەكاندا لەدایك بووە.

ئەم تێڕوانینە یەكێكە لە تێڕوانینە بنەڕەتییەكانی ئایینی هیندۆسی!

ئایینی هیندۆسی وای دادەنێت كە سزا و پاداشت " كارما" ڕاستی گەلێكن لە دەوروبەرماندا هەیە.

كەسی سەركوتكراو و مافخوراو شایەنی ئەوەیە، چونكە بوختان و ستەم و خراپەكاری ئەنجام داوە لە لەدایكبوونەكانی پێشووتردا.

ئا بەم شێوەیە هیندۆسەكان سەیری جیهانی دەوروبەری خۆیان دەكەن.

ئەم بیرۆكە هەڵە و تەشویش كراوەی كە ژیان بە تەواوی تاڵ دەكات و هیچ خزمەتێك پێشكەش بە مرۆڤایەتی ناكات بگرە تێكی دەدات، خۆ ئەگەر كەسی هیندۆسی یارمەتی مافخوراوەكان بدات ئەوا بەم شێوەیە ڕێزی لە كارما نەگرتووە.

---

(١) سنن أبي داوود و الترمذي و صححه الألباني في صحيح الجامع و صحيح أبي داوود ٢٥٩٤

ئەمە جۆرێکە لە ئاشتەوایی لەگەڵ دواکەوتوویی و ستەم.

خراپە لای ئەوان بریتییە لە سزا و بەم شێوەیە ئەوان ئاشتەوایی ئەو زوڵم و ستەمانە دەکەن کە تووشی مرۆڤ دەبێت.

ئا ئەمەش ئەو نهێنییەیە کە وای لە ئیسلام کرد بەئاسانی لە هیندستاندا بڵاوبێتەوە.

چونکە ئیسلام جووڵەیی و داینەمیکییە هەوڵی ئاشتەوایی دەدات لەگەڵ فیترەت و دژایەتی زوڵم و دواکەوتوویی دەکات.

بەردەوام لە هەوڵی پلە بەرزکردنەوەی ناخی تاکی موسڵمان و پشتگوێخستنی بنەچە و ڕەگەز دەدات، هەروەها هەوڵی پشتگوێ خستنی بیرۆکەی سەرکوتکراوان و چینایەتی دەدات، چونکە لە دیدی ئیسلامەوە ئەمانە پاشماوەی نەزانی و جاهیلیەتە.

پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرمووێت: ((من أبطأ به عمله،لم يسرع به نسبه))[١]

واتە: ((هەر کەس کردەوەکانی فریای نەکەوێت، ئەوا نازناو و بنەچەی فریای ناکەوێت.))

هەروەها دەفەرمووێت ﷺ: ((لا يأتيني الناس بأعمالهم و تأتوني بأنسابكم))[٢]

واتە: ((نەکەن خەڵکی بە کردەوەی چاکەوە بێنە لام و ئێوەش بە (پشت بەستن بە) بنەچە و نازناوتانەوە بێنەوە لام.))

چونکە بنەچە و نازناو هیچ نرخ و قورساییەکی نییە!

---

(١) رواه ابن ماجة و الترمذي و أبو داود و صححه الألباني صحيح الجامع حديث رقم ٥٧١٥

(٢) حسنه الوداعي في الصحيح المسند ١٤٢٦

## ١٢- ئایا هەر بەڕاستی هیندۆسەكان مانگا بە پیرۆز ڕادەگرن؟

• بە پیرۆز ڕاگرتنی مانگاكان لە ناو ئایینە جیاوازەكانی سەر زەویدا بڵاو بووەوە وەك ئایینی هیندۆسی و جینی و زەردەشتی، ئەمەش لەبەر هۆكاری سوودی مانگاكانە لە شیردان، بەكارهێنانی پیساییەكانیان بۆ بەهێزكردنی زەوی كشتوكاڵی، هەستانی بە كێڵانی زەویە كشتوكاڵیەكان.

بەڵام تێڕوانینی هیندۆسی لەمە دوورترە، چونكە تێڕوانینی هیندۆسی پەیوەستە بەوەی كەوا خودا لەناو دروستكراوەكانیدا شی دەبێتەوە (الحلول) لەوانەش مانگا، كریشنا (١) مەیلی بۆ لای مانگا دەچوو.

مانگاش سیمبولێكی پیرۆزە لە سیمبولەكانی ئایینی هیندۆسی.(٢)

ساڵانە چەندان ئاهەنگی تایبەت بە مانگا دەگێردرێن لە سەرتاسەری هیندستان. (٣)

بەڵام تێڕوانینی ژیرانە ئەوە دەبڕێنێتەوە كەوا مانگا و شتە ماددییەكان ملكەچ كراوە بۆ سوودی مرۆڤ و تاكوو خولی ژیانی سروشتی بەردەوام بێت، هیچ نرخێكی نییە لە بەرجەستە بوونی ئیلاهی لە ناخیاندا -پاك و بێگەردی بۆ الله لەو قسەیە-.

خوای گەورە دەفەرموویت: ﴿ وَسَخَّرَ لَكُم مَّا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِي ٱلْأَرْضِ جَمِيعًا مِّنْهُۚ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَأٓيَٰتٍ لِّقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ ﴿١٣﴾ ﴾ الجاثية: ١٣

واتە: ((هەرچی لە ئاسمانەكان و زەویدا هەیە بۆ ئێوەی ڕام هێناوە، بۆ خزمەتگوزاری ئێوە فەراهەمی هێناوە، هەموویشی تێكڕا بەخشش لەلایەن

---

(١) كریشنا: یەكێكە لە بەرجەستە ئیلاهییەكان لەناو یەكێك لە كەسەكاندا -پاك و بێگەردی بۆ الله لەو قسە نابەجێیەی دەیكەن-.

(٢) ڕیگ ڤیدا ٣-٣٣-١.

(٣) أسطورة البقرة المقدسة، دویجندرا نارایان

ئەو زاتەوە، بەڕاستی ئا لەو بەخشش و دیاردانەدا بەڵگە و نیشانەی زۆر هەن بۆ كەسانێك كە بیربكەنەوە.))

### ١٣- چۆن كەسی هیندۆسی دەگاتە موشكا؟

• لە ڕێگەی ڕێوڕەسمی ئایینی و دونیا نەویستی و زوهد.

### ١٤- چ كێشەیەك لە ڕێوڕەسمی هیندۆسیدا هەیە ؟

• بیرۆكەی وازهێنان لە گوناهـكردن لە هیندۆسیدا لە ڕێی دابڕان لە دونیا و لەبیركردنی خێزان و ماڵ و منداڵ، بیركردنەوەی قووڵ تا ئەوكاتەی مردن بەرۆكی دەگرێت بریتییە لە سووتاندنی ناخی مرۆڤ و كۆمەڵگە و خێزان.

خۆ ڕزگار كردن لە گوناهـ و تاوان لە ئیسلامدا لە ڕێگەی تەوبە كردن و پەشیمانی و گەڕاندنەوەی مافی مافخواراوان ئەنجام دەدرێت، نەك لە ڕێی تێفكرین و بێدەنگی مردوو ئاسا و وازهێنان لە هەموو شتێك، لەدایكبوونی دووەم و سێیەم و چوارەم هەر وەك باسی دەكەن -كە سادهو گەیشتۆتە لەدایكبوونی چوارەم بە وازهێنانی لە دونیا و ژیان بەسەر بردن لەناو كەلاوەكاندا-

### ١٥- چ كێشەیەك هەیە لە دابڕان و خۆ جیاكردنەوە لەناو كەلاوە و شوێنە خاپووربووەكاندا؟

• ئایینی هیندۆسی شەڕ لەگەڵ غەریزەدا دەكات، نەك لە ڕێگەی فێركردنییەوە هەروەك چۆن لەناو شەریعەتی پێغەمبەراندا بوونی هەیە، بەڵكوو لە ڕێی سووتاندنی جەستەوەیە. مرۆڤ پەلكێشی ڕەبەنایەتی و وازهێنان لە دونیا دەكات، چونكە غەریزە لە ئایینی هیندۆسیدا وەك خراپەكار سەیر دەكرێت و پێویستە لەبیر بكردرێت لە ڕێی لەبیركردنی جەستەوە.

ئەگەر مرۆڤ ئەو شتانەی لەناوبرد كە جەستەی پێویستی پێیەتی، ئەوا ڕزگاری دەبێت لە تناسخ.

ASTANA

ئەمەش کێشەیەکی کارەساتبارە و کۆمەڵگە و خێزان و مرۆڤ لەناو دەبات!

چونکە غەریزەی مرۆڤ بەخششێکی خوداییە بۆ دروستکردنی خێزان و پێکهێنانی کۆمەڵگە و بۆ هەوڵ و تێکۆشان و دروستکردنی ژیانە.

غەریزە پەروەردە دەکرێت و دەکرێتە سەر ڕێگەی ڕاست و ڕێچکەی سروشتی خۆی، بەڵام ناسوتێنرێت!

کێ دەڵێت کە ئامانجی ژیانی ئێمە ئەوەیە ژەمێك خواردن سواڵ بکەین و بچینە کەلاوەکان تاکوو ژیانمانی تێدا بەسەر بەرین هەروەك سادهو ئەنجامی دا؟ -یەکێکە لەو کەسانەی ڕێوڕەسمی هیندۆسی ئەنجام دا-؟

کێ گوتوویەتی ئێمە هاتووینەتە ئەم دونیایەوە تاکوو پارچە قوماشێکی زەعفەرانی لەبەر بکەین و ئازار و ئەشکەنجەی جەستەی خۆمان بدەین تا ئەو کاتەی مردن بەرۆکمان دەگرێت؟

تەنانەت نزمترین مێرووەکان لە هیندۆسەکان هوشیارترن لە بابەتی ئامانجی بوون و ئاوەدان کردنەوەی سەر زەوی و چاکسازی کردن لە ژیاندا، دەبینی کە کۆمەڵانی مێش هەنگەکان بە بەردەوامی هەوڵ دەدەن بۆ فەراهەم کردنی خۆشی خۆی و نەوەکانی، دەبینی بەکتریا خۆی جێگیر دەکات لە ناو ڕیخۆڵەکان تاکوو سوود ببینێت و سوود بگەیەنێت و ژیان لەسەر ڕێچکەی خۆی بەردەوام بێت، کە تەنها کەسێکی کاڵفام و کەم ژیری نەبێت تێکی نادات!

ئایینی هیندۆسی ئایینی دەست بەتاڵی و مشەخۆری و تەمبەڵی و نەزانینی مانای ژیان و ئامانجی بوون و سەرچاوە و هۆکاری بوونە!

## ١٦- باشترین ڕێگا بۆ دژایەتی کردنی شەهوەت و ڕزگار بوون لە گوناهـ چییە؟

• بنچینەی بەرەنگاربوونەوەی ئارەزوو و غەریزە بنەڕەتێکی چاکە بەڵام تەنها ئەو کاتەی کە لە ڕێچکەی خۆیدا دابنرێت!

هەر کاتێك کە غەریزە کۆنترۆڵ کرا، ناسوتێنرێت!

مەسەلەی دووركەوتنەوە لە گوناهەکان لەو فیترەتەیە کە خودا خەڵکانی لەسەر نەخشاند، دووربوون لە گوناهـ و تاوان و هەوڵدان بۆ کاری چاك، بەخششی خودان لەناو ناخی مرۆڤدا، چونکە نەفسی مرۆڤ مەیلی بۆ لای خۆشویستنی کاری چاك هەیە، ئەمە بەخششێکی خودایییە، نەك منەتێك بێت بکرێت بەسەر خودا!

بەڵام ئەوەی کەوا بیرکردنەوەی قووڵ و خۆ گرتنەوە لە دونیا ببێتە ئایینی ڕەش و ڕووتەکان و سواڵ کردن و وازهێنان لە کار و کاسبی و هاوسەر و ماڵ و منداڵ، ئەوا ئەمە لە سیفەتی کەسانی عاقڵ و ژیر نییە. هەروەك چۆن ئامانجی بوون و دادپەروەری لەگەڵ بوونەوەرانیش نییە، هیچ شتێك نییە جگە لە بەفیڕۆدانی مافی ئەو کەسانەی مرۆڤ بەرپرسە بەرانبەریان. سادەو تەنها بەوە واز ناهێنێت کە مافی ئەوانە بەفیڕۆ بدات کە بەرپرسەرە بەرانبەریان، بگرە خودی خۆشی دەبێتە بارێکی قورس و مشەخۆرێکی هەژار، چاوەڕوانی کەسێك دەکات هەموو ڕۆژێك خواردن و شوێنێکی پێ بدات.

مرۆڤیش دەتوانێت لەناو کۆمەڵگەکەیدا بژییێت و بونیادی بنێت و لە هەمان کاتیشدا بەرەنگاری شەهوەت و ئارەزووی خۆی و گوناهەکان ببێتەوە و غەریزەی خۆی کۆنترۆڵ بکات. قورئانی پیرۆزیش ئەم بابەتە بە شێوەیەکی زۆر جوان چارەسەر دەکات کە مرۆڤ توانای پێکەوەژیانی هەبێت لەگەڵیدا، خوای گەورە دەفەرموویێت: ﴿ وَأَمَّا مَنْ خَافَ مَقَامَ رَبِّهِۦ وَنَهَى ٱلنَّفْسَ عَنِ ٱلْهَوَىٰ ﴿٤٠﴾ فَإِنَّ ٱلْجَنَّةَ هِىَ ٱلْمَأْوَىٰ ﴿٤١﴾ ﴾ النازعات: ٤٠ - ٤١

واتە: ((بەڵام ئەوەی لە پایە و شکۆی پەروەردگاری ترسابێت و حیسابی بۆ کردبێت و جڵەوی نەفسی گرتبێتەوە لە هەموو هەواو هەوەس و ئارەزوویەکی نادروست... بێگومان هەر بەهەشت جێگەی مانەوە و حەوانەوە و گوزەرانیەتی.))

چونکە ترسان لە خودای باڵادەست و کارکردن بە قورئانی بەپێز، چارۆکەی ڕزگار بوونە لە ژیاندا.

مرۆڤ دەتوانێت بەربەستی نەفس بەئاسانی ببڕێت و بەبێ ئەوەی پێویست بە سادهوی هیندۆسی سوتێنەر و خۆگرتنەوەی خنێکنەر بکات، تەنها بە کردەوەی چاك و تێکەڵ بوون لەگەڵ خەڵك و ئارام گرتن لەسەر ئازار و ئەشکەنجەیان و یارمەتی دانیان لە چاکە بریتییە لە بڕینی بەربەستی کۆت و زنجیری شەهوەت و ئارەزوو، خوای گەورەش دەفەرموویێت: ف﴿ فَلَا ٱقۡتَحَمَ ٱلۡعَقَبَةَ ﴿١١﴾ وَمَآ أَدۡرَىٰكَ مَا ٱلۡعَقَبَةُ ﴿١٢﴾ فَكُّ رَقَبَةٍ ﴿١٣﴾ أَوۡ إِطۡعَٰمٞ فِي يَوۡمٖ ذِي مَسۡغَبَةٖ ﴿١٤﴾ يَتِيمٗا ذَا مَقۡرَبَةٍ ﴿١٥﴾ أَوۡ مِسۡكِينٗا ذَا مَتۡرَبَةٖ ﴿١٦﴾ ثُمَّ كَانَ مِنَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَتَوَاصَوۡاْ بِٱلصَّبۡرِ وَتَوَاصَوۡاْ بِٱلۡمَرۡحَمَةِ ﴿١٧﴾ أُوْلَٰٓئِكَ أَصۡحَٰبُ ٱلۡمَيۡمَنَةِ ﴿١٨﴾ ﴾ البلد: ١١ - ١٨

واتە: ((کەچی (زۆربەی ئەو خەڵکە) نەیتوانی بەسەر کۆسپ و لەپەرەکاندا زاڵ ببێت و ڕێگای سەرفەرزای بگرێتەبەر. جا تۆ چوزانی ئەو کۆسپ و لەمپەرانە کامەن؟!...ئازاد کردنی بەندە و کۆیلەیە (یان ئازادکردنی گەردنی خۆیەتی لە گوناهـ و یاخی بوون و سەرکەشی). یاخود خۆراك بەخشینە لە ڕۆژێکدا کە گرانی و برسێتی هەبێت. بەتایبەتی بەو هەیتوەی کە خزمایەتی هەیە لەگەڵیدا. یان بە هەژارێك کە لە هەژاریدا لەسەر خاك دانیشێت، یان پەککەوتە و کەفتەکارێك. سەرەڕای ئەوانەش ئادەمیزاد دەبێت لەوانەبێت کە باوەڕیان هێناوە و ئامۆژگاری یەکتریان کردووە لەسەر خۆگری و ئارامگری و هەروەها ئامۆژگاری یەکتریان کردووە لەسەر ڕەحم و بەزەیی و میهرەبانی. (ئەوانەی بەو سیفەتە جوانانە خۆیان دەڕازێننەوە) ئەوانە دەستەی ڕاست و (دەستەی بەختەوەرانن))).

ASTANA

هەر بۆیە ئامادەکاری ڕاکردن لە نەفس و شەهوەتەکان، ئامادەکارییەکی زۆر مەزنە لە قورئانی پیرۆزدا، بەڵام ئامادەکارییەکی وەهایە شایستەی بونیادنانی کۆمەڵگە و دامەزراندنی خێزانە بەبێ فەوتاندنی هیچ مافێك.

جا سوپاس بۆ خوا لەسەر نیعمەتی ئیسلام!

## ١٧- بۆچی ئایینی هیندۆسی بە پاشماوەی فەلسەفەکان وەسف دەکەن؟

• فەلسەفەی سادهو -پەیڕەوکەری هیندۆسی- بۆ گەیشتن بە ڕووناکی، چوار جار لەدایکبوونەوە، ئەم زمانە فەلسەفییە لە زۆر ڕووەوە ئەوە دەسەلمێنن کە ئایینی هیندۆسی فەیلەسوفەکان نووسیویانە نەك پێغەمبەران!

چونکە زۆربەی مرۆڤەکان ئەم ئاڵۆزییە فەلسەفییەیان بە کەڵك نایەت و هیچ لێی تێناگەن و هیچ گرنگییەکی نییە لە لایان!

## ١٨- چ کێشەیەك هەیە لە ڕەبەنایەتیی سادهو -پەیڕەوانی هیندۆسی-؟

• لە بنچینەکانی هیندۆسیدا ئەوەیە کە کەسی پەیڕەوان بە چوار لەدایك بوون تێپەڕ دەبێت تا دەگاتە ئاستی سادهو.

سادهوش تاکوو خۆی ڕزگار بکات لە لەدایکبوونەوە دووبارەکان و بگاتە موشکا هیچ کار ناکات و هیچ هەوڵ و کۆششێك نادات و هیچ کۆناکاتەوە و ماڵ دروست ناکات و نە کشتوکاڵ و نە کاسبی دەکات، هیچ خواردنێك ناخوات بێجگە لەوەی کە سواڵ لە خەڵکی دەکات.

لە کۆتایی ڕۆژەکەدا سواڵی شوێنێك دەکات تا لێی بمێنێتەوە!

ئایا ئەمە ئامانجی ژیانە؟

ئایا ئەمە مانای ژیانە؟

کوا مافی خەڵك و خێزان و ماڵ و مناڵ؟

کوا تێکەڵی کردنی خەڵك و ئارام گرتن لەسەر ئەشکەنجەیان و ئامۆژگاری کردنیان؟

ئەم ڕەبەنایەتییە مافی خەڵکی و کۆمەڵگەی بەفیڕۆ دا، هەروەك چۆن مافی کەسی هیندۆسی خۆیشی بەفیڕۆ دا، بە حوکمی ئەوەی مرۆڤە و پێویستی هەیە وەك خواردن و هاوسەرگیری، ئەوەی خودا حەلاڵی کردووە: ﴿ قُلْ مَنْ حَرَّمَ زِينَةَ ٱللَّهِ ٱلَّتِيٓ أَخْرَجَ لِعِبَادِهِۦ وَٱلطَّيِّبَٰتِ مِنَ ٱلرِّزْقِۚ قُلْ هِيَ لِلَّذِينَ ءَامَنُواْ فِي ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا خَالِصَةً يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِۗ كَذَٰلِكَ نُفَصِّلُ ٱلْأٓيَٰتِ لِقَوْمٍ يَعْلَمُونَ ﴿٣٢﴾ ﴾ الأعراف: ٣٢

واتە: ((ئەی پێغەمبەرﷺ پێیان) بڵێ: ئەوە کێیە پۆشاك و زینەت و جوانییە خواییەکانی لە بەندەکانی حەرام کردوە کە لە بنەڕەتدا خۆی بۆی بەدی هێناون؟ هەروەها ئەوە کێیە ڕزق و ڕۆزییە چاك و پاکەکانی حەرام کردووە؟! بەو خەڵکە بڵێ: هەموو ئەو شتانە بۆ ئیماندارانە لە ژیانی دنیادا و لە کاتێکدا پاڵفتەن لە ڕۆژی قیامەتدا، ئا بەو شێوەیە ئایەت و فەرمانەکان ڕوون دەکەینەوە بۆ کەسانێك کە بزانن و هوشیار بن.))

پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە: مانای چییە کەسی هیندۆسی خۆی لە خەڵکی دابڕێنێت، ژیان لەسەر لوتکەی چیاکان و لە شوێنە دوورەکان بەسەر ببات، ئەمە چ سوودێك بە خەڵکی دەگەیەنێت؟

دینی ڕاستی دینی ئامۆژگاری و جددییوون و تێکەڵاوی خەڵك و چاکە خوازییە لەگەڵیان، نەك ڕاکردن لێیان و پەنا بردنە دۆڵ و بیابانەکان!

چونکە ئەو کەسەی تێکەڵی خەڵکی دەبێت و ئارام دەگرێت لەسەر ئازار و ئەشکەنجەیان چاکتر و باشترە لەو کەسەی تێکەڵی خەڵکی نابێت و ئارام ناگرێت لەسەر ئازار و ئەشکەنجەیان[1]

---

(١) صحيح سنن ابن ماجة حديث رقم ٣٢٧٣

ئەو كەسەی كەوا ژیان لەسەر خۆی قورس دەكات و جەستەی خۆی دەگرێتەوە لەو ڕزق و ڕۆزییە حەڵاڵانە، ئەوا بەم شێوەیە مافی خەڵكی بەفیڕۆ دەدات دوای ئەوەی كەوا مافی خودی خۆی بەفیڕۆ داوە. لە ئەنەسی كوڕی مالیك دەگێڕنەوە ڕەزای خوای لێ بێت، دەفەرمووێت كەوا پێغەمبەری خوا فەرمووی: ((لا تشددوا على أنفسكم فيشدد الله عليكم،فإن قوما شددوا على أنفسهم،فشدد الله عليهم،فتلك بقاياهم في الصوامع و الديار، ﴿ وَرَهْبَانِيَّةً ٱبْتَدَعُوهَا مَا كَتَبْنَـٰهَا عَلَيْهِمْ ﴾ الحديد: ٢٧))[١]

واتە: ((ژیان لەسەر خۆتان قورس مەكەن، چونكە گەر وابكەن ئەوا خوداش قورسی دەكاتەوە لەسەرتان، چونكە قەومانێك پێش ئێوە ژیانیان لەسەر خۆیان قورس كرد لە ئەنجامدا خوداش قورسی كردەوە لەسەریان، ئەوەتا دەبینن پاشماوەكانین لە پەرستگا و دێرەكان دایە ﴿ وَرَهْبَانِيَّةً ٱبْتَدَعُوهَا مَا كَتَبْنَـٰهَا عَلَيْهِمْ ﴾ الحديد: ٢٧))

واتە: ((بەڵام ئەوان ڕەهبانیەت و دوورەپەرێزییان لەدنیادا كردەپیشەیان، وەنەبێت ئێمە ئەو حاڵەتەمان لەسەر فەرز كردبن.))

چونكە ڕەبەنایەتی مرۆڤ دەكاتە ناو ژیانێكی قورسەوە و هەندێك ماف دەفەوتێنێت، ئەمەش هەمان ئەوەیە كە بە تەواوەتی لە نموونەی هیندۆسیدا ڕوویدا، سەرئەنجام بەهیلاك چوون و مافی خۆیان و مافی خەڵكیشیان بەفیڕۆ دا.

## ١٩- كێشەی تێفكرین و قووڵبوونەوە لە هیندۆسیدا چییە؟

• ئەو تێفكرینەی كە هیندۆسی بڕیاری دەدات و كەسی سادەو ئەنجامی دەدات لەوە باشتر بوونی هەیە لە ئایینە ئاسمانییەكان و بگرە لەوانەیە بنچینەی ئەم تێفكرینەی ناو هیندۆسی پاشماوەی پێغەمبەرایەتی بێت و خودا زاناترە.

---

(١) رواه أبو داود

ASTANA

شەریعەتە ئاسمانییەکان بانگەوازیان بۆ ڕامان و قووڵبوونەوە کردووە، بەڵام بە شێوەیەکی وا کە ببێتە هۆکاری کارکردن و گوێڕایەڵی و سوپاسگوزاری و تێکۆشان نەك ئەوەی ببێتە هۆکار بۆ بێدەنگی مردوو ئاسا و دوورکەوتنەوە لە خەڵکی و ژیان کردن لە چۆڵەوانی أ﴿ أَوَلَمْ يَتَفَكَّرُوا۟ فِىٓ أَنفُسِهِم ۗ مَّا خَلَقَ ٱللَّهُ ٱلسَّمَـٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ وَمَا بَيْنَهُمَآ إِلَّا بِٱلْحَقِّ وَأَجَلٍ مُّسَمًّى ۗ وَإِنَّ كَثِيرًا مِّنَ ٱلنَّاسِ بِلِقَآئِ رَبِّهِمْ لَكَـٰفِرُونَ ﴿٨﴾ ﴾ الروم: ٨

واتە: ((ئایا ئەوە لە ناخی خۆیاندا بیریان نەکردۆتەوە، کە خوا ئاسمانەکان و زەوی و هەرچی لە نێوانیاندا هەیە تەنیا بە حەق و سنووردار نەبێت دروستی نەکردوون؟ لە ڕاستیدا زۆربەی خەڵکی بێباوەڕن بە گەیشتنە خزمەتی پەروەردگاریان.))

تێفکرینی ڕاستەقینە ئەوەیە کە دەبێتە هۆکاری گوێڕایەڵی کردنی خودا ﴿ ٱلَّذِينَ يَذْكُرُونَ ٱللَّهَ قِيَـٰمًا وَقُعُودًا وَعَلَىٰ جُنُوبِهِمْ وَيَتَفَكَّرُونَ فِى خَلْقِ ٱلسَّمَـٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ رَبَّنَا مَا خَلَقْتَ هَـٰذَا بَـٰطِلًا سُبْحَـٰنَكَ فَقِنَا عَذَابَ ٱلنَّارِ ﴿١٩١﴾ ﴾ آل عمران: ١٩١

واتە: ((ئەوانەی یادی خوا دەکەن لەکاتێکدا کە بەپێوەن یان دانیشتوون یان ڕاکشاوون (لە هیچ حاڵەتێکدا یادی ئەو زاتە فەرامۆش ناکەن)، هەمیشە بیردەکەنەوە لە دروستبوونی ئاسمانەکان و زەوی (بیردەکەنەوە لە هەموو وردەکاریەك، سەرنجی هەموو دیاردەیەك دەدەن، سەرئەنجام دەڵێن): پەروەردگارا تۆ ئەم هەموو دروستکراوانەت بێهودە و بێ ئامانج دروست نەکردووە، پاکیی و بێگەردیی شایستەی تۆیە، دە تۆش بمانپارێزە لە سزای ئاگری دۆزەخ.))

هەموو ئەوەی لە بووندا هەیە بانگمان دەکات بۆ بیرکردنەوە و تێفکرین لە بەخششەکانی خودا ﴿ وَسَخَّرَ لَكُم مَّا فِى ٱلسَّمَـٰوَٰتِ وَمَا فِى ٱلْأَرْضِ جَمِيعًا مِّنْهُ ۚ إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَـَٔايَـٰتٍ لِّقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ ﴿١٣﴾ ﴾ الجاثية: ١٣

ASTANA

واتە: ((هەرچی لە ئاسمانەکان و زەویدا هەیە بۆ ئێوەی ڕام هێناوە، بۆ خزمەتگوزاری ئێوە فەراهەمی هێناوە، هەموویشی تێکڕا بەخشش لەلایەن ئەو زاتەوە، بەڕاستی ئا لەو بەخشش و دیاردانەدا بەڵگە و نیشانەی زۆر هەن بۆ کەسانێك کە بیربکەنەوە.))

هەروەها ئەو ئایەتانەی کە هانمان دەدات بۆ بیرکردنەوە و تێفکرین زۆرن ﴿ قُلِ ٱنظُرُواْ مَاذَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِۚ وَمَا تُغۡنِي ٱلۡأٓيَٰتُ وَٱلنُّذُرُ عَن قَوۡمٖ لَّا يُؤۡمِنُونَ ١٠١ ﴾ یونس: ١٠١

واتە: ((پێیان بڵێ: سەیر بکەن و سەرنج بدەن: خوا چی دروست کردووە لە ئاسمانەکان و زەویدا، کەچی بەڵگە و نیشانە و ئاگادارییەکان سوودیان نیە بۆ ئەو کەسانەی کە باوەڕ ناهێنن و (ڕێبازی ئیمان ناگرنە بەر).))

﴿ إِنَّ فِي خَلۡقِ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ وَٱخۡتِلَٰفِ ٱلَّيۡلِ وَٱلنَّهَارِ وَٱلۡفُلۡكِ ٱلَّتِي تَجۡرِي فِي ٱلۡبَحۡرِ بِمَا يَنفَعُ ٱلنَّاسَ وَمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ مِنَ ٱلسَّمَآءِ مِن مَّآءٖ فَأَحۡيَا بِهِ ٱلۡأَرۡضَ بَعۡدَ مَوۡتِهَا وَبَثَّ فِيهَا مِن كُلِّ دَآبَّةٖ وَتَصۡرِيفِ ٱلرِّيَٰحِ وَٱلسَّحَابِ ٱلۡمُسَخَّرِ بَيۡنَ ٱلسَّمَآءِ وَٱلۡأَرۡضِ لَأٓيَٰتٖ لِّقَوۡمٖ يَعۡقِلُونَ ١٦٤ ﴾ البقرة: ١٦٤واتە: ((بەڕاستی لە دروستکردنی ئاسمانەکان و زەوی و ئاڵوگۆڕی شەو و ڕۆژدا و لەو کەشتیانەدا کە دەگەڕێن بە دەریادا و بەهۆیەوە سوود بە خەڵکی دەگەیەنن و لەو ئاوەی کە خوا لە ئاسمانەوە دەیبارێنێت و ئینجا بەهۆیەوە زەوی پێ زیندوو دەکاتەوە دوای وشك بوون و مردنی، هەروەها جۆرەها زیندەوەر و گیانلەبەر و مار و مێرووی لەسەر ڕووکاری زەویدا بڵاو کردۆتەوە و گۆڕاندن و هاتووچۆ پێ کردنی باو شەماڵ و ڕاگیرکردنی هەورەکان لە نێوان ئاسمان و زەویدا، ئەمانە هەموو بەڵگەو نیشانەی بەهێزن بۆ ئەوانەی کە عەقڵ و بیر و هۆشیان دەخەنەکار و بیر لە دەسەڵاتی بێسنووری خوا دەکەنەوە.))

کەس بیر ناکاتەوە و تێناگات و تێنافکرێت لەو هەمووە، بێجگە لە خاوەن ژیرییەکان (أولوا الألباب) ﴿ وَمَا يَذَّكَّرُ إِلَّآ أُوْلُواْ ٱلۡأَلۡبَٰبِ ٧ ﴾ آل عمران: ٧

واتە: ((بێجگە لە خاوەن بیر و ژیرەکان یادەوەری وەرناگرن و بیرناکەنەوە (لەم قورئانە).))

هەر خودی تێفکرین و وردبوونەوە پەرستش و عیبادەتە.

هەروەها لە وتەی پێشینە چاکەکانمان ئەوە بوو: «تێفکرینی ساتێك چاکترە لە عیبادەتی ساڵێك»[١].

چونکە تێفکرین هۆکاری گوێڕایەڵی و نزیکبوونەوەیە لە خودا و وردبوونەوەیە لە نیعمەتەکانی و دانایی و ڕازیبوون بە قەزا و قەدەری ئیلاهـی و پشت بەستنی تەواوەتی بە خودا خۆی.

جا بۆیە بیرکردنەوە و تێفکرین عیبادەتێکی ئیسلامییە.

تێفکرین لە دروستکراوەکانی خوا و وردبوونەوە لە بەخششەکانی، قووڵبوونەوە لە جیاوازی دروستکراوانی، یەکێکە لە عیبادەتەکان؛ بەڵام تەنها عیبادەت نییە هەروەك هیندۆسەکان بیری لێ دەکەنەوە لە ئاستی سادھودا.

## ٢٠- کێشەی بت پەرستی چییە و بۆچی پێغەمبەران دژایەتییان کردووە؟

• هەموو چاکە خوازان و پێغەمبەران و بانگخوازە ڕاستەقینەکان دژایەتی هیچ شتێکیان نەکردووە هێندەی بت پەرستی گەلەکانیان، ئەو بت پەرستیانەی کە تاوانیان بۆ ئاسان دەکەن.

تێیدا پەرستگای بت پەرستان دەکرێتە مەڵبەندێك بۆ خراپەکاری و ئەنجامدانی کاری قێزەون و میحرابێك بۆ سەرەڕۆیی هەروەك توێژینەوەکانی ئایینە کۆنەکان پێمان دەڵێن، هەروەك چۆنیش خودی ئایینی هیندۆسی ئەمڕۆ هەواڵمان پێ دەدات -کە تێیدا ڕێورەسمی مانترا بووەتە ڕێورەسمێکی سێکسی-[٢].

---

(١) اللؤلؤ المرصوع للقاوقجي، ص ٦٦

(٢) موقع حقائق الهندوسية الرسمية

چونکە بتەکان دەکرێنە پەردەیەك بۆ ڕاکردن لەو تەکلیفە شەرعییانەی کە خودا فەرمانی پێ دەکات، کەسی بت پەرستیش بتەکەی دەکاتە بەهانە و وەك پەردەیەك بەکاری دەهێنێت بۆ کوفر و تاوانەکانی.

دواتر ئەم بت پەرستە هەڵدەستیت بە هاوبەشی پێ کردنی ئەم بتە لەگەڵ خوادا لە بەدیهێنان و فەرمان دەرکردندا، لە پاشان ئەم بتە دەکاتە ئایینێك و بگرە لە ڕێی ئەم بتەوە خۆی لە خودا نزیك دەکاتەوە و ئەمەش پڕیەتی لە کوفر و درۆ و بوختان کردنێکی زۆر گەورە بەدەم پەیامی خودا و داواکاریەکانی شەرع و ئامانجی بوون!

هەر لەبەر ئەمەیە خودای گەورە ئەم بت پەرستانەی بە درۆزنی بێباوەڕ وەسف کردووە ﴿ أَلَا لِلَّهِ الدِّينُ الْخَالِصُ ۚ وَالَّذِينَ اتَّخَذُوا مِن دُونِهِ أَوْلِيَاءَ مَا نَعْبُدُهُمْ إِلَّا لِيُقَرِّبُونَا إِلَى اللَّهِ زُلْفَىٰ إِنَّ اللَّهَ يَحْكُمُ بَيْنَهُمْ فِي مَا هُمْ فِيهِ يَخْتَلِفُونَ ۗ إِنَّ اللَّهَ لَا يَهْدِي مَنْ هُوَ كَاذِبٌ كَفَّارٌ ﴿٣﴾ ﴾ الزمر: ٣

واتە: ((ئاگاداربن: دینی پاك و خاوێن تەنیا بۆ خوایە، ئەوانەش جگە لەو زاتە کەسانی ترو شتی تر دەکەنە پشتیوانی خۆیان دەڵێن: ئێمە ئەم بت و شتانە ناپەرستین تەنیا لەبەر ئەوەی لە خوا نزیکمان بخەنەوە، لەکاتێکدا ئەوان لەخواوە نزیکترن، بێگومان خوا داوەری دەکات لە نێوانیاندا، لەو شتانەدا کە کێشەیان لەسەری هەیە و ڕایان دەربارەی جۆراوجۆرە، بەڕاستی خوا ئەو بیروباوەڕە چەوتەیان لێ وەرناگرێت و هیدایەت و ڕێنموویی ئەو کەسانە ناکات کە درۆزن و بێباوەڕن.))

جا کاتێك کە کەسی بت پەرست بیەوێت تاوان ئەنجام بدات ئەوا بە قوربانی کردن بۆ بتەکانی خۆی نزیك دەکاتەوە: و﴿ وَيَجْعَلُونَ لِمَا لَا يَعْلَمُونَ نَصِيبًا مِّمَّا رَزَقْنَاهُمْ ۗ تَاللَّهِ لَتُسْأَلُنَّ عَمَّا كُنتُمْ تَفْتَرُونَ ﴿٥٦﴾ ﴾ النحل: ٥٦

واتە: ((خوا نەناسان، هەندێك لەو شتانەی کە ئێمە پێمان بەخشیوون، دادەنێن و بڕیار دەدەن بۆ ئەوانەی کە نەزان و نەفام و بێدەسەڵاتن (کە

ASTANA

بتەکانن)، سوێند بە خوا، بێگومان پرسیارتان لێدەکرێت دەربارەی هەموو ئەو درۆ و پڕوپاگەندەیەی کە هەڵتان دەبەست.))

بۆ الله بەشێك دیاری دەکات و بۆ بتەکەشی بەشێك ﴿ وَجَعَلُواْ لِلَّهِ مِمَّا ذَرَأَ مِنَ ٱلْحَرْثِ وَٱلْأَنْعَٰمِ نَصِيبًا فَقَالُواْ هَٰذَا لِلَّهِ بِزَعْمِهِمْ وَهَٰذَا لِشُرَكَآئِنَا ۖ فَمَا كَانَ لِشُرَكَآئِهِمْ فَلَا يَصِلُ إِلَى ٱللَّهِ ۖ وَمَا كَانَ لِلَّهِ فَهُوَ يَصِلُ إِلَىٰ شُرَكَآئِهِمْ ۗ سَآءَ مَا يَحْكُمُونَ ﴿١٣٦﴾ ﴾ الأنعام: ١٣٦

واتە: ((ئەو هاوەڵگەرو نەفامانە) هەندێك لەوەی کە خوا دروستی کردووە لە بەروبوومی کشتوکاڵ و ماڵاتیان کردووە بە بەشی خوا و گوتویانە: ئەمە بەشی خوایە بە خەیاڵی خۆیان! (هەندێکی تریشیان جیا کردۆتەوە و گوتویانە) ئەمەش بۆ بتەکانمانە! جا ئەوەی بۆ بتەکانیان بڕیاریان داوە ئەوە بەخوا ناگات، (واتە قبووڵ و پەسەند نییە، ئەوەش کە بە خەیاڵی ئەوان) بۆ خوا بڕیاریانداوە، ئەوە دەگەیشتە لای بتەکان و بۆ ئەوان بوو، ئای کە دادوەرییەکی خراپ و نادروست دەکەن.))

نموونەی ئەم جۆرە کەسانە چاك دەزانن کە هیچ بەڵگەیەکیان نییە بۆ هاوبەشی پەیداکردنیان بۆ الله ﴿ أَمَّن يَبْدَؤُاْ ٱلْخَلْقَ ثُمَّ يُعِيدُهُۥ وَمَن يَرْزُقُكُم مِّنَ ٱلسَّمَآءِ وَٱلْأَرْضِ ۗ أَءِلَٰهٌ مَّعَ ٱللَّهِ ۚ قُلْ هَاتُواْ بُرْهَٰنَكُمْ إِن كُنتُمْ صَٰدِقِينَ ﴿٦٤﴾ ﴾ النمل: ٦٤

واتە: ((ئایا کێ لە سەرتاوە دروستکراوان بەدی دەهێنێت، پاشان دوای تێکدانی سەرلەنوێ دروستی دەکاتەوە، کێ لەو ئاسمانەوە (بەهۆی تیشکی خۆر و باران و هەواوە) لە زەوییەوە (بە هۆی خاکەوە) ڕزق و ڕۆزیتان پێ دەبەخشێت؟، ئایا ڕەوایە لەگەڵ زاتی خوادا خوای تر هەبێت؟، پێیان بڵێ: ئادەی بەڵگەتان چییە بیهێننە مەیدان ئەگەر ئێوە ڕاستگۆن.))

جا ئەوان بەڵگەیان لە کوێ بوو!

جا ئەوان بەڵگەیان لە کوێ بوو!

ASTANA

کێشەی هیندۆسیش ئەوەیە کە بت پەرستی زۆر گەورە دەکەنەوە و دەیکەن بە پایە و ڕوکنێك لە پایەکانی ئایینەکەیان.

دەبینی بت و پەیکەرەکان لە هەموو شوێنێك هەن.

هەروەها خودا بەرجەستە دەکەن لە بتەکاندا.

هەموو خودایەکیش خاوەنی بتێك و وێنەیەك و شێوەیەکە.

هەر بۆیە ئایینی هیندۆسی، ئایینی بت پەرستی و پەیکەر و داتاشراوەکانی مرۆڤە.

## ٢١- کێشە و کەموکوڕییەکانی تری ناو بیروباوەڕی هیندۆسی چییە؟

•ئایینی هیندۆسی لەسەر بنەمای فەلسەفە و بیروباوەڕ و تێڕوانینەکان دروست بووە، بە درێژایی سەدان ساڵ، لە نزیکەی ١٥٠٠ ساڵی پێش زایین و تاکوو ٥٠٠ ساڵی پاش زایین، جا بە پێچەوانەی ئایینەکانی تر، یەك ئایین نییە، بەڵکوو بیر و فیکر و فەلسەفەی جیا جیایە.

هەر بۆیە هیندۆسی نە بە ئایین و نە مەزهەب و نە ڕێچکەیەکی بیروباوەڕی هەژمار ناکرێت، بەڵکوو تێکەڵەی فەلسەفە و ئایینەکانە هەر لەبەر ئەمەشە خاوەنی یەك سیستەمی خوداپەرستی هاوبەش نییە، یاخود سیستەمێکی ڕێوڕەسمی دیاریکراو یان مەنهەجێکی ئایینی جێگیری نییە!

جا چۆن پەرستش بە شتێك دەکرێت کە خودا هیچ فەرمانێکی بەسەردا دانەبەزاندبێت، چۆن ئەم سەرگەردانییە دەکرێتە ئامانج لە ژیاندا!

## ٢٢- دیدی هیندۆسی چییە بۆ گەردوون؟

• بەگوێرەی فەلسەفەی هیندۆسی بێت، ئەوا گەردوون لە حاڵەتی شیبوونەوەدایە (إنحلال) دواتر بە شێوەیەکی ئەزەلی و ئەبەدی (بێ سەرەتا و بێکۆتا) دەردەکەوێتەوە.

ASTANA

یاخود ئەوەی پێی دەڵێن «گەردوونی خولی».

کە تێیدا گەردوون گرژ و تەسك دەبێتەوە دواتر دەتەقێتەوە، بەم شێوەیە بەردەوام دەبێت تا ناکۆتایی.

یاخود بە زاراوەیەکی نزیکتر لە زاراوەی هیندۆسی، دروست بوونی گەردوون دواتر شیبوونەوەی دواتر دووبارە دروست بوونەوەی!

هەروەك چۆن پەڕتووکی پیرۆزی هیندۆسی (بهاجیگیتا پورانا) لە بەشی سێدا باسی دەکات[١]

ئەمەش هەڵەیەکی زانستییە کە دژی یاسای دووەمی داینەمۆی گەرمییە کە پێویست دەکات دووبارە ئەنترۆپیا ڕێك بخرێتەوە لە هەموو گەردوونێکی تازە دروست بوودا، ئەگینا پلەی ئەنترۆپیا لەگەڵ هەموو گەردوونێکدا زیاد دەکات و لە ئەنجامدا پلەی گەرمی دەبێتە ناکۆتا، مادەم کەوا گرژ بوون و تەقینەوە ناکۆتاییە؛ بەڵام زانیاریە زانستیەکانمان ئەوەمان پێ دەڵێن کە پلەی گەرمی گەردوون لە ئێستادا ٣.٥ پلەی ڕەهایە، کەواتە بابەتی دروست بوونی گەردوونەکەمان تازە و بەدیهێنراوە -جیاواز لە هەر نموونەیەکی پێشوتر- ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە گەردوون لە هیچەوە پەیدا بووە و دەستی پێ کردووە و گریمانەی گرژبوونەوەی پێشووتر هەڵدەوەشێتەوە.[٢]

جا پاك و بێگەردی بۆ الله کە ئاسمانەکان و زەوی بەدیهێناوە جیاواز لە هەر وێنەیەکی پێشووتر ب﴿ بَدِيعُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِۖ وَإِذَا قَضَىٰٓ أَمۡرٗا فَإِنَّمَا يَقُولُ لَهُۥ كُن فَيَكُونُ ١١٧ ﴾ البقرة: ١١٧

واتە: ((هەر ئەو زاتە) بەدیهێنەری ئاسمانەکان و زەوییە بەجوانترین شێوە، جا هەر کاتێك بڕیاری هەر شتێك بدات، تەنیا ئەوەندەی بەسە کە

---

(١) https://vedabase.io/en/library/sb/11/3/.

(٢) ليس خطئاً بالكلية، بي. وويت

فەرمانی بوون یان پێشهاتنی بدات، ئیتر خێرا ئەو شتە، یان ئەو کارە، دەبێت و ئەنجام دەدرێت.))

زانست ئەوەی سەلماندووە کە نزمترین ئاستی ئەنترۆپیا بوونی هەبووە لە ساتی دروستبوونی گەردوون، ئەمەش جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە گەردوون هیچ گرژبوونەوەیەکی پێشوەختەی نەبووە و شتێك بوونی نییە بە ناوی گەردوونی خولی، گەردوون بە کرداری دروست بووە جیاواز لە هەموو وێنەیەکی پێشووتر، هەروەك چۆن ١٤٠٠ ساڵ پێش ئێستا شوانێکی شاری مەککە هەواڵی داوە.

## ٢٣- بەڵگەکانی کوفر و بێباوەڕیی هیندۆسی چین؟

• ئایینی هیندۆسی بیروباوەڕێکی بێباوەڕی و کوفریە((١)) و هاوەڵ پەیداکەرە بۆ خوا و ئایینێکی بت پەرستییە.

ئایینێکی پڕاوپڕە لە بت پەرستی.

ئایینێکە باوەڕی بە بەرجەستەبوونی خودا هەیە لە ناو مرۆڤدا (ئەڤەتار).

هەروەها بەرجەستەبوونی خودا لەناو بت و پەیکەرەکاندا (شاکتی).

بەرجەستەبوونی خودا لە ناو مانگا و دار و بەردا (بە پیرۆز ڕاگرتنی مانگا).

هەروەها بەرجەستە بوونی خودا و تێکەڵاوبوونی لە هەموو شتێکدا (یەکێتی بوون).((٢))

---

(١) سەیر بکە: فتاوى اللجنة الدائمة للبحوث العلمية و الإفتاء، فتوى رقم: ٩٣٥٥

(٢) آلهة في الأسواق،رؤوف شلبي،ص١٠٥-١٠٨،دراسات في المسيحية و اليهودية و أديان الهند، الأعظمي،ص ٥٩٨.أديان الهند الكبرى، أحمد الشلبي،ص ٤٥ فما بعدها، معتقدات آسيوية،د. كامل سعفان،ص ١٥٧ فما بعدها، موجز تأريخ الأديان،ص ٧٠ فما

ASTANA

جا لەبەر ئەمانەیە هیندۆسی یەکێکە لە کوفرترین ئایینەکانی سەرزەوی و لە هەموویان هاوەڵ پەیداکەرتر و بت پەرستیترە.[١]

سەیرتر ئەوەیە کە بە کۆدەنگی هەڵگرانی ئایینەکە، هیندۆسی خاوەنی هیچ ڕواڵەتێکی دیاریکراو و تایبەت نییە، بەڵکوو هەوڵ و کۆششی کەسانێکە بە درێژایی سەدان ساڵ کە تێیدا ئایینی هیندۆسی درێژ دەبێتەوە تاکوو شەبەنگێکی ناکۆتا لە ڕێوڕەسم و مەڕاسیمی ئایینی لە خۆ دەگرێت.

زانای پایەبەرز عبدالعزیز ابن باز (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرمووێت: ((هەموو شتێك کە خەڵکی هەڵگری بێت و پەرستشی پێ ئەنجام بدات، ئەوا ناو دەبرێت ئایین، ئەگەرچی ناڕاست و بەتاڵیش بوو وەکوو بودیزم و بت پەرستی و جوولەکەیی و هیندۆسی و گاوری و هتد... لە ئایینە ناڕاست و بەتاڵەکان.))

خوای گەورە لە قورئاندا دەفەرمووێت ﴿ لَكُمْ دِينُكُمْ وَلِيَ دِينِ ٦ ﴾ الکافرون: ٦

واتە: ((کەواتە ئایینی خۆتان بۆ خۆتان و ئایینی خۆم بۆ خۆم.))

جا ئەوەی کە بت پەرستان لەسەری بوون ناوی نا ئایین، بەڵام تاکە ئایینی ڕاستی ئایینی ئیسلامە، هەروەك خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿ إِنَّ ٱلدِّينَ عِندَ ٱللَّهِ ٱلْإِسْلَـٰمُ ﴾ آل عمران: ١٩

واتە: ((بەڕاستی دین و ئایینی پەسەند لای خوا تەنیا ئایینی ئیسلامە.))

هەروەها دەفەرمووێت: ﴿ وَمَن يَبْتَغِ غَيْرَ ٱلْإِسْلَـٰمِ دِينًا فَلَن يُقْبَلَ مِنْهُ وَهُوَ فِى ٱلْـَٔاخِرَةِ مِنَ ٱلْخَـٰسِرِينَ ٨٥ ﴾ آل عمران: ٨٥واتە: ((جا ئەوەی بێجگە لە ئایینی ئیسلام پەیڕەوی هەر ئایینێکی تر بکات، لێی وەرناگیرێت. لە ڕۆژی دواییشدا لە خەسارەتمەند و زیانمەندانە.))

---

بعدها،مشكلة التأليه في فكر الهند الديني عبدالراضي عبد المحسن ص ٢٨ فما بعدها

(١) أديان الهند الكبرى،أحمد الشلبي، ص ٦١-٦٣

هەروەها دەفەرموویت: ﴿ ٱلْيَوْمَ يَئِسَ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ مِن دِينِكُمْ فَلَا تَخْشَوْهُمْ وَٱخْشَوْنِ ۚ ٱلْيَوْمَ أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ وَأَتْمَمْتُ عَلَيْكُمْ نِعْمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمُ ٱلْإِسْلَٰمَ دِينًا ۚ ﴾ المائدة: ٣

واتە: ((جا ئەمڕۆ (کە ڕۆژی عەرەفەیە) کافران نائومێد بوون لە ئایینی ئێوە (ئیتر ناتوانن زاڵ بن بەسەرتانداو هەرگیز نووری خوایان بۆ ناکوژێتەوە) کەواتە لەوانە مەترسن، بەڵکو هەر لە من بترسن، ئەمڕۆ ئایین و بەرنامەکەتانم بە کۆتایی گەیاند و ناز و نیعمەتی خۆمم بۆ تەواو کردن و ڕازیم بەوەی کە ئیسلام ببێتە بەرنامە و ئایینتان.))

ئیسلام بریتییە لە پەرستنی خودا بە تاك و تەنها بەدەر لە هەموو شتێك، گوێڕایەڵی کردنی فەرمانەکانی و وازهێنان لە قەدەغەکراوەکانی و ڕێز گرتنی سنوورەکانی شەرع، باوەڕ هێنان بە هەموو شتێك کە خودا و پێغەمبەرەکەی هەواڵیان پێ داوە سەبارەت بە ڕابردوو و داهاتوو، هیچ کام لە ئایینە ناڕاستەکان لە لایەن خواوە دانەبەزیوە و پێی ڕازی نییە، بەڵکوو گشتی داهێنراو و دەستکاریکراون.

ئیسلام ئایینی هەموو پێغەمبەرانە، تەنها شەریعەتەکانیان جیاوازی هەبووە، لەبەر فەرموودەی خوای گەورە: ﴿ لِكُلٍّ جَعَلْنَا مِنكُمْ شِرْعَةً وَمِنْهَاجًا ۚ ﴾ المائدة: ٤٨واتە: ((بۆ هەر لایەکتان (موسڵمانان و خاوەنانی پەڕتووك) بەرنامە و پڕۆگرامی تایبەتمان بڕیارداوە)).[١]

ئەوەی ئەمڕۆ لەبەر دەستماندا هەیە لە ئایینی هیندۆسی تەنها بت پەرستی و داستان و ئەفسانە و نەزانی چینایەتییە، مانگا پەرستی و پەیکەر پەرستییە کە تێیدا بە قسەی خۆیان خودا شی دەبێتەوە لەناویاندا -پاك و بێگەردی بۆ الله لەو قسە نابەجێیەی دەیکەن-.[٢]

---

(١) فتاوی إسلامیة،جمع موحەممەد المسند،ج١ ص ٣٦

(٢) دراسات في المسیحیة و الیهودیة و أدیان الهند، عبدالرحمن الأعظمي،ص ٦٠٠،أدیان

خوای گەورە دەفەرموویّت: ﴿ سُبۡحَٰنَ رَبِّكَ رَبِّ ٱلۡعِزَّةِ عَمَّا يَصِفُونَ ١٨٠ ﴾ الصافات: ١٨٠

واتە: ((پاكی و بێگەردی بۆ پەروەردگارت، پەروەردگاری خاوەن دەسەڵات، لەوەی كە ئەوانە دەیدەنە پاڵ ئەو زاتە بێ هاوەڵ و هاوتایە.))

پاك و بێگەردە لەو وەسفە نابەجێیەی بێباوەڕان دەیلێن، لەو بوختانەی كە بت پەرستان بۆی بڕیار دەدەن.

﴿ وَسَلَٰمٌ عَلَى ٱلۡمُرۡسَلِينَ ١٨١ ﴾ الصافات: ١٨١واتە: ((سڵاو درووودیش لەسەر هەموو پێغەمبەران و سەرجەم فرستادەكانی خوا.))

درووود لەسەر ئەو پێغەمبەرانەی كە خودا بە خەڵكی دەناسێنن، پاك ڕایدەگرن لە هەموو كەم و كوڕییەك.

درووود لەسەر ئەو پێغەمبەرانەی كە مرۆڤەكان بە بەدیهێنەری خۆیان دەناسێنن دوور لە هەموو كوفری بت پەرستان.

پێغەمبەران بەدیهێنەریان پاك و بێگەرد و بەرز و پیرۆز ڕاگرت و فەرمانیان دا بە یەكخواپەرستی و بە ڕاست دانانی سەرجەم پێغەمبەران، هانی خەڵكیان دا بۆ كردەوەی چاك. [1]

ئەمەش ڕێبازی پێغەمبەرایەتییە.

ڕێبازی پەیام و شەریعەتەكانی ئیسلام!

---

هند الكبرى،أحمد شلبي،ص ٢٨ فما بعدها، الإسلام و الأديان، د. مصطفى حلمي،ص ٧٨، عالم الأديان بين الأسطورة و الخيال، فوزي موحەممەد حميد،ص ١٧٨، المدخل إلى دراسة الأديان و المذاهب، العميد عبدالرزاق موحەممەد أسود، الدار العربية للموسوعات،ص ٦٠.

(١) رسالة خاتم النبيين موحەممەد ﷺ،د. ثامر بن ناصر،مكتبة الرشد

بەڵام بە پێچەوانەوە ئایینی هیندۆسی بێباوەڕ دێت و پایەکانی بت پەرستی جێگیر دەکات و خۆی مەستی نێو گێژاوی کوفر و بێباوەڕی دەکات لەسەر ئیقاعی ئەفسانەکانی بورانانس -یەکێك لە پەڕتووکە هیندۆسییەکان-.

جا چ عەقڵ و ژیرییەك دێت و بە یەك چاو سەیری یەکخواپەرستی پێغەمبەران و دژیەکییەکانی کوفر و بێباوەڕی و ئەڤەتارەکان دەکات!

**چونکە تۆ لە ئایینی هیندۆسیدا ئەمانە دەدۆزیتەوە:**

أ- تێکەڵەی ئایین و فەلسەفەکان.

ب- بت پەرستی بۆگەن.

ج- فرە سیفەتی زاتی خودا پاڵی بە فەیلەسوفە هیندۆسەکان ناوە کە فرە خودایی دابهێنن و بۆ هەر سیفەتێکی ئیلاهی زاتێك و خودایەکی تایبەتیان داتاشیوە و لە ئەنجامدا خۆیان و خەڵکیشیان گومڕا و سەرلێشێواو کرد.

د- پێچەوانەی ڕاستییە زانستییەکانە.

هـ- ئامانجی بوون بریتییە لە سواڵ کردن و ژیان کردن لە ناو کەلاوەکاندا، تا ئەو کاتەی مردن دێت.

و- دابڕان و دونیا نەویستی و دوور کەوتنەوە لە ئارەزووەکانی دونیا تا ئاستی ستەم کردن لە جەستەی مرۆڤ.

ز- چەند فەلسەفەیەك کە لە ڕووی تیۆرییەوە دەمێکە هەرەسی هێناوە وەکوو یەکێتی بوون و ئەزەلی بوونی ماددەی جیهان.

ك- سیستەمی چینایەتی بە پشت بەستن بە بنەچە و باوباپیران، ئەمەش سیستەمێکی خراپ و ستەمکارە کە ڕێگرە لەوەی وەك مرۆڤ مامەڵە لەگەڵ مرۆڤ بکرێت.

ط- سیستەمێکی چینایەتی کە زوڵم و ستەم دەچەسپێنێت و دەیهێڵێتەوە.

ي- کارما کە مەنهەجێکی لادەر و خراپە، دەبێتە هۆی ڕازیبوون بە گەندەڵی و گەندەڵکاران و ستەمکاران و ستەملێکراوان، چونکە ئەم مەنهەجە هیچ شتێك ناکات بۆ بەرەوپێشبردنی کۆمەڵگە بۆ ژیانێکی باشتر!

جا سوپاس بۆ خوا لەسەر نیعمەتی ئیسلام!

ASTANA

## بەشی چوارەم

## چۆن کەسێکی خاوەن پەڕتووک بانگ دەکەیت بۆ ئیسلام؟

### ١- کەسی خاوەن پەڕتووک کێیە؟

• لە ڕووی زمانەوانییەوە: جوولەکە و مەسیحی، لەبەر ئەوەش ئەم ناوەیان لێ نراوە، چونکە خاوەنی پەڕتووکی ئاسمانین: تەورات و ئینجیل.

### ٢- ئایا بێجگە لەوان خاوەن پەڕتووکی تریش هەیە؟

• بەڵێ.

هەر کەسێك لە پاشماوەی پێغەمبەرایەتی شتێکیان بۆ مابێتەوە ئەوا هاوشێوەی ئەهلی کیتاب خاوەن پەڕتووکن.

هەر بۆیە لە پێغەمبەری خواوە ﷺ دەگێڕنەوە کە لە بارەی مەجوسییەکان فەرموویەتی: ((سنوا بهم سنة أهل الكتاب)) واتە: ((بە هەمان شێوەی خاوەن پەڕتووکەکان مامەڵەیان لەگەڵدا بکەن)) چونکە هاوشێوەی ئەوان پەڕتووکیان هەیە.

### ٣- چۆن کەسێکی خاوەن پەڕتووك بانگ بکەین بۆ ئیسلام؟

• کەسی خاوەن پەڕتووك باوەڕی بەوە هەیە کە خودا بوونی هەیە و پێغەمبەرانی ڕەوانە کردووە.

هەروەها خاوەن پەڕتووك باوەڕی بە هەندێك لە پێغەمبەران هەیە ئەگەر هەمووشیان نەبێت.

پێویستە ئەم ڕاستییانە دەربارەی خۆیانیان پێ بڵێین دواتر جەخت لەسەر ئەوە بکەینەوە: کە پێغەمبەرایەتی محەمەد ﷺ شتێکی نوێ و داهێنراو نەبوو لە چاو پێغەمبەرایەتی پێشووترەوە ﴿ قُلْ مَا كُنتُ بِدْعًا مِّنَ الرُّسُلِ ﴾ الأحقاف: ٩

واتە: ((ئەی پێغەمبەر ﷺ پێیان بڵێ: کەمن یەکەم پێغەمبەر و تازەپەیدابوو نیم.))

جا بۆیە پێغەمبەرایەتی موحەممەد ﷺ هاتووە لە پێناو جێگیرکردنی یەکخواپەرستی و بەردەوامی شەریعەت و پاراستنی سەرچاوەکان، هاوسەنگی بەهاکان و سەرکەوتن و دەرکەوتنی ئایینی خودا.

بەڵکوو پێغەمبەرمان موحەممەد ﷺ لەم هەمووە خاوەنی باشترین ئۆفەر و بەرزترین ئاست و پلە بووە!

جا بۆیە کەسی بێباوەڕ هەرگیز هیچ سەیر و سەمەرەیەك و پلە بەرزیەك نادۆزیتەوە لە ئاستی ئەوەی موحەممەددا بێت ﷺ.

شەریعەتەکەشی ئەوەی بەسەردا نەهاتووە کە بەسەر هەموو شەریعەتەکانی تردا هاتووە، بەڵکوو لە هەر توخمێکدا ئەو شەریعەتە پاکە لقێکی بەردار و زێڕینە. لەو کاتەوەی کە وەفاتی کردووە ﷺ و تا ئەم ساتەش هیچ پێویستیەك نەبووە بۆ ناردنی پێغەمبەرێکی تر، چونکە حوکم و یاسا شەرعییەکان شەو و ڕۆژ دەخوێندرێتەوە، هەر وەك ئەوە وایە ئێستا لە دەمی پێغەمبەرەوە ﷺ دەرچووبێت.

جا هەر کەسێك دان بە هاوشێوەی پێغەمبەران بنێت ئەوا هیچ گومانێکی نامێنێتەوە لە پێغەمبەرایەتی موحەممەد ﷺ.

ئەو کەسەشی کە پێغەمبەرایەتی موحەممەد ﷺ بەدرۆ دەخاتەوە، ئەوا دوابەدوای ئەوە پێغەمبەرایەتی هەموو پێغەمبەرێکی تر بەدرۆ دەخاتەوە. شێخی ئیسلام ئیبنو تەیمییە (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرمووێت: ((هەر کەسێکیش پێغەمبەرایەتی موحەممەد ﷺ بەدرۆ بخاتەوە، ئەوا ئەو ڕێبازە بەدرۆ دەخاتەوە کە لە ڕێگایەوە ڕاست و دروستی پێغەمبەران و پێغەمبەرایەتییەکەیانمان زانیوە.))

جا ئەوەی کە لە ڕێیەوە پێغەمبەرایەتی موسا و عیسامان زانیوە ئەوا بە هەمان ڕێ و بە ئاسانتر پێغەمبەرایەتی موحەممەد (ﷺ)ی پێ دەناسینەوە. جا گەر بڵێن ئێمە پێغەمبەرایەتی موسا و مەسیحمان (سەلامی خوایان لێ بێت) لە ڕێی موعجیزەکانەوە ناسیوەتەوە و باوەڕیشمان بەم موعجیزانە کردووە لە ڕێی گواستنەوەی دەماودەم و تەواتر، ئەوا پێیان دەگوترێت موعجیزەکانی موحەممەد ﷺ مەزنترە و تەواتر و دەماودەمەکەی بەهێزترە و ئەو پەڕتووکەی کە موحەممەد ﷺ هێناویەتی کاملتر و تەواوترە، ئوممەتەکەی باشتر و شەریعەتی ئایینەکەی چاکترینە. موسا (سەلامی خوای لێ بێت) بە دادپەروەرییەوە هاتووە و عیسا (سەلامی خوای لێ بێت) هاتووە بۆ تەواوکردنی لە ڕێگەی فەزڵەوە، پێغەمبەر موحەممەدیش ﷺ لە شەریعەتەکەیدا هەردووە: دادپەروەری و فەزڵی کۆکردووەتەوە.

خۆ ئەگەر کەسێك دوای ئەوەی ئەمەی پێ ڕاگەیەندرا بڵێت کە سەرەڕای ئەمانەش هەر درۆزن و بوختانکەرە؛ ئەوا، بەم شێوەیە بێت، ئەوانەی پێشووتر لەم ناڕاستتر و بوختانکەرترن(حاشا)، جا بۆیە لە ڕێگەی بەدرۆخستەوەی موحەممەد ﷺ هەموو ئەو پێغەمبەرایەتییەی لایانە ناڕاست و بەدرۆ دەکەوێتە، چونکە حوکمی دوو شتی هاوشێوەی یەکتر هەمان حوکمە، چ جای ئەوەی لەوە لاوازتر بێت.

خۆ ئەگەر گوترا هاڕوون و یوشەع و داوود و سولەیمان پێغەمبەر بوون بەڵام موسا پێغەمبەر نەبوو یاخود داوود و سولەیمان و یوشەع پێغەمبەر

ASTANA

بوون بەڵام مەسیح پێغەمبەر نەبوو، یاخود وەك (السامرة) دەڵێن یوشەع پێغەمبەر بوو و ئەوانەی لە دوای ئەوەوە هاتوون وەك داوود و سولەیمان و مەسیح پێغەمبەر نەبوون، یاخود وەك جوولەکە بڵێن داوود و سولەیمان و ئەشعیا و حەبقوق و میخا و عاموص و دانیاڵ پێغەمبەر بوون بەڵام مەسیحی کوڕی مەریەم پێغەمبەر نەبوو؛ ئەوا ئەم قسەیە هەڵوەشاوە و ناڕاستییەکی ئاشکرایە. چونکە ئەوەی کە پێغەمبەرایەتی ئەم کەسانەی ڕەتکردۆتەوە زیاتر مافی ئەوەیان هەیە پێغەمبەر بن و خاوەنی پێغەمبەرایەتییەکی تەواو و کاملترن لەو کەسانەی کە ئەمانە پێغەمبەرایەتییان بۆ دەچەسپێنن. بەڵگەکانی پێغەمبەرایەتی تەواوتر و باشترە و چانسی زیاترە، جا چۆن دەبێت پێغەمبەرایەتی بۆ ئەو پێغەمبەرە دان پێ نەنرێت کە چانسی زیاترە و پلەی بەرزترە، ئەمە وەك ئەوە وایە کەسێك بڵێت زەفر و ئیبن قاسم و موزەننی و أثرم فەقیھ بوون بەڵام ئەبو حەنیفە و مالك و شافیعی و ئەحمەد فەقیھ نەبوون، یاخود بڵێت کە الأخفش و ابن الانباري و المبرد زمانزانی عەرەبی (نحوي) بوون بەڵام سیبەوەیهی و خەلیل و فراء زمانزان نەبوون، یاخود بڵێ خاوەن پەڕتووکی «الملکي و المسیحي» پزیشك بوون بەڵام ئەپۆکرات و گالینۆس و هاوشێوەکانیان پزیشك نەبوون، یاخود بڵێ کوشیار و الخرقي و هاوشێوەکانیان سەبارەت بە زانستی فەلەکناسی شتیان دەزانی بەڵام بەتڵیمۆس و ئەوانی تر زانیاریان نەبووە دەربارەی زانستی فەلەکناسی.

هەر کەسێکیش بڵێت داوود و سولەیمان و میخا و عاموص و دانیاڵ پێغەمبەر بوون، موحەممەدی کوڕی عبدالله پێغەمبەر نەبووە ئەوا دژیەکی ئەم کەسە ئاشکراترە و خراپی و نابەجێی قسەکەی دیارترە لە هەموو ئەمانەی پێشتر، بەڵکوو هەر کێ گوتی کە موسا و عیسا پێغەمبەر بوون و تەورات و ئینجیل پەڕتووکێکن لەلایەن خواوە دابەزیون و موحەممەد پێغەمبەر نییە و قورئان لەلایەن خواوە دانەبەزیوە، ئەوا ناماقوڵی قسەکەی لە ئەوپەڕی ئاشکرا بوونە، بەڵگە و نیشانە بۆ ئەو کەسەیە کە وردبووەتەوە لەوەی کە موحەممەد

ASTANA

و ئەوانەی پێش ئەو هێناویانە، هەروەها ورد بووەتەوە لە پەڕتووکەکەی و لەو پەڕتووکانەی پێش ئەو و لە بەڵگەی پێغەمبەرایەتی ئەو و ئەوانەی پێش ئەو، هەروەها لە شەریعەتی ئایینەکەی ئەو و ئەوانەی پێش ئەو. ئەم ڕستەیە، زۆر بە درێژتر لە شوێنێکی تر ئاماژەی پێ دراوە، بەڵام مەبەست لێرە ئەوەیە کە ئاگادار بین دەربارەی وەڵامی ئەم جۆرە کەسانە. ئەم کەسانەش تەنانەت یەك بەڵگەشیان نەهێناوە کە بەڵگە بێت لەسەر ڕاستگۆیی ئەو کەسانەی ئەمان بە پێغەمبەریان دەزانن، خۆ ئەگەر کەسێك کە ئەم پێغەمبەرانە بەدرۆ دەخاتەوە لە بت پەرستان یاخود لە بێباوەڕان بێت و گفتوگۆیان لەگەڵ بکات، ئەوا هیچ شتێك لەو شتانەی کە باسی دەکەن نابنە بەڵگە بۆیان، هەروەها هیچ بەڵگەیەکیان نییە بەرانبەر ئەو موسڵمانانەی کە باوەڕ بەم پێغەمبەرانە دەهێنن، چونکە موسڵمانان ڕاستگۆیی ئەم پێغەمبەرانەیان بەوە ناسیوەتەوە لە ڕێگەی هەواڵی موحەممەد ﷺ کە هەواڵی داوە پێغەمبەرن. جا بۆیە ناکرێت باوەڕ بە لق بکردرێت و تانە لە بنچینە بدرێت کە لە ڕێی ئەوەوە دەزانن ڕاستە.

هەروەها هەمان ئەو ڕێگایەی کە پێغەمبەرایەتی ئەمانەی پێ سەلمێندراوە بە هۆی ئەو موعجیزە و هەواڵانەی دەربارەیان هاتووە، هەمان ڕێگا و ئاسانتریش ڕاستبوونی پێغەمبەرایەتی موحەممەد ﷺ دەسەلمێنێت. جا بۆیە ناکرێت موسڵمانێك باوەڕ بە پێغەمبەرایەتی ئەمان بکات، بەڵام باوەڕ بە موحەممەد ﷺ نەکات با تەنانەت لە یەك وشەشدا بێت.))

ئیبنو تەیمییە لە شوێنێکی تردا دەفەرموویت: ((هیچ ڕێوشوێنێك نییە کە بەڵگە بێت لەسەر پێغەمبەرایەتی موسا و مەسیح (سەلامی خوایان لێ بێت) ئیلا ئەو بەڵگەیە بۆ پێغەمبەرایەتی موحەممەد ﷺ بەهێزتر و زیاترە. جا بۆیە لە حاڵەتی چەسپاندنی پێغەمبەرایەتی موسا و مەسیح (سەلامی خوایان لێ بێت)، پێویستە پێغەمبەرایەتی موحەممەدیش ﷺ بچەسپێنیت، تانە دان لە پێغەمبەرایەتی موحەممەد ﷺ ، تانە دانە لە پێغەمبەرایەتی موسا و مەسیح (سەلامی خوایان لێ بێت)))

جا ناکرێت باوەڕ بە پێغەمبەرایەتی پێغەمبەرێك لە پێغەمبەران بهێنرێت و موحەممەد ﷺ بەدرۆ بخرێتەوە.

ئەو ڕێگایەی کە پێغەمبەرایەتی پێغەمبەرانی پێ دەسەلمێنرێت، بە هەمان ڕێگا و لەوەش بەهێزتر پێغەمبەرایەتی موحەممەد ﷺ ی پێ دەسەلمێنرێت.

بگرە باوەڕ هێنان بە پێغەمبەرایەتی ئەو لە پێشترە وەك لە باوەڕهێنان بە پێغەمبەرایەتی جگە لە ئەو، هەر بەڵگەیەکیش کە بکرێتە بەڵگە بۆ پێغەمبەرایەتی پێغەمبەرێك، ئەوا موحەممەد ﷺ خاوەنی ئەوپەڕی بەهێزی هاوشێوەی ئەو بەڵگەیەیە.

هەروەها ئەوەی دەرئەنجامی هاتنی ئەو ﷺ هاتە دی لە چەسپاندنی یەکخواپەرستی و دانانی شەریعەتی دادپەروەرانە و چەندانی تر، لە ئامانجی ناردنی پێغەمبەران مەزنتر و تەواوترە لە هی جگە لە ئەو.

بەم شێوەیە دەبێت دان بەوەدا بنرێت کە پەیامەکەی ئەو تەواوتر و مەزنترە.

چونکە بە شێوازێك نەهاتووە بەدەر بێت لە شێوازی پێغەمبەرانی پێش خۆی ﴿ بَلۡ جَآءَ بِٱلۡحَقِّ وَصَدَّقَ ٱلۡمُرۡسَلِينَ ٣٧ ﴾ الصافات: ٣٧

واتە: ((بەڵکو ئەو حەق و ڕاستەقینەی هێناوە، ڕاستی پێغەمبەرانی پێش خۆیشی سەلماندووە.))

## ٤- چۆن بە پرسیارێکی ڕاستەوخۆ ڕەخنە لە مەسیحییەت بگرم ؟

- دەتوانین ئەم پرسیارە لە مەسیحییەك بکەین:

ئەگەر ئێستا لەبەردەم مەسیح ڕاوەستا بیت و دەبینی وا لە خاچ دەدرێت، ئایا وازی لێ دەهێنیت بمرێت یاخود ڕزگاری دەکەیت؟

خۆ ئەگەر بڵێت بەدڵنیاییەوە ڕزگاری دەکەم، ئەوا بەم شێوەیە بێت سڕینەوەی تاوانی مرۆڤایەتی لە ڕێگەی لەخاچدانی مەسیح هەڵدەوەشێنێتەوە، بەم شێوەیە دەبێتە هۆکاری بەهیلاکچوونی ڕەگەزی مرۆڤایەتی.

چونکە مەسیحییەت وا بیر دەکاتەوە، بەگوێرەی فەلسەفەی پۆڵس، کە مەسیح بۆ ئەوە هاتووە لەسەر خاچ بمرێت وەك قوربانییەك بۆ تاوانی مرۆڤەکان.

بەمەش، ڕاوەستاندنی ئەم قوربانی دانە بۆ سڕینەوەی تاوانەکان، تاوانێکە دژ بە مرۆڤایەتی -بەگوێرەی بیروباوەڕی مەسیحی-.

خۆ ئەگەر کەسە مەسیحییەکە بڵێت کە وازی لێ دەهێنم تا بمرێت ئەوا زۆر بە ڕوونی ئەوە دەگەیەنێت کە مەسیحییەکان بکوژی پێغەمبەرانن یاخود بکوژی خودان بە مانایەکی ڕاستتر. لێرەشدا هیچ جیاوازییەك نییە لەنێوان مەسیحییەك کە واز لە مەسیح دەهێنێت لە خاچ بدرێت تا مردن و لەنێوان ئەو جوولەکانەی کە زانیان مەسیحە و هەوڵی کوشتنیان دا.

ئەمە کێشەیەکی زۆر گەورەیە، ئەوە دەردەخات کە کوفر خاوەنەکەی تا چ ئاستێك دەبات.

## ٥- کێشەی بیروباوەڕی قوربانی دان و لە خاچ دان چییە کە مەسیحییەکان باوەڕیان پێی هەیە؟

• ئەم بیروباوەڕەی قوربانی دان و لە خاچ دانە، پێچەوانەی بیروباوەڕی هەموو ئەو پێغەمبەرانەیە کە لە پەیمانی کۆن (تەورات)دا هەن، چونکە هیچ یەکێك لە پێغەمبەران باوەڕی بەوە نەبووە کە ڕزگار بوون تەنها لە ڕێگەی لە خاچ دانی یەسوع دێتە دی!

بەڵکوو ئەم بیروباوەڕە پێچەوانەی بیروباوەڕی خودی مەسیح خۆیەتی کە پەڕتووکی پیرۆز باسی لێوە دەکات.

مەسیح وەك قوربانییەك نەهاتووە، بەڵکوو وەك ڕەحمەت و میهرەبانییەك هاتووە.

هەروەها مەسیح بۆ ئەوە نەهاتووە کە پیاوچاکان بانگ بکات بۆ قوربانی دان لەسەر خاچ، بەڵکوو بۆ ئەوە هاتووە کە تاوانباران بانگ بکات بۆ پەشیمانی و تەوبەکردن، هاوشێوەی هەموو پێغەمبەرانی پێش خۆی.

مەسیح (سەلامی خوای لەسەر بێت) دەڵێت: ((إني أريد رحمة لا ذبيحة لأني لم آت لأدعوا أبراراً بل خطاةً إلى التوبة)) [١]

واتە: ((من میهرەبانی و ڕەحمەتم دەوێت، نەك خۆ کردنە قوربانی. چونکە من نەهاتووم تاکوو بانگی چاکەکاران بکەم، بەڵکوو هاتووم تاکوو بانگی تاوانباران بکەم بۆ تەوبە و گەڕانەوە.))

کێشەی سیستەمی قوربانی دان و لە خاچ دانی ڕاستەقینە ئەوەیە کە بەرپرسیارێتی هەموو تاکێکی مرۆڤەکان بەرانبەر تاوانەکانی دەفەوتێنێت، نرخی کاری چاك نامێنێت، دەبێتە هۆکاری گوێ نەدان بە ئەنجامدانی تاوانەکان.

چونکە ئەوەی لەسەرتە تەنها باوەڕ بهێنیت بەو قوربانی دانەی یەسوع لەسەر خاچ! ئا بەم شێوەیە مژدە بە خەڵکی دەدەن.

جا نازانین لە خاچ دانی کارزان پەیوەندی چییە بە سڕینەوەی تاوانەکانی کامەران.

لە چ شوێنێکی عەقڵ ئەمە جێگەی دەبێتەوە؟

بەهای عەقڵی ئەوە دەهێنێت کە باوەڕ بەوە بهێنرێت کە پێغەمبەران باوەڕیان پێی هێناوە، وازهێنان لەم هەموو گریمانە هاوەڵ بڕیاردەرانەی کە پێچەوانەی ڕۆحی بیروباوەڕی ئایینی پێغەمبەرانی پەیمانی کۆنە.

---

(١) إنجيل متى الأصحاح ٩ العدد ١٣

## ٦- کێشەی فەلسەفەی (سێ کوچکەیی) چییە؟

• بیروباوەڕی سیانەی پیرۆز بیروباوەڕێکی شیرکی و هاوەڵ پەیداکەرە بۆ خودا، کە تێیدا چەند کەسێك بەشداری خوایەتی دەکەن[١].

جا کاتێك کە مەسیحییەکان دەڵێن سێ کەس هەن لەگەڵ یەکدی قسە دەکەن و یەکتریان خۆش دەوێت، لە تەنیشت یەکتری دادەنیشن ئەوا بەم شێوەیە بێت مەسیحییەکان چەمکی «الله یەکە»یان هەڵوەشاندەوە کە گرنگترین جیاکەرەوەی تاك و تەنیایی خودایە!

ئەمەش زۆر جیاوازە لەو بیروباوەڕە «یەکخواپەرستی»یەی کە پێغەمبەرانی پەیمانی کۆن بانگەوازییان بۆ کردووە، چونکە هەموو پێغەمبەرانی پەیمانی کۆن بەبێ جیاوازی و بە کۆدەنگی جوولەکە و مەسیحی و موسڵمانەکان هیچ شتێك نازانن دەربارەی سێ کوچکەیی و ئەقنوم و مردنی خوایەك بۆ ڕازی کردنی خوایەکی تر -مردنی یەسووع لەسەر خاچ بۆ ڕازی کردنی خوای باوك-.

میخائیل گۆلدەر، وانەبێژی وانەی لاهوتییەت، لە زانکۆی بێرمینگهام، لە پەڕتووکەکەی ((داستانی بەرجەستە بوونی خوداییدا)) دەڵێت: «خودی یەسووع، خۆی نەیدەزانی کە دووەم کوچکەیە لەنێوان سێ کوچکەدا»[٢].

هەروەها لە «دائرة المعارف»ی بەریتانی دا هاتووە: «مەسیحییە پێشینەکان دژی سێ کوچکەیی بوون، چونکە سێ کوچکەیی لای ئەوان پێچەوانەی یەکخواپەرستی بوو کە پەڕتووکی پیرۆز فێریانی دەکرد.»[٣]

---

(١) هەندێ لەم گوتانە لەم بەشەی سایتی (المرصد الإسلامي) دا هەیە:
http://tanseerel.com/main/

(٢) أسطورة التجسد الإلهي ص ١٠٧

(٣) دائرة المعارف البريطانية،الجزء الثالث ص ٦٣٤

هەروەها لە هەمان سەرچاوەدا (دائرة المعارف)ی بەریتانی دەڵێت: «زاراوەی سێینەی پیرۆز یاخود بیروباوەڕی سێینەی پیرۆز بە شێوەیەكی ڕاستەوخۆ لە پەیمانی تازە (ئینجیل)دا نەهاتووە، هەروەها نە مەسیح و نە شوێنكەوتوانی هەرگیز نەیانویستووە وەسیەتی پەیمانی كۆن بشكێنن كە دەڵێت: إسمع يا إسرائيل: الرب إلهنا ربٌ واحدٌ. واتە: گوێ بگرە ئەی ئیسرائیل: پەروەدگاری ئێمە خودامانە و یەك خودایە.»[1]

هەر بۆیە هانز كۆنگ (Hans Kung)، پاپای كاسۆلیكی و زانای زانستی ئیلاهیاتی بەناوبانگ، پرسیار دەكات و دەڵێت: «بۆچی بەرەهایی هیچ قسەیەك نییە لەسەر خودایەكی سێ كوچكەیی بە درێژایی پەیمانی تازە ؟»

هەروەها فەرهەنگی پەڕتووكی پیرۆز ئاماژە بە خاڵێكی زۆر گرنگ دەدات، ئەویش: بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی تا چ ئاستێك كە جوولەكەكان ئاگاداری بیروباوەڕی یەكخواپەرستی خۆیان بوون، چونكە بەگوێرەی ئەو بەڵگانەی كە لە پەیمانی تازەوە وەرگیراون، ئەوا ڕەخنەی جوولەكەكان هەرگیز هیچ تۆمەتێكی (باوەڕهێنان بە سێ خودا و هاوبەشی پەیداكردن) یان دژ بە مەسیحییە سەرەتاییەكان نەوروژاندووە، ئەمەش ڕەخنەیەكی زۆر باوە كە دواتر جوولەكەكان لە مەسیحییەكانیان گرت.»[2]

لێرەدا ((هانز كۆنگ)) دەڵێت: «ئەگەر بمانەوێت حوكم لەسەر مەسیحییەكان بدەین لە سەردەمی پێش كۆڕبەندی نیقیە، لە ژێر ڕۆشنایی خودی كۆڕبەندی نیقیە، ئەوا نەك تەنها ئەو جوولەكانەی كە بوونەتە مەسیحی بە تۆمەتی لادان و زندیقی سەرزەنشت دەكرێن، بەڵكوو هەموو پاپاكانی كەنیسەی یۆنانییەكانیش سەرزەنشت دەكرێن.»

---

(١) سفر التثنية الأصحاح ٦ العدد ٤

(٢) قاموس الكتاب المقدس، ص ٣٣٧

ئەوەی کۆدەنگی لەسەر بوو بە شێوەیەکی گشتی کە پاپاکانی کەنیسە لە پێش کۆڕبەندی نیقیە باوەڕیان بە جیاوازی ئاستی نێوان باوك و کوڕ (Subordinationists) هەبوو، ئەمەش زۆر بەڕوونی لە نووسینەکانی لاهوتە بەرگریکارەکاندا دیارە لە سەدەی دووەمدا، ((ئێرینایۆس))یش لەسەر هەمان ڕێچکە ڕۆی، ((هیپۆلیتس و تەرتیلیانۆس))یش درێژە پێدەری هەمان پرۆژەی لاهوت بوون لە ڕۆژئاوادا.

لەژێر بابەتی (Subordination-ism)، فەرمانگەی زانیاری ئۆکسفۆرد، لە لاپەڕە ١٣١٩ دەڵێت:

ئەم زاراوەیە زۆر بە بەهێزی لە پەڕتووکە لاهوتەکانی سەدەی دووەم و سێیەمی زاییندا بوونی هەیە، بەهۆی هۆکاری دانانی مەسیح وەك کوڕی خودا، بەڵام لە پلەیەکی نزمتر لە باوك (الله). ئەم بۆچوونەش بەهۆی چەند ڕستەیەکی ناو پەیمانی نوێ (ئینجیل) هاتۆتە کایەوە کە مەسیح خۆی بۆ خۆی دەسەلمێنێت: "أبي أعظم مني"((١))، هەروەها "أما ذلك اليوم و تلك الساعة فلا يعلم بهما أحد و لا الملائكة الذين في السماء و لا الإبن إلا الأب((٢))" واتە: "باوکم لە من مەزنترە'. هەروەها "بەڵام ئەو ڕۆژە و ئەو ساتە کەس لە بارەیەوە نازانێت تەنانەت فریشتەکانی ئاسمان و تەنانەت کوڕ(مەسیح)یش نایزانێت، بێجگە لە باوك(الله)."

خودی پەڕتووکی پیرۆز، ئەو بابەتە دەبڕێنێتەوە و دووپاتی دەکاتەوە کە باوك لە کوڕ مەزنترە. ئیتر نازانین چۆن مشتومڕ لە بارەی ئەم بابەتەوە ڕوودەدات؟!

ئەم بۆچوونەش بەتایبەتی لە پەڕتووکی لاهوتەکانی هاوشێوەی ((یوستینیوس، ترتیلیانۆس، ئۆرگیانۆس و نۆفتیانۆس و بگرە لە نووسراوەکانی ئیرینایۆس Irenaeus))یش باسی لێوە کراوە.

---

(١) إنجيل يوحنا الأصحاح ١٤ العدد ٢٨

(٢) إنجيل مرقس الأصحاح ١٣ العدد ٣٢

ASTANA

هەموو ئەمانەش پاپای مەزنی کەنیسە بوونە، بە درێژایی سەدەکان!

پرۆفیسۆر ((مارتن وێرنەر)) دەڵێت: «لە هەر شوێنێکی پەیمانی تازەدا، کاتێك کە پەیوەندی نێوان مەسیح و باوك جێی باس بێت، ئەوا وێنا دەکرێت کە پەیوەندی نێوان پلەی نزم و پلەی بەرز بێت. هەموو لاهوتە مەزنەکانی پێش کۆڕبەندی نیقیە نوێنەرایەتی ئەو مەزهەبە دەکەن کە دەڵێت کوڕ لە پلەیەکی نزمتردایە لە پلەی باوك.»

هەروەها ((ڕۆبەرت گرانت)) (Robert M.Grant) دەڵێت:«نووسینەکانی لاهوتە بەرگریکارەکان، ئەوەی پەیوەندی بە پەیمانی نوێوە هەیە، بە شێوەیەکی سەرەکی باوەڕی بە جیاوازی پلە هەیە، چونکە کوڕ هەموو کات ملکەچی (باوك)ە کە ئەو خودا تاك و تەنهایەیە کە لە پەیمانی کۆندا ئاماژەی پێ دراوە، جا بۆیە ئەوەی دەیبینین لە نووسراوەکانی ئەم نووسەرە کۆنانە، بیروباوەڕی سێینەی پیرۆز نییە، چونکە پێش کۆڕبەندی نیقیە بیرورِا و فکری لاهوتی مەسیحی لەسەر ئاستی جیهان بە گشتی ،دەیانگوت کە جیاوازی لە پلەدا هەیە لەنێوان کوڕ و باوك".

مەسیح (سەلامی خوای لەسەر بێت) قوتابییەکانی فێر دەکرد کە ئەو بەندەی خودایە و بێجگە لەوەی خودا فێری دەکات، هیچی تر نازانێت. لە کۆتایی ژیانی لەسەر زەوی، کاتێك کە یەکێك لە نووسەرەکانی پرسیاری مەزنترین وەسیەتەکانی لێ کرد، ئەمەی فەرموو: «إن أول كل الوصايا هي: إسمع يا إسرائيل. الرب إلهنا رب واحدٌ، تحب إلهك من كل قلبك،و من كل نفسك،و من كل فكرك،و من كل قدرتك،هذه هي الوصية الأولى.»(1)

واتە :»یەکەمی هەموو وەسیەتەکان ئەمەیە: گوێ بگرە، ئەی ئیسرائیل! پەروەدگار خودای ئێمەیە و تەنها یەك پەروەدگارە. پێویستە لە قووڵایی دڵتەوە خودای خۆتت خۆش بوێت، بە دڵ و بە گیان، بە هەموو هۆشتەوە، بە هەموو هێزی خۆتەوە، ئەمە یەکەمین وەسیەتە.»

---

(١) إنجيل مرقس إصحاح ١٢ عدد ٣٠

ئەوەش بۆ ئەمانەی پێشووتر زیاد بکە کە کێشەی سێ کوچکەیی، بابەتێکە مێشکی مرۆڤ وەری ناگرێت و پێی قبووڵ ناکرێت و یەك ناگرێتەوە لەگەڵ فیترەتی یەکخواپەرستی پاك و بێگەردا.

هەر بۆیە کاتێك کە ئیسلام پەیدا، بوو مەسیحییەت تووشی گەورەترین کێشە بوو، چونکە ئیسلام مەنهەجی ئەو یەکخواپەرستی و تەوحیدەی گەڕاندەوە کە پێغەمبەرانی پەیمانی کۆن لەسەری بوون.

هەر لە بەر ئەم هۆکارەش چاکسازی لاهوت و خوداناسی لەسەر دەستی تۆماس ئەکویناس پەیدا بوو. ئەم پیاوە هەوڵی دا ئایینەکەی بە شێوەیەك ڕێك بخات کە لەگەڵ تەوحید و یەکخواپەرستی یەك بگرێتەوە، هەر بۆیە ئەم وتەیەی داهێنا "سێ لە یەکدا و یەك لە سێدا" و ئەمەش هەوڵێکی خۆکوژییە کە پێچەوانەی سادەترین تێگەیشتنە عەقڵی و ژیرییەکانە. ئەمە تەنها بۆ ئەوەیە کە خۆیان لەو تۆز و خۆڵەی لەسەریان نیشتووە پاك بکەنەوە و خۆیان نزیك بکەنەوە لە بیروباوەڕی یەکتاپەرستی، بەڵام ئەم چاکسازییانە نەبوونە ڕێگر لەبەردەم هاتنە ژوورەوەی بەلێشاوی خەڵکی بۆ ناوی ئایینی پیرۆزی ئیسلام.

د. عەبدوڵا سەعید شەهری - توێژەر لە زانستی ئیسلامی- لە یەکێك لە بڵاوکراوەکانیدا، لە ئەکاونتی تایبەتی خۆی، لە فەیسبووکدا دەڵێت: «سەیری سایتێکی مەسیحی ئینگلیزیم کرد کە وەڵامی پرسیاری دەدایەوە و ئەمەم تیایدا بینی:

داوا و نزا لە کێ بکەین؟ الله یان عیسا یان ڕۆحی پیرۆز؟

دانەیەکی تر: لە کامیانەوە دەست پێ بکەین؟

دانەیەکی تر: ئایا هیچ کێشەیەکی تێدایە گەر بە الله دەست پێ بکەین؟

ئەمانە گشتی شایەتحاڵی زیندوون بەهۆی لادان لە ڕێی یەکواپەرستی.»

خوای گەورە وەك ڕەخنەیەك دژ بەم وێنەیە لە سێ کوچکەیی شیرکیدا، دەفەرموویێت: ﴿ ضَرَبَ ٱللَّهُ مَثَلًا رَّجُلًا فِيهِ شُرَكَآءُ مُتَشَٰكِسُونَ وَرَجُلًا سَلَمًا لِّرَجُلٍ هَلۡ يَسۡتَوِيَانِ مَثَلًاۚ ٱلۡحَمۡدُ لِلَّهِۚ بَلۡ أَكۡثَرُهُمۡ لَا يَعۡلَمُونَ ﴿٢٩﴾ ﴾ الزمر: ٢٩

واتە: ((خوای گەورە بە پیاوێك نموونەی هێناوەتەوە کە گیری خوارد بێت بەدەست چەند بەرپرسێکی شەڕانی و سەرکەشەوە، پیاوێکی تریش تەنیا یەك بەرپرسی هەبێت، ئایا ئەو دوو جۆرە نموونەیە، وەك یەکن؟ سوپاس و ستایش تەنیا شایستەی خوایە، نەخێر یەکسان نین، بەڵام زۆربەی ئەو خەڵکە لەم ڕاستییە تێناگەن و نایزانن و لێکی نادەنەوە.))

چونکە کۆیلە بۆ کۆمەڵێك دەست نادات، بەڵکوو کۆیلە بۆ یەك کەس دەبێت.

هەر بۆیە خوای گەورە دەفەرموویێت: ﴿ لَّقَدۡ كَفَرَ ٱلَّذِينَ قَالُوٓاْ إِنَّ ٱللَّهَ ثَالِثُ ثَلَٰثَةٖۘ وَمَا مِنۡ إِلَٰهٍ إِلَّآ إِلَٰهٞ وَٰحِدٞۚ وَإِن لَّمۡ يَنتَهُواْ عَمَّا يَقُولُونَ لَيَمَسَّنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ مِنۡهُمۡ عَذَابٌ أَلِيمٌ ﴿٧٣﴾ ﴾ المائدة: ٧٣واتە: ((سوێند بەخوا، بێگومان ئەوانەش بێباوەڕ بوون کە گوتیان: خوا یەکێکە لە سێ دانە خوا (لە حاڵەتێکدا)، هیچ خوایەك، هیچ پەروەردگارێك نییە، جگە لە خوایەکی تاك و تەنیا. خۆ ئەگەر لەو گوفتارە نابەجێ و ناقۆڵایەیان کۆڵ نەدەن، سوێند بەخوا ئەوانەیان کە بێباوەڕ بوون سزایەکی بەئێشیان تووش دەبێت.))

## ٧- ئەو بەڵگانە چین، لە پەڕتووکی پیرۆزدا، لەسەر ڕەتکردنەوەی خوایەتی مەسیح (سەلامی خوای لەسەر بێت)؟

• مەسیح (سەلامی خوای لەسەر بێت) -دایك و باوکم بەقوربانی بێت- لە هەموو کەس زیاتر ئاگای لە شوێنکەوتووانی بوو، هیچ کات لە دەرخستنی بنچینەی بیروباوەڕی خۆی دوانەکەوتووە، ئەمەش تا ئەمڕۆ لە ناو ئینجیلدا ماوەتەوە!

ئەوەی ماوەتەوە لامان لە پاشماوەی ئەو پێغەمبەرایەتییانەیە کە پێغەمبەر موحەممەد ﷺ هەواڵی لەبارەیانەوە داوە، لە گوتارەکەیدا دەفەرموویت: ((إن الله نظر إلى أهل الأرض فمقتهم عربهم و عجمهم، إلا بقايا من أهل الكتاب))

واتە: ((خوای گەورە سەیری خەڵکی سەر زەوی کرد و ڕقی لە هەموویان بوویەوە بە عەرەب و عەجەمیانەوە، بێجگە لە بەشێك لە پاشماوەی خاوەن پەڕتووکەکان نەبێت.))

مەسیح (سەلامی خوای لەسەر بێت) بەهێز بوو لە گوتنی حەق و ڕاستیدا، لە تانە و تەشەری لۆمەکاران نەدەترسا. ڕۆژێکیان قامچییەکی لە پەت دروستکرد بۆ ئەوەی هەڵەیەك چاك بکاتەوە کە بینیویەتی، هەروەك لە ئینجیلی یۆحەنادا هاتووە: «فصنع سوطا من حبال و طرد الجميع من الهيكل،الغنم و البقر، كب دراهم الصيارف و قلب موائدهم.»[١]

واتە: «مەسیح قامچییەکی لە پەت دروستکرد و هەمووانی لە هەیکەلەکە دەرکرد، لەگەڵ مانگا و مەڕەکاندا، درهەمی هەمووانی فڕێ دا و مێزەکانیانی هەڵگەڕاندەوە.»[٢]

ئەگەر کەسێك بەم شێوەیە بووبێت، چۆن بیر لە شتێك دەکەینەوە دەربارەی کە نەیگوتبێت؟

ئەی چۆن بیروباوەڕ و عەقیدەیەك دەدەینە پاڵی کە ڕۆژێك لە ڕۆژان هەر باسی نەکردبێت؟

---

(١)ـ إصحاح ٢ عدد ١٥

(٢)ـ وەرگێڕ: بەگوێرەی ئەم ئینجیلەی ژێردەستمان بێت، هەیکەل شوێنێك بووە کە مەسیح (سەلامی خوای لەسەر بێت) پێی گوتووە (ماڵی باوکم) و شوێنی خواپەرستی بووە و لەم ڕووداوە هەندێك لە خەڵکان خەریکی بازرگانی و کڕین و فرۆشتن بوونە، بۆیە مەسیح تووڕە بووە.

ASTANA

ئایا مەسیح هیچ کات گوتویەتی من خودام -بەگوێرەی ئەم ئینجیلەی ئەمڕۆ لە ژێر دەسمانە- تاکوو ئێمەش بیکەینە خودا؟

ئایا ڕاشکاو و بەهێز نەبوو لە یەکتاپەرستی و بەندایەتی کردنی بۆ الله؟

ئەی ئایا مەسیح لە ئینجیلدا نەیگوتووە: «إن أول كل الوصايا هي: اسمع يا إسرائيل: الرب إلهنا رب واحد»[1]

ئەو هیچ شتێکی نەگوتووە، ئیلا ئەوەی کە خودا فەرمانی پێ کردووە کە بەندایەتی بۆ خوا بکەن بە تەنها: ﴿ مَا قُلۡتُ لَهُمۡ إِلَّا مَآ أَمَرۡتَنِي بِهِۦٓ أَنِ ٱعۡبُدُواْ ٱللَّهَ رَبِّي وَرَبَّكُمۡۚ وَكُنتُ عَلَيۡهِمۡ شَهِيدٗا مَّا دُمۡتُ فِيهِمۡۖ فَلَمَّا تَوَفَّيۡتَنِي كُنتَ أَنتَ ٱلرَّقِيبَ عَلَيۡهِمۡۚ وَأَنتَ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ شَهِيدٌ ١١٧ ﴾ المائدة: ١١٧

واتە: ((بێگومان تۆ چاك دەزانیت) من هیچ شتێکم پێ نەگوتوون جگە لەوەی کە تۆ فەرمانت پێداوم، ئەویش ئەوەیە: تەنیا خوا بپەرستن کە پەروەردگاری من و پەروەردگاری ئێوەشە و من شایەت بووم بەسەریانەوە هەتا لەناویاندا بووم، ئینجا کاتێك کە منت مراند و گیانت کێشام، ئیتر ئەوە هەر خۆت چاودێر و ئاگادار بوویت لێیان و هەر تۆش شایەتیت بەسەر هەموو شتێکەوە.))

بەڵکوو ئەو ئینجیلەی ئەمڕۆ لەبەر دەسماندایە هەواڵمان پێ دەدا کە مەسیح (سەلامی خوای لەسەر بێت) ڕاشکاو بووە لە فێرکارییەکانیدا و بیروباوەڕەکەی هیچ شتێك لەخۆ ناگرێت کە ئاشکرای نەکردبێت «فسأل رئيس الكهنة يسوع عن تلاميذه و عن تعليمه، أجابه يسوع: أنا كَلَّمتُ العالم علانية، أنا عَلَّمتُ كل حين في المجمع و في الهيكل حيث يجتمع اليهود دائما. وفي الخفاء لم أتكلم بشيء»[2]

---

(١)ـ إنجيل مرقس ١٢ ـ ٢٩

(٢) ـ يوحنا الإصحاح ١٨ العدد ٢٠

واتە: «سەرۆکی کاهینەکان لە یەسوعی پرسی دەربارەی قوتابی و فێرکارییەکانی، یەسوع وەڵامی دایەوە: من بەئاشکرا قسەم لەگەڵ هەموو خەڵکی کردووە، من هەموو کات خەڵکیم فێرکردووە لە ناو کۆمەڵەکەدا و لە ناو هەیکەلدا کە هەموو کات جوولەکە لێی کۆدەبنەوە. لە پەنهانیشدا باسی هیچ شتێکم نەکردووە.»

ئەو لە هەموو کەس زیاتر ئاگاداری خەڵکی بوو، بنچینەی بیروباوەڕی ئەوەیە کە خۆی پێیانی فەرمووە، نەك ئەوەی کە کاهین و قەشەکان باسی دەکەن: «إذ الإيمان بالخبر و الخبر بكلمة الله.»[١]

واتە: «باوەڕ هێنان، دەبێت بەند بێت لەسەر هەواڵ و هەواڵیش وشەی خودایە.»

هەر بۆیە باوەڕ و ئیمان تەنها دەبێت بە پشت بەستن بێت بە هەواڵ (بەڵگە)، نەك بەو گومان و گریمانانەی کە خودا هیچ شتێکی لەبارەیانەوە دانەبەزاندووە.

ئێستاش دێینە سەر (البيت القصيد) و دەڵێین: ئایا لە فێرکارییەکانی مەسیح، هیچ شتێکی تێدایە کە بەئاشکرا بڵێت ئەو خوایە؟

ئایا لە هیچ کام لە فێرکارییە ئاشکراکانیدا هەیە کە گوتبێتی یەکێکە لە سێ کوچکەی پیرۆز؟

ئایا لە هیچ کام لە فێرکارییە ئاشکراکانیدا هاتووە داوا بکات بەندایەتی بۆ بکردرێت؟

ئایا لە هیچ کام لە فێرکارییە ئاشکراکانیدا هاتووە بڵێت ئەو لاهوت تەواو و ناسوت تەواوە؟

---

(١) ـ رومية الأصحاح ١٠ العدد ١٧

ئایا لە هیچ کام لە فێرکارییە ئاشکراکانیدا هاتووە بڵێت لە پێناو هەڵەی ئادەم هاتبێت؟

ئایا هەموومان لەسەر ئەوە کۆك نین کە مەسیح بۆ یەکجاریش بێت چییە نەیگوتووە "من خودام"؟

تەنانەت بۆ یەکجاریش بێت نەیگوتووە بمپەرستن!

هەرگیز نەیگوتووە من لاهوت و ناسوتم!

نەیگوتووە من لەپێناو هەڵەی ئادەم هاتوومە!

ئایا نەبوونی وشەیەکی وەك (أقنوم -نزیکە لە وشەی کوچکە-) تەنانەت بۆ جارێکیش لە ناو هەموو ئینجیلدا، نیشانەی ئەوە نییە کە ئەم وشەیە فێرکاری قەشەکانە نەك فێرکاری خودی مەسیح خۆی؟

ئایا نەبوونی وشەی (ثالوث - سێینەی پیرۆز-) تەنانەت بۆ جارێکیش بێت لە ناو ئەم ئینجیلەی ئەمڕۆماندا، باشترین بەڵگە نییە بۆ ئەوەی کەوا ئەمە لە فێرکاری قەشە و کاهینەکانە؟

ئایا مەسیح (سەلامی خوای لەسەر بێت) ئەوەی دووپات نەکردەوە کە الله یەکە و ئەوەی کەوا الله کەسێکی ترە جگە لە مەسیح؟

دووبارەی دەکەمەوە: الله کەسێکی ترە جگە لە مەسیح؟

مەسیح دووبارەی دەکاتەوە: «إن كنت أشهد لنفسي فشهادتي ليست حقاً.الذي يشهد لي هو آخرُ و أنا أعلم أن شهادته اللتي يشهدها لي هي الحق»[(١)]

واتە: «ئەگەر من گەواهی و شایەتی بۆ خۆم بدەم، ئەوا گەواهی دانەکەم ڕاستی نییە، ئەو کەسەی کە گەواهی و شایەتی بۆ من دەدات کەسێکی ترە، ئەوەی ئەو گەواهی دەدات بۆ من هەر ئەوە حەق و ڕاستییە.))

---

(١) يوحنا الاصحاح ٥ العدد ٣٢

ئەو کەسەی کە گەواهی و شایەتی بۆ من دەدات کەسێکی ترە!

ئەو کەسەی کە گەواهی و شایەتی بۆ من دەدات کەسێکی ترە!

ئەو کەسەی کە گەواهی و شایەتی بۆ من دەدات کەسێکی ترە!

کەواتە خودا کەسێکی ترە جگە لە مەسیح!

کەواتە مەسیح خودا نییە!

ئەم دەقە بە تەنیا ئەو دووپات دەکاتەوە و دەیبڕێنێتەوە کە مەسیح (سەلامی خوای لەسەر بێت) خودا نییە.

پەروەدگار یەکە و کەسی تر جگە لەو خودا نییە، هەروەك ئینجیل دەیلێت: «الله واحدٌ و لیس آخر سواه» (١)

واتە: «الله یەکە و کەسی تر جگە لەو نییە.»

هەروەها مەسیح لەو ئینجیلەی ئەمڕۆ لە ژێر دەسمان دایە دووپاتی ئەوە دەکاتەوە کە خودا تەواو سەربەخۆیە لە مەسیح «لأنە كما أن الأب لە حیاة في ذاتە كذلك أعطى الإبن أیضا أن تكون لە حیاة في ذاتە.» (٢)

واتە: «هەر وەك چۆن باوك ژیانی تایبەت بە خۆی هەیە، بە هەمان شێوە ژیانی تایبەتیشی بە کوڕ بەخشیووە.»

مەسیح جیایە لە خودا و لەلایەن خوداوە نێردراوە هاوشێوەی هەموو پێغەمبەران و فرستادە پاکەکان. هەر بۆیە ئەوەی باوەڕ بە مەسیح بهێنێت، باوەڕ بەوەش دەهێنێت کە ئەوی ناردووە، ئەویش (الله)یە. لەم بارەیەوەش مەسیح دەفەرموویت: «فنادی یسوع: الذي یؤمن بي لیس یؤمن بي بل بالذي أرسلني.»

---

(١) مرقس الاصحاح ١٢ العدد ٣٢

(٢) یوحنا الاصحاح ٥ العدد ٢٦

١٣٨ یوحنا، الاصحاح ١٢، العدد ٤٤

واتە: «جا یەسوع بانگەوازی کرد: ئەو کەسەی باوەڕ بە من دەهێنێت، باوەڕ بە خودی من ناهێنێت، بەڵکوو باوەڕ بەو کەسە دەهێنێت کە منی ڕەوانە کردووە.))

جا بۆیە کاری مەسیح ئەوەیە کە خەڵکی باوەڕ بە باوك (الله) بکەن کە ئەوی ناردووە.

بەڵکوو کەس ناچێتە بەهەشتەوە ئیلا مەگەر بڵێت: «هیچ خودایەك نییە جگە لە الله و مەسیح نێردراوی خودایە» ئەمەش هەمان قسەی ئینجیلە، کە مەسیح لە ئینجیلدا دەڵێت: «و هذه هي الحياة الأبدية: أن يعرفوك أنت الإله الحقيقي وحدك و يسوع المسيح الذي أرسلتَهُ.» (١)

واتە: «ئا ئەمەیە ژیانی هەتاهەتایی، کە تەنها تۆ وەك خودایەکی ڕاستەقینە بناسن و هەروەها ئەو یەسوعە بناسن کە ناردووتە.»

مەسیح گەواهی داوە کە ژیانی هەتاهەتایی -بەهەشت- لە شایەتیدانە بەوەی کە جگە لە الله هیچ خودایەکی دیکە شایەنی پەرستن نییە و ئەوەی کەوا یەسوعی مەسیح پێغەمبەر و نێردراوی خودایە، ئەمەش هەمان ئەوەیە کە موسڵمانان هەموویان باوەڕیان پێیەتی.

کەواتە مەسیح تەنها پێغەمبەرێکی مەزنە هەروەك ئینجیل زۆر بە ڕوونی و ئاشکرای لە دە شوێندا ئاماژەی پێ دەدات: «يسوع الناصري الذي كان إنساناً نبياً مقتدراً في الفعل و القول لامام الله و جميع الشعب.»(٢)

واتە: «یەسوع مرۆڤێکی پێغەمبەری توانا بوو، لە کردەوە و گوفتاریدا بەرانبەر خودا و هەموو خەڵکی.»

---

(١) يوحنا الاصحاح ١٧ العدد ٣

(٢) لوقا الأصحاح ٢٤ العدد ١٩

بەڵکوو مەسیح (سەلامی خوای لەسەر بێت) لەم ئینجیلەی ئەمڕۆ لە ژێر دەستمان دایە، دان بەوەدا دەنێت کە غەیب و زانستی پەنهانی نازانێت هاوشێوەی هەموو پێغەمبەرانی پێش خۆی، چونکە ئەو هیچ لەوان باشتر نییە لە زانینی عیلمی پەنهاندا: «و أما ذلك اليوم و تلك الساعة فلا يعلم بهما أحد و لا الملائكة في السماء و لا الإبن إلا الأبُ»(١)

واتە: ((بەڵام ئەو ڕۆژە و ئەو کاتە هیچ کەس لەبارەیەوە نازانێت، تەنانەت فریشتەکانی ئاسمان و تەنانەت کوڕیش (مەسیح) هیچی لەبارە نازانێت جگە لە باوك (الله).))

بەڵام موعجیزە و پەرجووە مەزنەکانی مەسیح وەك زیندووکردنەوەی مردوان و چاککردنی چاوی نابینایان -هەر بەم بۆنەیەوە ئەم خاسیەت و موعجیزانە زۆرێك لە پێغەمبەرانی پەیمانی کۆن هەیانە، وەکوو: ئیلیا و یوشەع- بۆ دووپاتکردنەوەی خوایەتی مەسیح نەبووە، بەڵکوو بەپێچەوانەوە، ئەمە بۆ ئەوەیە کە بیسەلمێنێت ئەو تەنها نێردراوی خودایە و زیاتر نا، هەر بۆیە مەسیح لە موعجیزە ناسراوەکەی زیندوو کردنەوەی مردوویەك، لە ئینجیلدا دەفەرموویت: «و رفع يسوع عينيه إلى فوق و قال: أيها الأب أشكرك لأنك سمعت لي و أنا علمت أنك في كل حين تسمع لي،و لكن لأجل هذا الجمع الواقف قلتُ ليؤمنوا أنك أرسلتني.» (٢)

واتە: «یەسووع چاوی بۆ ئاسمان بەرز کردەوە و گوتی: ئەی باوك سوپاست دەکەم کە گوێت لە من گرت و من دەمزانی کە هەموو کات گوێم لێ دەگریت، بەڵام لەپێناو ئەم کۆمەڵەیەی کە ڕاوەستاون بۆ ئەوەی باوەڕ بەوە بهێنن کە تۆ منت ناردووە.»

---

(١) إنجيل مرقس الاصحاح ١٣ العدد ٣٢

(٢) يوحنا الأصحاح ١١ العدد ٤٢

ASTANA

جا بۆیە مەزنی موعجیزەکە لەپێناو ئەوە بوو کە ئەوانەی لەوێن باوەڕ بەوە بهێنن کە لەلایەن خوداوە نێردراوە!

جا بۆیە مەسیح بەندەی خوایە و هەرگیز بەندایەتی کردنی بۆ الله ڕەت ناکاتەوە، نوێژکردنی بۆ خوا کە لە ئینجیلدا چەندین جار باس کراوە تەنها نیشانەی ئەوەیە کە ملکەچی بەدیهێنەری خۆیەتی ئەویش (الله)یە. لە ئینجیلدا دەڵێت: «وفي تلك الأيام خرج إلى الجبل ليصلي،و قضى الليل كله في الصلاة لله.» (١)

واتە: «لەو ڕۆژانەدا مەسیح دەرچووە سەر شاخەکە تاکوو نوێژ بکات، گشت شەوەکەی بە نوێژکردن بۆ الله بردە سەر.»

لە ڕۆژی دواییشدا، مەسیح ملکەچی خودا دەبێت، بەگوێرەی دەقی ئینجیل: «و متى أُخضِعَ له الكلُ فحينئذ الإبن نفسه أيضاً سيخضعُ للذي أَخضَعَ له الكل كي يكون اللهُ الكلَّ في الكلِّ.» (٢)

واتە: «هەر کاتێك کە کە هەمووان ملکەچی خوا بوون، ئەوکات خودی کوڕ (مەسیح)یش ملکەچی ئەو کەسە دەبێت کە هەمووان ملکەچی بوونە تاکوو الله ببێتە خاوەنی دەسەڵاتی ڕەها.»

چەندان دەق هەن لەسەر ملکەچ بوونی مەسیح بۆ الله لەناو ئەو ئینجیلەی ئەمڕۆ لە ژێر دەستمان دایە، ئەمانەش کە باسمان کرد تەنها چەند نموونەیەکی کەمن و بەسە بۆ ئەو کەسەی دەیەوێت گەواهی و شایەتی حەق و ڕاستی بدات بۆ الله، ئەویش ئەو گەواهی دانەیە کە بڵێت مەسیح و موحەممەد و ئیبراهیم هەموویان پێغەمبەر و نێردراوی خودان و بەندەی خودان و خودا هیچ کام لە پێغەمبەرانی خۆی نەکردووە بە خوا!

---

(١) إنجيل لوقا الأصحاح ٦ العدد ١٢

(٢) كورنثوس ١ الأصحاح ١٥ العدد ٢٨

ASTANA

چونکە بەگوێرەی ئەو پەڕتووکە پیرۆزەی ئەمڕۆ لە ژێر دەستماندایە، خوا مرۆڤ نییە: «ليس الله إنساناً» (١)

واتە: «الله مرۆڤ نییە.»

خودا هەرگیز لەگەڵ مرۆڤدا لەسەر زەوی نەژیاوە، حاشا لە زاتی پاکی ئەو بێت. خودا هەواڵی لەبارەی ئەم ڕاستییە داوە کە هەموو ڕەنگەکانی خوایەتی مرۆڤ پووچەڵ دەکاتەوە. هەر لەبەر ئەوەشە پەڕتووکی پیرۆز زۆر بە ڕوونی و ئاشکرایی دەڵێت: «لأنه هل يَسكنُ اللهُ حقاً مع الإنسان على الأرض ؟ هوَذَا السماوات و سماء السماوات لا تسعك فكم بالأقلِّ هذا البيت الذي بنيت» (٢)

واتە: «ئایا هەر بەڕاستی دەکرێت خودا لەگەڵ مرۆڤدا لەسەر زەوی بژێت؟ تۆ هەموو ئاسمانەکان و ئاسمانی ئاسمانەکان بەس نییە تا جێگات ببێتەوە، چ جای ئەم خانووە بچووکەی کە دروستت کردووە.»

ئەم بەڵگەیە پێویست بە بڕیاردانێك دەکات، ئەو بڕیارەش ئەوەیە کە بڵێیت: «جگە لە الله هیچ کەسێکی تر شایەنی پەرستن نییە و مەسیح بەندە و پێغەمبەری خودایە.»

---

(١) العدد الاصحاح ٢٣ العدد ١٩

(٢) أخبار الأيام الثاني الأصحاح ٦ العدد ١٨

ASTANA

# لە کۆتاییدا

## بۆچی بانگەوازکردن بەتایبەتی بۆ ئیسلام ؟

• لەسەر زەویدا سێ ئایین و شەریعەت بوونی هەیە -جوولەکایەتی و گاورایەتی و ئیسلام- کە تێکڕای هەڵگرانی ٦٥ ٪ دانیشتوانی زەوی پێك دەهێنن، ئایینەکانی تر لەم حاڵەی ئێستایاندا وەك ئایینی دەستکردیان لێ هاتووە، تەنانەت پێویست بەوە ناکات بەرپەرچیان بدرێتەوە -دان بە مرۆڤی بوونی خۆیان دەنێن و وا لە لەناوچوون نزیك دەبنەوە هەروەك لە پەڕتووکەکەدا ڕوونمان کردەوە- و شوێنکەوتوانی ئەم ئایینانەش لە ناوەندی توێژینەوەکاندا وەك کەسانی بێباوەڕ یاخود کەسانی ڕۆحانی -بێ ئایین- هەژمار دەکرێن.

جا بۆیە دیبەیت و ناوەندی مشتومڕ تەنها لە نێوان سێ ئایینە سەرەکییەکەدایە.

ئایینی جوولەکایەتی: بووەتە ئایینێکی نەتەوەپەرستی، کەسێك دایك و باوکی جوولەکە نەبن، نایەتە ناوی و دەستکاری کردن و گۆڕانکاری سەرتاپای ئایینەکەی گرتۆتەوە.

ئایینی گاوری: سێینەی پیرۆز و سێ کوچکەیی و خودای مرۆیی، هەموو ئەمانە کراونەتەوە بنچینەی بیروباوەڕی مەسیحی. هەرچەندە مەسیح (سەلامی خوای لەسەر بێت) لە ناو هەموو ئەو ئینجیلەی ئەمڕۆ لە ژێر دەستی مەسیحییەکاندا هەیە (سەرەڕای ئەو هەموو دەستکاریەشەوە)، بۆ تەنها جارێکیش بێت نەیگوتووە: «من خودام و بمپەرستن.» یاخود «من لاهوت و ناسوتم.»، بەڵام شوێنکەوتوانی سوورن لەسەر ئەو شێوازە شیرك و هاوبەش پەیداکەرەی ئێستای.

هەروەها وشەی " أقنوم = کوچکە" کە یەکێکە لە بنچینەکانی ئاینی مەسیحی، تەنانەت یەك جاریش ناوی لە ئینجیلدا نەهاتووە.

بیرۆکەی «أقنوم»یش بەندە لەسەر فرە خودایی، لەگەڵ هەوڵدان بۆ پارێزگاری کردن لە شێوازی یەکخواپەرستی ناو فیترەتی مرۆڤ -شێوازی سێ لە یەکدا-، چونکە ئەوان دەڵێن: کوچکەی کوڕ خودایەکی تەواوە، کوچکەی باوك خودایەکی تەواوە، کوچکەی ڕۆحی پیرۆز خودایەکی تەواوە.

ناکرێت کوڕ هەمان باوك بێت، بەڵکوو هەر یەك لەمانە خودایەکی سەربەخۆیە بۆ خۆی، بەڵام سەرەڕای ئەمەش هێشتا ئەم سێ خودایە یەك خودان.

ئەمەش زۆر بەسادەیی ئەوە دەگەیەنێت کە ئەمە ئەوپەڕی شیرك و هاوبەش پەیداکردنە و بەرەنگاربوونەوەیە لەگەڵ عەقڵی سەلیمدا.

بەڵام ئیسلام: ئیسلام فیرقەیەك نییە لە فیرقەکان یاخود بیروباوەڕێك نییە لە بیروباوەڕەکان تاکوو شان بە شانی ئایینەکانی تر بەراوردی پێ بکرێت، بەڵکوو هەر خودی ئیسلام بنچینە و بنەڕەتی هەموو ئایین و بیروباوەڕەکانە.

ئیسلام ڕاستکردنەوەی ڕێچکەی ئەو ئایینانەیە کە لە ڕێ لایانداوە، هەروەها گەڕاندنەوەی ڕێبازی پێغەمبەرانی پەیمانی کۆنە. جا ناکرێت لە ڕووی ژیرییەوە بەراورد بکردرێت لەنێوان ئەو تەشویشە بیروباوەڕییەی ناو مەسیحییەت و ئەو بیروباوەڕە بوونگەراییەی ناو بودیزم و ئەو بت پەرستییەی ناو ئایینی هیندۆسی لەگەڵ ئەو ئایینەی کە هەموو پێغەمبەران هەوڵی گەیاندنیان داوە بۆ مرۆڤایەتی -پاکترین ئایینی یەکخواپەرستی- و خاوەنی پەیامەکەش بە پاراوترین و باشترین شێواز گەیاندوویەتی و لەسەر ڕێگایەکی ڕاست بەجێیهانی هێشتووە.

ASTANA

جا چەندێك ئیسلام و کوفر لە یەکتری دوورن، هەر چ جۆرە کوفرێك بێت ئیتر.

ئێمەش لە گفتوگۆکانمان دا لەگەڵ بێباوەڕان دا زۆر بە تەواوی ئەو جیاوازیە گەورەیەی نێوان ئیسلام و کوفرەکانی جگە لە ئیسلام بەدی دەکەین تەنانەت لە خودی پرسیارەکانەوە.

بۆ نموونە هەموو پرسیارەکانمان بۆ بێباوەڕ و مەسیحییەکان پرسیارە وجودییە گەورەکانە.

بە کەسێکی بێباوەڕ دەڵێین: «چۆن گەردوون لە (ناکات و ناشوێن - اللازمان و اللامکان) پەیدا بوو؟»

ئێمە بۆ لێرەین؟

چۆن ئەم ڕێکخستنە زۆر وردانەی ناو سیستەمی گەردوون و ژیان هەر لە یەکەم ساتەوەختدا دەرکەوتووە؟

چۆن (ناژیان - اللاحیاة) گۆڕا بۆ ژیان؟

ئەی بۆچی ئێمە لە ڕەوشت و ژیان و مردن تێدەگەین؟

بە کەسێکی مەسیحی دەڵێین:

چۆن باوەڕ بە خوایەتی مەسیح دەهێنیت و لەگەڵ ئەوەشدا ئەمە پێچەوانەی بیروباوەڕی هەموو پێغەمبەرانی پەیمانی کۆنە و تۆش باوەڕت وایە هەموویان کامل و تەواو بوون؟

چۆن باوەڕ بە خوایەتی مەسیح دەهێنیت لە کاتێکدا تەنانەت یەك دەقیش لەو ئینجیلەی ئێستادا بوونی نییە کە مەسیح تێیدا داوا بکات بی پەرستن؟

چۆن کوفر بە پێغەمبەر موحەممەد ﷺ دەکەیت، لە کاتێکدا ئەو ڕێگایەی کە پێغەمبەرایەتی ئەوی پێ دەسەلمێت هەمان ئەو ڕێگایەیە کە پێغەمبەرایەتی

پێغەمبەرانی تری پێ دەسەلمێت و بگرە ڕێگای لەوە مەزنتریش پێغەمبەرایەتی موحەممەد ﷺ دەسەلمێنێت؟

ئەمەش چەند پرسیارێکی وجودی گەورەیە کە بنچینەی بیروباوەڕەکە هەڵدەتەکێنێت.

هەمان ئەمەش لەسەر هەموو ئایین و بت پەرستیەکانی تردا جێ بەجێ دەبێت.

لە بەرانبەردا چۆن بێباوەڕ و مەسیحی و بت پەرستەکان، یاخود هەر تائیفەیەکی تر وەڵامی ئیسلام دەدەنەوە؟

ڕاستییەکەی، سوپاس بۆ خوا بێباوەڕ و بێباوەڕەکانی تر، هیچ شتێکیان لە دەستدا نییە کە بیکەنە بەڵگە بەرانبەر ئایینەکەمان، جگە لە هەندێك پرسیار کە لە شوێنی خۆی نییە، ئێمە پێی دەڵێین چەند گومانێکی بێماناً، بە هۆی سادەیی ڕووکەشیەکەی، هیچ پەیوەندییەکی نە بە بنچینەی ئایین و نە بە لقەکانییەوە هەیە.

کەسی بێباوەڕ هیچ شتێکی لە دەستدا نییە، جگە لە فەتوا نامۆکان و قسە سەیر و سەمەرەکان (شاذ الأقوال) و کردەوە تاکە کەسییەکان.

هەموو ئەمانە لە ژێر ناونیشانی "گومانەکان" هەژمار دەکرێن!

کەسی بێباوەڕ جگە لە تێکەڵکردنی بەڵگەکانی بەرانبەر، هیچی تریان نییە! ﴿ وَإِنَّ ٱلشَّيَـٰطِينَ لَيُوحُونَ إِلَىٰٓ أَوْلِيَآئِهِمْ لِيُجَـٰدِلُوكُمْ ﴾ الأنعام: ١٢١

واتە: ((دڵنیابن کە شەیتانەکان شت دەخەنە دڵی لایەنگرەکانیانەوە تا موجادەلەتان لەگەڵ بکەن و (بەرگری لە بەتاڵییان بکەن).))

بەڵام کەسی موسڵمان زۆر بەئاسانی دەتوانێت ڕەخنە لە بنچینە و ئەسڵی بێباوەڕی و بنچینەی مەسیحییەت و بنچینەی بت پەرستی بگرێت، بەبێ

ئەوەی پێویستی بە قسەی تاك و سەیروسەمەرەکانی فرۆید یان مارکس یان دۆکینز یان بۆلس یان هتد... هەبێت.

ئەگەر ئیسلام ئەوەندە بەهێزە، ئەی بۆچی ئەم هەموو هەرایە بۆ هێرشکردنە سەر ئیسلام بوونی هەیە و هەندێك لە بێباوەڕان لەناو وڵاتانی موسڵمان سەریان هەڵداوە؟

• ئیمامی غەزالی (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) (ساڵی ٥٠٥ کۆچی، کۆچی دوایی کردووە.) دەفەرمووێت: «من کۆمەڵە کەسێکم بینیوە وا خۆیان دەبینن کە جیاوازترن لە خەڵکی تر، بەوەی کەوا خاوەنی زیرەکی و ژیرییەکی زیاترن، ئەمانە هەندێك لە فەرمانەکانی ئیسلامیان ڕەت کردۆتەوە لە بابەتی پەرستش و عیبادەتدا، بەڵام سەرچاوەی کوفر و بێباوەڕییان ئەوەیە، گوێیان لە چەند ناوێکی گەورە بووە وەکوو سۆقرات و ئەبۆکرات و ئەفلاتۆن و ئەرستۆتالیس و هاوشێوەکانیان. جا کاتێك کە ئەمانە بەر گوێیان کەوتووە، بە بیروباوەڕی کوفر خۆیان ڕازاندەوە، وەك لادانێك لە ڕێگا، بەگوێرەی خۆیان لە خەڵکی زیاتر بەرزبوونەتەوە.» ((١))

جا مەسەلەکە تەنها بریتییە لە سەرسامبوون بە ڕۆژئاوا و ملکەچبوون و سەرشۆڕییە بۆ فیکر و بیرە زاڵەکانیان.

بەڵام ئەم بێباوەڕانە چەندین گومان و دوودڵی زۆر دروست دەکەن، پەیوەندی ئەمە بە سەرسامبوون بە ڕۆژئاواوە چییە؟

• باوەڕهێنان بە مەرکەزیەت و جیهانگیری بەهاکانی ڕۆژئاوا و نوێنەرایەتی کردنی ئەوان بنچینەی کێشەی بێباوەڕەکانە.

بۆ بە دەرخستنی ئەمە دەڵێین: لەوانەیە دەقەکانی توراسی ئیسلامی یەك نەگرێتەوە لەگەڵ دەقەکانی مردوو ناشتنی هیندۆسەکان وەك نموونە، یاخود

---

(١) تهافت الفلاسفة، ص ٤١

ASTANA

لەگەڵ دەقەکانی هاوسەرگیری هەندێ وڵاتانی ئەفریقا، بەڵام هیچ کام لەم دژیەکانە، هیچ کێشەیەك بۆ دۆزی ناوخۆیی بێباوەڕی دروست ناکات.

کێشەکە لەوەدایە کە دەقەکانی توراسی ئیسلامی، لەگەڵ یەکێك لە بەهاکانی ڕۆژئاوایی عالەمانیدا یەك نەگرێتەوە و دژیەکییەیان تێدا ڕوو‌بدات، ئا لێرەدا کێشە سەرهەڵدەدات و کۆڕ و سیمینار و پلاتفۆڕم ڕێك دەخرێت و ئەمیان داوای لێبوردن پێشکەش دەکات و ئەویان تەئویل و مانا گۆڕین و ئەمانەش (بێباوەڕەکان) بەرهەمی فیکری خۆیان دەخەنە گەڕ بۆ ورووژاندنی ئەم گومانە.

باشە بۆ دەبێت کاتێك کە دەق دژیەك بێت لەگەڵ بەرهەمی ڕۆژئاوایی، ئەوکات کێشە دروست بێت؟

لێرەدا بابەتەکە لە بوونی دژیەکی و پێچەوانەیی نییە، چونکە دژیەکی شتێکی حەتمییە ئەگینا شەریعەتەکان نەدەهاتن بۆ ڕاستکردنەوە و چاکسازی.

بەڵام کێشەکە لەوەدایە کە ڕۆژئاوا مەرکەز و ناوەندە، و مەرکەزیەت هەر هی ڕۆژئاوایە و بەهاکانی بەدڵنیاییەوە دەبێت بە جیهانی بکرێن، توراسی ئەوانیش پێویستە بکرێتە بنچینە و بنەڕەتی، هەموو ئەوانی تریش دەبێت پاشگری ئەو بن!

ئەمە تەنها بابەتی "کلتووری زاڵ"ە و هیچی تر نییە!

خۆ ئەگەر بێت و ڕۆژئاوا هاوشێوەی دوو سەدە پێش ئێستا لە مەرکەزی بوون نەمێنێت، ئەوا بەهاکانی فڕێ دەدرێن و کەس دوایان ناکەوێت و بە چاوێکی سووکەوە سەیر دەکرێن!

هەر بۆیە کەسی بێباوەڕ لە ساتەوەختی ملکەچ بوون بۆ جادووی قاڵبە ڕۆژئاواییەکاندا ژیان دەکات.

ASTANA

کەواتە ئێمە لە ڕووی زانستییەوە دواکەوتووین و ڕۆژئاوا پێشکەوتووە؟

•بەڵێ.

چۆن مافی ئەوەمان هەیە لەگەڵ ئەوەی کەوا ئێمە لە ڕووی زانستیەوە دواکەوتووین، ڕەخنە لە غەیری خۆمان بگرین؟ یان بە زاراوەیەکی تر: ئایا دواکەوتووییان لە ڕووی زانست و تەکنەلۆژیاوە ڕێگریان لێ دەکات کە ڕەخنە لە ڕۆژئاوای بێباوەڕی پێشکەوتوو بگرین؟

• خوای گەورە وەسفی زۆرێك لە گەلانمان بۆ دەکات کە لە ڕووی "بونیادی ماددی"یەوە زۆر داهێنانیان کردووە بەڵام سەرەڕای ئەوەش خوای گەورە هەواڵی ژیانیانی وەك گەلانێکی خراپ وەسف کردووە، چونکە لە ڕووی "بونیادی باوەڕی"یەوە ئیفلاسیان هێناوە. خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿ أَوَلَمْ يَسِيرُوا۟ فِى ٱلْأَرْضِ فَيَنظُرُوا۟ كَيْفَ كَانَ عَـٰقِبَةُ ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ ۚ كَانُوٓا۟ أَشَدَّ مِنْهُمْ قُوَّةً وَأَثَارُوا۟ ٱلْأَرْضَ وَعَمَرُوهَآ أَكْثَرَ ﴾ الروم: ٩

واتە: ((ئایا بەسەر زەویدا نەگەڕاون، تا سەیر بکەن و سەرنج بدەن چیهان بەسەر ئەو نەتەوانەی پێش ئەمانەدا هێناوە. لەمانە زۆر بەهێزتر و بە دەسهەڵاتتر بوون، زەویان ژێرە و ژوور دەکرد (واتە دەیان کێڵا بۆ کشتوکاڵ و کانزایان لێ دەردەهێنا) و ئاوەدانیان کردبۆوە زیاتر لەمانە.))

کاتێکیش کە خودا موسای نارد بۆ کۆمەڵگەی میسری پێشکەوتوو، پێی نەفەرموو گەل و هۆزەکەت هەستێنەوە تاکوو سوود لە شارستانییەتی میسری ببینن، بەڵکوو بۆ ئەوە ناردی تاکوو بە نووری وەحی لە تاریکایەکانی شارستانییەتەکەیان دەریانبهێنێت هەروەك خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿ وَلَقَدْ أَرْسَلْنَا مُوسَىٰ بِـَٔايَـٰتِنَآ أَنْ أَخْرِجْ قَوْمَكَ مِنَ ٱلظُّلُمَـٰتِ إِلَى ٱلنُّورِ ﴾ إبراهيم: ٥

ASTANA

واتە: ((سوێند بەخوا بەڕاستی ئێمە موسامان ڕەوانە کرد، هاوڕێ لەگەڵ موعجیزەی زۆردا (فەرمانما پێدا) کە قەوم و عەشیرتت لە تاریکییەکان ڕزگار بکە و بەرەو نوور و ڕووناکی بیانبە.))

بگرە خودا نەوەکانی ئیسرائیلی بە باشتر دانا کە خاوەنی زانستی ئیلاهی بوون لە چاو فیرعەونەکان، سەرەڕای ئەو شارستانییەتەی کە هەیانبوو، هەروەك خوای گەورە دەفەرموویت: ﴿ وَلَقَدْ ءَاتَيْنَا بَنِىٓ إِسْرَٰٓءِيلَ ٱلْكِتَٰبَ وَٱلْحُكْمَ وَٱلنُّبُوَّةَ وَرَزَقْنَٰهُم مِّنَ ٱلطَّيِّبَٰتِ وَفَضَّلْنَٰهُمْ عَلَى ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿١٦﴾ ﴾ الجاثية: ١٦

واتە: ((سوێند بە خوا بێگومان ئێمە تەوراتمان بەخشی بە نەوەی ئیسرائیل هاوڕێ لەگەڵ دەسەڵاتداری بۆ چارەسەرکردنی کێشەی خەڵکی، لەگەڵ پێغەمبەرایەتیشدا لە چەندەها ڕزق و ڕۆزی چاك و پاکیش بەهەروەرمان کردن، زیادە ڕێزیشمان دان بەسەر هەموو خەڵکی سەردەمی خۆیاندا.))

خۆ ئەگەر کەسی خوێنەر لەم بابەتە ورد ببێتەوە و چۆن ئەوەی کەوا هۆکاری بە باشتردانانی نەوەکانی ئیسرائیل (بني إسرائيل) تەنها لەبەر نووری پێغەمبەرایەتی و پەڕتووکی خودا بوو، لەولاشەوە شارستانییەتی فیرعەونەکان نەبووە هۆکاری ئەوەی لە تاریکایی دەریان بکات، ئەوکات لە "تەرازووی ئیلاهی" تێدەگات بۆ هەڵسەنگاندنی کۆمەڵگە و کلتوور و کەس و شارستانییەت و مەدەنییەتەکان. تەرازووی کەسی موسڵمانیش هەمان تەرازووی خوای گەورەیە.

پێغەمبەری خواش لە سەردەمێکدا بووەتە پێغەمبەر کە چوار ئیمپراتۆریەتی مەزن جیهانیان دابەش کردبوو، لەنێوانیاندا: ڕۆمانی و فارسی و هیندی و چینی، پەیمانگاکانی زانست تێیاندا زۆر بەرز بوون، ئەمە جگە لە گەنجینەیەکی شارستانی کەڵەکەبوو کە لە شارستانییەتی ئیغریقی و میسری مابوویەوە.

بەڵکوو زانستە شارستانییەکان ساتێك پێش هاتنی گەیشتبووە ئاستێکی بەرز لە وردی زانیارییەکاندا وەك یاساکانی باری شارستانی و دژیەکی،

بیردۆزی دەوڵەتداری و دابەشکردنی شێوەکانی دەسەڵات، وردەکاریەکانی ئەندازیاری و ژماردنە بیرکارییەکان، هونەری بیناسازی و شانۆگەری و شیعر وئەدەب، بنەماکانی پزیشکی، دووریە فەلەکییەکان و زۆری تر. ئەمە تەنها نموونەیەکە ئاستەکانی توێژینەوەی شارستانی دەردەخەن.

سەرەڕای هەموو ئەمانەش کاتێك کە خوای گەورە پێغەمبەرەکەی لە نیمچەدوورگەی عەرەبیدا نارد، نەینارد تاکوو بە عەرەبەکان بڵێت: «هۆ خەڵکی عەرەب ئێوە بە دەستی دواکەوتنی شارستانی و مەدەنییەوە دەناڵێنن بۆیە پێویستە بەسەر ئەم مەوقیفە عەرەبیەی خۆتاندا باز بدەن و لەگەڵ و میللەتە پێشکەوتووەکانەوە فێر ببن.» هەروەها پێیانی نەگوت: «پێویستە یەکەمجار وەك قوتابیەك بچنە ژێر دەستی زانستەکانی مەنتیق و پزیشکی و فەلەکناسی و فەلسەفە و ئەوانی تر، دواتر بانگەوازی خەڵکی بکەن». پێیانی نەگوت: «نرخی خۆتان بزانن بەرانبەر شارستانییەتەکانی تر»، هەروەها پێیانی نەگوت: «پێویستە کە خێزانی نێودەوڵەتی هاوبەشی پێ بکەن لە پێناو خۆشگوزەرانی ڕەگەزی مرۆڤایەتی لە ڕێگەی داهێنانی ئێپستۆمۆلۆژیانە (زانیاری و ماریفەتناسی)!»

بەڵکوو خوای گەورە بەپێچەوانەی ئەمەوە بەتەواوەتی، هەواڵی نزمی ئاست و نرخی ئەو شارستانییەتانەی دا کە لەسەردەمی هاتنی پێغەمبەردا بوونە، قورئانی پیرۆز بە گومڕایی وەسفی کردووە بە هەموو ناوەڕۆکییەکەیەوە.

هەروەك ئیمامی موسلیم لە سەحیحەکەیدا دەیگێڕێتەوە، لە فەرموودەی ((عیاض المجاشعي)) کە پێغەمبەری خوا فەرموویەتی: ((إن الله نظر إلى أهل الأرض فمقتهم،عربهم و عجمهم، إلا بقايا من أهل الكتاب)) [١]

---

(١) لە پەڕتووکی: "مآلات الخطاب المدني"، نوسینی ئیبراهیم سەکران (خوا بیپارێزێت).

ئەگەر ڕەخنە لە کەسانی تر بگرین، ئەی چۆن شانازی بکەین لە کاتێکدا ئێمە لە ڕووی زانستیەوە دواکەوتووین؟

• پێغەمبەری خوا ﷺ پلە بەرزی و ورە بەرزی بە "زانستی ئیلاهـی" سەروو شارستانییەتە بچووکەکانی (لە چاو مەزنی مەعریفەتی ئیلاهـی) لە ناخی هاوەڵانی خۆیدا چاندووە. هاوەڵانی ڕێنموونی کردووە بۆ ڕووناکی و پێشکەوتنی ڕاستەقینە کە ئەویش ڕووناکی وەحییە، هەروەها هاوەڵانی خۆی لەسەر ئەوە پەروەردە کردبوو کە ئەو کۆمەڵگە مەدەنی و شارستانیانە پێویستیان بە ئێوەیە زیاتر وەك لەوەی ئێوە پێویستتان بەوان بێت، ئەوان ئامڕازەکانیان هەیە بەڵام ئێوە ئامانجەکە دەزانن، جا چەندێك ئامڕاز و ئامانج دوورن لە یەك.

جالەبەر ئەمەیە هاوەڵان هیچ کات سەریان نەسوڕماوە بە شارستانییەتەکانی ئەو سەردەمەی خۆیان!

بەڵکوو بە بەردەوامی دەیانگوت کە ئەوان هاتوونە بۆ ڕزگارکردنی ئەو شارستانییەتانە لە نەزانی و جاهیلیەت.

سەیری هاوەڵی بەڕێز ڕەبعی کوڕی عامر -ڕەزای خوای لێبێت- بەکە، کاتێك کە ڕۆیشتە لای ڕۆستەم، سەرکردەی فارسەکان لە کاتێکدا مەجلیسەکەیان بە نەخشی ئاڵتونی و ئاوریشم ڕازاندبووەوە، یاقوت و ئەڵماسە گرانبەهاکان و ڕازاندنەوە مەزنەکانیان پیشان دا، هەروەها تاجێکی لەسەردابوو لەگەڵ چەندین کەلوپەلی گرانبەهای تر، لەسەر جێگایەك لە ئاڵتون دانیشتبوو و ڕەبعی بە جلێکی پینەکراو و شمشێرێکی کول و ئەسپێکی بچووکەوە هاتە ژوورەوە و لە سەر ئەسپەکەی دانەبەزی تا ئەو کاتەی کە هاتە بان فەرشەکانیان، دواتر دابەزی و ئەسپەکەی بە هەندێك لە سەرینەکان بەستەوە. بە چەك و قەڵغانەکەیەوە هات و عەمامەکەی بەسەرەوە بوو. پێیان گوت: «چەکەکەت دابنێ». ئەویش گوتی: «من خۆم نەهاتوومەتە لاتان، بەڵکوو کاتێك کە

هاتم کە بانگهێشتتان کردم، جا یان وازم لێ دەهێنن تا بچمە ژوورەوە یاخود دەگەڕێمەوە». ڕۆستەم گوتی: «ڕێگەی پێ بدەن". هات و خۆی دایە سەر ڕمەکەی و فەرشەکەی پێ دڕاند، پێیان گوت: «چی ئێوەی هێناوە؟» گوتی: «خوای گەورە ئێمەی نارد تاکوو ئەوەی ویستی لێبێ لە کۆیلایەتی کردن بۆ بەندەکان ڕزگار بکەین بۆ کۆیلایەتی کردن بۆ خودا، لە تەسکی دونیا بۆ فراوانییەکانی، لە زوڵم و ستەمی ئایینەکان بۆ دادپەروەری ئیسلام، جا بەو ئایینەی خۆی ناردی، ئێمەی ناردووە بۆ بەندەکانی خۆی تاکوو بانگەوازیان بکەین بۆ ئەو ئایینە.»

سەیری بکە چەند بە سووکی سەیری زینەت و ڕازاندنەوەی کافران دەکات.

سەیری بکە چەندێك شانازی دەکات بە وەڵامی ئەو پرسیارە وجودییە گەورانەی کە هەڵگریەتی.

کە لە بەرانبەریدا هەموو جوانییەکانی دونیا و ڕازاندنەوەکانی هیچ نرخێکیان نییە!

چونکە سەرکەوتنی هاوەڵان بە هۆی ئەوەوەیە کە ئەوان ئەو هەستە خۆبەکەمزانینەیان نییە کە زۆربەی سەردەمییەکان هەیانە -جگە لە کەسێك خوا ڕەحمی پێ کردبێت-، بەڵکوو شانازی و سەربەرزییان بەوەوە بووە کە خاوەنی وەڵامی پرسیارە وجودییە گەورەکان بوونە، هاوتا لەگەڵ جەخت کردنەوەیان لەسەر بە کەم زانین و بە سووك سەیرکردنی ژیانی دونیا لە چاو نیعمەتەکانی ڕۆژی دوایی!

کەسی بێباوەڕ تەنها بەوە دڵخۆش دەبێت کە تۆی موسڵمان تووشی سەرسوڕمان بکات بە هۆی ئەو زێڕ و زیو و جوانیانەی کە خاوەنییەتی، ملکەچی و خۆبەکەمزانین لەبەردەم ئەمانەدا شەڕەکە کۆتایی پێ دێنێت، پێش ئەوەی دەس پێ بکات!

هەر بۆیە ڕەبعی کوڕی عامر تەنها گرنگی بە نەزانی و ناشارەزایی ڕۆستەم دا لە گەورەترین داواکراوی ژیان کە ئەویش ناسینی خوای گەورەیە، هەر بۆیە هەموو جوانی و خۆشگوزەرانی ڕۆستەمی لە پێش چاودا بووە ئاژەڵێك کە هیچ نرخ و بەهایەکی نییە، هەروەك قورئان باسی دەکات: ﴿ وَالَّذِينَ كَفَرُوا يَتَمَتَّعُونَ وَيَأْكُلُونَ كَمَا تَأْكُلُ الْأَنْعَامُ وَالنَّارُ مَثْوًى لَهُمْ ﴿١٢﴾ ﴾ محمد: ١٢

واتە: ((ئەوانەش بێباوەڕ بوون لەم دنیایەدا و وەك ئاژەڵ ڕادەبوێرن و دەخۆن، لە داهاتوودا دۆزەخ جێ و شوێنیانە!))

جا بۆیە وەڵامی پرسیارە وجودییەکان خاوەنەکەی بەرز دەکاتەوە و ئەو کەسەی کە خاوەنی نییە دادەبەزێنێت.

لێرەدا پێویستە ئاماژە بە خاڵێك بدەین کە ئیبراهیم سەکران باسی لێوە کردووە: «ئەم خۆبەگەورەزانینە بەهۆی شەرعەوە و بە کەم سەیرکردنی داهێنانە شارستانییەکان و هونەرییەکانی پێش هاتنی پێغەمبەر ﷺ، بە خراپ دانان و زەم کردن نییە بۆ خودی ئەو داهێنانانە، بەڵکوو لەبەر ئەوەیە کە خاوەنەکانیان بە ڕووناکی وەحی و زانستی ئیلاهـی خۆیان خاوێن و دەروون پاك نەکردۆتەوە، جا بۆیە نەگەیشتوونەتە بڵندی و سەربەرزی ڕاستەقینە کە ئەویش ئاستی بەندایەتی کردنە، بەڵکوو لەسەر ڕکابەری کردنی دونیایی ماونەتەوە.

ئەم مەوقیفە پێغەمبەرایەتییە مەوقیفێکی زۆر وردە لەنێوان سوود وەرگرتن لە داهێنانەکانی کەسانی تر، مەرج نییە ببێتە هۆی سەرسام بوون پێیان. زەم کردنی ڕاستی ژیانیان نابێتە ڕێگر لەبەردەم سوود وەرگرتن لە حیکمەت و زانیاریەکانیان کە مافی هەموو ئیماندارێکە.»[١]

---

(١) پەڕتووکی «مآلات الخطاب المدني»،نوسینی ئیبراهیم سەکران، (خوا بیپارێزێت).

کێشەی مەدەنییەت چییە؟ بۆچی وا هەست دەکەم کە ئێوە لە ڕاستیدا دژایەتی دەکەن؟

• کێشەی بانگخوازە ڕووکەشییە ماددییەکان ئەوەیە کەوا وەڵام بۆ پرسیارە ئامانجدارەکان پێشکەش ناکەن -پرسیاری ئامانجداری وەکوو: بۆچی ئێمە لێرەین، ئەی چی لە دوای مردن هەیە، ئامانج و حیکمەت چییە،...؟- بانگخوازانی ڕووکەشە ماددییەکان، لە کۆنەوە تا ئێستا لە ئاست ئامانجەکان کوێرن، بەڵام زۆر بەتوانان لە ئامڕازەکان، جا بەم ئامڕازانە چاویان لە ئاست ئامانجەکان داخستووە.

خۆ ئەگەر ساتەوەختی سەرکەوتنە ماددییەکانیان گوێیان بۆ وەڵامە ئایینییەکان شل بکردایە بەم شێوەیە ببونایەتە پەیڕەوکەر لە ئاییندا و داهێنەر لە شارستانییەتدا -هەروەك چۆن موسڵمانان وابوون لە سەردەمی زێڕینی خۆیاندا- ئەوا ئەم کێشەیە نەدەهاتە ئاراوە. بەڵام ئەوەی ئێمە بە کێشەی دەزانین لە ناو بانگخوازە ماددییەکاندا، شانازی کردنیانە بەو ماددەیەی کە چاویانی کوێر کردووە لە بینینی دوور مەودا ﴿ فَلَمَّا جَآءَتۡهُمۡ رُسُلُهُم بِٱلۡبَيِّنَٰتِ فَرِحُواْ بِمَا عِندَهُم مِّنَ ٱلۡعِلۡمِ ﴾ غافر: ٨٣

واتە: ((جا کاتێك کە پێغەمبەرەکانیان بەبەڵگە و نیشانەی تەواوەوە بۆیان ڕەوانە کران، لەجیاتی ئەوەی باوەڕیان پێ بهێنن، خۆیان دڵخۆش کرد بەو ڕادە کەمەی کە لە زانست و زانیاری هەیانبوو.))

جا بۆیە بنچینەی زانینی ئامانجەکان، بەخششێکی خودایییە هاوتایە لەگەڵ ئیمان و باوەڕدا. هەموو شارستانییەتەکانی جیهان دەستەوەستان بوون لە بەرەوپێشبردنی یەك هەنگاو لە وەڵامدانەوەی پرسیارە وجودییە گەورە و ئامانجدارەکان، بەڵکوو ئەم وەڵامانە بەبەردەوامی تەنها لە بواری چارچێوەی باوەڕداریدا بوونی هەبووە ﴿ وَمَن لَّمۡ يَجۡعَلِ ٱللَّهُ لَهُۥ نُورٗا فَمَا لَهُۥ مِن نُّورٍ ﴿٤٠﴾ ﴾ النور: ٤٠

واتە: ((بێگومان ئەوەی خوا نوور و ڕووناکی پێ نەبەخشێت، هەرگیز نوور و ڕووناکی دەست ناکەوێت.))

جا بۆیە سەرسامبوون بە ڕووکەشە ماددییەکان و پشتگوێخستنی مەزنترین داواکراو لە بووندا، ئەوپەڕی نەزانییە و هەر ئەمەشە کە ئێمە شەڕی لە دژ دەکەین و هەموو کەسێکیش شەڕی لە دژ دەکات کە لە داهاتووی قیامەتی خۆی بترسێت.

## نـــاوەڕۆك

پێشەکی ---------- ٥
بەشی یەکەم ---------- ١١
چۆن بێباوەڕێك بانگ دەکەیت بۆ ئیسلام؟ ---------- ١١
بەشی دووەم ---------- ٩٤
چۆن بوددییەك بانگ دەکەیت بۆ ئیسلام؟ ---------- ٩٤
بەشی سێیەم ---------- ١٣٣
چۆن هیندۆسییەك بانگ دەکەیت بۆ ئیسلام؟ ---------- ١٣٣
بەشی چوارەم ---------- ١٦٨
چۆن کەسێکی خاوەن پەڕتووك بانگ دەکەیت بۆ ئیسلام؟ ---------- ١٦٨
لە کۆتاییدا ---------- ١٩١

ASTANA




ئەم کتێبەی بەردەستی بەڕێزتان باس لە چۆنیەتی بانگهێشتکردنی هەریەک لە (بێباوەڕێک، و بوددیەک،و هیندۆسیەک، و گاور و جوویەک) بۆ ئیسلام دەکات. تەنانەت کەسێک ویستی بانگخوازیشی نەبێت لە ڕێگەی بەدەستخستنی وەڵامی بەشێک لەو گومانە باوانەی ناحەزانی ئیسلام دەیروژێنن دەتوانێت لەم کتێبە سوودمەند بێت، سەرئەنجام تاکی موسڵمان لەسەر ئایینەکەی چەسپاوتر و پێداگرتر دەبێت.

لەلایەکی تریش سەرەتایەکە بۆ دروستکردنی بیری ڕەخنەگرانە لەلای تاکی موسڵمان و دەرچوون لە قاڵبی بەرگریکردن بۆ هێرش بردنە سەر بیروڕاکانی لایەنی بەرامبەر. هەروەک چۆن ئاماژە بە گرنگی بەرپرسیارێتی کاری بانگخوازی و ئەو پاداشتە گەورەیەی لە ڕێنموونی کردنی ناموسڵمانێکدا بوونی هەیە دەدات، چونکە لە جیهانی ئەمڕۆماندا زیاد لە شەش ملیار ناموسوڵمان بوونیان هەیە و هەموو ئەمانەش چاوەڕێی ڕۆڵەی موسڵمانان دەکەن تاکو بە ڕۆشنایی و میهرەبانی ئیسلام ئاشنایان بکەن.